هەرێمی كوردستان - عێراق
پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلەكان

# ١١٠

سالَی/ ٢٠١٩ — بەرگی سەدودە

---

چاپی یەكەم/ سالَی ٢٠١٩

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی (٢٠١٩) ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١١٠
چاپی یەكەم: ٢٠١٩
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، كۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، ارام كمال
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك - خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — دووشەممە ٢٠١٩/٢/١٨ ل ٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٦ /٢٠١٩/٢ ل١٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — هەینی ٢٠١٩/٣/١` ل٢٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٩/٣/١٢ ل ٣٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٣) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — شەممە ٢٠١٩/٣/٢٠ ل ٥٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٤) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — چوارشەممە ٢٠١٩/٤/٣ ل ٦٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٩/٥/٨ ل ١٦٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٦) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٩/٥/٢٨ ل ١٨٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٧) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — دووشەممە ٢٠١٩/٦/١٠ ل ١٩٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٨) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٩/٦/١١ ل ٢٢٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٩) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — یەك شەممە ٢٠١٩/٦/٣٠ ل ٢٢٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (١٠) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — شەممە ٢٠١٩/٧/٦ ل ٢٣٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (١١) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — یەك شەممە ٢٠١٩/٧/٧ ل ٢٤٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (١٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — دوو شەممە ٢٠١٩/٧/٨ ل ٢٨٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (١٣) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٩/٧/١٠ ل ٢٩٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (١٤) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن — شەممە ٢٠١٩/٧/١١ ل ٣٢١

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

**دووشەممە ڕێکەوتی ١٨\٢\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/١٨

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/١٨ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی دەسپێك خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٢/٢٦) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: سوێند خواردنی ئەم پاڵێوراوانەی خوارەوە لە شوێنی ئەو پاڵێوراوانەی کە سوێندی یاساییان نەخواردووە، بەپێی ماددەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٩).

١-ڕاهی ڕاهبەر ابراهیم.

٢- زێدان ڕشیدخان اودل.

٣- سیروان فرج محمد.

دووەم: هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە پێك دێت لە (سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێر)ی پەرلەمان و پرۆسەی هەڵبژاردن دەست پێدەکات.

سێیەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن دوو بچووکترین ئەندامی پەرلەمان بانگ دەکات بۆ ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان.

چوارەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن ئەنجامی هەڵبژاردن ڕادەگەیەنێت و داوا دەکات (سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێر)ی پەرلەمان لە شوێنی تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتی دابنیشن.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ سەرۆك و جێگرو سکرتێری پەرلەمان، ئینجا دێنە جێگای خۆیان، واتا جێگای دەستەی سەرۆکایەتی و من ئەو جێگایە بە جێدەهێڵم.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد علی/ سەرۆکی کاتی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان.**

**هەڤالأن.**

**بەڕێزان.**

بەخێر بێن بۆ تەواو کردنی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، بەرنامەی کار:

بەرنامەی کاری دانیشتنی دەستپێکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٨/١١/٦ دەستی پێکردو بەپێی حوکمی ماددەکانی (٤٦ و ٤٧ و ٤٨) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، بەرنامەی کاری دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەم شێوەیەی خوارەوە تەواو دەکەین:

یەکەم: سوێند خواردنی ئەم پاڵێوراوانەی خوارەوە لە شوێنی ئەو پاڵێوراوانەی کە سوێندی یاساییان نەخواردووە، بەپێی ماددەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٩).

١-راهی راهبەر ابراهیم.

٢- زێدان رشیدخان اودل.

٣- سیروان فرج محمد.

دووەم: هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە پێك دێت لە (سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێر)ی پەرلەمان و پرۆسەی هەڵبژاردن دەست پێدەکات.

سێیەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن دوو بچووکترین ئەندامی پەرلەمان بانگ دەکات بۆ ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان.

چوارەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن ئەنجامی هەڵبژاردن رادەگەیەنێت و داوا دەکات (سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێر)ی پەرلەمان لە شوێنی تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتی دابنیشن.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ سەرۆك و جێگرو سکرتێری پەرلەمان، ئینجا دێنە جێگای خۆیان، واتا جێگای دەستەی سەرۆکایەتی و من ئەو جێگایە بە جێدەهێڵم.

هەڤالأن.

دێینە سەر بەرنامەی کارو خاڵی کۆبوونەوە، پاڵپشتی بە ماددێ (٦١)ی برگا سیێ ژ یاسایا هەڵبژارتنا پەرلەمانێ کوردستانێ ژمارە (١) ل سالا ١٩٩٢، ژ بەر کو بەڕێزان (قوباد جلال حسام الدین، شعبان علی شعبان، شاسوار عبدالواحد قادر) سویند خوارنا یاسایی ئەنجام نەدایە ل دەمێ دیار کری دا، لەورا وەك پەرلەمانێ کوردستانێ دا خاز ژ کۆمسیۆنا بلندا سەربخوە یا هەڵبژارتن و راپرسیێ هاتییە کرن کو ناڤێ وان بەربژێرن بهێن هنارتن دا کو ناڤێ وان بێنە هنارتن ل جهێ وان سویند خوارنا یاسایی ئەنجام بدن وەکو ئەندام پەرلەمان.

كۆمسيۆنىَ ب نووسراوا فەرمى ناڤێن ڤان بەرێزان ديار كرينە:

-ل جهێ بەرێز (شعبان على شعبان) بەرێز (زێدان رشيدخان اودل) ژ فراكسيۆنا پارتى ديموكراتى كوردستان.

- ل جهێ بەرێز (قوباد جلال حسام الدين) بەرێز (راهى راهبەر ابراهيم سعيد) ژ فراكسيۆنا ئێكەتييا نيشتمانى كوردستان.

- ل جهێ بەرێز (شاسوار عبدالواحد قادر) بەرێز (سيروان فرج محمد) ژ فراكسيۆنا جولانەوەى نەوەى نوێ.

پالپشت بە برگا (١) ژ ماددێ پێنجێ ل ياسايا ژمارە (٥) يا سالا ٢٠٠٩:

بەرێز (زێدان رشيدخان اودل) كەرەم بكەت بۆ ئەنجام دانا سويند خوارنا ياسايى.

بەرێز (راهى راهبەر ابراهيم سعيد) كەرەم بكەت بۆ ئەنجام دانا سويند خوارنا ياسايى.

بەرێز (سيروان فرج محمد) كەرەم بكەت بۆ ئەنجام دانا سويند خوارنا ياسايى.

**بەرێز زێدان رشيدخان اودل:**

من (زێدان رشيدخان اودل برادۆستى) بەناوى خواى گەورە سوێند دەخۆم كە پارێزگارى يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عێراق و بەرژەوەندييە بالاكانى بكەم).

**بەرێز سيروان فرج محمد:**

**بەناوى خواى گەورە.**

من (سيروان فرج محمد بابان) بەخواى گەورە سوێند دەخۆم كە پارێزگارى يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عێراق و بەرژەوەندييە بالاكانى بكەم).

**بەرێز رێڤنگ محمد محمد على/ سەرۆكى كاتى پەرلەمان:**

نوكە دێينە سەر خالا دوو/ پالپشت ب ماددێ (٤٨) ژ ياسايا هەلبژاردنا پەرلەمانێ كوردستانێ ژمارە (١) سالا (١٩٩٢) هەمواركرى دێ دەرگەهێ خۆ بەربژێر كرنێ ڤەكەين بۆ پۆستێ سەرۆكێ پەرلەمانێ كوردستانێ و پۆستێ جێگرێ سەرۆكێ پەرلەمانێ و پۆستێ سكرتێرێ پەرلەمانێ كوردستانێ، پێش ئەوەى دەرگەهێ ڤەكەين داخازيش دوو پەرلەمانتارێ گەنج دكەين بێن يارمەتيا مە بدەن بۆ ژ جودا كرن و ناڤ نووسينا ناڤا، (خاتوو سارا دلشاد و كاك پێشوا طاهر) بفەرموون.

هەڤالان، پێش ئەوەى ناو نووسين بكەين، ئەوەش كارتێ دنگدانن، ئێستاش دێ دەرگەهێ بەربژێر ڤەكەين، خۆ كانديد ڤەكەين بۆ بەربژێرێ پۆستێ سەرۆكێ پەرلەمانێ كوردستانێ، هەر فراكسيۆنێك دشێت كەسێك دەستنيشان بكاتن، فەرمو كاك هێمن.

**بەڕێز هێمن احمد حمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

**پەرلەمانتارانی بەڕێزی پەرلەمان.**

**گەلی کوردستانی خۆشەویست.**

ئێمە هیوامان دەخواست لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ هەڤالأنی بەڕێزمان لە برایانی بەڕێز فراکسیۆنی یەکێتی بەشدار بوونایە، ئێمە لە گفتوگۆیەکانمان بەردەوامین و پۆستی سەرۆکی پەرلەمان ئیستیحقاقی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بەلأم بەداخەوە ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەکە بەشدار نین، بۆیە ئێمە پابەندین بەو پۆستە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبێت تا ئەو کاتەی گفتوگۆکان بەردەوام دەبێت، ئێمە دکتۆرە (ڤالأ فرید) وەکو پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیار دەکەین بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، هەر کاتێك لە گفتوگۆیەکان لەگەڵ یەکێتی تەواو بووین ئەو کات ئەم بەڕێزە دەست لەکار دەکێشێتەوەو بەربژێری یەکێتی نیشتمانی هەڵدەبژێرین بۆ سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد علی/ سەرۆکی کاتی پەرلەمان:**

بەڵێ چ فراکسیۆنا دی هەی، فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان.**

ئێمە وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەم دەزگایە دەزگایەکی دیموکراسییە، پەیوەندی نییە بە هیچ کام لا پۆستە حکومیەکانەوەو نوێنەرایەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان و سەرجەم فراکسیۆنەکان دەکات، لەبەر ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتیش گرنگە، کە نوێنەرایەتی سەرجەم فراکسیۆنەکان، یان نیوەی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بکات، هەر لەو سۆنگەیەوە ئێمە پێمانوایە ئەم دەزگایە بەشێك نییە لەو پاکێجی حکومەت و بەشێك نییە لەو مامەڵەی کە هەندێك لە حزبەکان و فراکسیۆنەکان دەیکەن، ئێمە وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان کاندیدمان هەیە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز (سیپان سالم)، سوپاس.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد علی/ سەرۆکی کاتی پەرلەمان:**

سوپاس، هیچ فراکسیۆنا دی هەیە؟ فەرموو کاك سۆران، پێ خۆشە نوقتە نیزامی وەربگرین.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی یەکەم دانیشتن.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە خولی پێشوو دەرچووە، بەندە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی ئەو پەیڕەوە بووین، لەڕاستیدا شتێك بەناوی سکرتێر نەماوە، سەرۆك و جێگری یەکەم و جێگری دووەم بە مەرجێك ڕەچاوی ڕێژەی ئافرەت بکرێت تێیدا، بۆیە ئەم پەیڕەوە ناکرێت بە بەهانەی

ئەوەی کە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردن لەوێ وای نووسیووە، ئەم پەیڕەوە یاسای پێ دەردەچێت وەك پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوێك و تەنانەت ئەنجومەنی وەزیرانیش نییە، بۆیە قوەتی ئەم پەیڕەوە لە سەرووی یاساکەوەیە، دەبێت کار بەم پەیڕەوە نوێیە بکرێت، تەنانەت لە سوێند خواردنەکەش شکاندنی پەیڕەو بوو، هیوادارم ئەمە لێرە دووبارە نەبێتەوە، جێگری دووەمە، نەك سکرتێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد علی/ سەرۆکی کاتی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی لە بەرنامەی کاردا هاتووەو ئیستینادی کردووە لەسەر ماددەی (٤٨) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ئەوەیان بەرکارەو پێویستە ئەوە جێ بەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی یاسایە، هەر کاتێکیش وەکو عورفێکی پەرلەمان، وەکو قاعیدەی قانونیش، هەرکاتێك تەناقوز هەبووە لەنێوان یاسا و لەنێوان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، عیبڕەت بە یاساکە بووە، بە یاساکە وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی لێرە لە تەسمیەکان تەناقوز هەیە، بۆیە پێویستە کار بە یاساکە بکرێت و بەرنامەی کار بەشێوەیەکی یاسایی داڕێژراوەو هیچ خەلەلێکی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد علی/ سەرۆکی کاتی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ هەمیا، هەڵبەتە هەڤالأن پشتی مە راوێژکاری شێوەداری یاسایێ ژی کری بەرنامەی کار هاتیە دارێتن ب ڤی شێوەیێ سوپاس بۆ ئێوە، ئەگەر هیچ فراکسیۆنەکێ بەربژێر بۆ پۆستێ سەرۆکێ پەرلەمانێ نەما، ئێستا دەبی دەرگاهێ گەهێن، کەسەکی دی نینە، دەرگەهە بۆ پۆستێ سەرۆکێ پەرلەمانێ هاتە داخستن، ئینجا دێ دەرگەهێ ڤە کرن بۆ پۆستێ جێگرێ سەرۆکی پەرلەمانێ کوردستانێ، بەڵی کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز (هێمن احمد حمد صالح) کاندیدە لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد علی/ سەرۆکی کاتی پەرلەمان:**

ج فراکسیۆنا دی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان.**

ئێمە وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ لەبەر ئەو هۆکارانەی لە یەکەم وتمان باسم کرد، وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ کاندیدمان هەیە بۆ پۆستی جێگری یەکەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕێز (کاوە عبدالقادر)مان کاندید کردووە وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ بۆ ئەو پۆستە.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد علی/ سەرۆکی کاتی پەرلەمان:**

زۆرباشە، دەستخۆش، هیچ کاندیدێکی تر نینە؟ دەرگەهە دێتە داخستن بۆ پۆستێ جێگری سەرۆکێ پەرلەمانێ، یان بەربژێرا، ئەو ژی دوماهی هات نوکە دێ دەرگەهێ کرن بۆ پۆستی سکرتێرێ پەرلەمانێ کوردستانێ، هەر فراکسیۆنەکا بەربژێرێ خۆ هەیە بلا کەرەم بکات.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی بەشداری کردنی پێکهاتەکان لە سەرۆکایەتیەکانی هەرێمی کوردستان، وەکو لایەنە تورکمانییەکان بە باش دەزانین ئێمە کاندیدمان هەبێت لە دەستەی سەرۆکایەتی، بۆیە بۆ پۆستی جێگری دووەم، یاخود سکرتێری پەرلەمان خاتوو (منى نبى نادر) کاندید دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد علی/ سەرۆکی کاتی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان.**

لەبەر گرنگی فراکسیۆنەکەمان بۆ توێژی ژنان، لەبەر ڕێزگرتن لەو یاسایەی کە دەڵێت سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێت یەکێکیان خاتوون بێت، ئێمە یەکێك لە ئەندامانی فراکسیۆنەکەمان کاندید دەکەین بۆ پۆستی سکرتێری پەرلەمان، یان جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بەناوی (موژدە محمود)، سوپاس.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد علی/ سەرۆکی کاتی پەرلەمان:**

دەستخۆش، هەڤالاَن بۆ ئەوەی ڕێڤە چوونا دەنگدانێ بە ڕەنگێکی جوان و ڕێك و پێك بە ڕێڤە بچیتن دێ ناڤ ئێنە خاندن پێنج پێنجە دێن کارتێن دەنگدانێ وەرگرن و هەر یەکە ناڤێ بەربژێری بۆ پۆستی سەردیار سندوقا دیار کات ژی جودا نا ئێ سەرۆك و جێگر و سکرتێرا، دێ دکانە ناڤ سندوقا، ئینجا ژێ دەنگ دێنە فەرز کرن.

باشە هەڤالاَن نوکە داخازا ناڤاکە بلا بێن بۆ دەنگدانێ:

بەڕێز (ئازاد اکرام بهرام، ئاشنا عبدالله قادر، ئومێد عبدالرحمن حسن، ابوبکر عمر عبدالله، احسان محمد سليم).

بەڕێز (ادريس اسماعيل عبوش، ارشد حسين محمد، اسماعيل على طه، ايدن معروف سليم، بالانبۆ محمد على).

بەڕێز (بختيار شوكرى سليمان، بدريه اسماعيل محمود، بژار خاليد عبدالله، بهجت على ابراهيم، بهمن كاكه عبدالله).

بەڕێز (بەڵێن اسماعيل حاجى ابراهيم، بێگەرد دڵشاد شكرالله، پێشەوا طاهر مصطفى، جنان جبار بويا، جلال محمد عبدالله).

بەڕێز (جلال محمد امين، جمال حوێز مصطفى، جوان يونس محمد، جهاد حسن ابراهيم، چيا حميد شريف).

بەڕێز (حسيبه سعيد ابراهيم، حكمت محمد عبوزيد، خديجه عمر طه، دابان محمد حسين عبدالله، ديارى انور حمه رحيم).

بەڕێز (ذكرى احمد اسماعيل، رزگار عيسى سوار عيسى، رزگار محمد محمود، روبينه اويملك عزيز).

بەڕێز (روپاك احمد رحمان، رۆژان محمد كريم، رۆژان ابراهيم على، رۆميۆ حزيران نيسان، رێبوار عبدالرحيم عبدالله).

بەڕێز (رێڤنگ محمد محمد، رێواز فائق حسين، زانا خاليد سمايل، زياد جبار محمد قادر، زێدان رشيدخان اودل).

بەڕێز (ژيان طاهر احمد، ظاهر محمد على، سارا دڵشاد بكر، سروان محمد على، سعيد مصطفى تەتەر خان).

بەڕێز (سۆران عمر سعيد، سيروان فرج محمد، سفين اغا عمر اغا، سلمه فاتح توفيق، سوسن محمد ميرخان).

بەڕێز (سيپان سالم حسن، سەرچنار احمد محمود، سەركۆ ئازاد حسين، صباح محمود محمد، شاخەوان رووف مصطفى).

بەڕێز (شادى نوزاد وهاب، شايان كاكه صالح، شوان كريم محمد، شنۆ اشقى عبدالله، شيرين امين عبدالعزيز).

بەڕێز (شێركۆ جودت مصطفى، شەمۆل اشين صابر، عباس فتاح صالح، عثمان كريم سواره، عثمان على سمايل).

بەڕێز (عبدالسلام عبدالله حسن، عبدالستار مجيد قادر، عبدالله محمود محمد، على حمه صالح، عبدالناصر احمد على).

بەڕێز (فاهيك كمال صوغون، فريد يعقوب ايليا گورگيس، فيصل عباس عولا، ڤالا فريد ابراهيم، كاروان عبدالرحمن قادر).

بەڕێز (كاظم فارووق ناميق، كاوه عبدالقادر حسن، كلارا عوديشو يعقوب، گلاوێژ عبيد عثمان، گليزار رشيد حاجى بدرى).

بەڕێز (گۆران عمر على، گوڵستان سعيد حمد، گوڵستان باقى سليمان، لقمان حمد صابر، ليزا فلك الدين صابر).

بەڕێز (ليلى عبدالجبار حدو، محسن حسين مصطفى، محمد سعدالدين انور، محى الدين حسن يوسف، مسلم عبدالله رسول).

بەڕێز (موژده محمود محمد، مەم اسكندر مەم، منى نبى نادر، مەم برهان حمد، نجاة شعبان عبدالله).

بەڕێز (نزار ملا عبدالغفار، ويسى سعيد ويسى، هاورێ بناء محمد، هديه مراد حيدر، هلز احمد محمد).

بەڕێز (هێڤيدار احمد سليمان، هێرش حسن حمد، هێمن احمد حمد صالح، هەژان حسن احمد، هەورامان حمه شريف، ياسين خضر طه).

بەڕێزان، زۆر سوپاس، ب رەنگێكى گەلەك جوان بەڕێڤە چوو، دەنگدانە مە نوكە ژى دێ داخازاش هەڤالاّ دكەين گەنجێت مە كو دەست بە فەرزا دەنگدان بكەن، يان لێك جودا كرنا دەنگ.

**بەڕێز سارا دلّشاد بكر:**

بۆ پۆستى سەرۆكى پەرلەمان/

بەڕێز (سيپان سالم، ................٨ دەنگ).

بەڕێز (ڤالا فريد، ...................................................٦٤ دەنگ).

(سێ دەنگى سپى).

بۆ پۆستى جێگرى سەرۆكى پەرلەمان/

بەڕێز (هێمن هەورامى......................................................٦٨ دەنگ).

بەڕێز (كاوه عبدالقادر..........٨ دەنگ).

بۆ پۆستى سكرتێرى پەرلەمان/

بەڕێز (منى نبى نادر.........................................٦٠ دەنگ).

بەڕێز (موژده محمود........... ٨ دەنگ).

**بەڕێز رێڤنگ محمد محمد على/ سەرۆكى كاتى پەرلەمان:**

دەستێ هەميا خۆش، هەڤالاّن بۆ هاريكارى كرنێ، سوپاس بۆ تەحەمەلا وە ل هۆلێدا بە رەحەتيا هاتيە ئارامى ئەڤ پرۆسە دەرباز بوو، جێى خۆشحالّييە ژى بۆ پۆستێكى ش كاندێكى زێدەترمان هەبوون.

هەڤالاّن.

نوكە دێين ئەنجاما ديار كەين يێن وان كەسێ سەركەفتى:

سەرۆكێ پەرلەمانێ كوردستانێ بەڕێز (د.ڤالا فريد ابراهيم) (٦٤) دەنگ.

جێگرێ سەرۆكى پەرلەمانێ كوردستانێ بەڕێز (هێمن هەورامى) (٦٨) دەنگ.

سكرتێرێ پەرلەمانێ كوردستانێ بەڕێز (منى نبى نادر) (٦٠) دەنگ.

پيرۆزا بۆ هەميا، پيرۆزا لە خەلكى كوردستانێ، پێش ئەڤە جێگا خۆ بەجێ بێلم، ئەز من سوپاس بۆ ئەم فەترە پێكڤە كار كرى و بەرێ هەڤالاّن دل داخازيش هەمى فراكسيۆنا دكەم هەميا ئەندامانى پەرلەمان دكەم، كو ئەم موزايكە كوردستانێ، يان پڕى نەتەوە، پڕى ئايين، پڕى مزروبى، پڕى ئايين و مزوربى و

لایەن و حزب و هەمی ئەم رەنگڤەدان وێ دڤێ رۆلێدا ئەم بپارێزین و بشێین نوێنەرایەتیا خەلکێ خۆ دروستاهی بکەین، سوپاس بۆ ئێوە، نوکە داخازیش هەڤالان دکەم دکتۆرە ڤالا وەك سەرۆکێ پەرلەمانێ بلا کەرەم بکات، کاك هێمن هەورامی وەك جێگری سەرۆکێ پەرلەمانێ بلا کەرەم بکاتن، هێژا خاتوو منی نبی نادر سکرتێرا پەرلەمانێ بلا کەرەم بکات، بێن جهێن خۆ وەربگرن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان سوپاستان دەکەین بۆ متمانە پێدانمان، بۆ لە ئەستۆ گرتنی ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دڵنیا بن لەو ماوەیەی کە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبین بەشێوەیەکی بێ لایەنانەو بەرپرسانە کاری پەرلەمانی ئەنجام دەدەین، هەر لێرەوە داوا لە فراکسیۆنەکان دەکەین، کە بەزووترین کات نوێنەرانی خۆیان بۆ لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەست نیشان بکەن، بەتایبەتی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ بکات بەبێ لیژنەی کاروباری یاسایی، بۆیە داواتان لێ دەکەین تا رۆژی چوارشەممە نوێنەرەکانی خۆتان بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەست نیشان بکەن و بەرزی بکەنەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بەزووترین کات لیژنەی یاسایی دروست بکەین و دواتر هەموو لیژنەکانی تریش دروست دەکەین، ئەو کاتەی کە لە دەست چووە قەرەبووی بکەینەوە، هەروەها پەرلەمان دەست بە کارەکانی بکات بەشێوەیەك کە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی گەلی کوردستان بێت بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیەوە، بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز.

**رڤینگ محمد محمد علی**

**سەرۆکی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی**

**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)نائاسایی**

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٩\٢\٢٦**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٩/٢/٢٦

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٩/٢/٢٦ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی (٢٠١٩/٢/٢٦) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: پێكهێنانی لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان بەپێی حوكمی ماددەكانی (٢٨ و ٢٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٩/٢/٢٦)، خولی پێنجەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم.

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی (٢٠١٩/٢/٢٦) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: پێكهێنانی لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان بەپێی حوكمی ماددەكانی (٢٨ و ٢٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

پێش ئەوەی دەست بكەین بە جێ بەجێ كردنی بڕگەی یەكەم لە بەرنامەی كاری دانیشتنی نائاسایی ئەمڕۆمان، خۆتان دەزانن لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی (١٨)ی مانگ داوایەكمان ئاراستەی هەموو فراكسیۆنەكان كرد، بۆ ئەوەی فراكسیۆنەكان تا ڕۆژی چوارشەممە كۆبوونەوەی خۆیان بكەن و ئەندامەكانی خۆیان بۆ لیژنەی كاروباری یاسایی دەست نیشان بكەن، دیارە لەبەر مەبنای ئەو داواكارییە،

فراکسیۆنەکان لە رۆژی سێ شەممە دوو جار کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە، جاری یەکەم بە سەرۆکایەتی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، جاری دووەم بە سەرۆکایەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەمڕۆش بە هەمان شێوە کۆبوونەوەیەکی تر لەلایەن فراکسیۆنەکان بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان ئەنجامدرا، بێگومان پێش جێ بەجێ کردن، لەبەر ئەوەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان خۆی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی کردووەو وردەکارییەکانی بابەتەکە لای ئەوون، پێمان باشە روون کردنەوەیەك بدات لەسەر ئەو ئیتیفاقیەی لەنێوان فراکسیۆنەکان کراوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، فەرمووو.

**بەڕێز هێمن احمد حمد هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

هەروەك لە دانیشتنی رۆژی (٢٠١٩/٢/١٨) لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داواکاری ئاراستەی سەرجەم فراکسیۆنەکان کرا تا ناوی پاڵێوراو و پەرلەمانتارەکانیان بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن، رۆژی (٢٠١٩/٢/١٩) کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی لە هۆڵی ماددەی (١٤٠) کۆبوونەوەی سەرجەم سەرۆك فراکسیۆنەکان بە سەرۆکایەتی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەنجامدرا و تێیدا تاوتوێی ئالیەت و میکانیزمی دەرکردنی ئەندامەکانی لیژنەی کاروباری یاسایی گفتوگۆی لەسەر کرا، دواتر لە کاتژمێر (١٢:٣٠ تا ٢) کۆبوونەوەیەکی تری سەرجەم فراکسیۆنەکان بە سەرپەرشتی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڕێوە چوو، لەم کۆبوونەوەیەدا رای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاراستەی فراکسیۆنە بەڕێزەکان کرد، کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کار بۆ دیاری کردنی ئەندامانی بەڕێز لە لیژنەی کاروباری یاسایی بکرێت، داواشمان کرد کە مەبدەئی تەوافوق و سازانیش رەچاو بگیرێت بۆ ئەوەی بتوانین نوێنەرایەتی زۆربەی هەرە زۆری فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان پێکهاتەکان جێگایان لە لیژنەی کاروباری یاسایی بێتەوە لەبەر گرنگی و بایەخی ئەم لیژنەیە، لەناو کۆبوونەوەو گفتوگۆکان رایەك هەبوو، کە هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان نوێنەریان لە لیژنەی کاروباری یاسایی هەبێت، بەڵام بە حوکمی بڕگەی یەك لە ماددەی (١١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە پێناسەی فراکسیۆنەکان کراوە، ئێمە (١٥) فراکسیۆنمان وەکو ئەو خاڵە لەناو پەرلەمانی کوردستان هەیەو ئەندامیەتی لیژنەکان لە (٥) بۆ (١١) ئەندامە، دواتر داوامان لە فراکسیۆنەکان کرد کە راو سەرنجی خۆیان ئاگادارمان بکەنەوە بە نووسین و نوێنەران و پاڵێوراوانی خۆیانمان بۆ بنێرن، ئێمە ڕۆژی (٢/١٩) وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نووسراوێکمان بۆ هاتووە لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی حزبی شۆشیالیست و تێیدا هاوپەیمانیەتیەکیان راگەیاندووە پێکەوە ببنە (٤٦) کورسی، نووسراوێکیشمان بۆ هاتبوو لە لایەن فرارکسیۆنەکانی ( کلدان، سریان، ئاشوور، ئەرمەن) کە لە (٦)

پەرلەمانتار ئیمزایان کردبوو و هەر شەشیان (١) پەرلەمانتاریان پالأوتووە بۆ ئەندامیەتی لیژنەی یاسایی، فراکسیۆن و ئەندامانی پەرلەمان لە پێکهاتەی تورکمانیش بە هەمان شێوە ئەوانیش پێکەوە هەموویان بڕیاریان دابوو (١) پەرلەمانتار بپالێون بۆ ئەندامیەتی لە لیژنەی یاسایی، ئێمە ئەمڕۆ لە کاتژمێر (١٠) تا پێش ئەم دانیشتنە کۆبوونەوەیەکی زۆر گرینگ و لە کەشێکی زۆر برایانەو دۆستانەو دیموکراسیانە لەنێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان بەڕێوە چوو لەوێش تەئکیدمان کردووە کە ئێمە لەگەڵ مەبدەئی تەوافق و ڕەچاو کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانین، دوای گفتوگۆیەکی مەسئولانەو بە گیانی پەرلەمانی و گیانی دیموکراسی یەکتری قبووڵ کردن هەم ئالیەتی ناو پەیڕەو لەبەرچاو گیرا هەم ئالیەتی تەوافوقیش لەبەر چاو گیرا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

ئەوەی کە لەو کۆبوونەوەیە پێی گەیشتین ئەوە بوو کە بە پێی ئەو بەرکەوتنەی کە فراکسیۆنە بەڕێزەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان هەیانە، فراکسیۆنی پارتی و سۆشیالیست پێکەوە (٥) ئەندامیان لە لیژنەی یاسایی بەر ئەکەوت، فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (٢) ئەندامیان بەر ئەکەوت، فراکسیۆنی گۆڕان ئەندامێکیان بەر کەوت، فراکسیۆنی نەوەی نوێ (١) ئەندامیان بەر کەوت، فراکسیۆنی کۆمەڵ (١) ئەندامیان بەر کەوت، پێکهاتەی کلدان، سریان، ئاشوور (١) ئەندامیان بەر کەوت، دواتر لەسەر بنەمای مەبدەئی تەوافوق لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەکە ئەوە خرایەڕوو کە تەوافوق هەبێت و نوێنەرایەتی پێکهاتەکان هەبێت، ئەندامێکی خۆیان لەو پێنج بەرکەوتەی کە بەریان کەوتبوو درایە فراکسیۆنە تورکمانەکان و پەرلەمانتارانی تورکمان، بۆیە ئێستا ئەوەی لەو کۆبوونەوەی پێی گەیشتووین ئەوەیە کە ئەندامیەتی لە لیژنەی کاروباری یاسایی (١١) ئەندامە، فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چەند ڕۆژی رابردوو ئێمە لەسەر هێڵ بووین لەگەڵیان بۆ ئەوەی ناوی (٢) پالێوراومان بۆ بنێرن، هەتا ئێستا نەیان ناردووە ئومێد ئەکەین لە ئایندەیەکی زۆر نزیک بنێرن، بۆیە نەتیجەی کۆبوونەوەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە بەڕێزەکان بەو شێوەیە کە پێکهاتەی لیژنەی یاسایی ئێستا بەم جۆرە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، فراکسیۆنی پارتی سۆشیالیست پێکەوە (٤)کورسی، فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (٢) کورسی، فراکسیۆنی گۆڕان (١) ئەندام بە لیژنەی یاسایی، فراکسیۆنی نەوەی نوێ (١) ئەندام، فراکسیۆنی کۆمەڵ (١) ئەندام، فراکسیۆنەکانی کلدان، سریان، ئاشوور، ئەرمەن (١) ئەندام، فراکسیۆنە تورکمانیەکان (١) ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (هێمن هەورامی) جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە لە بڕگەی چوارەمی ماددەی (٢٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دراوە بە

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنە هەمیشەییەکاندا بە لەبەرچاو گرتنی توانا و خواست و پێداویستی لیژنەکان ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی بەو شێوەیەی خوارەوە ئەندامانمان دابەش کردووە بەسەر لیژنەکاندا، ئێستاش داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەین ناوی لیژنەی کاروباری یاسایی بخوێنێتەوە بە مەبەستی دەنگ لەسەر دان، نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و لە کۆبوونەوەکەشدا بەراشکاوانە رای خۆمان وت ئەمەی کە کراوە لە دواین فراکسیۆن کە لەگەڵ سوور بوونمان لەسەر پاراستنی مافی پێکهاتەکان، بەلاَم ئەو شەش بەرێزەی کە (٦) پەرلەمانتارن: واتا (٦) فراکسیۆنن هەر یەکە یەك کورسییە، لەبەر ئەوەی کە نەبوون بە (١) فراکسیۆن ناکرێت بخرێتە پێش فراکسیۆنی یەکگرتوو لە تەسەلسولی لائیحی دابەش کردنی کورسیەکانی لیژنەی یاسایی، چونکە بەپێی ماددەی (٢٨) لە بڕگەی دووەم بە صەریحی دەڵێت فراکسیۆنەکان، نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو (٦) بەرێزە (١) فراکسیۆن نین تا پێش فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بکەون، پاشان بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە لیژنەکان، ئێمە پێشنیاری ئەوە ئەکەین کە لائیحە، هەمواری لائیحی بکرێت، بۆ ئەوەی مافی ئەوان بپارێزرێ بە لائیحە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە بەڕاستی بەپێی سانتلیکۆش بێت، ئەمە وردەکاری لە کۆبوونەوەکەدا ئێمە عەرزمان کرد کە سانتلیکۆ کورسیەك ئەدا بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لە لیژنەی یاسایی بە حەقی خۆمان، بۆیە ئەوەی روویداوە ئێستا بەڕاستی ئەمە بە پێشێلکاری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ئەزانین و ئیجحافێکە بە حەقی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزتان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووینە لە خولی رابردووش، پەرلەمانتاریکی ناضجن، خۆتان دەزانن پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە ماددەی (٢٨) بە روونی باسی ئەو بابەتەی کردووە، سێ کۆبوونەوەتان کردووە لەگەڵ فراکسیۆنەکان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی دەستورو بە پێی یاسا بنەڕەتیەکان لە هەرێمی کوردستان، ئینجا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەندامەکانی دابەشکردووە بەسەر لیژنەکاندا، بەهیچ شێوەیەك لەسەر حیسابی هیچ فراکسیۆنێك فراکسیۆنێکی تر ئەندامی لە لیژنەی یاسایی بەرنەکەوتووە، بەبیر هەموو ئەندامانی پەرلەمانی دەهێنمەوە کە خاڵی پەیڕەوی لە ماددەی (٥٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئیشارەتی پێدراوە، تکا دەکەم هەر ئەندامێك بە ناوی خاڵی پەیڕەو داوای لێدوان دەکات پەیڕەوی ماددەی (٥٦) بکات، ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ لە بڕگەی دووەم تەنها سێ حاڵەتی بە خاڵی پەیڕەوی داناوە:

یەك: پێشێلکردنی یەکێك لە مادده و بڕگەکانی دەستور و یاسا بەرکارەکانی پەیڕەوی ناوخۆ.

دوو: ئەگەر گفتوگۆکە لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوو.

سێ: داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆکردن لە بابەتێکی تری یان ئاڵوگۆڕکردن لە بابەتێکی تر.

سێیەم: ئەگەر ئەندام بە خاڵی پەیڕەوی داوای ئاخاوتنی کرد، بەڵام ئاخاوتنەکەی خاڵی پەیڕەوی نەبوو سەرۆك دەتوانێت ئاخاوتنی پێ ببڕێت، لە کاتی دووبارەبوونەوەی لەو دانیشتنە هەلێکی تری بۆ ئاخاوتن بە خاڵی پەیڕەوی پێ نادرێت.

بۆیە تکا دەکەم لە هەموو دانیشتنەکان ئەو ماددەیە لەبەرچاو بگرن و لەبەر مەبنای ئەو ماددەیە داوای خاڵی پەیڕەوی بکەن، هەر ئەندامێکی پەرلەمانیش داوای خاڵی پەیڕەوی دەکات پێش ئەوەی قسە بکات پێویستە ئیشارەت بۆ ئەو ماددەیەی پەیڕەو بدات کە سەرپێچی کراوە، ئێستا بەڕێز د.شێرکۆ قسەی خۆی کرد و تکا دەکەین بەپێی خاڵی پەیڕەو قسەی بەڕێزیان دووبارە نەکرێتەوە بە هیچ شێوەیەك، ئەگەر نا ناچار دەبین قسەکانتان ببڕین، بەڵێ، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف گەچێنەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٢٨) کە ماددەکە دەخوێنمەوە بڕگەی یەکەم لیژنە هەمیشەییەکان لە ماوەی (٢٥) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبوونی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن، زۆر وازیحە ماددەکەو بڕگەکە، بۆ ئەوەی کە دەبێ سەرجەم لیژنەکان پێکەوە پێشتر ئیتفاقیان لەسەر بکرێت و لە دانیشتنێکی پەرلەماندا بخرێتە دەنگدانەوەو دەنگی لەسەر بکرێت، بابەتەکەی من ئەوەیە کە ڕووبەڕووی بەڕێزتانی دەکەمەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەمەوێت ڕوونکردنەوە بدەیت بەڕێزت کە ئایا بۆچی ئێستا تەنها لیژنەی یاسایی جیا کراوەتەوەو بەتایبەت دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمانی بۆ دەکرێت و لیژنەکانی تر هیچ باس و خواستیان لەسەر نەکراوەو هیچ ئیتفاقێکی لەسەر نەکراوە، خۆ ئەگەر بابەتەکە ئەوە بێت بەیانی پڕۆژە یاسایەك، یان پڕۆژە بڕیارێك بهێنرێتەوە بۆ هۆڵی پەرلەمان و تەقدیم بکرێت سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشکەشی دەکات و تەقدیمی دەکات بۆ سەرجەم ئەو لیژنانەی کە موختەسن، دەگونجێت کە ئەو یاسایەی کە دەهێنرێت و ئەو پڕۆژە بڕیارەی کە دەهێنرێت پێشکەش دەکرێت بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ئیختیساسی زیاد لە لیژنەیەك بێت، واتە نەك لیژنەی یاسایی چەند لیژنەیەکی تر پێویست بکات قسەی لەسەر بکرێت، ئایا بۆچی بەڕێزتان دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمانتان تایبەت کردووە تایبەت بە لیژنەی یاسایی، بابەتەکەی منیش کە عەرزم کردی و پێشنیارم کرد پڕاو پڕ خاڵی نیزامیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ خاڵی یەکەمت لە ماددەی (٢٨) لە بڕگەی یەك دەڵێت لیژنە هەمیشەییەکان، ناڵێت هەموو لیژنە هەمیشەییەکان، ئەگەر بیگوتبا هەموو لیژنە هەمیشەییەکان لە دانیشتنێکی پەرلەمان پێویستە دەنگیان لەسەر بدرێت، راستە ئەوە گوتت هەموو، بەڵام گوتویەتی لیژنە هەمیشەییەکان، بۆیە دەتوانی لە یەك جەلسە یەك لیژنە دەنگی لەسەر بدەی، دەتوانی لە یەك جەلسە هەر (١٥) لیژنە دەنگی لەسەر بدەی، هەردووکی ئاساییە و یاساییە، بۆ خاڵی دووەمیشت کە بۆچی داوای جەلسەی نائاساییمان کردووە، خۆت دەزانی ئێمە ئاڕاستەمان کردووە گووتمان بەبێ لیژنەی یاسایی و بەپێی پێکهێنانی لیژنەی یاسایی لە هەموو خولەکانی رابردووش بگەڕێنەوە سەر پرۆتۆکۆلی یەکەم کاری پەرلەمان ئەوە بووە کە لیژنەی یاسایی پێکهێناوە، لەبەر ئەوەی کاری پەرلەمانی بەهیچ شێوەیەك ئەدا ناکرێت ئەگەر تۆ لیژنەی یاسایی دروست نەکەی، پێویستە پێش هەموو لیژنەکان لیژنەی یاسایی دروست بکرێت، ئینجا پەرلەمان دەکەوێتە سەرخۆ بۆ ئەنجامدانی کاری پەرلەمانی، ئەوە خاڵێکیان.

خاڵی دووەمیان: هەر لە ئێستا دوای کۆتایی هاتن پێش ئەوەی کۆتایی بە جەلسەکە بێنم پێتان رادەگەینین ئێمە رۆژی هەینی (١/ئازار) بەپێی پەیڕەو وەرزی گرێدانی یەکەم لە ساڵی یەکەم و لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەم دەکەینەوە، لە مانگی یەکەمدا دەست بە تەقدیمکردنی پڕۆژە یاساکان دەکرێت لەو وەرزە تەشریعیەدا، بۆیە ئەو کارانەی کە کردوومانە هەمووی کاری یاساییین، هەمووی بەپێی پەیڕەو ئەنجام دەدرێت، روونکردنەوەکەش بەو شێوەیە کە پێشکەش بەڕێزتمان کرد، ئێستا داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئەندامان و پاڵێوراوان بۆ لیژنەی یاسایی بخاتەڕوو بە مەبەستی دەنگ لەسەر دانیان، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی حروفی ئەبجەدی ناوەکان دەخوێنمەوە:

ارشد حسین محمد/ فراکسیۆنی پارتی

بژار خالد عبدالله/ فراکسیۆنی پارتی

جلال محمد امین/ فراکسیۆنی گۆڕان

خدیجە عمر طه/ فراکسیۆنی پارتی

روپاك احمد عبدالرحمن/ فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی

رۆبینە ملیك عزیز/ پێکهاتەی کلدان و سریان و ئاشووری و ئەرمەن

سارا دڵشاد بکر/ پێکهاتەی تورکمان

عبدالسلام عبدالله حسن/ فراکسیۆنی پارتی

کاوە عبدالقادر حسن/ فراکسیۆنی جولانەوەی نەوەی نوێ.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

داوا لە بەڕێزتان دەكەم ئەو ناوانە بخەنە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

نوێنەری فراكسیۆنەكانە بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام لە لیژنەی یاسایی وەكو گوێ بیست بوون، ئێستا ئەو ناوانە دەخەینە دەنگدان بۆ ئەندام لە لیژنەی یاسایی، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٧٣) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٦) كەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان لیژنەی یاسایی هەڵبژێردرا، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، نوقتەی نیزامی هەیە، كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدين انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە، حەز دەكەم یەك دەقە موڵەتم پێ بدەن، وەكو پێكهاتەی توركمان زۆر بە زەرورمان دەزانی كە ئەم لیژنەیە پێویستە رەنگدانەوەی هەموو پێكهاتە سیاسی و پێكهاتە نەتەوییەكان بكات، بۆیە داوامانكردبوو كە ئەندامێكی توركمان لەم لیژنەیە ئەندام بێت، سوپاسی پارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی سوشیالستی كوردستان دەكەین كە پشتگیری ئێمەیان كرد كە ئەندامێكمان هەبێت، هەروەها سوپاسی هەموو فراكسیۆنەكان دەكەین كە تەفاهوومیان نیشاندا بۆ ئەوەی پێكهاتەكانیش لەم لیژنەیە ئەندام بن، ئەمەش هەنگاوێك و دەستپێكی زۆر گرنگە بۆ كاری هاوبەشی و كاری پەرلەمانتاری لە هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە، بەڵام ویستم تا دوای پرۆسەكە قسەی لەسەر بكەین، لە ماددەی (١٦) ئەرك و دەسەڵاتەكانی دەستەی سەرۆكایەتی بڕگەی دووەم باس لەوە دەكات كە خوێندنەوەی كورتەی كۆنووسی دانیشتنی پێشووتری پەرلەمان و پەسند كردنی، ئەوە دووەمین دانیشتنەكە دەكرێت، كە كۆنووسەكە نەبوو، ئایا بەس لەبەر ئەوە بوو كە دەستەی سەرۆكایەتی هەڵنەبژێردرا بوو، داوای روون كردنەوە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆنووس لە دانیشتنی نائاسایی ناخوێندرێتەوە، لە دانیشتنی ئاسایی کە رۆژی هەینی ئێمە ئەنجامی دەدەین و وەرزی گرێدان تێدا دەکەین و کۆنووسی دانیشتنی پێشوو دەخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی دانیشتنێکی نائاسایی بوو، بۆیە کۆنووس ناخوێندرایەوە، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

بەڕێزان.

لەبەر پەرۆشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەبەر پەرۆشی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی پەرلەمان زوو بکەوێتە خۆ دەست بەکارەکانی خۆی بکات هەر لێرەوە بانگهێشتان دەکەین کە رۆژی هەینی کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ پەرلەمان دانیشتنی ئاسایی خۆی دەست پێدەکات بە مەبەستی کردنەوەی وەرزی گرێدانی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەم، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڤالا فرید ابراهیم** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی**

**هەینی رێکەوتی ١\٣\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## هەینی رێكەوتی ٢٠١٩/٣/١

**كاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی هەینی رێكەوتی ٢٠١٩/٣/١ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (١)ی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی هەینی رێكەوتی (٢٠١٩/٣/١) بەم شێوەیە بێت:**

**یەكەم: یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی شەهیدانی كوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.**

**دووەم: كردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەپێی حوكمی بڕگەی (سێیەم) لە ماددە (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.**

**سێیەم: وتاری بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەبۆنەی كردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەمان دەست پێدەكەین، دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەكەم، خولی هەڵبژاردن پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان، سەرەتا بفەرموون بە دەقیقەیەك وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان، فەرموون.**

**فەرموو دانیشن، بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (٧)، بڕگەی (یەكەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی (١٦) و بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) و ماددەكانی (٤٧ و ٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان- عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەكەم لە خۆی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی هەینی رێكەوتی (٢٠١٩/٣/١) بەم شێوەیە بێت:**

یەکەم: یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی برگەی (سێیەم) لە مادده (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم ناوی ئەو ئەندام پەرلەمانانە بخوێنێتەوە کە داوای مۆڵەتیان کردووە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی داوای مۆڵەتیان کردووە بۆ دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان.

١- مم اسکندر مم/ مۆڵەت.

٢- بدریە اسماعیل محمود/ مۆڵەت.

٣- صباح محمود محمد/ مۆڵەت.

٤- سۆران عمر سعید/ مۆڵەت.

٥- هەورامان حمە شریف/ مۆڵەت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

فراکسیۆنی یەکێتی بەپێی برگەی حەوتەم لە ماددەی (٢٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادە نەبوو هەژمار ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێز دکتۆر صباح لێرە ئامادەیە، بۆیە داواکارییەکەی بە مۆڵەت هەڵبوەشێنەوە، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، داوا دەکەم کە پوختەی کۆنووسی دانیشتنی ژمارە (١) لە خولی کردنەوەی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بخوێننەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی کردنەوەی خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان، رۆژی سێ شەممە رێکەوتی (٢٠١٨/١١/٦) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١-کردنەوەی دانیشتنی بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز.

٢- یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

٣- سوێند خواردنی بە تەمەنترین ئەندامی پاڵێوراوی سەرکەوتوو بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکە لەلایەن بەڕێزییەوە وەك سەرۆکی یەکەمی دانیشتن.

٤- بانگ کردنی پاڵێوراوانی سەرکەوتووی پەرلەمان بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

٥- دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەنگدان لەسەری.

٦- بانگ کردنی سەرۆك و جێگرو سکرتێر بۆ دانیشتنیان لە شوێنی تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتی.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ سکرتێری پەرلەمان، خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان:

وەرزی گرێدانی یەکەم کە خولی بەهارە ناو دەبردرێت لە ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق دەکەینەوە.

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار:

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بەبۆنەی دەست پێکردنی یەکەمی وەرزی گرێدانی خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی لە گەلەکەمان و لە ئێوەی بەڕێز دەکەین بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی، هەر بەو بۆنەیەشەوە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانی لە وەرزی گرێدانی یەکەمدا لە رووی یاسادانان ئەولەویەت بداتن بەو یاسا، یاخود بەو پێشنیازی یاساو بڕیارانەی کە پەیوستن بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و بە چاکسازی، هەروەها پەیوەستن بە کارا کردنەوەی دامەزراوەکانی پەیوەست بە سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بتوانێت ڕۆڵ و ئەرکی خۆی بەپێی ئەوەی کە لە یاسا بنەڕەتیەکاندا هاتووەو لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە بەشێوەیەکی سیستەماتیك بگێڕێتن کە بریتییە لە تەشریع و لە چاودێری کردنی دەسەلاًتی راپەڕاندن.

بۆیە داوا لە سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە بە گیانی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی نیشتمانیی و نەتەوەیی لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان ڕێککەوتن و سازان بکەن لەسەر ئەو پێشنیازەی یاساو بڕیارانەی پێویستیان بە ڕێککەوتنی پێش وەختە هەیە لەنێوان فراکسیۆنەکاندا، ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەروەکو لە دانیشتنی یەکەم پێمان راگەیاندن لە پەیڕەو کردنی سیاسەتی بێ لایەنی بەرپرسیاریەتی راوێژکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەردەوام دەبین و کار دەکەین بۆ لە یەك نزیك بوونەوەی را جیاوازەکان لەنێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو پێشنیازە یاساییانەی کە ڕەهەندی نیشتمانیی و ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە، بە گرنگی دەزانم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کە پێتانی رابگەیەنم خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆتە جێگای ئومێدێکی گەورەی خەڵکی کوردستان،

هیوادارم ئەندامانی پەرلـەمانی کوردسـتان لـە ئاسـت چاوەڕوانیەکانی گـەلی کوردسـتان بـن لـە جیّ بـەجیّ کردنی ئەرکەکانیانـدا بـە هـەموو پێکهاتـە جیاوازەکانیـەوە، تـەعبیر بکـەن لـە راو بۆچـوونی خـەڵکی گـەلی کوردستان کە داوای دەکات، ئەویشیان بریتییە لە ئێستادا لە کارا کردنەوەی سەرجەم ئەو دامەزراوانەی کـە پەیوەستن بە سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و کاری پێکەوەیی، هـەروەها چاکسازی کـردن لـە دامەزراوەو دامودەزگاکانی سیستەمی حوکمڕانیدا لە پێشی هەمووشیانەوە پەرلەمانی کوردستان، لێرەشەوە پێتان رادەگەیەنین ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەنگاوی یەکەممان هاوێشـتووە بـۆ ئەنجامدانی چاکسازی لەناوی پەرلەمانی کوردستاندا، بێگومان بە هەماهـەنگی و هاوکاری لەگـەڵ سـەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، خوای گـەورە پشـتیوانی هـەموو لایـەکمان بێـت سـەرکەوتوو بـین لـە ئەدا کردنی کارەکانماندا، زۆر سوپاس، بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی دانیشتنەکە.

| | | |
|---|---|---|
| منی نبی قهوچی | هێمن هەورامی | د. ڤالا فرید ابراهیم |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی**

**سێ شەممە رێکەوتی ١٢\٣\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٢

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٢ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی پێنجەمی سالْی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی سالْی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێکەوتی (٢٠١٩/٢/١٢) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: زیاد کردنی دوو ئەندام لەسەر لیژنەی یاسایی و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و دەنگدان لەسەریان بەپێی ماددەکانی (٢٨ و ٢٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەین، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارە، سالْی یەکەم، خولی هەڵبژاردن پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە بەرنامەی کاری دانیشتن بخوێنێتەوە.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی (١٦) و بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی سالْی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی (٢٠١٩/٣/١٢) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: زیاد کردنی دوو ئەندام لەسەر لیژنەی یاسایی و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و دەنگدان لەسەریان بەپێی ماددەکانی (٢٨ و ٢٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

بەپێی حوکمی بڕگەی (چوارەمی) ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، لەسەر داوای سەرۆك فراکسیۆنی یەکێتی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بە زیاد کردنی بڕگەیەك بە ریزبەندی یەکەم بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٢ بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-سوێند خواردنی پاڵێوراو بەڕێز (راهی راهبەر ابراهیم) لە شوێنی ئەو پاڵێوراوەی کە سوێندی یاسایی نەخواردووە بەپێی ماددەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠١٩/٣/١ بخوێننەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠١٩/٣/١ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١-دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان.

٢- یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

٣- کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادە بوو و ئامادە نەبوو، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٥- وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەست دەکەین بە جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان بڕگەی یەکەم بریتییە لە سوێند خواردنی یاسایی پاڵێوراو بەڕێز (راهی راهبر ابراهیم) لە شوێنی ئەو پاڵێوراوەی کە سوێندی یاسایی نەخواردووە بەپێی ماددەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، با بەڕێزیان بفەرموون.

**بەڕێز راهی راهبر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (راهی راهبر ابراهیم) بەخوای گەورە سوێند دەخۆم كە پارێزگاری یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالأكانی بكەم).

**بەڕێز د.ڤالأ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خالی دووەمی بەرنامەی كار بریتییە لە زیاد كردنی دوو ئەندام بۆ سەر لیژنەی یاسایی و پێكهێنانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان و دەنگدان لەسەریان بەپێی ماددەكانی (٢٨ و ٢٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، داوا لە سكرتێری پەرلەمان دەكەین ناوی ئەو دوو ئەندامە بخوێنێتەوە كە زیاد كراوە بۆ لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز منى نبى نادر قەوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو ئەندام زیاد كراوە لەسەر لیژنەی كاروباری یاسایی.

١-روژان محمد كریم لە فراكسیۆنی یەكێتی.

٢- عباس فتاح صالح لە فراكسیۆنی یەكێتی.

**بەڕێز د.ڤالأ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (٦٥) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (٤) ئەندام لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا. بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ناوی ئەندامانی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری بخوێننەوە، نوقتەی نیزامی ماموستا ئەبو بەكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك لە ماددەی (١١١) ئەم پەیڕەوەدا هاتووە كە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمان ئەو فراكسیۆنە پەرلەمانیە دەگرێتەوە كە بەشداری پێكهێنانی كابینەی حكومەتیان نەكردووە، یان لێی دەكشێنەوەو ئازادی كاری پەرلەمانی و ئۆپۆزسیۆن بوونیان بۆ دەستەبەر دەكرێت، بەو پێیە لیژنەكانی پەرلەمان جەوهەری كاری پەرلەمانین و روحی پەرلەمانن، بۆیە لە زۆر ولأتی دنیادا بە دەستوور پێگەی ئۆپۆزسیۆن تەنانەت لە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانیش دەستەبەر كراوە، ئەو لیژنانە كە بۆخۆمان دەزانین بەپێی عورف واقیعی پەرلەمانی هەندێك لیژنەی سەرەكی و سیادین، بۆیە ئێمە بینیمان لە دانیشتنی پێشوو فراكسیۆنی یەكگرتوو لە لیژنەی یاسایی مەحروم و بێ بەش كرا، ئەمڕۆش هاوڕێیانمان لە فراكسیۆنی نەوەی نوێ كە فراكسیۆنێكی ئۆپۆزسیۆنین بە داخەوە لە هەندێك لە لیژنە سیادییەكان مافیان زەوت كراوە، بۆیە ساز

کردن و زەمینە سازی کاری پۆپۆزسیۆن لـە لیژنـە جەوهەرییـەکانی پەرلـەمانی کوردسـتاندا دەبێـت، بۆیـە هیوادارین ئەو مافە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان و بەڕێزیشـتان وەکـو دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان لـە یەکەم وتارتاندا ئاماژەتان بەوەدا کە کارەکانتان بەشێوەیەکی بێ لایەنانەو پیشـەییانە ئـەنجام دەدەن، بۆیـە ئومێدەوارین کە ئەم مافەی ئۆپۆزسیۆن دەستەبەر بکرێت، بەپێی ئەو زۆرینە پەرلەمانییەی کە هێزەکـانی دەسەلآت دەستەبەریان کردووە، بوونی ئۆپۆزسیۆن تەنها بـۆ چاودێری کردنـە، بۆیـە حـەقی خۆیـەتی ئـەم مافە بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان و پێگەی ئۆپۆزسیۆن لەناو لیژنـەکانی پەرلـەمان پێگەیـەکی بـەهێز بێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ئەبو بەکر پێگەی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلـەمان رەچـاو کـراوەو تـەتبیقی هـەموو ماددەکـانی پەیڕەوی ناوخۆ بەم شێوەیە دەکرێتن کە هەیە، عادەتەن تەفسیر بۆ ماددەیەك (معزل عن مواد اخـری) بـە جیـا لـە ماددەکانی دیکـە نـاکرێتن کـە هـەموو پـەیڕەو پێکەوە دەیخوێنییـەوە، ئینجا دەتـوانی ماددەیـەکی پـەیڕەو تەفسـیر بکـەیت و لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆکایەتی بـەم شـێوەیە تەفسـیر کـراوەو نـە مـاڤی ئـەو پەرلـەمانتار و ئـەو فراکسـیۆنانەی کـە حکومـەت پێـك دەهێـنن و نـە مـاڤی ئەوانـەش کـە خۆیـان وەکـو ئۆپۆزسیۆن ئیعلان کردووە بە هیچ شێوەیەك پێشێلکاری بەرامبەریاندا نەکراوەو ماددە بـە مـاددە، بڕگـەی بە بڕگەی پەیڕەوی ناوخۆش تەتبیق کراوە، هێشتا ئێمە ناوی ئەندامانی لیژنـەکانمان نەخوێندۆتـەوە، کـە ناوی ئەندامانی لیژنەکان خوێندرایەوە، ئینجا ئەو فراکسیۆنەی قسەی هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە دەتوانێـت بە نوقتەی نیزامی داخیل ببێت، ئەوەی کـە خوێندرایـەوەو دەنگی لەسـەر درا تـەنها لیژنـەی یاسـایی بـوو، لیژنە بە لیژنە دەنگی لەسـەر دەدەیـن لـە هـەر لیژنەیـەك قسـەتان هـەبوو، ئینجا دەتـوانن دوای ئـەوە کـە ناوەکان دەخوێندرێتەوە بە نوقتەی نیزام دەخیل ببن، فەرموو.

**بەڕێز دیاری حمە انور حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوە خشتەیەکتان ناردووە، ئەم خشتەیە گەیشتووە بە دەست ئێمـە، ئـەم خشـتەی کـە کـۆی گشـتی دابـەش کردنی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە بەپێی فراکسیۆنەکان و لیژنـە هەمیشـەییەکان، واتـا ئەمـە دەرئـەنجامی ئـەو کۆبوونەوەیـە بـووە کـە پێشـتر سـەرۆکی فراکسـیۆنەکان لەگـەڵ دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا کردوویانە، بەپێی ئەمـە بـەم خشـتەی دانـراوە دیـارە ئەنـدامانی لیژنـەکان و دواتـر ناوی ئەندامانی لیژنەکان دەخوێندرێتەوە لەسەر ئەمەیە، بەپێی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان ماددەی (٢٨) بڕگەی (دووەم)، دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم لیژنە هەمیشـەییەکان لـە ژمارەیـەك ئەنـدام پێـك دێـن، کـە نابێـت لـە (٥) ئەنـدام کـەمتر و لـە (١١) ئەنـدام زیـاتر بـن، کـە نوێنەرایـەتی فراکسـیۆنەکانی نـاو پەرلەمان دەکەن، بەپێی رێژەی نوینەرایەتیان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەمە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی

کوردستانە، ئەو پەیڕەوەیە کە پەرلەمان کاری لەسەر دەکات و لەم پەیڕەوەدا دەڵێت بە روونی ئاماژەی بۆ کردووەو هیچ تەفسیرێك هەڵناگرێت، دەڵێت دەبێت نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بکەن.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم بەپێی ئەم پەیڕەوە ئێمە مافی ئەوەمان هەیە لەو لیژنە سەرەکیانەی کە پەیوەندیان بە قوت و داهاتی ئەم وڵاتەوە هەیە، ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی جدی و گەورەترین فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستانەدا ئەندامامان لەو لیژنانە هەبێت، لەبەرئەوەی ئەو لیژنانەی کە پەیوەندیان بە دوو بابەتی حەساسەوە هەیە، یەکەمیان/ دارایی، دووەمیان/ نەوت و سامانە سروشتیەکان، ئەم دووانە زۆرترین پێویستیان بەوە هەیە کە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، لەبەرئەوە داوا دەکەین کە ئەندامانی فراکسیۆنی نەوەی نوێ وەك فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن لەم لیژنانەدا بوونیان هەبێت، لە حاڵەتێکی دیکەدا دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمە عورفە لە هەموو دنیادا، فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەو لیژنانەی کە گرنگن، لەو لیژنانەی کە بۆ نموونە پەیوەندیان بە قوت و ژیان و داهاتی خەڵکەوە هەیە، لەو لیژنانەدا بوونیان هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چ لۆژیکێك بۆ ئەمە هەیە، ئەمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، ئەم یاساکە و عورفەکەش چی رێگەدەدات بەوەی کە ئەندامانی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لەو لیژنانەدا بوونیان نەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ناوی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بخوێننەوە، بەڕێز با ناوەکان بخوێندرێتەوە دوای خوێندنەوەی ناوەکان ئینجا نوقتەی نیزامیەکە وەردەگرین، ئەگەر لەسەر دووبارە کردنەوەی هەمان قسەکانی بەڕێزیانە، پێم گوتن، گوتم ئەندامانی پەرلەمان تا ناو نەخوێندرێتەوە تۆ ناتوانی بە نوقتە نیزام داخل بی، گلەیی لە بوونی لیژنەیەك دەکەی کە هێشتا نەخوێندراوەتەوە ناوەکانی، ناوەکان لێرە بە شێوەیەکی رەسمی دەخوێندرێتەوە، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ناوەکان بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری:

١/بهجت علی ابراهیم مصطفی، ٢/هیڤیدار احمد سلمان یوسف، ٣/نجاة شعبان عبدالله دیلو، ٤/ارشد حسین محمد رشید، ٥/لیزا فلك الدین صابر محمود، ٦/ زیاد جبار محمد قادر، ٧/رێواز فایق حسین محمد، ٨/ علی حمه صالح طه، ٩/سۆران عمر سعید احمد، ١٠/شێرکۆ جودت مصطفی، ١١/ محمد سعدالدین انور شکر.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی، دیارە ئێمە پێش هەموو کەس لەم پەرلەمانـەدا دەبێ ڕێـزی یاسا بگـرین و ڕێزی ئەو پەیڕەوە بگرین کە خۆمان دامانناوە، ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە ئێمە وەکو فراکسیۆنی نـەوەی نـوێ سەرباری ئەوەی دەستمان نییە لە دانانی ئەم پەیڕەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئێستا یاسایە وبـەرکارە ڕێـزی دەگـرین، فراکسـیۆنی نـەوەی نـوێ لـە مەبـدەئی دا بریتیـە لـە ڕێزگرتنـی یاسا و ڕێزگرتنـی دیموکراسـی و کارکردن بە بنەماکانی دیموکراسی و یاسا و ئەم پەیڕەوەی کە خۆتان داتاننـاوە، قسـەکە لەسـەر ئەوەیـە بـە پێی یاسای سانتلیگۆ کـە لیژنـەکانی پـێ دابـەش کـراوە، لـە فراکسیۆنی پـارتی پێـنج ئەنـدامی پێـدراوە لـە لیژنەی دارایی، فراکسیۆنی یەکێتی کە دوو ئەندامی بەردەکەوێت دوو ئەندامی پێدراوە، فراکسیۆنی گۆڕان کـە یـەك ئەنـدامی بـەر دەکـەوێت، ئەنـدامێکی پێـدراوە، فراکسـیۆنی نـەوەی نـوێ کـە یـەك ئەنـدامی بەردەکەوێت ئەندامی پێ نەدراوە، ئەمە بە تەواوەتی پێشێلکردنی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٨)ی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتانە کـە جـەنابتان ئێسـتا هێناوتانـە لـەم پەرلەمانـە دەتانـەوێ دەنگـی لەسـەر بـدرێت، مــن پێشــتریش لەگــەڵ بــەڕێزتان دانیشــتووین بــەناوی فراکســیۆنی نــەوەی نوێــوە نێگــەرانی فراکسیۆنەکەمان پێگەیاندوون کە لە دابەشکاری ئەم لیژنانە دا لایەنداری کراوە و پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆ کراوە و ئەم بێ بەش کردنە گـەورەی گـەورەترین فراکسـیۆنی ئۆپۆزسـیۆنی پەرلـەمانی لـە پەرلەمانـدا بـێ بەش کردنی لە لیژنەی دارایی بە مەبەستی دیزە بەدەر خۆ نـەکردنی ئـەو گەنـدەڵی و ناشـەفافییە کـە لـە وەزارەتی دارایی دا هەیـە کـە لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و کابینـەی داهـاتوودا ڕەنگـە بکرێـت و بـۆ ئەوەیە کە گەورەترین فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە لیژنەی دارایی دا چاودێری وەزارەتی دارایی نەکات ئەوەی کە بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە وەکو عورفێکی پەرلەمانی لە زۆرێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا نەك تەنها ئەندام بوونی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لەناو لیژنەی دارایی دا ڕێکخراوە بە پێی پەیڕەوی نـاوخۆ و بـە پێـی دەستوور سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی دەدرێت بە فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا، لەبەرئەوە ئەمە بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەو پەیڕەوەیە کە ئەم پەرلەمانە دەبێ لەسەری بڕوات و ئەرکی پیشەیی و ئەرکی ئەخلاقی دەستەی سەرۆکایەتیە کە پارێزگاری بکەن لەم پەیڕەوی ناوخۆیە و لەم یاساییە کە لـەم یاسـایەی کە خۆتان بەرکارتان کردووە، تکایە و داوا دەکەم بە نـاوی فراکسـیۆنەکەمەوە کـە پێداچـوونەوە بکـرێ لـەم دابەشکاریە و پێشتریش داوامان کردووە، نوقتەی دووەم/ ئەو لیژنانەی کە ..... .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو یەك دەقە ناتوانم ڕێگات بدەم بە پێی ئەم پەیڕەوە، هەر بە پێی ئـەم پـەیڕەوە، پەیامەکـەت گەیشـت بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ، پەیامەکەتان گەیشت ئێمە لێرە جێ بەجێی پـەیڕەومان کـردووە و تەتبیقی هەمان ماددەمان کردووە و دەستەی سەرۆکایەتی حەقی هەیە بە پێی توانـا و بـە پێـی خواسـت و

بە پێی پێداویستی لیژنەکان ئەندامان دابەش بکات بەسەر لیژنەکان دا، پەیامەکەتان گەیشت، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە کە قانون جێ بەجێ بکات، ئەم پەیڕەوی ناوخۆیەی کە دەرکراوە لە ٧/١٩ساڵی ڕابردوو لە خولی پێشووتردا بە زۆرینە تێ پەڕێنراوە ئێمە وەکو فراکسیۆنەکەمان دەستمان نەبووە لە دەرکردنی ئەمەدا، بەڵام ئێمە پێوەی پابەندین وەکو سەرۆکی فراکسیۆنەکەمان جەختی لێ کردەوە، بۆیە بەرپرسیاریەتی قانونی و پیشەیی جەنابتانە لەسەر ئەوەی کە ئەبێ ئەم پەیڕەوە وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێ، پێشێلکاریەکی تەواوەتی هەیە بۆماددەی ٢٨ هەردوو بڕگەی دووەم و بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە، بۆیە هیچ تەئویلێکی دیکە و هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێ، ئێمە باس لەوە دەکەین و بڵێین نەخێر پەیڕەو جێ بەجێ کراوە وەکو خۆی، نەخێر تەئکیدی لێ دەکەمەوە پەیڕەوەکە پێشێلکراوەـ ماددەی ٢٨ بڕگەی ٢ و بڕگەی ٤ پێشێلکراوە، بۆیە داوا دەکەین لەبەڕێزتان ........ .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیامەکەت گەیشت، قسەکانی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنتانە و دووبارەیە، تکایە دووبارەیە قسەکان، هەر بە پێی ئەو پەیڕەوە ناتوانین لە یەك دەقیقە زیاتر ڕێگە بدەین و ناتوانین قسەی دووبارە وەربگرین، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددە (٢٨) لە پەیڕەو باس لەوە دەکرێ لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان داوای ڕوونکردنەوە لە جەنابتان دەکەین، لیژنەی سەرەکی و لاوەکی هەیە لە ناو پەیڕەو و لە کاری پەرلەمانی؟ هیچ لیژنەیەك لەسەر هیچ لیژنەیەکی دیکە تەفزیل کراوە کە ئەمە لیژنە سەرەکی و کامە لاوەکیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو لیژنەکان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەهمیەتی خۆیان هەیە، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٨) بڕگەی دووەم دەڵێت لیژنە هەمیشەییەکان لە ژمارەیەك ئەندام پێك دێت کە نابێ لە ٥ ئەندام کەمتر نەبێ و لە ١١ ئەندام زیاتر نەبێ، کە نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەکەن بە پێی ڕێژەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان، بۆیە من پشتیوانی داواکەی فراکسیۆنی نەوەی نوێ دەکەم، مافی خۆیانە ڕێژەیان لە ٨ کورسی کە ئەندامێکیان لیژنە سیادیەکان نەك لاوەکی و پاشەکی هەبێ، پشتیوانی داواکەیان دەکەم بە هەند وەربگیردرێت و مولاحەزاتی فراکسیۆنەکان لە کۆبوونەوەی سەرۆك فراکسیۆن

لەگەڵ بەڕێزتان لە دەستەی سەرۆکایەتی داوایانە لەسەر کۆی لیژنـەکان، چونکە ئەگـەر لیژنەیـەك ڕۆیـی و دوو ڕۆیی ئەوا مولاحەزەی ئێمـە لـە لیژنـەی دەیـەم تـازە وەرنـاگیرێ بـۆ ئـەوەی لیژنـەکان تەکمیلەیـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویستە لەکاتی تەفسیر کردنی نەس، تەفسیری نەسـەکانی تـریش بخوێننـەوە و هـەر بڕگەیـەك دوو بڕگـە دوای ئەو حەقی داوە بە دەسـتەی سـەرۆکایەتی کـە لـە دابـەش کردنـی ئەنـدامان بەسـەر لیژنـەکان توانـا و پسـپۆریەتی و هـەروەها پێداویسـتی لیژنــەکان بەرچـاو بخـات، داوا دەکـەم بـە پێـی پـەیڕەو نەشـێوێنی جەلسەکە، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو فراکسیۆنەکان داواکارین ئیلتزام بکرێ بە پەیڕەوی ناوخۆ، من پێموایە گرنگترین شت ئەوەیە پێش ئەوەی موداخەلە بکرێ پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان تەوزیحات بدات بۆ هـەموو ئەنـدامانی پەرلـەمان و ڕای گشتیش لەسەر چ ئەساسێك ئەم لیژنانە تەوزیع کراوە، پێوەرەکان چین؟ لەکوێ ئیلتزام بەوە کراوە؟ لە کوێ ئیلتزام نەکراوە؟ تـەوزیحاتی تـەواو بـدرێت بـۆ ئـەوەی کۆتـایی بـە موناقەشـە بهێنـرێ، بۆیـە داواکـارم ئێستا لە پاش قسەکانی من هەموومان تێ بگەیەنرێت ئەم قەناعەتە دروست بکرێت ئایا ئیختساسـە؟ ئایـا پسپۆریە؟ ئایا کورسیە؟ ئایا عەدالەتی؟ ئایا لیژنەکان چ لیژنەیەك بەرامبەر چ لیژنەیەیەکە؟ ئەو پێوەرانە چین کە دابەش کراوە، بۆ ئـەوەی کۆتـایی بـە موناقەشـە بهێنـدرێت و هـەموو کـەس دڵنیـا بـێ کـە حقـوقی پارێزراوە لەم پەرلەمانە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، ئێسـتا داوا لـە جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمان دەکـەین کـە ڕوونکردنەوەیـەکی عیلمیانەمان بداتێ لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکان دا بکات، کاك هێمن فەرموو.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان، دوا بـەدوای کۆبوونـەوەی نـا ئاسـایی ژمـارە (١)ی ڕۆژی ٢٠١٩/٢/٢٦ ی پەرلـەمانی کوردسـتان کـە تێیـدا لیژنـەی یاسـایی پێکهێنـرا، داوا لـە نوێنـەری سـەرجەم فراکسـیۆنەکان کـرا کـە لـە کۆبوونەوەیـەك لەگـەڵ دەسـتەی سەرۆکایەتی ئامادە بن و بۆیە ڕۆژی ٢/٢٧ کۆبوونەوەی سەرجەم فراکسیۆنەکان لە هۆڵی ماددەی ١٤٠ ئەنجام درا و بەسەرپەرشتی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئامادەبوونی سکرتێری پەرلەمان بـۆ ئامادەکاری دابـەش کردنـی ئەنــدامان بەسـەر ئـەو چـواردە لیژنەیـەی کـە ماونەتـەوە، لـەو کۆبوونەوەیـە بـە کـۆی دەنگـی فراکسیۆنەکان پێـوەری سـانت لیگـۆی (١,٤ یـەك پۆینـت چـوار)، کرایـە بنـەما بـۆ بەرکەوتـەی هەڵبـژاردن و

ڕێـژەی ئەنـدامانی هـەر فراکسـیۆنێك لـە هـەر پـانزە لیژنەکـەی پەرلـەمانی، هـەم بـۆ ئـەوەی پەرلـەمانتارە
بەڕێزەکان و ڕای گشتیش بزانین، ڕایەك هەبوو کە بە پێی سانت لیگۆ (١,٧) دابەش بکرێت، ئەگەر بـە پێـی
سانت لیگۆی (١,٧) دابەش بکرایە، تەنها فراکسیۆنی یەکێتی و پارتی و گۆڕان ئەندامیان لـە لیژنـەی یاسـایی
بەردەکەوت لەگەڵ هەندێك لە لیژنەکانی تر، ڕایەکی تر هەبوو کە بە (١,٦) دابەش بکرێت، ئەگـەر بـەوەش
بوایـە بـە تـەنها فراکسـیۆنی پـارتی، یـەکێتی، گـۆڕان، نـەوەی نـوێ ئەنـدامیان لـە لیژنـەکان بەردەکـەت،
فراکسیۆنەکانی تـر بـێ بـەش دەکـران، ڕای دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئـەوەبوو کـە ئێمـە ڕامـان وایـە هـەموو
فراکسیۆنە بەڕێزەکان لە ناو پەرلەمانی کوردستان بەپێی ڕێژەی بەرکەوتەی خۆیان لە هەر (١٥) لیژنەکەی
پەرلەمان دا نوێنەریان هەبێ، بۆیە ئێمە تەشجیعی ئەوەمان کرد، سوپاس بۆ فراکسیۆنە بەڕێزەکان بـەکۆی
دەنگ بەبێ ئیستیسنا (١,٤) کرایە بنەما بۆ دابەشکاری ئەندامان بۆ سەر لیژنـەکان دا، ئێمـە لـە هـەمان ڕۆژ
لە ڕۆژی (٢/٢٧) داوامان لەهەموو فراکسیۆنەکان کرد کە تـا ڕۆژی (٢٠١٩/٣/٣) فـۆرمی ئەنـدامێتی لیژنـەکان
لەلایـەن فراکسـیۆنەکانەوە ئاراسـتەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی بکـرێ، ڕۆژی یەکشـەممە (٣/٣) کۆبوونـەوەی
سەرجەم فراکسیۆنەکان کراوە لەگـەڵ دەسـتەی سـەرۆکایەتی بەسەرپەرشـتی بـەڕێز سکرتێری پەرلـەمان و
فۆرمەکان وەرگیراون، دواتر دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بـەحوکمی مـاددەی (٢٨) و بڕگـەکانی (١، ٢، ٤)
کە بەرکەوتەی هەڵبژاردن توانـا و خواسـت و پێویسـتی لیژنـەکان لەبەرچـاو گـیراوە کراوەتـە بنـەما، لەبـەر
ئـەوەی ئێمـە (١٥) لیژنـەمان هەیـە و لیژنـەکانیش دەبـێ (٥) تـا (١١) ئەنـدامیان هـەبێ، ئێمـە ئـەو ڕایـەمان
پەسند کرد کە هەموو لیژنـەکان (١١) ئەنـدامیان هـەبێ بـۆ ئـەوەی تـەواوی فراکسیۆنەکان تـەواجودیان لـە
تـەواوی لیژنـەکانی نـاو پەرلـەمان دا هـەبێ، (١٥) لیژنـە ئەگـەر زەربـی (١١) ئەنـدامی بکـەین دەکاتـە (١٦٥)
ئەندام، ئێمە ئەندامانی دەسـتەی سـەرۆکایەتی لـە (١١١) ئەندامەکـەی پەرلـەمان دەرکـراون بۆیـە ئـەو (١٦٥)
بەرکەوتەی ناو لیژنەکان دابەشی سـەر (١٠٨) پەرلـەمانتار کـراوە، بۆیـە ڕێـژەی بـەهای ئەنـدامێتی لـە هـەر
لیژنەیەك بۆ هەر پەرلەمانتارێك کردبوویە (١,٥٢) بەمەش فراکسیۆنی پارتی کـە خـاوەنی (٤٥) کورسـی یـە
لەگەڵ سۆشیالست (٦٩) بەرکەوتەیان هەیە، فراکسیۆنی یەکێتی (٣٠) بەرکەوتەیان هەیە، فراکسیۆنی گـۆڕان
(١٨) بەرکەوتە، فراکسیۆنی نەوەی نوێ (١٢)، فراکسیۆنی کۆمەڵ (١١)، فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی (٥)،
پێکهاتەی تورکمان و کلدان و سریان و ئاشوور و ئەرمەن بەیەکەوە (١٥)، ئازادی (٢)، ئێمە بـەپێی پسـپۆڕی،
بـەپێی ئـەزموون، بـەپێی بەرکەوتـە دەسـتەی سـەرۆکایەتی تـەواوی ئـەو فۆرمانـەی هێنـا و لەگـەڵ ئـەم
بەرکەوتە عیلمییەی کە باس کراوە دابەشکاریەکان کران، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠١٩/٣/١٠) بـەئامادەبوونی
سەرجەم فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیەك لەگەڵ دەسـتەی سـەرۆکایەتی بـە ئامـادەبوونی سـەرۆك و جێگـر و
سـکرتێری پەرلـەمان ئـەنجام درا، لـەو کۆبوونەوەیـە ڕای دەسـتەی سـەرۆکایەتی دووبـارە ڕوونکرایـەوە کـە
بـەپێی پـەیڕەو وەکـو دەسـتەی سـەرۆکایەتی بێلایەنانـە لەسـەر بنـەمای زانسـتی و توانـاو و بەرکەوتـە و
پێویسـتی لیژنـەکان ئەنـدامان دابـەش کـران، دواتـر وەکـو دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئـەو پێشـنیارەمان خسـتە
بـەردەم سـەرجەم فراکسـیۆنە بـەڕێزەکان، کـە ئێمـە بـەپێی ئـەم بەرکەوتـە عیلمیـە کـە خۆتـان پەسـندتان

کردووە (١,٤) بێ، بەپێی ئەو بەرکەوتە عیلمیەی کە هەموو فراکسیۆنەکان وتیان بەرکەوتەیەکی زانستی عادیلانەی تەواوە خرایەڕوو و لەو کۆبوونەوەدا باس لەوەش کرا ئێمە وتمان فراکسیۆنە بەڕێزەکان ئەمڕۆ (٣/١٠)یە دەتوانن لە ناو خۆتان دا هاوپەیمانی دروست دەکەن، ڕێککەوتن دروست دەکەن، ئاڵوگۆڕی ئەندامان دەکەن ئەوە بۆ فراکسیۆنەکان بەجێ دەهێڵین، وابوو فراکسیۆنی یەکێتی و یەکگرتوو ڕێککەوتنیان کرد ئاڵوگۆڕیان بە هەندێك لە ئەندامەکانیان کرد، فراکسیۆنی پێکهاتەکان لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان ڕێککەوتنیان کرد، هەندێك ئاڵوگۆڕیان بە ئەندامەکانیان کرد و لەوێش بە پێی پرۆتۆکۆڵی دانیشتنەکە جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ نامەیەکی ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کرد، داوای کرد کە لە لیژنەی دارایی و سامانە سروشتییەکان و پێشمەرگە نوێنەریان هەبێ، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر پێشنیارەکەیان بە نووسین نووسیومانە، وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پشتیوانی ئەوە دەکەین هەموو فراکسیۆنێك لە هەموو لیژنەکان نوێنەریان هەبێت بەڵام بڕۆن لەگەڵ فراکسیۆنە بەڕێزەکانی تر بۆخۆتان هاوپەیمانی بکەن، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لاریمان نیە و پشتیوانی ئەوەش دەکەین هەر فراکسیۆنێك بیەوێت لە هەر لیژنەیەك بێت، بەڵام بە پێی بەرکەوتە و بەپێی پێویستی و بەپێی پسپۆڕێتی ئەوەی کە پێی دەکرێ، بۆیە بەڕێزان تەئکید دەکەینەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەم شێوازە دابەشکارییەی کە کراوە ئێمە بێ لایەنانە مامەڵەمان لەگەڵ کردووە، بۆ فراکسیۆنەکان خۆیانمان جێهێشتووە، ئەو بەرکەوتە (١,٤)ش کە دانراوە لەسەر بڕیار و داواکاری سەرجەم فراکسیۆنەکان بوو، بۆیە هیچ خاڵێك نە پێشێلکاری پەیڕەوی هەیە و دەرفەتی یەکسانیش بۆ هەموو فراکسیۆنەکان ڕەخسێندراوە، هەر (١٥) لیژنەکەش لیژنەی پەرلەمانین هیچ جیاوازییەك لە ناو ئەو لیژنانە نییە، پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانی و لە هەر لیژنەیەك ئیش بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوای پێدانی ڕوونکردنەوە داوا لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ دەکەم بەپێی ماددەی (٥٧) ڕێك و پێکی دانیشتنەکە بپارێزن، بەپێی بڕگەی (٢)ی هەمان ماددە ئاگادارتان دەکەینەوە ڕێك و پێکی جەلسەکە بپارێزن، بەپێی بڕگەی (٤)ی ماددەی (٥٧) داوا لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ دەکەم جەلسەکە جێ بهێڵێ، دانیشتنەکە بەجێ بهێڵن، دانیشتنەکە جێبهێڵن، بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ تکا دەکەم ئەندامانی خۆت بەپێی ماددەی (٥٧) ئاگادارم کردنەوە کە جەلسەکە نەشێوێنن، بەپێی بڕگەی (٤) لە هەمان ماددە پێتان ڕادەگەیەنم کە جەلسەکە جێ بێڵن و بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هێمنانە جەلسەکە بەڕێوەببەین، لیژنەی دارایی دەدەینە دەنگدان، تکایە یان هێمنی بپارێزن یان بچنە دەرێ، بەپێی ماددەی (٥٧) بڕگە (٤) دەبێ هۆڵەکە جێبهێڵن، قسەی خۆتان کردووە، تکایە هیچ ئەندامێك لەجێی خۆی قسە نەکات بەبێ ئیزن خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە ڕێگای سەرۆکی فراکسیۆن و لە ڕێگای دوو ئەندامی دیکە پەیامی خۆی گەیاندووە، پەیامەکەتان گەیشتووە و قسەی خۆتان کردووە لەسەر بابەتەکە و جوابی خۆشتان وەرگرتووە، هەر بەپێی پەیڕەو بەپێی ماددەی (٥٧) هەر پێشیلکارییەکی

تر، هەر كارێكی تر بۆ شێواندنی جەلسەكە بكرێت دەبێ بەزۆر جەلسەكە جێبهێڵن، ئاگاداری خۆتان بن، لیژنەی دارایی دەدەینە دەنگدان، چەند كەس لەگەڵیەتی؟ دەنگدانە تكایە گفتوگۆ تەواو، لیژنەی دارایی درایە دەنگدان، چەند كەس لەگەڵیەتی دەست بەرز بكاتەوە؟ بەپێی پەیڕەو لە كاتی دەنگدان هیچ گفتوگۆیەك ناكرێ، لیژنەی دارایی درایە دەنگدان، چەند كەس لەگەڵیەتی؟ (٦٥) لەگەڵیەتی، چەند كەس لەگەڵی نیە؟ (٩) كەس لەگەڵی نیە، كەوابێ بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، سكرتێری پەرلەمان، ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان بخوێننەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان:

١- ڕێڤنگ محمد محمد علی محمد.

٢-حكمت محمد عەبو زید عیسی.

٣-ڕزگار عیسی سوار عیسی.

٤-سروان محمد علی حاجی.

٥-جمال حویز مصطفى خضر.

٦-عثمان كریم سوارە حمد.

٧-باڵانبو محمد علی أحمد.

٨- شاخەوان رەئوف  مصطفى میران

٩- ابوبكر عمر عبدالله سعید

١٠- رۆمیۆحوزەیران نیسان هەكاری

١١- عبدالله محمود محمد

**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ناوانەی كە گوێبیست بوون ناوی ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكانە، دەیخەینەن دەنگدان چەند كەس لە گەڵیەتی؟ بەڕێز كاك (ئومێد)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێێ مادده (٥٦) بڕگەی (٣،٢،١) خاڵی پەیرەوی دیاریكراوە داوای روونكردنەوە لە لیژنەی پێشوتر لە جێگری سەرۆكی پەرلەمان كرا روونكردنەوە درا ، ئەو قسانەی ئێستا لێرە بە ناوی خاڵی پەیڕەوی دەكرێن هیچ خاڵی پەیرەوی نین لە كۆبوونەوەی فراكسیۆنەكان ئەو گفتوگۆیە كرا، تكایە لیژنە بە لیژنە بیخە دەنگدان تەنها  ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگە لە بەركەوتی خۆمان گۆرانكاریەكمان هەیە لە جێی بەڕێز (رزگار عیسی سوار)، بەرێز (نزار مەلا غفار) ئیزافە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاً فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ خاڵی نیزامی وەرناگیرێت چونکە خراوەتە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى /سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(نزار مەلا غفار) لیژنەی پێشمەرگە و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.

**بەڕێزد.ڤالافريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خرایە دەنگدان چەند کەس لەگەڵیەتی؟ (٦٦) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە، بە (٦٦) دەنگ لیژنەکە پەسەند کرا. لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى /سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، (سفين اغا عمر اغا قادر، شوان كريم محمد صادق،رۆژان ابراهيم على طه، زيدان رشيد خان اودل، هێرش حسن حمد فقى، عثمان كريم سوارە حمد، ياسين خضر طه سلێمان، سلطان سليم حسين، عثمان على سمايل حمدامين، اسماعيل على طه، محيدين حسن قادر)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان فراکسۆنی پارتی لە لیژنەی کشتوکاڵ لادانی( رۆژان)،دانانی (د. صباح محمود محمد).

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ناوانەی کە گوێبیست بوون ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری بوو، چەند کەس لەگەڵدایە؟ (٦٩) ئەندام لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ بەڕێز کاك (سۆران) فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٤) برگەی دووەم نابێ ئەندام وەڵامی ئەندامی تر بداتەوە و توانجی لێبدا و ئاخاوتنی خۆی یان هی ئەندامی تر دووبارە بکاتەوە تەنیا دەتوانێ پشتگیری بکات، بۆیە هیوادارم جەنابتان پەیرەو وەکو ئەوە جێبەجێ بکەن بەسەر هەموانا، ئەندام مافی نییە بەرامبەر ئەندامی تر تەداخول بکات توانجی لێبدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر راستە ئێمەش ڕێگەی کەسمان نەداوە، نە وەڵام بداتەوە، نە توانجیش لە ئاخاوتن کەس بدات، هەر کەسێکیش بە بێ ئیزنی سەرۆکی پەرلەمان قسەی کردووە ئاخاوتنەکانی لە پرۆتۆکۆل ڕەش دەکرێتەوە و بە هیچ شێوەیەك تەسجیل ناکرێت، ئەندامانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا توێژینەوەی زانستی تکایە سکرتێری پەرلەمان بیانخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى /سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ توێژینەوەی زانستی (حسیبە سعید ابـراهیم، گولستان باقی سلێمان ، گلاویژ عبید عثمان، سلام عبداللـە حسن، زێدان رشید خانۆ، شەمۆل اشین صابر، راهی راهبر ابراهیم، ئاشنا عبدالله قادر، شادی نوزاد وهاب، هلز احمد محمد، فرید یعقوب ایلیا).

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەو ناوانـەی کـە گوێبیست بـوون دەیخەینـە دەنگدان چـەند کـەس لەگەڵدایـە؟ نوقتـەی نیزامـی بـەڕێز (عبدالسلام )، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلامعبدالله حسن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی تەواوم (عبدالسلام عبدالله حسن احمد).

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەو چاکراوە، دەیخەینـە دەنگـدان؟ (٦٥) کـەس لەگەڵدایـە، کـێ لەگەڵدایـە؟ (٧) کـەس لەگەڵـدا نییـە، بـە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەو مافی بەکار بەر، سکرتێری پەرلـەمان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى /سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر (صباح محمود محمد، زانـا خالیـد سمایـل مصـطفى، رۆژان ابراهیم على، گلاوێژ عبید عثمان، بەختیار شوکری سلێمان عبدالله، لقمان حمد حـاجى، شـنۆ اشـقى عبدالله، شایان کاکە صالح، جەلال محمد امین احمد، کاظم فاروق نامق، مسلم عبدالله رسول).

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ناوانـەی کـە گوێبیست بـوون دەیخەینـە دەنگدان چـەند کـەس لەگەڵدایـە؟ (٦٥) کـەس لەگەڵدایـە، کـێ لەگەڵدا نییە؟ (٣) لەگەڵی نییە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. لیژنەی شەهیدان و جینـۆ سـاید و زیندانیانی سیاسی، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ليژنەی شەهيدان و جينۆ ساید و زيندانيانی سياسی(بهمن كاك عبداللە، ژيان طاهراحمد، سوسن محمد ميرخان، ادريس اسماعيل عبۆش، سەروان محمد علی، عبدالناصر احمد علی، هەژان احمد حسن، رزگار محمد محمود، دیاری انور حمە رحيم، هەورامان حمە شريف، فاهيك كمال صوغومون).

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ناوانەی كە گوێبيست بوون دەيخەينە دەنگدان چەند كەس لەگەڵدايە؟ (٦٧) كەس لەگەڵدايە، كێ لەگەڵدا نييە؟ (٣) لەگەڵی نييە، بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا. بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ئەندامانی ليژنەی پەيوەنديەكان و رەوەندی كوردستانی، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی ليژنەی پەيوەنديەكان و رەوەندی كوردستانی (ادريس اسماعيل عبوش، چيا حميد شريف، رێبوار عبدالرحيم عبداللە، ژيان طاهر احمد، كاروان عبدالرحمن عبداللە، سلمە فتاح توفيق، بەلێن اسماعيل ابراهيم، ئاشنا عبدالله قادر، سيروان فرج محمد، عبدالستار مجيد، محمد سعيد انور شوكر).

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ناوانەی كە خوێنرايەوە دەيخەينە دەنگدان چەند كەس لەگەڵدايە؟ (٧٠) كەس لەگەڵيەتی، چەند كەس تەئيدی ناكات؟ (٣) كەس، بە زۆرينەی دەنگ پەسند كرا، ئەندامانی ليژنەی ناوچە كوردستانيەكانی دەرەوەی هەرێم.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی ليژنەی ناوچە كوردستانيەكانی دەرەوەی هەرێم.

١ ليزە فەلەكەدين صابر

٢- جوان يونس محمد سلبيم

٣- هديە مردا حيدر علو

٤- مەم اسكندر مەم اسكندر

٥- سفين اغا عمر قادر

٦- عبدالناصر علی كاكە لۆ

٧- جمال حوێز مستفى خدر

٨- شيرين علی عزيز خورشيد

٩- گۆران عمر علی غريب

١٠ سيروان فرج محمد

١١- محيدالدين حسن يوسف قادر

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ناوانەی خوێندرایەوە ئەخەینە دەنگدان، چەند کەس لەگەڵە؟ (٦٥) کەس لەگەڵە، کێ دژە؟ (٣) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئەندامانی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی:

١ بەختيار شكرى سلێمان عبدالله

٢٠- رێبوار عبدالرحيم عبدالله عمر

٣- جيهاد حسن ابراهيم عمر

٤- پێشوا تاهر مستفى حسن

٥- گوليزار رشيد حاجى بدرى

٦- سركۆ ئازاد حسين محمد

٧- كاروان عبدلارحمن عبدالله قادر

٨- بەڵێن اسماعيل حاجى ابراهيم

٩- سۆران عمر سعيد احمد

١٠ شێرکۆ جودت مستفى

١١- جينان جبار بۆيە شابۆ

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە (٦٠) کەس لەگەڵدایە، کێ دژە؟ (٣) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئەندامانی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەشت و گۆزار و ئاوەدان کردنەوە و وبەرهێنان.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەشت و گۆزار و ئاوەدان کردنەوە و وبەرهێنان:

١ رزگار عيسى سوار عيسى

٢- نەزار ملا عبدالغفار عزيز

٣- شوان كريم محمد صادق

٤- بهجت على ابراهيم مستفى

٥- زاهير محمد على حسن محمد

٦- هاورێ محمد صالح فتاح

٧- زكرى احمد اسماعيل عمر

٨- رزگار محمد محمود

٩- سيپان سليم حسن محمد سعيد

١٠- سەرچنار احمد محمود حسن

١١- كلارە شوی يعقوب گورگس

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دايە؟ (٦٥) كەس، كێ دژە؟ (٣) كەس، بە زۆرينەی دەنگ پەسند كرا، ئەندامانی ليژنەی ڕۆشنبيری و كۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی ليژنەی ڕۆشنبيری و كۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.

١ پێشەوا تاهر مصطفى حسن

٢- جلال محمد عبدالله حمدامين

٣- سعيد مصطفى تتەرخان رشيد

٤- محسين حسين مصطفى موسا

٥- لقمان حمد حاجى مستفى

٦- فيصل عباس عولا عوسمان

٧- گۆران عمر على غريب

٨- مەم بورهان محمد قانع

٩- روپاك احمد رحمن رسول

١٠- مسليم عبدالله رسول احمد

١١- ئازاد اكرم بهرام محمد

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو نوقتەی نيزامی پێش دەنگدان.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم لیژنەیە خواستی ئێمەی لەسەر نەبوو، واتە لە فۆرمەکە ناوی ئەندامی ئێمە بۆ ئەو لیژنەیە نیە، بەلاّم کە نیە دوو ئەندامان دانراوەن ئەو تێبینیەمان لە کۆبوونەوەی فراسکیۆنەکان لەگەڵ بەڕێزانی دەستەی سەرۆکایەتی پێشکەش کرد.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوابی ئەو پرسیارانەمان داوەتەوە گە بەپێی برگەی چوارەم لە ماددەی (٢٨) دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە بەپێی توانا و پێداویستی لیژنە و خواست و ئیختیساس ئەندامان دابەش بکات بەسەر لیژنەکان، بۆیە ئەوە بەپێی پەیرەو ئەندامەکان لەویّ دانراون، ئەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (٦٣) کەس لەگەڵە، کێ دژە؟ (٤) کەس لەگەڵ نیەن بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئەندامانی لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکالاّ.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکالاّ:

١ ئومێد عبدالرحمن حسن

٢- ویسی سعید ویسی عبدالله

٣- لیلا عبدالجبار حدۆ عبدالله

٤- سعید مصطفی تتەر خان

٥- شنۆ اشقی عبدلله محمد

٦- دابان محمد حسین عبدالله

٧- شیرین امین عبدالعزیز خورشید

٨- مژدە محمود محمد عبدالله

٩- سەرچنار احمد محمود حسن

١٠ رۆبینە اوملك عزیز مملوك

١١- ئایدن معروف سلیم احمد

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (٦٦) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ نییە؟ (٣) کەس دژە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئەندامانی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی:

١ احسان محمد شریف

٢- جیهاد حسن ابراهیم عمر

٣- هدیه مراد حیدر علۆ

٤- موسى سعید ویسی عبدالله

٥- زاهیر محمد علی حسن محمد

٦- فیصل عباس عولا عوسمان

٧- هێرش حسن حمد فقێ عبدالله

٨- کاوه عبدالقادر حسن علی

٩- هەورامان حمه شریف حمه رشید

١٠- اسماعیل علی تەها

١١- کلارا اویدشۆ یعقوب گورگیس

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (٦٥) کەس لەگەڵە، کێ دژە؟ (٤) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئەندامانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ.

١ مەم اسکندر مەم اسکندر

٢- جوان یونس محمد سلیم

٣- زانا خالید سمایل مصطفی

٤- احسان محمد سلیم شریف

٥- بێگەرد دڵشاد شکرالله

٦- سلمی فتاح توفیق محمد

٧- گولیزار سعید محمد سعید

٨- شادی نوزاد وهاب محمد امین

٩- بەدریە اسماعیل محمود سعید

١٠- ڕۆمیۆ حوزیران محمد هکاری

١١- ئایدن معروف سلیم احمد

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە (٦٦) لەگەڵە، کێ دژە؟ (٣) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کۆی لیژنـەکانی پەرلـەمان دەنگی لەسەر درا، لـەم روەوە داوا لـە سـەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەکـەم بـەیانی سـەعات (٣٠-١٠) کۆبوونـەوەی خۆیان ئەنجام بدەن لەگەڵ بەرێز جێگری سەرۆکی فراکسیۆن و سـکرتێری پەرلـەمان بـە مەبەسـتی دانـانی ئالیەتێك بۆ چۆنیەتی دابەش کردنی سەرۆکایەتی لیژنەکان، چونکە بەپێی پەیرەو تـەنیا یـەك هەفتـەمان لەبـەر دەسـت دایـە بـۆ ئـەوەی وەکـو سـەرۆك هـەموو لیژنـەکان ئاگـادار بکەینـەوە کـە سـەرۆك و جێگـر و سکرتێری خۆیان هەڵبژێرن، بۆیە داوا دەکەم کە سەرۆك فراکسـیۆنەکان بـەیانی کۆبونـەوەی خۆیـان بکـەن لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بە مەبەستی دانـانی ئالیـەتێك بۆدابەشـکردنی  دەسـتەی سـەرۆکایەتی هـەموو لیژنەکان بۆ ئەوەی پەرلەمان بە زوترین کات بکەوێتە کاروو دەست بە ئیشـەکانی خۆمـان بکـەین ، چـونکە ئێمە وەرزی گرێدانمان وەرزی گرێدانی یەکەمان لە (١-٣)ئیعلان کردوە بەرێزان ئەندامانی پەرلـەمان تـەنها بە پێی پەیڕەویش لە مانگی یەکەمیش لەوەرزی گرێدان دا بۆمان هەیە پرۆژە یاسا پێشکەش بکـەین بۆیـە پێویستە خێرا ئەو پرۆسەیەش جێبەجێ بکەین بۆ ئەوەی دەست بە پێشکەشکردن و خوێندنـەوەی یەکـەم بۆ پرۆژە یاساکان بکەین .

**بەرێز علی حمه صالح:**

**بەرێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێم هـەموارکراوی سـاڵی (٢٠٠٥) لەگـەڵ یاسـای دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکایەتی هـەرێم تەبعـەن دواتـر لـە مـاددەی (١٠) خـاڵی (١٢)م ئـەڵێ دوای دەسـت نیشـانکردنی لەلایـەن پەرلەمانی کوردستان سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی رادەسپێردرێن بە پێکهێنانی وەزارەت ئەویش لەماوەی (٣٠) رۆژ جێگر نەما، تەبعەن تەعدیلمانکردەوە ئەویش لەماوەی (٣٠) رۆژ لە مێژووی راسـپاردنەکەی، واتـا ئێستا ئێمە ئەگەر لیژنەکانیش پێك بێنین ناتوانین نەپرسیار ئاڕاسـتەی وەزارەت بکـەین، هـیچ وەزارەتێـك نەئـەتوانین لێپێچینـەوەی لـێ بکـەین، نـە ئـەتوانین بەرپرسـیاربین لـە بەردەمانـدا، ئـەرکی سـەرۆکایەتی پەرلەمان، جونکە ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان من ئەزانم ئـەبێ دۆخـە سیاسـیەکە زۆر بـاش بخوێنینـەوە، بە تایبەتی ئێمە زۆر لەلامان گرنگە یەکێتی نیشتیمانی حزورێکی گەورەی هەبێت لەم رۆڵـە، بـەڵام ئەگـەر هەفتەی ئایندەش ئێمە تەسمیەی سەرۆکی حکومەت بکەین فەترەی مانگێکمـان لەبـەر دەسـتایە بـۆ ئـەوەی سەرۆکی هـەرێم رایـان بسـپێرێ ئـەم عەمەلیـە ئەگـەر زۆر دوا بکـەوێ تـا هـەموو هـەنگاوەکان بـڕوا پرسـی پێکهێنانی حکومەت رەنگە بکەوێتە مانگی (٦) وە لەم (٣) مانگە ئیشی لیژنەکان ئیشێکی ئەوەتۆیان نابێت، تـەنیا ئـەتوانین مەشـروعی قـانون تەقـدیم بکـەین ئـەو مەشـروعە قانونیانـەش خـۆت شـارەزایەکەت لـە هەموومان زیاترە کە رەهەندی دارایی و باری ژیانیان هەیە موافەقەی حکومـەتی ئـەوێ، کەواتـە لیژنـەکان ئەو رۆل و ئەرکەیان نابێ، بۆیە هیوادارم هەم تەوزیعێکی قانونی بـدەن، هـەم ئـەوەی لەسـەر ئێوەیـە وەکـو جوهدێکی سیاسیەکە ئیشی تێدابکەن بـۆ ئـەوەی بەراسـتی چـیتر لەمـە پەرلـەمان نەکەوێتـە فەراغـەوە بـە تایبەتی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت وە لە ئیشی لیژنەکان ئیشی ئێمە لە لیژنەکانە بـە شـێکی ئیشـی

گرنگی ئێمە کاری چاودێری کردن و بەدواداچوونە، هیوادارم تەوزیعی قانونیمان پێ بدەن ئێستا ئەم پرۆسە، جونکە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانمان هەیە ئەوەبوو ئایە ئیستا ئەرکی ئەنجومەنی دادوەریە ئێوە تەسمیەکە چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی پەیامەکەت گەیشت هەرچەندە پەیوەندی بە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆمانەوە نیە، بەڵام ئێمە وەکو پەرلەمان کاری خۆمان ئەنجام دەدەین وا سورعەت دەکەین لە جێبەجێکردنی هەموو ئەو خاڵە پەیڕەویانەی کە پەیڕەوی ناوخۆ و یاسا بنەڕەتیەکان، بە تایبەتی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەسەر ئێمەدا سەپاندووە و کاری ئێمە جگە لە چاودێری کردن تەشریعیشە، بەڵام ئێمە لەوە تێدەگەین کە واقعیەك هەیە زەمینە سازی و تەوافق بەینی لایەنە سیاسیەکان گرنگە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت و کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دوادەکەوێتن، ئێمە بە پێی یاسا ئەو ئەرکەی لەسەرمانە لە ناو پەرلەمانی کوردستان لە کاتی خۆیدا کە بۆمان دەست نیشان کراوە جێ بەجێی دەکین وە خوازیاری ئەوەشین هەموولایەنە سیاسیەکان تەوافق بکەن، بۆ ئەوەی بە رەزامەندی هەمووان کارەکان و ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەرێزتان ئاگادارن لە ماددەی (٢٨) لە پەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی (٣) هاتووە کە لە دوای یەك هەفتە لەراسپاردنی لیژنەکان، یان خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی لیژنە، دەبێت سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر دیاری بکرێت، وەکو بەرێزتان ئاگادارن لیژنەی یاسایی زیاتر لە هەفتەیەکدا بەسەریدا تێپەربووە، تا ئێستا نە سەرۆك نەبڕیاردەر دەست نیشان نەکراوە، بۆیە داواکارم لە بەرێزتان رێکاری یاسایی لازمە پێویست بگرنەبەر بۆ ئەوەی پێچەوانەی پەیرەو نەبێت، هەرچەندە بۆتە پێچەوانەی پەیڕەو لە ئێستادا، سوپاس بۆ بەرێزتان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان و بۆ رونکردنەوەکەشتان پێچەوانەی پەیڕەو نیە، لەبەر ئەوەی ئێمە راوەستابووین تا ئەو دوو ئەندامەش دێن دەنگی لەسەر دەدرێ ئەورۆ لیژنەی یاسایی بە تەواوی تەواو بووە، بوو بە (١١) ئەندام لەورۆە هەفتەیەکمان هەیە بۆ پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی و وەکوو هەموو لیژنەکانی تر سوپاس بەلێ دکتۆر.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە تەنها بۆ روونکردنەوە و تەفسیرێك بۆ ماددەی (٢٨) لە پەیرەوی نـاوخۆی پەرلـەمان و برگـەی (٢) کە دەنگە دەنگێکی پەیداکرد لە نێوان هەندەك پەرلەمانتارانی فراکسیۆنێکی دیاری کراو، راستـە لـە مـاددە (٢٨) برگـە (٢) هـاتووە کـە لیژنـەکان بـە پێـی رێـژەی نوێنەرایـەتی فراکسـیۆنەکان لـە پەرلـەمان یـەکلای دەکرێتەوە، بەلاّم میکانیزمی یەکلایکردنەوەی ئەو رێژەیەی دیار نییـە، بۆیـە پـێش ئـەوەی ئـەو دانیشـتنە ساز بکرێ فراکسیۆنەکان لە گەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان گەنگەشەی ئەوەیان کرد بە چ ئالیەتێك و بە چ میکانیزمێك ئەو رێژەیە یەکلایی بکرێتەوە دیارە هەموو فراکسیۆنەکان لەسـەر ئـەوە کـۆك بـوون بـە پێی سیستەمی (سـانت لیگـۆ) یـەك لەسـەر چـوار ئـەو رێژەیـە یـەکلایی بکرێتـەوەو لـە پـەراوێزی ئەمـەش بەرکەوتەی فراکسیۆنەکان دیاری کرا، بۆیە بۆ جارەسەرکردنی ئەو ئیشکالیە یاساییانەی کـە دروسـت دەبـێ یان دەبێ ئەم پەیرەوە هەموار بکرێتەوە یان میکانیزم و ئالیەتەکە دیاری بکرێ، یان ئـەبێ دەرفـەت بـدرێ وەکو چۆن ئێستا دەرفەت درا بە فراکسیۆنەکان گفتوگۆیان کرد دەستنیشانی میکانیزمی سیسـتەمی (سـانت لیگۆیان) کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ روونکردنـەوەی بـەڕێزت روونکردنـەوە لـەو بارەیـەوە دراوە پـەیڕەوی نـاوخۆ، وەکـو دەسـتوری پەرلەمان وایە تەنها زیاتر تەرکیز لەسەر بنەما رەئیسیەکان دەکات، ئەوەی کـە میکانیزمـە ئـەوە مەعلومـە لای هەموان بە پێی ئیتفاق دەبێتن لە نێوان فراکسیۆنەکان و وە فراکسیۆنەکانیش خۆیان ئیتفاقیان لەسەر ئەو میکانیزمە بۆ دابەش کردنی ئەندامانی سـەرۆك لیژنـەکان زۆر سـوپاس بـەرێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان دانیشتنەکەمان هەڵگرت.

| | | |
|---|---|---|
| منى نبى قهوچى | هێمن هەورامی | د. ڤالا فرید ابراهیم |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی**

**شەممە رێکەوتی ٢٠\٣\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

**شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٣/٢٠**

**کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٠ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٢٠) بەم شێوەیە بێت:**

**یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی (پێشنیازی یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند کردنی دەستور) بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩ و ٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەین، دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارە، ساڵی یەکەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ بخوێنێتەوە.**

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی (١٦) و بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٣٠) بەم شێوەیە بێت:**

**یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی (پێشنیازی یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسندکردنی دەستور) بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩ و ٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سكرتێری پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٣/١٢ بخوێننەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٣/١٢ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١-دەستپێكردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆكی پەرلەمان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی كارو پوختەی دانیشتنی پێشوو لە لایەن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێكردنی بڕگەكانی بەرنامەی كار لە لایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

٤- سوێند خواردنی پاڵێوراو بەڕێز (راهى راهبر ابراهيم) لە شوێنی ئەو پاڵێوراوەی كە سوێندی یاسایی نەخواردووە بەپێی ماددەی یەكەم لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩,

٥- دەنگدان لەسەر زیاد كردنی دوو ئەندام بۆ سەر لیژنەی كاروباری یاسایی.

٦- روونكردنەوەیەك لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان سەبارەت بە پێكهێنانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان.

٧- دەنگدان و پەسند كردنی پێكهێنانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان بەپێی ماددەكانی (٢٨ و ٢٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

٨- كۆتایی هاتنی دانیشتنەكە لە لایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون، یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەكەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە بەرواری ٢٠١٩/٣/١٢ بخوێننەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون، یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠١٩:/٣/١٢

١-چیا حمە شریف/ مۆڵەت.

٢- سەرچنار احمد محمود/ مۆڵەت.

٣- صباح محمود محمد/ مۆڵەت.

٤- شیركو جودت مصطفى / مۆڵەت.

٥- عبدالستار مجيد عبدالقادر / مۆڵەت.

٦- مسلم عبدالله رسول / مۆڵەت.

٧- هەورامان حمە شریف / مۆڵەت.

فراکسیۆنی یەکێتی بەپێی بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٢٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادە نەبوو هەژمار ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەین، وا دیارە نوقتەی نیزامی هەیە؟ نوقتە نیزامەکان وەردەگرین، بەڵێ کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێزان.**

من هەم داوای ڕوونکردنەوەیەك لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، هەم داواکارییەکیشمان هەیە، ئەویش ئەوەیە ئێمە بەپێی ماددەی (٧٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەر فراکسیۆنێك ژمارەی پێویستی واژوو کۆکردەوە، بۆی هەیە پێشنیازی یاسا پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی تاوتوێی دەکەن، ئەگەر یەکێ لەم چوار بڕگەیەی کە لە ماددەی (٨٠)دا هاتووە تێیدا بێت، ئەوە دەخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵ لە (٢٦)ی مانگ پرۆژە یاسایەکمان بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بۆ کارا کردنەوەی پێشکەش بە بەڕێوەبەری پرۆژەکان کردووەو هەمووشی وارید کراون بە ژمارەکانی (٢٩ و ٣٠ و ٣١ و ٣٢ و ٣٣) پێنج پرۆژە بووە، تەبعەن بۆ هەمان بابەت ئەو پرۆژە یاسایەی کە دیراسەت کرا لە (٢٨)ی مانگ پێشکەش کراوە، هی ئێمە لە (٢٦)ی مانگ پێشکەش کراوە، ئەوە ژمارەی واردەکان لای خۆتان هەیە، بەلام بەڕاستی ئێمە دەپرسین بۆچی ئەو پرۆژەیەی ئێمە نەدراوەتە لیژنەی یاسایی، لەکاتێکدا کە پرۆژەکە بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتیە و ناوەڕۆکەکەشی جیایە لە هەندێ لەو پرۆژانەی کە هەبووە، کە بەپێی ماددەیەکی دیکە باسی هەمان ناوەڕۆك کراوە، کە نابێ هەمان ناوەڕۆکی هەبێ، بۆیە بەڕاستی بەنیسبەت ئەو پرسەکە پرسێکی گرنگە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە سەرۆکایەتی هەرێممان پێ گرنگ بووەو پێمان وابووە کە بەشێوەیەك کارا بکرێتەوە کە هەوڵ دەدەین کۆدەنگیەکی نیشتمانیشی بۆ کۆبکەینەوە، ڕێککەوتنی لایەنەکانی لەسەر بێ و خەڵك و جەماوەری هەرێمی کوردستان دڵی پێی خۆش بێت، ئەمەش نەبێتە پرسێك کە دیسانەوە قەیرانێکی دیکە دروست بکات، کە چەند فراکسیۆنێك کە نەوەی نوێ و یەکگرتوو، نازانم ئەوانەی تریش پرۆژەیان هەبوو کە دیارە نەهێنراوە، ئەمە بەڕاستی کارێکی باش نییە، ئاراستەیەکی خراپ وەردەگیرێ لەوەی کە ئێستا من بۆچی لە (٢٨)ی مانگ پرۆژە پێشکەش کراوەو کاری پێکراوە، بەڵام لە (٢٦)ی مانگ پێشکەش کراوەو باسی ناکرێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە تەبیعی دەزانین، بۆ ئەم پرسە گرنگە ئەگەر ئەم

کۆبوونەوەشی بۆ دوا بخرێت، هەمووومان لەسەر پرۆژەیەك رێك بکەوین گرنگتر لەوەی کە ئێستا پرۆژەی هەندێکیان فەراموش بکرێ، یەعنی دەیهێنێ بەراستی؟ ئەوە داواکاریەکەی ئێمەیە، بێجگە لە روونکردنەوەکە، ئەم پرسە دەهێنێ، هیچ پێویست ناکات پەلە پەل دروست بێ، خۆ دنیا خراپ نابێت کە (١٠) رۆژی دیکەش ئەم کۆبوونەوەیە تەئخیر بێت، یەعنی لە (٩/٣٠) هەڵبژاردن کراوە لە (١١/٦) سوێند خوراوە، ئێستا ئەمڕۆ چەندی مانگە؟ بە هەفتەیەکی دیکەش ئێمە بە کۆدەنگیەکی باش هاوهەڵوێست بین لەسەر پرسێکی گرنگ و گەورە کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە و تاك تاکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە رێك بکەوین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.کاظم فەرموو............ تکایە تەنها خاڵی پەیڕەوی، لەبەرئەوەی نابێ لە رێگەی خاڵی پەیڕەوی ختابات بدرێت، تەنها خاڵی پەیڕەوی بگوترێ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاڵی پەیڕەویەکەت؟ فەرموو.................... قسەکانت پەیڕەوی نەبوون، داوا دەکەین لە پرۆتۆکۆل ئەو قسانەی کە ناشیاون بۆ موئەسەساتی هەرێمی کوردستان بسڕێنەوە، ئیشارەت بەوە هەر ئەندامێك کە قسەی کرد پێویستە ئیشارەت بدات بەو مادده پەیڕەویەی کە قسەی پێوە دەکات و بۆشی نییە لە یەك دەقە زیاتر قسەکانی بکات، هەر ئەندامێکی تر کە بیەوێ نەفسی قسە بکات تەنها پشتگیری لە هاورێکانی بکات و قسەکانی دووبارە نەکاتەوە، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سوران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ماددەی (١٦) ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتییە، یەکەم/ دانان و رێکخستنی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بە پێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئەمرۆ لە بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە دەستەی سەرۆکایەتی کاری نەکردووە، بە پێی ئەم پەیڕەوە پێشنیاری هەمواری یاسایەکە پێشکەشکراوە و دراوەتە کاروباری لیژنەکان، بەڵام لێرە نییە، داواکارم.......... .

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سۆران قسەکانت دووبارەیە و تیکرارە لە بۆ قسەی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆن کە کاك عبدالستار تکایە تەنها پشتگیری لێ بکەو پەیامەکەتان گەیشتووە، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شیرکو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە دیارە بە ئیشارەت بەماددەی (٧٨) لە پرۆسەی یاسادانان لە پەیڕەوی ناوخۆ کە باسی لێوە کردووە، وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێزی تر چەند پرۆژەیەکمان پێشکەش کردووە لە ٢٠١٩/٢/١٨ بە جەنابتان و سەرۆکایەتی پەرلەمان واتا یەکەم پرۆژە بوو لە پەرلەمانی کوردستان کە پێمان وابوو کە خەمی خەڵك و موعاناتی خەڵك و بە پلەی یەك ئەبوایە ئەم پەرلەمانی کوردستانە یەکەم هەنگاوی بریتی بووایە لە موعاناتی خەڵك، بەڵام دەرئەنجام ئێستا پرسیارەکە لە روونکردنەوەیە کە داوای دەکەم لە لیژنەی یاسایی کە لە راپۆرتەکەدا وای وەڵامداوەتەوە کە بۆ دیراسەتکردنی ئەو یاسایانە ئەوانە لە لایان ماوەتەوە، تەنها یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە پێشکەشکراوە، تەبعەن دوای ئیحالەکردنی جەنابتان بۆ هەموو یاساکانی ئێمەش و ئەوانیش بۆ لیژنەی یاسایی، ئایا لیژنەی یاسایی سەڵاحیەتی دیراسەکردنی هەیە؟ یان زەمانەت بە پێی ماددەی (٧٨) زەمانەت کردنی پێ بوونی پێوەرەکان لە پرۆژە یاسادا، چونکە ئەگەر وابێ لیژنەی یاسایی دیراسەی هەموو یاساکان بکات ئەوە مانای ئەوەیە لیژنەی یاسایی بوو بە هەموو لیژنەکانی پەرلەمان، بەڵام بە پێی ماددەی (٧٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لیژنەی یاسایی تەنها زەمانەت بوونی پێوەرەکان دەکات لە یاساکە، بۆ ئەوەی فیعلەن پرۆژە یاسا بێت دەرئەنجام بێتە هۆڵی پەرلەمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لەسەر دوو خاڵی پەیڕەو دەمەوێت قسە بکەم، ئەوەیە کە بە نیسبەت پەیڕەوەکەوە ماددەی (٨٠)ی پەیڕەوەکە ئاماژەی بە چوار خاڵی ماددەی (٧٩) کردووە، چوار بڕگەی ناو خاڵی (٧٩) وا دەکات پرۆژە یاسایەك نەخرێتە بەرنامەی کارەوە خوێندنەوەی بۆ نەکرێت، ئەو پرۆژە یاسایەی ئێمە وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ بە (١٠) ئیمزاوە پێشکەشمان کردووە هیچ کام لەم چوار بڕگەیەی تێدانیە کە هۆکار بێت بۆ ئەوەی پێشکەش نەکرێت ئەوە یەك، دوو: پرۆژە یاساکەی ئێمە لە (٣٦)ی مانگ پێشکەشکراوە، ئەم پرۆژە یاسایەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت لە (٢٨)ی مانگ پێشکەشکراوە، ئەوە جۆرێك لە نا یەکسانی تێدایە و حەز دەکەین جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆمان روون بکەنەوە هۆکار چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

دیار من وەکو ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی فراکسیۆنی نەوەی نوێ دەمەوێت نوقتەی نیزامی لەسەر پێشکەشکردنی ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە لە رۆژی (٢٨)ی مانگەوە گەیشتن یاخود ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کراوە، دەمەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم دیارە بە پێی ماددەی (٧٩) کاتێك (١٠) ئەندام لە هەر فراکسیۆنێك یاسایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی دەکەن و ئەوانیش ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی دەکەن و ئەو یاسایە یاخود پێشنیازی ئەو پڕۆژە یاسایە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی یاسایی تاوتوێی پڕۆژەکە بکەن، ئەگەر ئەو پڕۆژەیە ئەو چوار مەرجەی تێدانەبوو دەبێت بە هەماهەنگی رەت بکرێتەوە، نەك بە تەنها سەرۆکایەتی رەتی بکاتەوە، یاخود لیژنەی یاسایی، هەتا ئەگەر تێبینیشی هەبوو دەبێت بخرێتە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پەیامەکەتان گەیشت لە رێگای نوقتەی نیزامیەوە، چەند فراکسیۆنێك گلەیی ئەوەیانکردووە کە گوایە پرۆژە یاسایان بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و پڕۆژە یاساکەیان نەخراوەتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بە مەبەستی ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بکرێت، نوقتەی نیزامیەکی ترمان هەیە، بەڵێ، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز اومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٥) برگەی دووەم یەکێك لەو بەڕێزانە کە باسی لەوەکرد ناوی فراکسیۆنی پارتی هات بە پێی ماددەی (٥٥) لە برگەی دووەم داوا دەکەین ئەو ناوە لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژەیەی کە پێشکەشکراوە پڕۆژەی فراکسیۆنی پارتی نیە، پڕۆژەی (٦٨) ئەندام پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوامانکردووە هەموو قسە نەشیاوەکان بەرامبەر بە موئەسەسات و بەرامبەر بە ئەندامانی پەرلەمان و بەرامبەر بە فراکسیۆنەکان هەمووی لە پرۆتۆکۆل بسرێتەوە، ئەوەی کە پەیوەستە بە پڕۆژە یاساکان خاڵی نیزامی وەرناگرێت، کۆتایی هات، ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کوردستان روونکردنەوە دەدات لەسەر ئەو نوقتە نیزامیانەی کە وەرگیران، پەیامی هەمووتان گەیشت و خاڵەکان لەسەر ئەوە بوون کەوایە چەند پڕۆژە یاسایەك بەرزکراوەتەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵام دانەنراوەتە بەرنامەی کار و ئیحالەی لیژنەی یاساییش نەکراوە بۆ ئەوەی دیراسە بکرێت، هەمووتان ماددەی (٧٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانتان لەبەر دەستەدایە کە ئەو پڕۆژە یاسایانەی پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکرێن پێویستە ئیحالە بکرێن بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رەزامەندی دەدات بە پێی بوونی یەکێك لەو پێوەرانەی کە بۆیان داناوین، یەکەمیان ئەوەیە کە لە بوارێکی گشتیدا بێت و پێویستیەکی یاسایی هەبێت، دووەمیان

ئەوەیە کە بۆشایی یاسایی هەبێت، سێیەم و چوارەمیان هەموو خاڵەکان دیارن کە پێویستە بارگرانی داراییش لەسەر حکومەتدا دروست نەکات، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە بە دەستمان گەیشتووە بریتیە لە پڕۆژە یاسای مرۆڤ سازی لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەن (١١) ئەندام پەرلەمان واژۆی لەسەر کراوە کە فراکسیۆنەکانی یەکگرتوو و فراکسیۆنی نەوەی نوێ و فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیشی تێدایە، دووەم پڕۆژە یاسا کە بەدەستمان گەیشتوە پێشینەی عەقارە، واتە سولفەی عەقار، ئەو پڕۆژە یاسایەش دووبارە لەلایەن فراکسیۆنی یەکگرتوو و فراکسیۆنی کۆمەڵ و فراکسیۆنی نەوەی نوێشی تێدایە، پڕۆژە یاسای سێیەم هەمواری یەکەمی یاسای وەبەرهێنانە دووبارە ئەو پڕۆژە یاسایە لەلایەن ئەندامانی فراکسیۆنەکان یەکگرتوو و کۆمەڵ، هەروەها فراکسیۆنی گۆڕان و نەوەی نوێ پێشکەشکراوە و ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی کراوە، پڕۆژە یاسای چوارەم پڕۆژە یاسای منداڵە ونبووەکانە لە کۆچە بە کۆمەڵەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم پڕۆژە یاسایەش بە هەمان شێوە لەلایەن فراکسیۆنەکانی یەکگرتوو و گۆڕان و تورکمان و نەوەی نوێ پێشکەشکراوە، پڕۆژە یاسای کۆتاییش کە بە دەست سەرۆکایەتی پەرلەمان کەوتووە پڕۆژە یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عیراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك و تا پەسندکردنی دەستوور، ئەو شەش پڕۆژە یاسایەی کە لەبەر دەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان دابووە هەر شەش پڕۆژە یاسا بە پێی ماددەی (٧٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی کراوە بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی خۆی بنووسێت، لیژنەی یاسایی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە، ڕاپۆرتی خۆی نووسیووە، ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییمان کۆپی کردووە لە ناو سەندوقی هەموو ئەندامەکانمان داناوە، لیژنەی یاسایی بڕیاری داوە کە کاتیان بدەینێ بۆ پڕۆژە یاساکانی تر، نەك پڕۆژە یاساکانی ڕەت کردبێتەوە، یەك پڕۆژە یاساش لە لیژنەی یاسایی ڕەفز نەکراوەتەوە، بەڵکو داوایان کردووە کاتیان بدەینێ بۆ ئەوەی دیراسەی پڕۆژە یاساکانی تر بکرێ، لەبەر ئەوەی بارگرانی دارایی دروست ئەکەن، پێویستە ئاراستە بکرێن بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم کە جارێ تەشکیل نەبووە، بەلاّم لیژنەی یاسایی لاری نەبووە لەسەر ئەوەی پڕۆژە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بخرێتە بەرنامەی کار، دەستەی سەرۆکایەتی بەرێز گرتن لە ڕای لیژنەی یاسایی، چونکە ئەوە ئەبێ وازیح بێ، هەر دەسەلاّتێك پەیرەو بیدات بە هەر لیژنەیەك ئەبێ ڕێز لەو لیژنە و دەسەلاّتی ئەو لیژنەیە بگیرێ، پەیرەو نەیوتووە لیژنەی یاسایی بۆی هەیە هەموو پڕۆژە یاساکان ڕەفز بکاتەوە یان قبوڵی بکات، ئەڵێ لیژنەی یاسایی من چەند پێوەرێکم هەیە ئەگەر ئەو یاسایانەی پێشکەش کراون ئەو پێوەر و قیود و شروتانەی هەبوو ڕەزامەندی بدە بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کار، ئەگەر نەبوو ڕەزامەندی نادەی لەسەری، ئینجا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش بە ڕێز گرتن لە ڕای لیژنەی یاسایی، چونکە نووسراوە بە هەماهەنگی لەگەل لیژنەی یاسایی، بە ڕێزگرتن لە ڕای لیژنەی یاسایی بڕیاری خۆی ئەدات ئەو پڕۆژەیە بخرێتە بەرنامەی کار یان نا، ئەوەی پەیرەو کراوە بێلایەنی تەواوە و ئیحترامە لە ئیختیساسی لیژنەی یاسایی، داوای کاتی کردووە بۆ پڕۆژەکانی تر، داواشی

کردووه ئەو پرۆژەیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ، ئێستا دەست بە جێ بەجێ کردنی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار ئەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك و پەسند کردنی دەستور کە لە (٨) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە کە ئەمانەن:

١ علی حمه صالح

٢- ئومێد عبدالرحمن حسن

٣- فرید یعقوب الیا

٤- عبدالله حاجی محمود

٥- ئایدن معروف سلیم

٦- ئازاد اکرم بهرام

٧- رۆمیۆ حوزیران نیسان

٨- محیدین جسن یوسف

٩-فاهیك كمال سوغۆمون

١٠- محمد سعدالدین انور

١١- کلارا ئۆدیشۆ یعقوب

١٢- جنان جبار بۆیا

١٣- صباح محمود محمد

١٤- چیا حمید شریف

١٥- حسیبە سعید ابراهیم

١٦- گلاوێژ عوبید عوسمان

١٧- زاهیر محمد علی

١٨- بژار خالید عبدالله

١٩- احسان محمد سلیم

٢٠- رێبوار عبدالرحیم عبدالله

٢١- نزار ملا غفار

٢٢- لیزا فلکدین کاکەیی

٢٣- سفين اغا عمر اغا قادر

٢٤- هێڤيدار احمد سلمان

٢٥- ارشد حسين محمد

٢٦- بهجت على ابراهيم

٢٧- نجات شعبان عبدالله

٢٨- سالم عبدالله حسن

٢٩- خديجه عمر تها

٣٠- محسن حسين مستفا

٣١- ادريس اسماعيل عبوش

٣٢- حكمت محمد ابو زيد

٣٣- مه‌م اسكندر مه‌م اسكندر

٣٤- جيهاد حسن ابراهيم

٣٥- هديه مراد حيدر

٣٦- ريڤنگ محمد على

٣٧- سارا دلشاد بكر

٣٨- جلال محمد امين

٣٩- شايان كاكه صالح محمد

٤٠- گوڵستان سعيد محمد

٤١- ياسين خضر طه

٤٢- بلێن اسماعيل حاجى ابراهيم

٤٣- رۆبينا اولك عزيز

٤٤- ويسى سعيد ويسى

٤٥- ليلا عبدالجبار عبدۆ

٤٦- زێدان رشيد خان اودل

٤٧- جلال محمد عبدالله

٤٨- سوسن محمد ميرخان

٥٠- گوليزار رشيد حاجى

٥١- زانا خالد اسماعيل

٥٢- سعيد مستفا تترخان

٥٣- پێشه‌وا تاهر مستفا

**٥٤- بختيار شكرى سليَمان**

**٥٥- سروان محمد على**

**٥٦- بهمن كاكه عبدالله احمد**

**٥٧- جوان يونس محمد**

**٥٨- گولْستان باقى سليَمان**

**٥٩- ژيان طاهر احمد**

**٦٠- شوان كريم محمد**

**٦١- رۆژان ابراهيم على**

**٦٢- رزگار عيسى سوار**

**٦٣- ئاشنا عبدالله قادر**

**٦٤- شرين امين عبدالعزيز**

**٦٥- شاخوان رئوف مستفا**

**٦٦- دابان محمد حسين**

**٦٧- گۆران عمر قادر**

**٦٨- رزگار محمد محمود**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، داوا ئەكەین ئەو پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكەن، سوپاس.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئەو پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی (یاسایی) و گشت ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كەردستان ئەكەین، بەپێی برگەی سێیەم لە ماددەی (٣٠) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان داوا لە لیژنەی یاسایی ئەكەین بەیانی كۆبوونەوەی خۆیان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە ئەنجام بدەن بە مەبەستی نووسینی راپۆرت لەسەری، سوپاس بۆ ئەندامانی لیژنەی یاسایی، فەرموو بۆ شوێنی خۆتان، بەو شێوەیە هاتینە كۆتایی جەلسەی ئەمرۆ.**

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڤالا فرید ابراهیم** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی**

**چوارشەممە رێکەوتی ٣\٤\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٤/٣

كاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٤/٣ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری

سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێرى پەرلەمان, دانيشتنى ژمارە (٤)ى خولى پێنجەمى ساڵى (٢٠١٩) ى خۆى بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێى حوكمى بڕگەی (يەكەم)ى ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەيڕەوى ناوخۆی پەرلەمانى كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكايەتى پەرلەمان بڕياريدا بەرنامەی كارى دانيشتنى ژمارە (٤)ى ساڵى يەكەم لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان لە كاتژمێر (٣)ى پاش نيوەڕۆ رۆژى چوار شەممە رێكەوتى (٢٠١٩/٤/٣) بەم شێوەيە بێت:

يەكەم : خوێندنەوەی دووەمى پێشنيازى ياساى كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان - عێراق وە هەمووارى شێوازى هەڵبژاردنى سەرۆك تا پەسەندكردنى دەستوورو خستنەڕووى راپۆرتى لێژنەی ياسايى بەپێى حوكمى ماددەكانى (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەيڕەوى ناوخۆی پەرلەمانى كوردستان.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكى پەرلەمان:**

**بەناوى خواى بەخشندەو ميهرەبان.**

بە ناوى خواى بەخشندە و ميهرەبان بەناوى گەلى كوردستان دانيشتنەكەمان دەستپێدەكەين دانيشتنى ژمارە (٤)ى ئاسايى خولى بەهارەی ساڵى يەكەم لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان لە رێكەوتى ٢٠١٩/٤/٣ رۆژى چوارشەممە سعات (٣)ى دواى نيوەرۆ داوا لە بەرێز سكرتێرى پەرلەمان دەكەين كە بەرنامەی كارى دانيشتنى ئەمرۆ بخوێنێتەوە

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى / سكرتێرى پەرلەمان:**

بەرێز سەرۆكى پەرلەمان بەرنامەی كار بەپێى حوكمى بڕگەكانى (يەكەم ، دووەم سێيەم) لە ماددەی (١٦) برگەی (سێيەم) لە ماددەی (١٨) و ماددەكانى (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ ) برگەی يەكەمى ماددەی (٨٨) لە پەيرەوى ناوخۆی پەرلەمانى كوردستان - عێراق دەستەی سەرۆكايەتى پەرلەمان بريارى دا بەرنامەی كارى دانيشتنى ژمارە (٤)ى خولى بەهارەی ساڵى يەكەم لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمان لەكاتژمێر (٣)ى پاش نيوەرۆ رۆژى چوارشەممە رێكەوتى ٢٠١١٩/٤/٣ بەم شێوەيە بێت.

يەكەم : خوێندنەوەی دووەمى پێشنيازى ياساى كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان - عێراق وە هەمووارى شێوازى هەڵبژاردنى سەرۆك تا پەسەندكردنى دەستوورو خستنەڕووى راپۆرتى لێژنەی ياسايى بەپێى حوكمى ماددەكانى (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەيڕەوى ناوخۆی پەرلەمانى كوردستان.

**بەڕێز د . ڤالا فەريد ابراهيم/سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز سكرتێرى پەرلەمان داوا دەكەين پوختەی كۆنووسى دانيشتنى ژمارە (٣)ى ئاسايى رۆژى شەممە رێكەوتى ٢٠١٩/٣/٣ بخوێننەوە .

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى / سكرتێرى پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسای رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٣/٣٠ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو

١- دەسپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەبوو و ئامادە نەبوو لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان .
٣- روونکردنەوی دەستەی سەرۆکایەتی سەبارەت بە پێشکەشکردنی چەند پێشنیازی یاسا لەلایەن فراکسیۆنەکان بۆ خوێندنەوەی یەکەم .
٤- دەسپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .
٥- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستوور و لەلایەن سەرۆکی لێژنەی یاساییەوە
٦- کۆتایی هاتنی دانیشتنی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

**بەڕێز د . ڤالا فەرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بەپێی پەیڕەو هەر لەگەل کۆنووس پێویستە ناوی ئەو ئەندامانەی کە مۆڵەت دراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون لە دانیشتنی پێشوو بخەنەروو .

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى / سکرتێری پەرلەمان**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەببون لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسای خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠١٩/٣/٣٠.

شاخەوان رۆوف مصطفى ئامادە نەبوو

**بەڕێز د . ڤالا فەرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا دەست دەکەین بە جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆمان، نوقتەی نیزامی هەیە بەڵی خاتوو بێگەرد تاڵەبانی فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەرفەت هەبێ دەمەوێ لەسەر هاتنی ئێمە بۆناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان چەند وشەیەك بڵێم بە ئیجازەی بەڕێزتان، دیارە بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەمرۆ فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆی بە خۆشحال دەزانێ کە بەژداری لە دانیشتنێکی گرنك و مێژوویی دەکا، دیارە بەژداربوونی ئێمە لەم دانیشتنەوە لەمرۆ بەدواوە لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە دەرئەنجامی ئەو

ڕێکەوتنەیە کە حزبەکەمان یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەیەکەوە ئەنجامیان داوە، لەهەمان کاتیش دا بەدڵنیاییەوە لەدەرئەنجامی هەموو ڕێکەوتنەکان مەرج نییە خواستی هەر حزبێکی سیاسی سەد لەسەد بگاتە ئامانجی خۆی، بەلآم ئەوەی کە زۆر گرنگە لەلای ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکێتی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندیە باڵآکانی میللەتەکەمان و، لە هەمانکاتیشدا سەقامگیری هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتوو ئەزموونی گەلەکەمانە، بۆیە بەرەچاوکردنی دۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و بە پاراستنی بەرژەوەندیە گشتییەکان دووبارەی دەکەمەوە لەگەڵ دەسکەوتی نەتەوەکەمان لە دەرئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەی کە ئەمرۆ واژوو کراوە، یاخود ئەنجام دراوە لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێمە بەلامانەوە گرنگ بوو کە بەژداری بکەین لە دانیشتنە کە دەردەشە کردنی یاخود موناقەشەکردنی یاسایەکی گرنگە بۆ هەموارکردنەوەی دامەزراوەیەکی دەستووری لە هەرێمی کوردستان کە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، بەدڵنیاییەوە ئێمە لە پرۆژەو یاساکەدا راوبۆچوونی ئێمەی تێدا نەبووە وەکو فراکسیۆنی یەکێتی، بۆیە ئەمرۆ لەوانەیە وەکو فراکسیۆنی یەکێتی وەچە نەزەرەکانی خۆمان، مافی خۆمان بێ لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان تەرحی کەین و ئومێد دەکەین هەموومان بەیەکەوە هەنگاوی گرنگ بهاوێن بۆ ئەوەی کە وچە نەزەرە جیاوازەکان هەم لەناو پرۆژەی یاساکەدا جێگیر بکرێتەوە وەهەم خواستی هەموومان لەناو ئەو یاسایە دا جێگەی خۆی بکرێ بۆئەوەی کە بە هەموومان بتوانین پاڵپشتێکی بەهێز بین و متمانە ببەخیشین ئەم پرۆژە یاسایە بۆ ئەوەی کە ئەم دامەزراوەیە کە کارا دەکرێتەوە نوێنەرایەتی هەموومان دەکا لەسەر ئاستی نێوخۆیی و لەسەر ئاستی نێودەولەتی متمانەی هەمووشمان بەیەکەوە وەربگرێ، بۆیە ئێمە وێڕای کە لە دانیشتنەکانی رابردوودا بەژداری جەلسەکانمان نەکردووە لەم ساتە بەدواوە بەژداری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین و، هیوادارم لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تری پەرلەمانی کوردستان بەبێ جیاوازی بۆ کۆی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە پەیوەندیدارن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و پەیوەندیدارن بە چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە لە خولەکانی رابردووی پەرلەمانی کوردستان دا پەرلەمان وەکو پێویست نەیتوانیوە یان دەرفەتی بۆ نەرەخساوە کاری لەسەر بکا، هەموومان کاری بەیەکەوەیی بکەین و ئەم خولە بکەینە خولێك کە پر دەسکەوت بێت بۆ میللەتەکەمان و لە هەمان کاتیشدا بتوانێ ئەرکە سەرەکیەکانی خۆی لە چاودێری کردنی حکومەت و لە هەموو ئەو ئەرکانەی تر کە پێی دەسپێرێتن کە لەسەر شانیەتی وەکو خۆی جێبەجێی بکا دووبارە بە ناوی فراکسیۆنی یەکێتی، سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە بەمنتان دا، بۆ ئەوە کە بتوانم بە ناوی فراکسیۆنەکەمەوە هەم لەسەر ڕێکەوتنەکە و هەم لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە چەند ووتەیەکی کورت بڵێم، سوپاس کە هەرچەندە ئەمە لە بەرنامەی کاردا نەبوو، بەلآم دووبارە سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەرێز د . ڤالا فەرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بێگەرد خان هەرچەندە نوقتەی نیزامی نەبوو و، بەپێی پەیڕەو لە نوقتەی نیزامی تەنها نابێ لە دەقەیەك زیاترتێپەڕێتن، ئەوە جگە لەوەی کە دەبێ پەیوەندیدار بێتن بە بەرنامەی کار و بە یەکێك لە برگەکان و لەخاڵەکانی بەرنامەی کار، بەڵام ئێمە دەزانین و هەموو لایەنە فراکسیۆنەکانیش دەزانن کە یەکەمین جەلسەیە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەژدار دەبێتن دوای مشتومڕو گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان لایەنە سیاسیەکان دیارە ئەمرۆ بە خۆشحالیەوە گەیشتونەتە ڕێکەوتن ئێمەش پێمان باش بوو کە فراکسیۆنی یەکێتی ئاگاداری کردینەوە لەوەی پێشتر ئاگاداری کردبووین بۆ دەستەی سەرۆکایەتی کە دەرفەتیان پێ بدەین بۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن بەوەی کە سازان و ڕێکەوتن لەنێوان لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەیشتۆتە دەرئەنجام بۆئەوەی پیشانی بدەین کە پەرلەمان وەکو موئەسەسەیەك، وەکو دەزگایەك هەمیشە لەگەل حەلکردنی کێشەکانە و لەگەڵ ئەوەیە لایەنە سیاسیەکان لەیەکتیری نزیك ببنەوە وەرێك بکەون بەو مەبەستەی کەبتوانن هەموو لایەك پێکەوە گەوەرەترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاولاتیانی کوردستان بکەن بۆیە ئەو دەرفەتەمان پێ دان و سوپاس بۆ ئێوە، ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خوشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەمووشتەك داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر خالی پەیڕەوی نەبێ، بەلام ئەوە وەکو عورفە دوای ئەوەی کە ئە و دەرفەتە بە بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی درا، ئێمەش وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمرۆ بە رۆژێکی مێژووی دەبینین، ئومێد دەکەین لە ئایندەیەکی زۆر نیزیك دا ئەم ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتنەی پارتی و یەکێتی وە لایەنەکانی دیکە رەنگدانەوەی لەسەر تەواوی دۆخی کوردستان هەبی، وە خۆشحالیشن بە بەشداری فراکسیۆنی یەکێتی ئەمرۆ لەو کۆبوونەوەیەو بەو لێك نزیك بوونەوەیە ئومێد دەخوازین کە ئەوە سەرەتای هەنگاونانمان بێ بە ئاراستەی بونیادنانی وڵاتێکی بەهێز و کوردستانێکی بەهێز ئەو بابەتەی ئەمرۆش گفتوگۆی دەکەین، بابەتێکی هەرە گرنگە کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە هیوای ئەوەش دیسانەکە بۆچوونێکی باشتر بێ و لە پێشوە چوونی رەوشی سیاسی و ژیان و گوزەرانی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان وە کابینەی نوێ، حکومەتیش لە ئایندەیەکی نزیکدا بێتە ئەنجامدان و لێرە لەو پەرلەمانە متامانەی پێ بدرێ کە وەلام دەرەوەی خواست و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بێتن، لێرەوەیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە ئێمە ئەوانەی لە رابردووش بووە هیوا خواز بووینە لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی و تەواوی فراکسیۆنە بەڕێزەکانی دیکەی پەرلەمان لەم قۆناغە ئەرکی بەرپرسیارەتیەکە هەڵبگرین هەندێ هەنگاوی تریش لەکاتی خۆیدا گیرانە بەر ئەوکاتیش خوازیاری ئەوە نەبووینە وەکو فراکسیۆن پارتی، بەلام ناچار بووینە بەوجۆرە بیتن ئیتر ئومێد دەکەین ئەمرۆ لە ڕێیەکی تازە کە لە ژیانێکی سیاسی هەموو لایەکمان دەبێتەوە بەو نزیك بوونەوەی پارتی و یەکێتی رەنگدانەوەی لەسەر لایەنەکانی دیکەش هەبیتن وەجارەکی دیکە تەئکید لەسەر

ئەوە دەکەینەوە فراکسیۆنی پارتی پابەندی جێبەجێ بوونی هەموو ئەو ڕێکەوتنانەیە کە سەرکردایەتی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کردوە ئومێد دەکەین ئەو نزیکبوونەوەی پارتی و یەکێتیش قایمترکردنی ڕێکەوتنەکانمان بێتن و زۆر سوپاس

**بەڕێز د . ڤالا فەرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز کاك ئومێد، وادیارە کە ڕێگامانـدا بـە دوو سـەرۆك فراکسیۆن قسە بکەن، حەقی خۆیانـە سەرۆك فراکسیۆنەکانی تریش کە لەسەر ئەو دانیشتنە قسەی خۆیان هەبێت، فەرموو کاك علی حەمە صالح.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دیارە ئەم یاسایە یاسایەکی گرنگە و ڕەهەندێکی نیشتمانی هەیە، پەیوەنـدی بـە کۆی لایەنەکانی کوردستان و بەتایبەتی تر لایەنە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، پێش هەموو شت ئێمە بەشداریکردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی و گفتۆگۆ کردن لەسەر ئەم یاسایە بـە خاڵێکی گرنگ دەزانین وە پێمان وایە ئەتوانرێت بەهۆی بەشداریانەوە پتر کۆدەنگی لـە سـەرە ئـەم پرسە گرنگە بکرێت دیارە ئەم یاسایە ئێمە و پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند لایەنێکی تریش ئیمزامان لەسەر کردووە بەرئەنجامی ڕێکەوتنێکی سیاسییە کە نێوانی پارتی دیموکرات و بزوتنەوەی گۆڕان واژوو کراوە و ڕۆحی ڕێکەوتنەکە ڕەنگە لە دوو دێردا خۆی ببینێ، ئێمە لەم یاسایە تەرجومەمان کردووە، سروشتی دانوستانی سیاسی سروشتی گفتوگۆ، سروشتی مفاوەزاتەوە مەرج نییە هەمووشتێك بەدڵی تۆ بێت، بەلاَم بەدڵنیایی ئەوکاتەی ئەگەیتە نەتیجە لە سەر بابەتێك، بێگومان ئیمزای لەسەر ئەکەی، ئەبێ بەرگری لەهەموو بابەتەکە بکەی، دیارە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پرسی چاکسازی، پرسی ڕێکخستنەوەی دامەزراوەی پێشمەرگە و ئەمنی و کۆی دامەزراوەکان بەشێکە لە پاکێجێکی گەورەی سیاسی، کە ئتیفاقی لەسەر نەکراوە ئەمە هەنگاوی یەکەمی مە بۆیە ئێمە لەم مەرحەلە پێم وایە قۆناغێکی باشمان بڕیوە کە پرسی سەرۆکی هەرێممان هێناوە ناو پەرلەمان کە لە (٢٠٠٩) و پێش (٢٠٠٩) هەندێ هاوڕێی ئێوە و دواتر لە (٢٠١٣، ٢٠١٥، ٢٠١٨) هەموو ئەو محاوەلاتە سیاسیانە کە کردوومانە لە پێناوی ئەوە بووە کە سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژێرێت، ئەمە دیدی ئێمە وایە، تەحقیق بوونی خواستێکی ئێمەیە و، هیوامان وایە و لێرەوە داوا لە جەنابتان دەکەم کە هەرچەندە ڕەنگە ئەمە لەکاتی گفتوگۆکردنی عینوانەکە بێت، بەلاَم ئەیهێنمە ئێرە زەمینە خۆشکەن، بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا لیژنەی نووسینەوەی دەستور دەست بەکارەکانی بکاتەوە، هەموو سەرنجانەی کە لەلایەنەکانی دیکەش هەیە پێکەوە بتوانین لە مەتبەغێکی کارکردنا بۆ نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەین، خاوەنێکی دەستور وە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا دادگای دەستووریمان هەبێ، وەکو ئەم ناکۆکی و مشتومڕانەی سێ چوارساڵ جارێك دووبارە ئەبێتەوە لەسەر ئەم پرسانە کۆتایی پێ بێت، بۆیە دووبارە من داوای لێبووردن دەکەم درێژم کردەوە، بەلاَم

وەكو فراكسیۆنی گۆڕان بەتەواوەتی مولزەمین بە ئەم پرۆژەیە وەك كە پێشكەشمان كردووە، چونكە سروشتی ئیمزا وایە ئەبێ بەرگری لێ بكەی ئەگەر چی ڕێكەوتنەكە هەمووشی بەدڵی تۆ نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د . ڤالا فەرید ابراهیم/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان، بەڵێ كاك عبدالستار مەجید سەرۆكی فراكسیۆینی كۆمەڵی ئیسلامی فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دیارە ئێمە وەكو فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی لە كۆبوونەوەی پێشووتر داوامان كرد كە ئەم كۆبوونەوانە با تۆزێك دوابخرێ، بۆ ئەوەی هەموومان هەوڵ دەین لەسەر پرۆژەیەك ڕێك كەوین وە بە تایبەتیش كە باسی سەرۆكایەتی هەرێمە وە، باسی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم و هەمواركردنەوە وە كارا كردنەوەیەتی، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان كرد كە ئەم بابەتە دەهێنی گفتوگۆی لەسەر بكرێ، بۆ ئەوەی كە كۆدەنگیەكی نیشتیمانی دروستبكرێت كە ئەوە ڕەهەندێكی نیشتمانی هەیە و، پەیوەندی بە هەموو خەڵكی نیشتیمانی كوردستانەوە هەیە و، پەیوەندی حەتا بەدوو لایەن و لایەنێك و چ لایەنەوە نییە، ئەوە ئاست و خواستی ئێمە بوو و، ئێمە بە حەقیقەت پێمان ناخۆشە كە نەك یعنی ئێستا كە یەكێتی و پارتی گەیشتوون بە جۆرێك لە ڕێكەوتن، ئێمە پێمان وایە كە هەرێمی كوردستان بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەورەی خۆمان وە بۆ ئەوە كە خەڵك خۆش گوزەران كەیت، كێشەی خەڵك چارەسەر كەی، ئاواتەكانی خەڵك بێنینە دی وە سەقامگیری سیاسی و كۆمەلأیەتی لەم ولأتە بینا بكەی و، بتوانین ئەو ئامانجانەی كە ئەو هەموو شۆڕش و پێشمەرگایەتییە لەو پێناوە كە ئەو هەموو خەباتە كرا ئەو هەموو قوربانیە دراوە بە ئامانجی بگەین، لێرەوە بەراستی پێشنیار دەكەم لایەنە سەرەكی و كاریگەرییەكانی هەرێمی كوردستان لەسەر كۆمەڵێك بنەما ڕێك كەوین، بۆ ئەوەی ئەم ولأتە وەكو باسم كرد سەقامگیری سیاسی و كۆمەلأیەتی و گەیشتن بە ئامانجەكانی كورد كە هەمووومان هەوڵمان بۆ دا و خەباتمان بۆ كردووە پێی بگەین، چونكە ئەمە بەراستی بە گرنگترین هەنگاوی دەزانم وە ئەمە زۆر كێشەی كەشمان لەكۆڵ دەكاتەوە، باسی ئەو كێشانەی كە دەكەونە نێوان دوو لایەن لەسەر پۆستێك دوو پۆست و ئەوانە ئەمە سبەینێكە، ئەگەر بزانم پرۆژەیەكی ئاوا هەیە و هاوپەیمانیەتەكی ئاوها دێتە ئاراوە بەو ئامانجە كار دەكا ئەمن كێشەم زۆر بەراستی ئەم كێشانە نامێنێ، بۆیە من لێرەوە پێشنیار دەكەم ئەو ڕێكەوتنانە نەك هەر لەنێوان پارتی و یەكێتی یا پارتی و گۆڕان یا پارتی و یەكتی و گۆڕان یا كۆمەڵ نا هەموو لایەنە سەرەكیەكان بە پێكهاتەكانەوە ئێمە بۆ خاوەن میساقیك نەبین میساقێكی نیشتمانی كە وەكو باسم كرد ئامانجەكانمان تەحقیق بكەین و خەڵك دڵخۆش كەین كە ئەو كێشە و گرفتانەی كە هەمانە چارەسەریان بكەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د . ڤالا فەرید ابراهیم/سەرۆكی پەرلەمان**

زۆر سوپاس کاك عبدالستار زۆر سوپاس، بەڵێ کاك ئایدن.

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێشەکی پیرۆزبایی لە برادەرانی فراکسیۆنی یەکێتی دەکەین، کە بە بۆنەی بەژداربوونیان لەم دانیشتنە، بەشداربونیشیان کە ئەمە کارێکی زۆر باشە و ئیجابیە، لێرەدا ئێمە باش ئەزانین کە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم یاسایەکی زۆر گرنگە و رەهەندی نیشتیمانی مەعنەوی زیاتری هەیە و، پێویستە لەسەر لایەنەکان بە تەوافق و بە رێکەوتن ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە، هەروەها بەشێوەیەك هەمواربکرێتەوە کە بگونجێت لەگەڵ رەوشی سیاسی ئێستای هەرێم و ناوچەکەدا، ئێمە کە هیوادارین تەمەناش ئەکەین لەم پرۆژەیەدا لەداهاتوودا لە دەستوری هەرێم دا کە رەچاوی موراعاتی پێکهاتەکانیش بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بەشدار بن بەشێوەیەکی کارا و ئەکتیف بەشدار بن هەروا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە لە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەدا لە هەموارکردنەوەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمدا لە دامەزراوی سەرۆکایەتی هەرێمدا کە رەچاوی بەشداری کارای پێکهاتەکانی تر رەچاو بکرێت و، لە کۆتایی دا ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان کە لەگەڵ ئەوە داین کە ئەم پرۆژەیە هەموار بکرێتەوە وە کارا بکرێتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د . ڤالا فەرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیامەکەت گەیشت زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی بەڵێ کا مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم ابراهیم محمد اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسانەی کە پێشتر کران من پێشنیاز دەکەم بۆ جەنابت هەمووی لە پرۆتۆکۆل بسرێتەوە و، ئەرکی سەرۆکی پەرلەمانە کە پابەندبێ بە پەیڕەووەوە، ئەوەی کە ئەمرۆ کرا ئێستا ئەم دۆستە ئازیزانە پێشکەشیان کرد، ناکۆکە لەگەڵ خاڵی پەیڕەوی ناو ئەو پەیڕەوەی کە پەسەند کراوە، ئەگەر دیقەت بدەن لە ماددەکانی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٤٨) بەهیچ شێوەیەك رێگە نادات بابەتێك قسەی لەسەر بکرێ کە لە بەرنامەی کاردا نەبێت، بڕگەی سێ لە ماددەی (٤٨) هەروەها دیسان ئەوەی پەیوەندیدارە بە پێشێلکردنی پەیڕەو کە ئەرکی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانە پێوەی پابەند بێت ماددەی، حەزدەکەم روونی بکەمەوە کە ماددەی (٥٤) برگەی چوارەم بەکۆی خاڵەکانی ئەوانەی کە تەرح کران ناچێتە چوارچێوەی پەیڕەووەوە وخیتاباتی سیاسی لەناو پەرلەمان دا، پێم وایە بەپێی پەیڕەو رێگەی نادرێ، بۆیە ئەو خیتابە سیاسیە ئەکرێ لە کۆنگرەی رۆژنامەنووسی لە شوێنێکی تر ئەم جۆرە قسانە بکرێ، بۆیە تکام وایە و داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم هەم لە پرۆتۆکۆل قسەکانیان بسرێتەوە، هەروەها پابەند بن بە پەیڕەو و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د . ڤالا فەرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك مەم هەر لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیشدا هاتووە کە فراکسیۆنەکان دەتوانن سەرۆکایەتی پەرلەمان لە شتێك کە دێتە پێشی یان پێشهاتێکی تازە کە پەیوەندیدارە بە هەلومەرجێکی ئانی، بە زووترین کات سەرۆکایەتی ئاگادار بکەنەوە، بۆ ئەوەی قسەی خۆیان لەسەر بابەتەکە بکەن پێش ئەوەی ئەهەمیەتی بابەتەکە تێبپەڕێ لەبەرئەوەی ئەورۆ ئەو بابەتە بابەتێکی گرنگ بوو و پێکهاتن بوو ئەوەی خستیتمانە بەرنامەی کار پرۆژە یاساکە کە ڕەهەندی نیشتمانی هەیە و پێویستی بە سازان هەیە لەنێوان هەموو لایەنە سیاسیەکان، بۆیە لە خاریجی بەرنامەی کار قسە نەکراوە، قسەکردن تەنها لەسەر ئەوە بووە کە چۆن ئەو دامەزراوەیە بە پێکهاتن و بە سازان لە نێوان هەموو لایەنەکان لایەنە سیاسیەکان ئەکتیف بکرێتەوە و بەرکار بکرێتەوە یاساکەی دەربچوێندرێ و، بە زووترین کاتیش کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێك بهێنرێ و، هیچ نەصێکی ماددی مانعێکیشمان نییە کە لە ناو دەستوور کە رێگە بگرێتن لەوەی کە سەرۆکی پەرلەمان رێگە بە سەرۆکی فراکسیۆنەکان بداتن کە لە بابەتێك کە ئانییە و دێتە پێشێ قسەی خۆیان بکەن لە خیلالی چەند دەقیقەیەك دا، بۆیە قسەکانیان لە پرۆتۆکۆل رەش ناکرێتەوە ئێستاس دەست بە جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆمان دەکەین کە خاڵی یەکەممان بریتیە لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستوور و خستنە رووی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩ ) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، داوا لە سەرۆکایەتی لێژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کاری پێویست.

بەڕێز سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی بەپێی دابەشکردنی کارەکان لەنێوان خۆتان، داواتان لێ دەکەین کە یەکەم کار پرۆژە یاساکە بخوێننەوە.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەنکردنی دەستوور.

ماددە ١/

یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) هەڵدەوەشێتەوە و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە.

ماددەی ٢/

یاسای دابەشکردنی دەسەلاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی ٣/

بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق هەیە تا پەسەند کردنی دەستووری کوردستان ـ عێراق کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێت و سەرۆك لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی کوردستان ـ عێراق دەکات و بەناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدرالیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.

ماددەی ٤/

بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەم رێکارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:

یەکەم:

١ـ لە ماوەی سی (٣٠) رۆژ لە دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆ پاڵاوتن دەکاتەوە.

٢ـ خوازیارانی خۆکاندید کردن کە مەرجەکانی ماددەی (٥)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەموارکراو، تێدایە، لە ماوەی سێ (٣) رۆژ لە بەرواری کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن داواکاری و سیڤی خۆیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.

٣ـ سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەی دوو (٢) رۆژ لە رۆژی داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن ناوی ئەو پاڵێوراوانە رادەگەیەنێت کە مەرجی یاساییان تێدایە.

٤ـ هەر کەسێك لەوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە، ئەگەر ناوی رانەگەیەنرا بۆی هەیە لە ماوەی دوو رۆژ لە رێکەوتی راگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لە بەردەم دادگای تەمییز تانە بدات، دادگای تەمییز لە ماوەی دوو (٢) دوو رۆژ تانە یەکلایی دەکاتەوە، بڕیاری دادگاش لەم بارەوە بنبڕە.

٥ـ سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی ئاشکرا و بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان، لە ماوەی سێ (٣) رۆژ لە رۆژی دەرکردنی بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەکان هەڵدەبژێردرێت.

٦ـ ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك زۆرینەی رەهای بەدەست نەهێنا دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە، کێبرکێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە دەبێت کە زۆرینەی دەنگیان هێناوە و ئەوەی لە جاری دووەم زۆرینەی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم، ئەگەر تەنها یەك پاڵێوراویش هەبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەنگدانی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت، ئەگەر پاڵیوراوەکە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

دووەم:

بەدەر لە حوكمەكانی خاڵی یەكی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە پەرلەمانی كوردستان لەماوەی سێ ڕۆژ لە دوای دەرچواندنی ئەم یاسایە دەرگای پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆكی هەرێم دەكاتەوە.

ماددەی (٥):

یەكەم: ماوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێم بە كۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان كۆتایی دێت.

دووەم: سەرۆكی هەرێم لە ئەرك و دەسەڵاتەكانی بەردەوام دەبێت تا بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە سەرۆكێك هەڵدەبژێردرێت.

ماددەی (٦):

كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

ماددەی (٧):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

ماددەی (٨):

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە.

هۆیەكانی دەرچواندن

بەمەبەستی كاراكردنەوەی دامەزراوی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی فەرموو ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ئەو ڕاپۆرتەیە كەلەلایەن لیژنەی یاسایی ئامادەی كردووە بەو شێوەیە:

بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیژنەی كاروباری یاسایی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٩/٣/٣١ كاتژمێر (١،٣٠)ی پاش نیوەڕۆ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ كردنی پێشنیازی یاسای (كاراكردنەوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند كردنی دەستوور) كە لەلایەن (ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان) ەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی ژمارە (٣) لە ڕۆژی شەممە بەرواری ٢٠١٩/٣/٣٠ ڕەوانەی لیژنەكانمان كراوە، دوای گفتوگۆ كردن و تاوتوێ كردن، لیژنە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند کردنی دەستوور.**

**ماددەی (١):**

**یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨ هەڵدەوەشێتەوە و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە.**

**ماددەی (٢):**

**یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) هەڵدەوەشێتەوە.**

**ماددەی (٣):**

**بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان – عێراق سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق هەیە تا پەسەند کردنی دەستووری کوردستان – عێراق کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێت و سەرۆك لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەش نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی کوردستان – عێراق دەکات و بەناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.**

**ماددەی (٤):**

**بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (٧)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەم رێکارانەی خوارەوە دەگرێتە بەر:**

**یەکەم:**

**١-لەماوەی (٣٠) رۆژ لەدوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆپاڵاوتن دەکاتەوە.**

**٢-خوازیارانی خۆکاندید کردن کە مەرجەکانی ماددەی (٥)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەموارکراو، تێدایە، لەماوەی سێ (٣) رۆژ لە بەرواری کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن داواکاری و سیڤی خۆیان پێشکەش سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.**

**٣-سەرۆکایەتی پەرلەمان لەماوەی دوو (٢) رۆژ لە رۆژی داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن ناوی ئەو پاڵێوراوانە رادەگەیەنێت کە مەرجی یاساییان تێدایە.**

**٤-هەرکەسێك لەوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە، ئەگەر ناوی رانەگەیەندرا بۆی هەیە لەماوەی دوو رۆژ لە رێکەوتی راگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لەبەردەم دادگای تەمییز تانە بدات، دادگای تەمییز لە ماوەی دوو (٢) رۆژ تانە یەکلایی دەکاتەوە، بڕیاری دادگاش لەم بارەوە بنبڕە.**

٥-سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی ئاشکرا و بەدەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان، لەماوەی سێ رۆژ (٣) لە رۆژی دەرکردنی بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەکان هەڵدەبژێردرێت.

٦-ئەگەر هیچ پالێوراوێك زۆرینەی رەهای بەدەست نەهێنا دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە و، کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو پالێوراوە دەبێت کە زۆرینەی دەنگیان هێناوە و ئەوەی لەجاری دووەم زۆرینەی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم، ئەگەر تەنها یەك پالێوراویش هەبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەنگدانی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت و ئەگەر پالێوراوەکە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

دووەم:

بەدەر لە حوکمی خاڵی (١) برگەی (یەکەمی) ئەم ماددەیە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی سێ (٣) رۆژ لەدوای دەرچوواندنی ئەم یاسایە دەرگای خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەکاتەوە.

ماددەی (٥):

یەکەم: ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتایی دێت.

دووەم: سەرۆکی هەرێم لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەردەوام دەبێت تا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەرۆکێك هەڵدەبژێردرێت.

ماددەی (٦):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

ماددەی (٧):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٨):

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەرچوواندن

بەمەبەستی کاراکردنەوەی دامەزراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەکە هەر لەسەر ناونیشانی پرۆژەکە دەست پێ دەکەین، داوا لەسەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەم کە تەنها ناونیشانی پرۆژەکە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆ.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند کردنی دەستوور.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە پێی ئەوەی کە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە عینوانی (پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی ) بەو شێوەیەی کە سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر عینوانی پێشنیازی یاساکە بکات دەستی بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی بنووسرێت، بەڕێزان ئەو ناوانەی کە دەیانەوێ بەشدار بن لە گفتو گۆ لەسەر ناونیشانەکە دەیانخوێنینەوە بەڕێزان ( سۆران عمر، مامۆستا هەورامان، کاك مەم، کاك مسلم، دکتۆرە رێواز، مامۆستا ابوبکر، خاتوو سەرچنار، روپاك خان، دکتۆر رێبوار) ئەندامانی لیژنەی یاسایی رێیان پێدەدرێت دوایی بۆ وەڵامدانەوە، پێویست ناکات ناویان بنوسرێت تەنها دکتۆر شێرکۆ، روپاك خانیش هەر ئەندامی لیژنەی یاساییە لەکاتی خۆیدا مەجالی پێ دەدرێت کە قسەی خۆی بکات لەسەر راپۆرتەکە، دەرگای ناونوسین دادەخەین لەلای چەپ ئەندامێك وەردەگرین و لەلای راستیش ئەندامێك وەردەگرین، و بەپێچەوانەوەش راستە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە ریز بەندیەکە بێ رەنگە تووشی مەلەل بێت، لەبەر ئەوەی بە پێی پەیڕەو دەبێ بەپێی ریز بەندی ناوەکان بێت، بەڵام عادەتەن ئێمە وەکو عورفێکی پەرلەمانی وەکو ئەوەی کە چوار ساڵی پێشو کاری پەرلەمانیمان بەرێکردووە، ئەگەر تەنها لەو جانبە ئەندامان قسە بکەن و لەو جانبە ئەندامان قسە بکەن ئەوەی بکەوێتە قسەی کۆتایی تۆزێك مەلەل دروست دەبێ لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە موحاوەلە دەکەین ئەندامێك لەو لا وەربگرین و ئەندامێکیش لەلاکەی تر وەربگرین، کاك سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ناونیشانی ئەم پێشنیازی یاسایە کە راپۆرتی لیژنەی یاسایی وەکو خۆی پرۆژەکەی دانایتەوە بەم جۆرەی لێ بێت، ئومێد دەکەم لیژنەی یاسایی سەرنجەکان تۆمار بکەن و بکرێ بە یاسای (کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) چونکە ناوەرۆکی ئەم پرۆژەیە بریتی یە لە هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم سەرەڕای ماددەی یەکەم و دووەم، ناکرێ تۆ هەمواری یاسایەك بکەی، بەڵام ناونیشانی ماددەیەکی هەموارکراو بکەی بە ناونیشانی یاساکە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە پێشنیارەکان تۆمار بکەن، دواییش وەڵامی خۆتان بدەنەوە، چونکە هەر پێشنیارێکیش کە دەکرێ و هەموو پێشنیارەکان ناخرێنە دەنگدان، ئەو پێشنیارانەی کە موخالەفەی نیزامی عام و مەبادئی عام دەبن، لێرە لە لیژنەی یاسایی روونکردنەوەی خۆی دەدات، ئەو پێشنیارانەش کە موخالف نین

لەگەڵ نیزامی عام و مەبادئی دەستووری و مەبادئی عام، ئەو پێشنیارانە هەمووی تەسبیت دەکرێن و لە دانیشتنی دەنگدان دەخرێنە دەنگدان، بەڵێ دکتۆر رێبوار فەرموو.

**بەڕێز د. ريبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەكەم كە خودی ناونیشان و تایتلی ئەم پێشنیازە یاسایە بۆ كاراكردنەوەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق، وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە ئەو ناونیشانە گوزارشتە لەو دەقانەی كە لە پێشنیازەكە هاتووە، بۆیە ئەم ناونیشانە هەم دەربڕو گوزارشتە بۆ كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم و هەمیش بەشێوەیەك لەشێوەكان بۆ هەمواركردنەوەی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆكە، وتیایدا روونە وەكو چۆن لەدەقەكاندا هاتووە تا پەسەند كردنی دەستوور ئەم یاسایە یان ئەم پێشنیازە یاسایە كە كاتێك كە دەبێتە یاسا كاری پێ دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا جیهاد فەرموو.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام مە هەر پشتگیریێ دكەین وەكو ئەڤ عنوانێ هەنێ پێشنیازا كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند كردنی دەستوور، وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە بەراستی هەڵبژاردنا سەرۆكا هەرێم، ڤێ ئەڤرۆكە خەلكێك هەمیا ئومێدا چەندەها ڤە بویتە ئەگەرەك بۆ پەسەند كردنا دەستوورەك، ودەستوور گەلەكا گرنگا بۆ هەر وەلاتەكی لەومالدەڤ من ئەڤە بێتە جێهێنانا وەكی خۆی بمێنێ و هەتا پەسەند كردنا دەستووریێ و گەلەكا باش بێ و دیسا پشتگیریا دكتۆر رێبوار دەكەم بۆ سەر ئاحاڤتنەكا گۆتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەبارەی ناونیشانی ئەم پێشنیازە یاسایە كە خرایەتە روو، هەڵبەتە لە راپۆرتەكەی لیژنەی یاساییدا لە پێشەكیەكەیدا كە پێشكەشی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كردووە، ووشەی دامەزراوەی لابردووە و دواتر لە ناونیشانەكەیدا دامەزراوە هەیە، ئەوە یەك، پێشنیاز دەكەم یاساكە بەم شێوەیەی لێ بكرێت، بكرێتە (یاسای كاراكردنەوە و هەمواركردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق) تەواو، لێرەدا هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند كردنی دەستوور، پێشنیاز دەكەم لابدرێت، لەبەر ئەوەی یەكەمیان ئەوەی كە هێشتا دەستوورمان نییە، خاڵێكی تر چونكە لە ماددەی پێنجی ئەم

پێشنیازە یاسایە لە برگەی یەکەمی دەڵێ (ئەم خولەی سەرۆکایەتی هەرێم تاوەکو کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان بەردەوام دەبێت) مادام بەردەوام دەبێت چوار ساڵی تر سەرۆکی هەرێم لەو پۆستە دەبێ لایەنی کەم، ئەگەر درێژ نەکرێتەوە لە داهاتوودا، کەواتە ئەم پرۆژەی دەستوورە پێم وایە ئەگەر ئیرادەیەك هەیە بۆ پەسەند کردنی دەستوور لە ساڵی داهاتووە یان دووساڵی داهاتووە یان سێ ساڵی داهاتوو، هیچ داعی نییە بۆ ئەوەی لێرە مەسەلەی هەموار کردنی تا پەسەند کردنی دەستوور بمێنیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خاتوو جوان فەرمووو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە قسەکانی دکتۆر رێبوار دەکەم، کە ناونیشانی پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند کردنی دەستوور وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز مسلم عبداللە فەرمووو.

**بەڕێز مسلم عبداللە رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی وتەی هاورێیانم منیش پشتیوانیان دەکەم بەوەی بەپێی ئەو پێشنیازەی یاسایە کە ناونیشانەکەی نووسراوە، ناونیشانەکە درێژە وای لێ بکرێت و دروستترە وا بنووسرێت (پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) ئەوەی تری لێ بکرێتەوە بەپێی صیاغەوە رێك بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز کاك چیا فەرمووو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئاخافتنیا کە هەڤالا مە بەحسکر هروسا پشتیوانیا ئاخافتنا دکتۆر رێبوار دکەم کە پێشنیار وەکی خۆ بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە رێواز فەرمووو.

**بەڕێز رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێ بێ (یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) ئەو عینوانە بەسە، ئەوەی کە لەناوەڕۆکی یاساکە هەیە مەکانی ئەم یاسایەیە، ئەو دوور و درێژی و شەرحە لەناونیشانەکەدا پێویست نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ دکتۆر رێبوار کە پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند کردنی دەستوور وەك خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر یاساکە لە ژمارە (١٠) ی (٢٠١٨) لە ماددەی سێیەمدا ئەم خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی مولزەم کردووە لە دوو وەرزی گرێداندا بڕیار لە چارەنوسی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بدا، چارەنووس ئەکرێ بە کاراکردنەوەی وەکو ئەم خواستەی کە ئەمرۆ هەیە، ئەکرێ چارەنووس بڕیار لە هەڵوەشانەوەشی بێ، من خۆم لایەنگری هەڵوەشانەوەم، چونکە ئەم دامەزراوەیە زەرووڕەتی دیموکراسی مێژوویی حکومڕانی درووستی نەکردووە، بەڵکو بەرهەمی دۆخی نەخوازراوی کوردستان بوو، بەداخەوە لە رابردوودا لە شەڕی ناوخۆ دوو ئیدارەیی کە پشت بە خوا ئەو رۆژانە نابینینەوە، دواتر رێککەوتنی ستراتیجی دوو هێزی حوکمڕان لە کوردستاندا، یەعنی ئەمە درووستی کردووە، ئەکرا ئێمە بە پێی یاسای ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٧) رێکارەکانی پێك هێنانی حکومەتمان بگرتایە بەر، وەك لە ماددەی یەکەم بڕگەی چوار کە ئەو دەسەڵاتەی دابوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ابوبکر ئەو قسانەی کە کرا بەرامبەر بە موئەسەسەکە قسەی نەشیاو بوو داوادەکەین کە لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، ئەوەی کە موئەسەسەکەی دروست کردووە دیارە زەرورەتێکی قانونی بووە، وزەرورەتێکی نیشتمانیش بووە و موتابیقە لەگەڵ ئەوەی لە دەستووری فیدراڵی عێراقی دا هاتووە، خاتوو سەرچنار فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی پرۆژەکە پێشنیازەکە لابدرێ (یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) بەسە و کافییە تەنها بەم شێوازە بێت و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم تا پەسەند کردنی دەستوور بەرای منیش زیادەیە، بەتایبەتی دەستوور کە دیار نییە کەی دەنوسرێتەوە و کەی پەسەند دەکرێت، وابێ (یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) و ئەو وردەکاریانە ی لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەیاساکە باس دەکرێت و پێویست ناکات لەناو ناونیشانی یاساکە هەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شیرکو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) دا لەیاسای هەڵپەساندنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمە لە هۆکاری دەرچوواندندا باس لەوە دەکات نەصەکەی ( لەپێناو رەخساندنی زەمینەی سازان و لێك تێگەیشتن لە سستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان دا ئەم یاسایە دەرچوێندرا) بەو مانایەی کە عینوانی هەموو یاسایەك مەدلولی ناوەڕۆکەکەیەتی و سازانی پێویستیش لە دیدی ئێمەوە کە کار بۆ سستەمی پەرلەمانی دەکەین لە حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا و دەزگای سەرۆکایەتی هەرێم خازع بێ بۆ لێپرسینەوایەتی بەرامبەر بە پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر مەوزووعی سازانەکە ئەکەینەوە کە بە پێی پێویست تا ئێستا نەکراوە و دیدو بۆچوونەکانی لایەنە سیاسیەکان بە پێی پێویست لەیاساکەدا رەنگی نەداوەتەوە، تەنها چەند تەرەفێك و چەند لایەنێك کە تەقدیمیان کردووە، دەرەنجام ئەوەش تەئسیر لە عینوانی قانونەکە دەکات، کە بە بڕوای من وەکو پشتگیریەك لە وتەکانی کاك سۆران، کاك مەم، دکتۆرە رێواز، تەنها بڵێین کاراکردنەوە و هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، کفایەت بێ، و مەسەلەی بەستنەوەی بە دەستوور کە نازانین کەی تەواو دەبێ، مەتاتیەك ئەدا بە مەوزووعەکە لەوانەیە نەخوازراو بێ، بۆیە تەنها ئەو تەرحەی کە عەرزم کرد پێمان وایە کیفایەتە، ئەوەی تری کە هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك، ئەکرێ لە ناوەڕۆکی یاساکەدا بێ نەك لە عینوانەکە بێ، بە تەئکید یەك دێر هەیە کە دوای وتەکەم ئەمەوێ بیڵێم ئەویش ئەوەیە کە زۆر گرنگە کە هۆڵی پەرلەمان ئاوا بکەین بە شوێنی یەکلاکردنەوەی ململانێکان و تەرحی ململانێکان، دەستخۆشی لەهەموو لایەك دەکەین کە حلول و ململانێ و مونافەسە بێنێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان و بەخێرهاتنی فراکسیۆنی یەکێتیش دەکەم و هیوادارم هەموو فراکسیۆنەك وهەمووومان کە هۆڵی پەرلەمان هی هەمووومانە، لێرەدا ململانێ بکەین و حلولی تر نەگرینە بەر لە پێناو بەرژەوەندی نیشتمانی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دکتۆر شێرکۆ، بەڵام دکتۆرە رێواز تەنیا داوای کرد لە بۆ کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بێ و نوقتە، واتە هەموارکردنەوەکەی لەگەڵ نەبێت، پێشنیاری جەنابتان جیاوازی هەبوو لەگەڵ هی ئەو، تەنیا ئەوە بۆ ئاگاداری بەرێزتان، بەڵێ سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی رای خۆتان لەسەر پێشنیارەکان.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڤالان گەلەك رای خۆیان دیارکرد و تێبینی خۆ لەسەر پێشنیازا لەسەر عینوانێ ڤێ پێشنیازا یاسایی، بەراستی لڤێری بۆ من نینە کو ئەز حەکەم بم لەسەر ڤێ چەندێ کە ئایا ئەڤ پێشنیار قابلن یان قابل نینە، بەڵێ ئەز بێژم ئەوە کو پێتڤیا عینوانێ پێشنیازی یاسایی بت یان عینوانی یاسایێ بت، درست تەمسیلا ناڤەرۆکا ئەوی پێشنیازا یاسایی بکات، لڤێرێ، ئەگەر ئەم جەوهەرێ ڤێ پێشنیازا یاسایی بخینین، سەح کەینێ دەبینە کو ئەڤ پێشنیازا یاسایی هاتیە ئامادەکرن، داکو ئە فەراغە قانوونیا هەی بە پێی ئاماژەدان بە یاسا ژمارە (١٠)ساڵێ (٢٠١٨) کو ئەڤ موئەسەسە بلّند یا رەئیسی ل هەرێما کوردستانێ تەعلیق کریە، هەروەسا تەعدیلا شێوازێ میکانیزما هەڵبژاردنا سەرۆکی کو ب راستی ژی وەکو واقع ژی ل هەرێما کوردستانێ کو نوقتا خیلافێ بووە درێژیا پتری دە سالان، ژ بەر هەندێ ئەم وەکو لیژنا یاسایی ببینن، پێشنیاز وەکی وانە ئەڤ عینوانا خۆ بمینەت، ژ بەر وەکو نینەراتیا ماددێ وان پێشنازێ ڤان یاسایا دادکەم.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەم، پێمانوایە بۆ ئەوەی ناونیشان دەبێ تەعبیر لە ناوەرۆکی بابەتەکە بکات، لە ناوەرۆکی بابەتەکە دا هەردوو بوارەکەی تیایە، هەم کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عیراق، هەم هەمواری شێوازی هەڵبژاردنەکان، بۆیە پشتگیری تەواوی قسەی ئەو خوشك و برایانە دەکەم کە پێیان وایە ناونیشانەکە وەك خۆی بمێنێتەوە و پێشمان وایە بە راستی ئەم ناونیشانە دەتوانێ تەعبیر لە ناوەرۆکی بابەتەکە بکات، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی لیژنەی یاسایی کێ دەیەوێ قسە بکات؟ بەڵێ کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەرێز سلام عبدالله حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی بەرێز سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی دەکەم، پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند

کردنی دەستوور، هەندێ لە بەڕێزان ئاماژەیان بەوە کرد کە تاوەکو ئێستا دەستوور نییە، بۆیە ئەو ئاراستەکردنە بۆ شتێکی نادیار، بەڵام ئێمە پێمان وایە لیژنەی داڕشتنەوەی دەستوور هەیە و زیاتر لە (٧٠) مادده نووسراوەتەوە، بۆیە دەکرێ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو لیژنەیە کارا بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز رووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر ناونیشانی پێشنیازی یاسایەکە من پێم باشە وای لێ بکرێت، پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عیراق، هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ناونیشانەکە درێژە، دەکرێ ئەم بەشەی هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستوور بە ماددەیەك رێك بخرێ وبەروار و مێژووی تێدا لە ماددەکە جێ بکرێتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەپشتیوانی لە رەئی ئەو ئەندامانە دەکەم کە داوای گۆڕینی شێوازی یاخود ناونیشانی پێشنیازی یاسایەکەیان کردووە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی داوا دەکەین کە ماددەی یەك بخوێنیەوە بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆ لەسەر ماددەی یەك بکەینەوە، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ١

یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) هەڵدەوەشێتەوە و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەرگای گفتوگۆ لەسەر ماددەی یەك دەکەینەوە هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ بکات دەستی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی تۆمار بکرێ؟ بەڕێزان (کاك دیاری، کاك مەم، کاك بەڵێن، سەرچنار خان، کاك رێبوار، کاك پێشەوا، کاك رزگار، کاك هێڤیدار، کاك نزار، کاك عبدالله، مامۆستا وەیسی، کاك حکمت، کاك بهجت)، کەسی تر دەیەوێ قسە بکات لەسەر ماددەی یەك؟ دەرگای ناونووسین دادەخەین، دەست بە بە گفتوگۆ دەکەین، پێش ئەوەی رێگا بە ئەندامان بدەین، بە بیریان دێنینەوە کە بە پێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی ٨٨ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان تەنها بۆی هەیە دوو خولەك لەسەر ماددەیەك گفتوگۆ بکات، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەرنجەكەی من لەسەر ئەوەیە لە یەك ڕۆژدا سێ نووسرا و وەڵام لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنـەی كاروباری یاسایی دا نێـردراوە و تێیـدا جۆرێـك لـە جۆرەكـان تایبەتمەنـدی دراوە بـە پـڕۆژەی سـەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان لە كاتێك دا چەندین پرۆژەی دیكە ...... .**

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز كاك دیاری دەرگای گفتوگۆ لەسەر ماددەی یەك كراوەتەوە، لەسەر ماددەی یەك هەر قسەیەكت هەیە بیكە و بە پێی پەیڕەو لەسەر ماددەی یەك دەرگای گفتوگۆمان لەسەر كردووەتەوە، فەرموو.**

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەرنجەكەی من لەسەر ....... .**

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**تەنها ماددەی یەك لەبەرئەوەی پەیڕەو وازحە كە ئێستا دەرگامان كردووتـەوە تـەنها لەسـەر مـاددەی یەكـە، كاك هێڤیدرار فەرموو.**

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەبەرئەوەی دامەزراوەی سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتان دامەزراوەیـەكی گرنگـە لـەم هەرێمـە دەبـێ كـارا بكرێتەوە و هەڵپەسێردراوە، ....... .**

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**تەنها ماددەی یەك كاك هێڤیدار، فەرموو.**

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دامــەزراوەی ســەرۆكایەتی هــەرێمی كوردســتان ـ عێــراق، ژمــارە (١٠)ی ســاڵی (٢٠١٨) هەڵدەوەشــێتەوە و دامــەزراوەی ســەرۆكایەتی هــەرێمی كوردســتان كــارا دەكرێتــە، ئێمــە لەگــەڵ ئــەوەین ئــەم یاســایە و ئــەم دامەزاوەیە كارا بكرێتەوە، لەبەرئەوە وەك خۆی بمێنێ.**

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڵێ سوپاس، كاك مەم فەرموو.**

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەڵبەتە بە پێی ئەم ماددەیە بێ كە یاسای هەمواری ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) هەڵدەوەشێتەوە و پەیوەندی بە یاسایەكەوە هەیە كە یاسای ژمارە (١)ی سـاڵی (٢٠٠٥)، ئـەو یاسـایە بـەو پێیـەی كـە بـەو شكلەوەیە وەكو**

سیستمی سەرۆکایەتی دەسەڵاتەکانی سەرۆك دەسەڵاتێکی بێ شوماری هەیە، لە کاتێك دا ئێمە ئەمانەوێ بە سیستمی پەرلەمانی کار بکەین و لە ڕێی پەرلەمانەوە متمانە بدەین بە سەرۆکی هەرێم، ئەمە وامان لێ دەکات کە ئێمە لەبەردەم سیستمێکی پەرلەمانی داین........ .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم لەسەر ماددەیەك تکایە، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەمەوێ وا بڵێم ماددەی یەکەم پێویست دەکات بەم شێوەیە بێ وپێشنیازی من ئەوەیە ماددەی یەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، ئەمە دەقەکەیە کە بەم شێوەیە دەستکاری بکرێت، (یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨)هەڵدەوەشێتەوە و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم هەموار و کارا دەکرێتەوە بەجۆرێك کەلەگەڵ حوکمەکانی سیستمی پەرلەمانی دا بگونجێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك مەم، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارەی (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨)هەڵدەوەشێتەوە، دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە، بۆیە من پشتگیری لە نووسینی راپۆرتی لیژنەی یاسایی و پشتگیری لە وتەکانی کاك هێڤیدار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەگەر تەواوی یاسایەکە بە یەك سەیری بکەی و تایبەت بە ماددەی یەك هەم لە ناونیشانی یاسایەکە وهەم لە هۆکارەکانی دەرچوواندنی دا بە روون و ئاشکرایی دیارە، لەبەرئەوە پێشنیاز دەکەم، ١/ ماددەی یەك و ماددەی (٢) ی یاسایەکە بکرێ بە یەك و بەم شێوازەی لێ بکرێ، (یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) هەڵدەوەشێتەوە و یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ماددەی یەك دەکەم هەروەکو لە دەقی لیژنەی یاسایی هاتووە، چونکە پەیوەندی بە کاراکردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، پشتگیری خۆم دووبارە بۆ لیژنەی یاسایی دووپات دەکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو سەرچنار فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە پێچەوانەی هۆکاری دەرچواندنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) یە کە دەڵێ: (لە پێناو رەخساندنی زەمینەی سازان و لێك تێ گەیشتن لەسەر سیستمی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچووێنرا)، بە رای من هێشتا ئەو سازان و تەوافوقە لەنێوان فراکسیۆنەکان و لایەنەکان لە ئاستی پێویست دا نییە و نەکراوە و هەر یاسایەکیش کە دەردەچێ هۆکاری دەرچوواندنی هەیە، هۆکاری دەرچوواندنی ئەم یاسایە وەکو پێویست جێی خۆی نەگرتووە و هەر لە ماددەی (٣)ی هەمان یاسادا دەڵێ: (بۆ ماوەی دوو وەرزی یاسایی کە دوو وەرزی گرێدانی داناوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، واتا تا ٢٠٢٠/٣/١ یەعنی ئەو ماوەیە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا خولی پێنجەم بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەم دامەزراوەیە، بۆیە باشترە ئامانجی یاسایەکە و هۆکاری دەرچوواندنەکەی تەحقیق ببێ و پاشان هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی کە تەواو پێشنیازە و یەك بە یەکی ماددەکانی ئەم پێشنیازە تەوافوقی لەسەر بووەو (٦٨) پەرلەمانتار واژوویان لەسەری کردووە، ئێمە پاڵپشتی ئەوە دەکەین کە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان جارێکی تر کارا بێتەوە، لە هەر سیستمێکی سیاسی دا سەرۆك یەکێتی گەل و وڵات بەرجەستە دەکات بۆ ئەم دۆخەی کوردستان و بۆ ئەم پێشهاتانەی کە لەبەردەم هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەرێمی کوردستان هەیە زۆر بە پێویستی دەزانین کە ئەم دامەزراوەیە دەست بە کاروچالاکیەکانی خۆی بکاتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان، دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی دەستووری هەرێمی کوردستانە و زۆر گرنگە ئەم دامەزراوەیە کارا بکرێتەوە و روئیای گەلی کوردستانە لە ناوەوە و دەرەوە، لەبەرئەوە ئێمە پشتگیری لە کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەین.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، منیش پشتگیری لە مانەوەی ماددەی یەك دەکەم وەکو خۆم، پشتگیری بەڕێزان کاك هیڤیدار و کاك نزار و کاك رزگار و کاك پێشەوا دەکەم، چونکە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دامەزراوەیەکی نیشتمانیە و یاساییە و زۆر گرنگە لە قۆناغێکی وەکو ئێستادا ئەم دامەزراوەیە کارا بکرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت برادەرا گەلەك قسە کرن سەر ڤی ماددەیێ، ئەز ژی ب هەمان شێوە پشتگیری لە لیژنا یاسایی دکەم، و بەڕێز کاك هێڤیداری دکەم، پێویستە کو کارا بکرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەمام کاك حکمت گەیشت، ئەگەر تەنها پشتگیریە تەنها پشتگیری بکەن تکایە، قسەکانی پێش خۆتان دووبارە مەکەنەوە، د.رێبوار فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامێکم هەیە پێش ئەوەی موداخەلەم هەبێ، لە کاتی خۆشی دەستم بەرز کردەوە جەنابتان ئاگاتان لە من نەبوو، لەسەر ماددەی یەك تکایە ئێمە گفتوگۆ لەسەر ماددەی یەك دەکەین، ئەو تێبینی و سەرنجانە وەردەگرین کە پەیوەست بێ بە ماددەی یەك، .... .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەروا کراوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەندێ لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان قسەیان لەسەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمە، ....... .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵام درانەوە، پەرلەمانتارەکان وەڵام درانەوە، جەنابت تەرکیز بکە سەر ماددەی یەك فەرمووو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەرەهایی وەك دەقەی کە هاتووە لە ماددەی یەك حەز دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە پێشنیار دەکەم، چونکە لەراستی دا کارا نەکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم مەنزومەی حوکم لە هەرێمی کوردستان نوقسان دەکات، لەلایەکی تریشەوە سیستمی پەرلەمانی لەبەرئەوەی یەکێك لە خاسیەتەکانی سیستمی پەرلەمانی ئەوەیە کە سونائیە سوڵتەی تەنفیزی هەبێ، بۆیە بە کارا نەکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، خودی ئەو خاسیەتە لە راستی دا لە رووی فقهی یاساییەوە، لە رووی فوقەهائی ئەوەی کە لەبواری نوزمی سیاسیە قسەیان لەسەری کردووە، ئاریشە هەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بهجت فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا راپۆرتا لیژنا یاسایی دکەم کو ماددەی یەك وەکو خۆ بمینیتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەگەر هیچ قسەیەکتان نییە، دێینە سەر ماددەی ٢، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د کورت من دڤێت ئاخافتنەکی بێژم، کو وەکی سەرۆکێ لیژنا یاسایی، تەبعەن هەر سیستمەکی سیاسی لە سەرانسەری وڵاتێن جیهانێ، سەرۆکەك هەیە، ئەو سەرۆك نینەراتیا خەڵکێ خۆ و وەڵاتێ خۆ و دەسەڵاتا خۆ دکەت د جڤاتی نیڤدەوڵەتی، هەروەسا بەرژەوەندیین خاك و گەل و نیشتمانێ خۆ دپارێزی، ژبەر هەندی کو مە ئەگەر بیرا خۆ بینین د وەختەکی دا کو جەنابێ سەرۆکی هەرێمێ وی کاتی تەڵەب ژ کۆمسیۆنا هەڵبژاردنا کر، هەلبژاردن بێنە کرن ئەو بوو کۆمسیۆن نەشیا هەڵبژاردنا بکات و دڤیا گەلەك قەیران سەر هەرێما کوردستانێ دا هات، ژ وان قەیرانێ سیاسی و قەیرانا عەسکەری وشەڕێ داعش و

قەیرانا دارایی ژی، پشتی کو جەنابێ سەرۆکێ ڤی کاتی دا رازی نەبووی ویلایەتا وی بێتە درێژ کرن، ئەڤ یاسایە دەرکەتن یاسایا تەعلیق کرنا ڤێ موئەسەسێ راستی ژی گەلەك یا موهیمە ئەڤ دامەزراوا سەرۆکاتیا هەرێمێ ژ رووی سیاسی و ژ رووی قانونی و ئیداری، ژ بەر هەندێ پێتڤیا ئەڤ موئەسەسە تەفعیل بت، جارەکا دی ئەڤ موئەسەسە و ئەڤ پۆستە هەمان سەلاحیاتا ڤێ یاسا ژمارە (١) ٢٠٠٥ ی کو دیار کرن، ئەم وەکی لیژنا یاسایی دگەل هەندێمە ئەڤ ماددە وەکی خۆ بمینی ناڤ وێ راپۆرتێ دا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دێینە سەر ماددەی دوو تکایە سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی دووەم بخوێنەوە بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٢

یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بە سەر دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێمی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن لەسەر ماددەی (٢)، (کاك مەم، کاك محسن، کاك رزگار، سوسن خان، کاك بهمن، مامۆستا جهاد، د.رێبوار ، د.کاظم، کاك دیاری، کاك کاوە، کاك اسماعیل، کاك مەم برهان، خاتوو ئاشنا، خاتوو موژدە)، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکی دامەزراوا سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ بلندترین دەسەلاتا جێ بەجێ کرنێیە ل وڵاتێ دا، ژ بەر گرنگیا ڤێ دامەزراوێ پێشنیارا لیژنا یاسایی بۆ هەڵوەشاندنا دەسەلاتێن سەرۆکێ هەرێمێ یاسا ژمارا (٢) ی ساڵی (٢٠١٧) دکەین، کو ئەڤ دەسەلاتا بێنە هەڵوەشاندن کو سەرۆکی هەرێمێ بزڤرەڤە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٠)ی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) ی هەموار کراو، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتێکی فراوانی پێدراوە، کە لە سیستمی پەرلەمانی دا بوونی نییە، ..... .

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك دكتۆر دەرگای گفتوگۆمان كردۆتەوە لەسەر ماددەی (٢) و تەنها قسە كردن لەسەر ماددەی (٢) دەكرێ، فەرمووو.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوكاريم بكە تەنها دوو دەقيقەم هەيە و هاوكاريم بكە قسەكانم بكەم ......... .

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناتوانم تەنها دوو دەقيقە و بە پێی پەيڕەو تەنها دەبێ لەسەر ماددەی (٢) قسە بكەی، فەرمووو.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێ زەحمەت با قسەكانم بكەم، خۆ هێشتا دێرێكم هەيە، تكايە هاوكاريم بكە با كاتەكەم نەڕوات، لە سيستمی سەرۆكايەتی دا ئەو دەسەڵاتە رەهايە دەدرێت بە سەرۆك، خۆی ئەمە پێشنياز دەكەين ماددەی (٢) بەم شێوازەی لێ بكرێ، ياسای دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكايەتی هەرێم دامەزراوە دەستووريەكانی هەرێم ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٧) هەڵبوەشێتەوە و دەسەڵات و ئەرك و فەرمانەكانی سەرۆكی هەرێم هەموار بكرێتەوە بە شێوەيەك كە دەسەڵاتەكانی پرۆتۆكۆڵی و تەشريفاتی بێت.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محسن فەرمووو.

**بەڕێز محسن حسين مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددێ دوويێ ڤێ پێشنيارا ياسايێ، هەڵوەشاندنا دابەشكرنا دەسەڵاتێت سەرۆكاتيا هەرێمێ لسەر دامەزراوەيی دەستوورێت هەرێمێ ژمارە (٢)ی (٢٠١٧) وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە ئەگەر مە دامەزراوا سەرۆكاتيا هەرێمێ هەبيتن ئەو دەسەڵاتێت سەرۆكايەتيا هەرێمێ ماددەی (١) ی (٢٠٠٥) دا هاتين هەمی هەماهەنگن دگەل پەرلەمانێ كوردستانێ و وەكو خۆی بمێنێتەوە پشتگيری دكەم.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دياری فەرمووو.

**بەڕێز دياری انور حمە رحيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتيوانی لە پێشنيازەكەی د.كاظم دەكەم.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك رزگار فەرمووو.

**بەڕێز رزكار عيسى سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەیێ (٢) هەروەکی له راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك کاوە فەرمووو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە له یاسای ژمارە (٢) کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دابەشکراوە، رای من وایە پێشنیاز دەکەم کە دەسەڵاتەکان بە تەواوی و بە رەهایی هەڵنەوەشێتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئێمە ئێستا باس لە سیستمی پەرلەمانی دەکەین، باس لەوە دەکەین کە سەرۆکی هەرێم لەناو خەڵك هەڵبژێردرێ، بۆیە لە یاسای ژمارە (٢) کاتێك دەسەڵاتەکان بەسەر دەسەڵاتەکانی جێ بەجێ کردن و یاسادانان و دادوەری دابەش کراوە، ئەو دەسەڵاتانەی کەوا دەگونجێ کەوا لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی تەنها ئەو دەسەڵاتانە بۆ سەرۆکی هەرێم بگەڕێندرێنەوە، بەڵکو دەسەڵاتەکانی تر هەر لای سەرۆکی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن و  یاسادانان و قەزائی بمێنێنەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ قسەکانت قسەی سەرۆکی فراکسیۆن بوو دەتوانی تەنها پشتگیری بکەی، سەوسەن خان فەرمووو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەسەر دامەزروە دەستووریەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەڵدەوەشێتەوە و پشتیوانی لیژنەی یاسایی دەکەین، هەروەها پشتیوانی بەڕێز پەرلەمانتار کاك مەم دەکەم، کە دەسەڵاتەکان هەڵبوەشێتەوەو دەسەڵاتەکان بگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەمام، کاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دەکەم پەیڤا هەڵدەوەشیتەوە، ببێتە هەموارکردن و دا هەڤ شێوا ریئاسا بەغدا بیت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهمن فەرمووو.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی دامـەزراوەی سـەرۆكایەتی هـەرێم و سـەرۆكی هـەرێم نوێنەرایـەتی گـەلی كوردسـتان دەكـات لـە نـاوخۆ و دەرەوە، لـە دە سـاڵ، یـانزە سـاڵی رابـردوو بووەتـە پێگەیـەكی گرنگـی هـەرێمی كوردسـتان بـۆ كۆكردنەوەی لایەنە سیاسیەكان لە كوردستان دا و شوێنی بڕیارە گرنگەكان بووە، لەبەرئەوەی ئێمە دەوڵەت نین تاوەكو ئێستا هەرێمێكین لە قۆناغی راگوزەرین بەرەو دەوڵەت، پێویستمان بە سەرۆكێكی بەهێز هەیە، بۆیە من پشـتگیری لـەو دەقـە دەكـەم كـە ئـەو پـرۆژە یاسـای دابەشـكردنی دەسـەلاتەكان هەڵبوەشـێتەوە كـە دەسەلاتەكانی سەرۆكی هەرێم بگەڕێتەوە بۆ خۆی، لەگـەڵ ئـەوەش پێشـنیار دەكـەم بەراسـتی ئێمـە ئەگـەر كوردستانێكی بەهێزمان دەوێت دەبێ سەرۆكێكی بەهێزمان هـەبێت، چونكە نوێنەرایـەتی گـەلی كوردسـتان دەكات لە ناوخۆ و لە دەرەوە، هەندێ لەو دەسەلاتانەش كە لە یاسایەكە پێیدراوە موقەیەدە بە پەرلـەمان و موئەسەساتی تر، داوا دەكەم دەسەلاتەكانی هەندێكی حەسری بدرێ بە سەرۆكی هەرێم بۆ ئەوەی بەهێزتر بێ و بەهێزتریش نوێنەرایەتی گەلی كوردستان بكات لە دەرەوە و ناوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەم فەرمووو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی مـاددەی دووەم لەبەرئـەوەی لـە مـاددەی یەكـەمی پێشـنیازە یاسـایەكەدا بـاس لـە هەڵپەسـاردنەكە كراوە، باس لە هەڵوەشاندنەوەی هەڵپەساردنەكەكراوە، یاسای سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتان ژمـارە (١)ی (٢٠٠٥) بۆیە من پێشنیار دەكەم ماددەی (٢) بسڕێتەوەو نەمێنێ لـەناو یاسـایەكە، پێویسـت بـەوە ناكـات لـە جێی ئەو چەند دەسەلاتێكی سنووردار بۆ سەرۆكی هەرێمی كوردستان جێگیر بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا مەلا جهاد فەرمووو.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، وەكیا دیار كو هەتا ڤێ گاڤێ بالاتیەكا مەزن هەبوو، ل كوردستانێ دا ئەو ژی ژ بەر نەبوونا سەرۆكەك بۆ هەرێما كوردسـتانێ، ئەڤرۆكـە ئـەز دبیـنم كـو پەرلـەمان جهـێ تەعـدیل كرنـا قانونایە و هەموار كرنا یاسایە، ئەڤ ماددێ دوو ئەزی دبینم ل كۆمەلگەها مە و میللەتێ مە گەلەك گەلـەك پێتڤی سەرۆكەكیە، ئەڤ سەرۆكە ژی مینا چەوا د ماڵەكێ دا پێتڤـی بابەكیـە خـۆ ئـەڤ بـابێ هـەنێ خـودان دەسەلات بێت كو خودان رەئی بیتن، وەسا دڤێ ماددێ هـەمی ژی دیـار بـیتن كـو سـەرۆكێ هـەرێمێ خـودان

دەسەڵات بیتن و ئەڤ تەعدیلا هەمی بێتە کرن و پشتگیریا هەڤالێت خۆ ژی دکەم، کاك بهمن و سوسن خان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ئاشنا فەرمو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ماددەی یەك و ماددەی دووەم بکرێت بە یەك مادده وبەم شێوەیەی لێ بکرێت: یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عیراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) و یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٧) هەڵبوەشێتەوە، ئەمەش پشتگیریە بۆ قسەکانی کاك بەڵێن کە لەسەر ماددەی یەك پێشنیازی کرد.

دانیشتنی ٢٠١٩/٤/٣

لە ١:٢١ تا ١:٤٧

یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) و یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) هەڵبوەشێتەوە، ئەوەش پشتگیرییە بۆ قسەکانی کاك بەڵێن کە لەسەر ماددەی (١) پێشنیازی کرد.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبدەئێکی گرنگ هەیە کە پێی دەڵێن (مبدأ التوازن و التعاون) لە نیزامی پەرلەمانی هەموو دونیا، بە هێشتنەوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بە پێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) لەسەر (٣) دەسەڵاتەکە پێشێلکردنێکی روون و رەوایە بۆ (مبدأ التوازن و التعاون) بۆیە بۆ ئەوەی ئەو مەبدەئە پارێزراو بێت و رەنگبداتەوە لە سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پشتیوانی ئەوە دەکەم کە دەسەڵاتەکان بگێڕدرێتەوە بە پێی دەقی ئەو ماددەیە بۆ دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ موژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز د.کازم دەکەم.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ سەرچنار خان ، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەریز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ئەم ياسايە نيم، ياسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) لەبەر ئەوەی ئەم ياسايە باس كردنە لە دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكايەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورييەكانی هەرێم دا، ئەگەر ئەو ياسايە هەڵبوەشێتەوە ئێمە دەگەڕێينەوە بۆ ياسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) كە لە ماددەی (١٠) (١٨) صەلاحيەتی هێناوە بۆ سەرۆكی هەرێم و ئەو دەسەڵاتانەی كە لە ماددەی (١٠) باس كراوە بە هەر (١٨) دەسەڵاتەكەوە سيستەمێكی سەرۆكايەتی يە و لەگەڵ سيستەمی پەرلەمانی دا يەكناگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ قسەكانت كرابوو دەتتوانی تەنها پشتيوانی لە ئەندام پەرلەمانەكانی پێش خۆت بكەی، بەڵێ كاك سۆران، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەریز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ماددەی (٢) بەمجۆرەی لێ بكرێت:

هەمواری ياسای دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورييەكانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) بكرێتەوە بكرێتەوە بەو جۆرە، ماددەی يەكەم برگەی يەكەم و دووەم وەك خۆی بمێنێتەوە، برگەی سێيەم و چوارەم بەم جۆرەی لێ بكرێت پيادەكردنی ئەرك و دەسەڵاتەكان بدرێتەوە بە سەرۆكی هەرێم، ماددەی دووەم لابرێ، ماددەی سێيەم برگەی يەكەم بەمجۆرەی لێ بكرێت (جگە لەو ماددانەی كە لە ناوەڕۆكی ئەم ياسايەدا ئاماژەيان پێكراوە كاركردن بەياسای سەرۆكايەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەمواركراو رادەگيرێت تاكو نووسينەوەی دەستوور و برگەی دووەمی ياساكەش لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شادی خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەریز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی نامەوێت جارێكی تر ڕای ئەندامانی پێش خۆم كە گفتوگۆيان كردووە دووبارە بكەمەوە، پشتگيری لە وتەكانی د.كازم و هەروەها كاك كاوە و كاك سۆران دەكەم بۆ هەمواركردنەوەی ئەم دەسەڵاتانەی كە سەرۆكی هەرێم پێی دەبەخشرێت، نەك ئەوەی كە تەنيا دەسەڵاتەكانی بۆ بگەڕێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەگەر ئەندامانی لیژنەی یاسایی هیچ قسەیەكیان نەبێت و هیچ وەلامێكیان نەبێ با ماددەی (٣) بخوێننەوە، بەڕێز. سەرۆكی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕيز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێتڤی بوو ئەڤ گێنگەش هاتیە كرن لەسەر دەسەلاتێت سەرۆكی هەرێمی ب راستی وەك دڤی پێشنیازی دا ماددەی (٢) بەحسێ كەم و زێدەی دەسەلاتەكانی سەرۆكی هەرێم ناكات، تەنیا باسی ئیلغاكردنی یاسایەك دەكات، دەبوایە ئەو گفتوكۆیە لەسەر ماددەی (٣)ی كردبا كە ماددەی (٣) ئیشارەت بە دەسەلاتەكانی دەدات، من قسەیەكی ترم هەیە دابەشكردنی دەسەلاتەكان لەسەر موئەسەساتە دەستوورییەكانی هەرێمدا كەچی بارگرانی بەسەر ئەو موئەسەساتانەی تریش دروست بووە، لەبەر ئەوە لەبەر نیزام قانونی و تا بارگرانی دروست نەبێ لە دەسەلاتەكانی تریش ئەم یاسایە وەك خۆی بمێنێ و ئەم دەقە ئەم ماددەی وەك خۆی بمێنێ و ئەو یاسایە هەڵبوەشێت كە تەوزیعی ئەو دەسەلاتانەی كردووە لەسەر ئەو موئەسەساتە دەستوورییانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕيز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەصڵی دابەشكردنی دەسەلاتەكانی سەرۆكایەتی هەرێم بریتی یە لە ئیستیسنا مادام دەتوانین بە یاسا ئەم دامەزراوەیە كارا بكەینەوە هیچ موبەریرێك نیە بۆ ئەوەی موئەسەسەیەكی تر تەكلیف بكرێت بە مومارەسەكردنی ئەو دەسەلاتانە، بۆیە پشتگیری جێبەجێ كردنی ماددەی (٢) دەكەم كە بریتی یە لە یاسای دابەشكردنی دەسەلاتەكانی سەرۆكایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەكانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) هەڵدەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، خديجە خان، فەرموو.

**بەڕێز خديجە عمر طە:**

**بەڕيز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش وەكو ئەندامی لیژنەی یاسایی پێداگیری لە دەقی ماددەی (٣) دەكەمەوە كە وەكو خری بمێنێتەوە، پشتگیری لە وتەكانی بەڕێز سەرۆكی لیژنە و كاك عبدالسلام و گشت هەڤالانم دەكەم لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی (٣) بخوێننەوە بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٣) بکەینەوە، فەرموو.**

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (٣)**

**بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو پەرلەمانی کوردستان - عێراق سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێردرێ بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق دا هەیە تاپەسەندکردنی دەستووری کوردستان-عیراق کە تێیدا شێوازی هەڵبـژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێت و سەرۆك لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی کوردستان - عێراق دەکات و بەناویانەوە دەوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، هەر ئەندامێك دەیەوێ قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، ئەو ئەندامانەی کە ناویان تۆمارکردووە و داوایان کردووە گفتوگۆ بکەن:**

- **بەڕێز د.کاظم**
- **بەڕێز د.شێرکۆ**
- **بەڕێز د.محی الدین**
- **بەڕێز خاتوو بێگەرد**
- **بەڕێز کاك دیاری**
- **بەڕێز کاك إسماعیل**
- **بەڕێز کاك أبوبکر**
- **بەڕێز کاك کاوە**
- **بەڕێز کاك سیروان**
- **بەڕێز کاك سۆران**
- **بەڕێز خاتوو سەرچنار**
- **بەڕێز خاتوو مژدە**
- **بەڕێز خاتوو هلز**
- **بەڕێز کاك عبدالستار**
- **بەڕێز کاك علی**
- **بەڕێز د.هەورامان**

- بەڕێز خاتوو ئاشنا
- بەڕێز کاك بلّند
- بەڕێزد.ڕێواز
- بەڕێز خاتوو ڕۆژان
- بەڕێز کاك زیکری
- بەڕێز کاك هاوڕێ
- بەڕێز خاتوو سلمی
- بەڕێز مامۆستا ویسی
- بەڕێز کاك جلال
- بەڕێز کاك پێشەوا
- بەڕێز کاك ڕزگار
- بەڕێز کاك بەهمەن
- بەڕێز کاك إحسان
- بەڕێز کاك حکمت
- بەڕێز حسیبە خان
- بەڕێز کاك سەروان
- بەڕێز جوان خان
- بەڕێز ڕۆژان خان
- بەڕێز کاك لقمان
- بەڕێز کاك سیپان
- بەڕێز مژدە خان
- بەڕێز شادی خان
- بەڕێز کاك ئومێد

دەست پێ دەکەین، بەڕێز د.کاظم، فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە پێچەوانەی ماددەی (٢)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ئەو مافە لە هاوڵاتیان دەستێنێتەوە کە لەو ماددەی سەرەوەدا بۆی دیاری کراوە، کە تیایدا هاوڵاتیانی کوردستانی عیراق بە دەنگدانێکی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن، ئەوە جگە لەوەی کە هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەك دیاری نەکراوە و پێچەوانەی ئەو مەبدەئەیە کە دەڵێت (السلطة مقابل المسؤولية) واتا**

دەسەڵات لەبەرامبەر بەرپرسیارێتی دا، چۆن دەبێت لێپرسینەوەی لە سەرۆکی هەرێم نەکرێت یان ئەوەندە ئەستەم بێ کە لە موستەحیلەوە نزیك بێت و چۆن دەبێت رێژەی دەنگدانی متمانە بەخشین و متمانە لێسەندنەوە لە سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەك بێت کە لە موستەحیلەوە نزیك بێت و رێژەکان جیاواز بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز کاك وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەگـەڵ ئـەوەدام مـاددەی (٣) لـەم یاسـایە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە کـە سـەرۆکی هـەرێم بـەو ئـەرك و دەسەڵاتەی کە بۆی دیاری کراوە هەڵبژێردرێت، تا پەسەندکردنی دەستوور کە لـە رێگـای دەسـتوورەوە ئـەم پرسە گرنگ و چارەنووسازی یە یەکلا دەبێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز شیرکو جودت مصطفى:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دوو خولەکی خۆم دا سێ نوقتە عەرز دەکەم، یەکەمیان/ سیستەمی پەرلەمانی یەکسان نیـە بـەوەی کـە سـەرۆکی هـەرێم لـە پەرلەمانـەوە هەڵبـژێردرێ، بـەڵام وەکـو دەبـێ لێپرسـینەوە و لێپێچـینەوە لـە پەرلەمانـەوە بـە میکانیزمێـك بـۆی دیـاری بکرێـت کـە لـە یاسـاکەدا یاسـای ژمـارە (١) لـە سـاڵی (٢٠٠٥) بـۆ سەرۆکایەتی هەرێم دیاری کردووە هیچ میکانیزمێکی بـۆ ئـەم موئەسەسـە گرنگـە دیـاری نـەکردووە، بـیری هەموو لایەك دەهێنمـەوە کـە لـە ئـاخیر بودجـەی (٢٠١٤)ی هـەرێمی کوردسـتان دا سـەرۆکایەتی هـەرێم بـە هەموو دامودەزگاکانییەوە میزانییەی ساڵانەی یەك ملیار دۆلار بووە، ئایا دەکرێ بەبێ لێپرسینەوە، بە بـێ موتابەعـە، بـەبێ بەدواداچـوونێك میکانیزمێـك لـە یاسـاکەدا نـەبێت بـۆ ئـەوە؟ خـاڵی دووەمـم مەسـەلەی صەلاحیاتەکانە کـە دابـەش دەکـرێ بەسـەر ئـەمنی و عەسـکەری و سیاسـی و تەشـریعی دا بـۆ سـەرۆکایەتی هەرێم، ئەم صەلاحیاتانە دەبێ پرۆتۆکۆڵی بن هاوشێوەی عێراق، چونکە لە دەسـتووری عیراقـی دا تەئکیـد لەسـەر سیسـتمی پەرلـەمانی دا دەکاتـەوە، ئـەوەی لـە (٢٠٠٥) دا هـاتووە سیسـتمی لادەرە لـە سیسـتمی پەرلەمانی، ئاخیر خاڵم/ کە دەڵێ (تا دەستوور) ئەوە باشتر وایە کاتێك دیاری بکرێت لەوەی کە بە مـەتاتی نیهایەتی ئەم مەوزووعە تەنها تا کاتی دەستوور کە خوا دەزانێ کەی دەستوورمان دەبێ؟ لە بیست و پێـنج

ساڵی رابردوودا نەمانبووە و نازانین چەندی تر دەخایەنێ، لەبەر ئەوە تەحدید کردنی کات بۆی زۆر بە گرنگ دەزانین بۆ ئەوەی کە سەقفێکی زەمەنی هەبێت یان کۆتایی پێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو تێبینییەکی یاسایی رەنگە بابەتی بەرپرسیاریەتی زیاتر ئەندامان قسەی لەسەر بکەن بگەڕێنەوە بۆ ماددەی (١٦) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) بە وازحی پێمان دەڵێ بەلای کەمەوە سێ لەسەر چوار ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عیراق لە دەنگدانێکی نهێنی دا سەرۆکی هەرێم لە متمانە دەخەن، واتا سەرۆکی هەرێم لێرانە بەرپرسیاریەتەکەی وازحە، بۆیە تکایە مولاحەزاتەکانتان با بە وردی بێت و بە خوێندنەوەی هەموو ئەو یاسایانە بێ کە پەیوەستدارن بە بابەتەکە بۆ ئەوەی زیاتر دووبارە نەکرێتەوە ئەو بابەتە، بەڵێ کاک جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەراستی پێشنیار دەکەم ماددەی (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەکو هەڤاڵانم باسیان کرد تا پەسەندکردنی دەستوور، هیواداریشم لەسەرجەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئەوەندە رەشبین نەبن بەرامبەر دەستوور، دەکرێ لە ئایندەیەکی نزیك دا دەستووری کوردستان بنووسرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ناو یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پێناسەیەك بۆ سەرۆکی هەرێم نەکراوە، لە پێشنیازی یاساکەشدا دیسان پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ سەرۆکی هەرێم نەکراوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە پێناسەیەك بۆ سەرۆکی هەرێم هەبێ کەوا پێشنیار دەکەین سەرۆکی هەرێم خاوەن کەسایەتی مەعنەوی یە و بێلایەنانە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان-عیراق بە هەموو نەتەوەکان و پێکهاتەکان دەکات کە لە پرسە چارەنووسازەکان دا بە ئەرکی سیاسی و نیشتمانی خۆی هەڵدەستێت.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەی (٢) دەکەم ئەم ماددەیە سەرۆکایەتی هەرێما کوردستان زامن دەکات و دەستوور هەموو کێشەکان لە ئاینده چارەسەر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بێگەرد خان، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ماددەی (٣) باس لە هەمواری قانونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێمە لە ناو پەرلەمان و دیاری كردنی صەلاحییەتەكانی، پێشنار دەكەم كە ئەم ماددەیە بكرێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەكەمیان ئەوە بێ كە ئێستا وەكو خۆی ماددەكە نووسراوە، بڕگەی دووەم بەم شێوەیە دابنرێ/ ماددەی سیانزەهەمی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)هەمواردەكرێت و بەم شێوەیە دەنووسرێتەوە (سەرۆكی هەرێم دوو جێگری دەبێت كە ناونیشان و دەسەلاتیان لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە بە پەیڕەوێك كە لە ماوەی (١٥) رۆژ لە بەرواری سوێندخواردنی دەردەچێت دیاری دەكرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك بەهمەن، فەرموو.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله أحمد:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەسەلاتەكانی وەكو لە موداخەلەی پێشووش گوتم حەصری نین پەیوەندن بەلایەنەكانی ترەوە، بۆیە سەرەرای ئەوەی لە پەرلەمانیشەوە متمانەی لێ وەردەگیرێتەوە دەسەلاتەكانی رەبتە بە دامەزراوەكانی ترەوە، لەبەر ئەوە لێپرسینەوەی لێ ناكرێت لە پەرلەمان، بەلام لە هەندێك حاڵەتی جینائی و لە هەندێك حاڵەتی تاوانی نیشتمانی ئەو كاتە لێپرسینەوەی لێ دەكرێت، سەبارەت بەوەی كە لەبەر ئەوەی سەرۆكی هەرێم لەو خاڵەدا هاتووە كە لیژنەی یاسایی نووسیویانەتەوە هەماهەنگی دەكات جگە لەوەی نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان دەكات لە ناوخۆ و دەرەوە هەماهەنگی دەكات لە نێوان دەسەلاتە فیدراڵییەكان و دەسەلاتەكانی هەرێمیش، بۆیە دەبێ دەسەلاتی هەبێ و بەهێز بێ بتوانی ئەو هەماهەنگییە بەهێزەوە بیكات، بتوانێ مافەكانی كورد زامن بكات لەوەی لە دەستووری عێراقی دا هاتووە، سەبارەت بەو فەقەرەیەی كە بەستراوەتەوە بە نووسینەوەی دەستوورەوە كە زۆرینەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قسەیان لەسەر كرد، هەمووومان باش دەزانین كە لە رابردوودا لە چوار ساڵی رابردوودا ئەوە گەورەترین قەیرانی سیاسی دروست كرد لە كوردستان دا و نێوان هێزە سیاسییەكانیشی تێكدا، بۆیە حەلی وەسەت ئەوەبوو كە لە نێوان هەردوولایەنی ئەوانەی كە دژی ئەم دەسەلاتانە بوون و ئەوانەشی لەگەڵی بوون لە شێوازی هەڵبژاردنەكەی، لەسەر ئەوە رێككەوتووین كە تا نووسینەوەی دەستوور بۆ ئەوەی لە دەستووردا یەكلایی بكرێتەوە و كۆتایی بەم كێشەیە بێ سەرۆكی هەرێم لە ناو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت و بە هەمان دەسەلاتی خۆیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری أنور حمه رحیم:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ماددەی (٣) بەم جۆرەی لێ بکرێت لەبەر ئەوەی لە ماددەی (١٧)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دا کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی یان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان - عێراقەوە دەرکراوە دەڵێت بە دەنگی زۆرینەی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێت بۆ ویلایەتی یەکەم، کەواتە ئەوە هیچ گۆڕانکارییەك نەبووە و سیستەمی سیاسی نەگۆڕاوە و دەکرێت بڵێین ئەو ماددەیە کار بەو ماددەیە دەکرێت ماددەی (١٧)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) و ئەوە رێك دەمانباتەوە بۆ (١٤) ساڵ پێش ئێستا لە ساڵی (٢٠٠٥)دا پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایەی دەرکردووە، بۆیە پێشنیاز دەکەم لە ماددەی (٣)دا دەڵێت (تا پەسەندکردنی دەستووری کوردستانی عێراق) بەبێ دیاری کردنی هیچ سەقفێکی زەمەنی، ئەوە یەکەم، بۆیە داوا دەکەم لە دەسەڵاتەکانی دا دەڵێت تا پەسەندکردنی دەستووری عیراق کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم یەکلایی دەکرێت، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا دەستوورێکی خۆی نیە، بۆیە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ، بە پێی ماددەی (٧٣)ی دەستووری عێراقی کە تێیدا سەرۆك لە نێو پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت و سیستەم پەرلەمانی یە، دەسەڵاتەکانی پرۆتۆکۆڵی و تەشریفاتی بێ، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی ئەو دەسەڵاتانە بێ کە لە دەستووری عێراق دا لە ماددەی (٧٣) دا دیاری کراوە و دەمەوێ پێت بڵێم کە بەم شێوەی خوارەوە بێت:

دەرکردنی لێبووردنی تایبەت لەسەر راسپاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە مەرجێك ئەوانە نەگرێتەوە کە بەهۆی مافی تایبەت و تاوانی نێودەوڵەتی و تیرۆر و گەندەڵی دارایی و ئیدارییەوە حوکم دراون.

دووەم: پەسندکردنی پەیماننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان پاش وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران...

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددە دەستوورییەکە وازحە.

**بەڕێز دیاری أنور حمه رحیم:**

کاتم ماوە بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان، قسەی ترم ماوە، ببوورە.

پەسەندکردنی پەیماننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان پاش وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران.

سێیەم: پەسەندکردن و دەرکردنی ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی نوێنەران دایدەنێت یاساکانیش بەپەسەندکراو دەژمێردرێن پاش تێپەڕبوونی (١٥) رۆژ بەسەر ناردنیان بۆ سەرۆك کۆمار.

چوارەم: بانگهێشت کردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ کۆبوونەوەی دوای پەسەنکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

پێنجەم: بەخشینی نیشانە و  مەدالیا لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران بە گوێرەی یاسا.

دەرکردنی بەیاننامەی سەرۆکایەتی دیارە لە دەستووری عێراق دا لە ماددەی (٧٣)دا دەڵێت کۆماری هەروەها هەڵبستێت بە ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان بە مەبەستی پرۆتۆکۆڵێ و ئاهەنگێران، ئەوە یەکەم، خاڵێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم ئەوەی بەڕێزتان ئاماژەتان پێکرد لە یاسای ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دا کە بەڕێزتان گوتتان لە ماددەی (١٦)دا لە برگەی (٣) دوو لەسەر سێ نیە بەلای کەمەوە سێ لەسەر چواری ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە عێراق لە دەنگدانی نهێنی دا لە متمانەی دەخەن، قسەکەی من لەسەر ئەوەیە چۆن لەم پەرلەمانەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان متمانە وەردەگرێت بە چەند بەند بە چ رێژەیەك هەڵبژێردرێت دەبێ بە هەمان رێژە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامت دەبێ، کاك إحسان، فەرموو.

**بەڕێز إحسان محمد سلیم:**

بە ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان

**بەریز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

هەروەکی کوردستان یا پێدڤی سەرۆکەکا بەهێزە لەورا هەروەکی ماددێ سێ دێ هاتی لێ دێر وێڕا راپۆرتی لیژنەی یاسایی دا دیار کری، داخاز دەکەین ئەڤ ماددا وەکی خۆ بمینێتن و ئەو سەرۆکی کو بێتە هەڵبژاردن ناڤ پەرلەمانی کوردستانی دا بۆ هەرێما کوردستانێ دا دیڤ وان ئەرك و دەسەڵاتا بیتن ئەو ئەرك و دەسەڵاتا ل یاسا سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانا عێراقی دا هاتی ژ بۆ هەندێ کوردستانەکا بەهێزتر بیتن و سەرۆکێ ڤێ هەرێمێ بە ناڤی نوێنەرایەتیا خەلکێ هەرێما کوردستانی قسە بکاتن و نوێنەرایەتی وان بکاتەوە دەبێتن ئەڤ ماددەی وەکی خۆ بمێنیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل علی طه:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو مولاحەزەیێت هەین دوو تێبینیێت هەین، ئەڤ دبینم ئەڤ برگە زێدە بیت دڤێرێدا بێژیتن کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق دا هەیە ئەڤ عیبارە لێ زێدە بیت بەرپرس دەبیت بەرامبەری پەرلەمان، دوو شت هەنە (سحب الثقة)مان هەیە، (مسائلة) هەیە، (سحب الثقة) ئەو بریارە جەنابت ئیشارەتت پێدایە و بەس لەسەر (سحب الپقە)یە، (مسائلە) تێدا نینە ئەز دبینم زەروریە ئەم بێژین بەرپرسە بەرامبەر پەرلەمانی، نوفتا دووێ ئەڤە گوتی تا پەسندکردنی دەستووری کوردستان ئەز

دبینم موکەڕەرە چونکی، ل عینوانێ قانوونی دا هاتی تا پەسەندکردنی دەستووری عیراقی (إذن) بۆچی دهێت موکەڕەر بکێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك حکمت، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

داخواز دەکەم ئەڤ ماددەی (٣) وەکی خۆ بمێنیتن، ژبەر کو وەکی جەمەعەتێ ژی ئیشارەت پێکری ئەگەر ئەم دڤێتن کوردستانەکا بەهێز بیتن مەفروزە سەرۆکێکی بەهێز و خودان دەسەلاتی ژی هەبیتن، ژ بەلکوئەگەر ئەم خۆ بدەینە بەری سالەکێ ژی چەندین کارەسات هاتینە سەر کوردستانی ئەگەر مە سەرۆکێکی بە دەسەلات نەبایەت ئەو ی دەمیدا ئیحتیمالە مە نەتشیا وێ بەرەڤانیا کو هاتیە کرن خاکا پیرۆزا کوردستانێ بکەین، ژ بەرهەندێ ئەز پشتگیریێت هەڤالێت خۆ مەلا ویسی و کاك بەهمەن دکەم کو ئەو مادده وەکو خۆ بمینێ، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی د.شێرکۆ دەکەم لەسەر هەردوو مەبدەئی ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم لێپرسراوبێ بەرامبەر بە پەرلەمانی کوردستان وەك چۆن لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێ دەدرێ، دووەم/ کەمکردنەوەی دەسەلاتەکانی کە بە شێوەیەك تەبا و گونجاو بێت لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی، ئەم دەسەلاتانەی لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)دا هاتووە رەهان، بەم شێوازە بێت ئەم سەرۆکایەتییە بە ناو پەرلەمانییە، بەلام بە ناوەڕۆك سەرۆکایەتی یە، تێبینی دووەمیشم تێبینیەکی شکلییە بۆ بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێوە مادەم خواستێکتان هەیە بۆ کاراکردنەوەی دامەزراوەکە و هەروەها سەرۆکایەتی هەرێم کەواتە پێویست ناکات لێرە تۆ بڵێی بە دەسەلاتەکانیەوە، دامەزراوەکە کارا دەبێتەوە بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)، تۆ لەولاوە هاتووی دوو یاسای تریشت هەڵوەشاندۆتەوە کە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) و یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨)، دووەم لە عینوانەکەتا هاتووە بۆ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکە کەچی بە پێی ئەو پێشنیازە بێت ئێمە هەمواری یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) کە بۆ نموونە کۆمەڵێك دەسەلاتتان بۆ سەرۆکی هەرێم زیاد دەکەن لێرە نووسراوە لە ئاستی ناوخۆ

و دەرەوە نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی کوردستان دەکات و بە ناویانەوە دەبێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێم دەکات، بۆیە ئەبێت ئەوە ئەمرۆ بەس تەنها کاراکردنەوەی دامەزراوە وەکو ئەوانەی کە واژووتان کردووە دەیانەوێت بە تەعدیلێکی تر پێشنیازێکی هەموار دەسەڵاتەکان زیاد و کەم بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(حسیبە) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رای بەڕێزان مامۆستا (مەلا وەیسی)، (جەلال پەرێشان)، کاك (بهمن)، دەکەم کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیار کردووە لە ماددەی (٣) کە هاتووە سەرۆك لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان/عیراق دەکات بو ناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاوە)، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی (٣) هاتووە بەدەر لە حوکمی ماددەی (٢) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێی کوردستان/عێراق ژمارە (١)ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان/عێراق سەرۆکێك بۆهەرێم هەڵدەبژێرێت بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/عێراق هاتووە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە کە دەڵێت بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/عێراق هاتووە چونکە ئەگەر ئێمە ملاحەزەی یاسای ژمارە (١)ی سەرۆکایەتی هەرێم کوردستان بکەین دەسەڵاتەکان بە جۆرێك دارێژاوە کە یاساکە سیستەمی هەڵبژاردنی سەرۆك سیستەمی سەرۆکایەتییە نەك پەرلەمانی، وە ئەگەر مولاحەزەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بکەین لە ماددەی (١٠) (١٨) دەسەڵات بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیاری کراوە کە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ ماددەی (٧٣)ی دەستووری عێراق کە دەسەڵات بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کراوە وە بەو شێوەیە سەرۆك (خاظع) نابێت بۆ بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمان ناتوانێ لێپرسینەوە لە سەرۆکی هەرێم بکات، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە لابرێت بە پێی ئەو پێشنیازی یاسایەی کە ئەمرۆ دای ئەرێژینەوە

دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم سنووردار بکرێت هاوشێوەی سیستەمی سیاسی پەرلەمانی هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی کۆمار لە بەغدا وە سەرۆکی هەرێم بکەوێتە بەر لێپرسراوەی پەرلەمانی و پەرلەمان بتوانێ لێپێچینەوە لە سەرۆکی هەرێم بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتگیری قسەکان پێشە خۆتان بکەن، تکایە قسەکانتان هەمووی دووبارەیە ناچار دەبین ئەگەر دووبارە بێت ئەوجارە قسەکانتان پێ ببڕین، کاك (سەروان)، فەرموو.

**بەڕێزسروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو (سەروان) لەگەڵ هیچ دامەزراوەیەك نیم کە دەسەڵاتی ڕەهای پێ نەدرێت، هەوڵی بێ هێز کردنمان دەدرێت، هەموومان کوردین و کوردبینی قسە بکەین، بۆیە لەگەڵ بێ هێزی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم نیم، بەهێز بکرێت، کاراش بکرێت، سەر زار و بن زاری هەمووشمان گوێبیست دەبین هەر دەستوورە و نەبوو دەستوور هۆکاری ئەو هەموو را و بۆچوونەیە ئەو هەموو نارازی بوونەیە لە یەکتری، ئێمەش ئەوەین کە دەستوور دەنووسینەوە با هەموومان هاوکار بین و هاورا بین  بۆ ئەوەی دەستوورمان هەبێت، تا جارێکی تر لە خولی شەشەمی پەرلەمان لە شوێنی ئێمەدا دادەنیشن ئەو گفتوگۆیە و ئەوە نەکرێتن، دروست پشتگیری لە هەڤاڵانی لیژنەی یاسایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سیروان)، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجی هەموو هاوکاران و پەرلەمانتارانی بەڕێز و جەنابیشتان ڕائەکێشم بۆ ئەوەی کە ئەم یاسایانەی کە لێرە دەری ئەکەین بۆ ئەو (٤) ساڵە نییە و لەبەر خاتری کەسێکی تایبەت نییە، بۆیە سەرنجتان ڕائەکێشم ئەو یاسایانەی کە ئێمە لێرە دەری ئەکەین بەرپرسیاریەتی ئەمانە بۆ نەوەکانی دوارۆژمانە لەبەر ئەوە تکا ئەکەم با بە شێوازێکی گشتگیری بکەین، هەر لێرەوە من لە سۆنگەی ئەو دەسەڵاتانەی کە بۆ سەرۆکی هەرێم دیاری کراوە، پێم وایە ماددەی (٣) زۆر زیادە لەبەر ئەوەی لە ماددەی (٢) بە تەواوی باسی لێکراوە هەرچەندە من پێم وایە ئەو دەسەڵاتانە زۆر زۆرن، بۆیە من پێم باشە و پێشنیاز دەکەم، کاندیدی سەرۆکی هەرێم نابێت ئەندامی هەمان حزب یان هەمان هاوپەیمانیەتی بێت کە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومی یان حوکمەت، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە جەم سەرگیری تاك ڕەوی دەسەڵاتی دکتاتۆری، لێرەوە پشتگیری خۆم بۆ وتەکانی (د.کاظم)، (د.شێرکۆ)، کاك (دیاری) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز(جوان) خان، فەرموو.

**بەڕێز جوان يونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتەکانی تەشریفییە نەك فعلی، سەرۆکی هەرێم رەمزێکی سیاسییە نەك ئیداری، واتە سەرۆکی هەرێم بەرپرسیار نییە لە ئیدارەدانی حوکمەت و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری تا بەر پرسیار بێت و لێپرسینەوەی لێ بکرێت، لەبەر ئەوە منیش پشتگیری لە هەڤاڵانم دەکەم و پەرلەمانی کوردستان سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵبژێرێت و بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە بە پەسەند کردنی دەستوور، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سۆران)، فەرموو.

**بەڕێزسۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢)ی راپۆرتی لیژنەی یاسایی هەمواری ماددەی (٢) یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کراوە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم ماددەی (٣)ی پرۆژەی لیژنەی یاسایی بەم جۆرەی لێبکرێت، (هەمواری ماددەی یەکەم و دووەم و سێیەمی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموار کراوی سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێت) بەم جۆرە:

ماددەی (١)

بڕگەی یەکەم لادەبرێت ماددەی دووەم و سێیەم بەم جۆرەی لێدێت:

بڕگەی یەکەم: پەرلەمانی کوردستان/عێراق بە هەوڵدانێکی راستەوخۆ سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئاستی دەرەوەش نوێنەرایەتیان دەکات و بە ناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.

بڕگەی دووەم: ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم (٤٩) ساڵەو دەکرێت تەنها یەك جاری دیکە هەڵبژێردرێتەوە کە ئەمە ماددەی (٧٢)ی دەستووری عێراقیشە، ئەگەر بەم جۆرەی لێبکرێت ماددەی (٤) لە پرۆژەکەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بڕگەی (١) خاڵی (٥) لادەبرێت ماددەی (٥) بڕگەی (١) لە پرۆژەکە لە راپۆرتی لیژنە ئەو کاتە لادەبرێت چونکە لە وێ ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بۆ یەك خول دانەنراوە بەڵام نەوتراوە بۆ چەند جارە دەبێت بۆ یەك جار بێت یەك جاریش یارای دووبارە بوونەوەی هەبێت نەك تەحدید نەکرێت و بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها ئێمە دەرگای گفتوگۆمان لەسەر ماددەی (٣) کردۆتەوە جگە لەوەی کە دەگەڕێینەوە بۆ قانوونی سەرۆکایەتی هەرێم لەوێ ویلایەتی بەڕێز سەرۆکی هەرێم دیاری کراوە کە تەنها بۆ دوو ویلایەتە، بەڕێز (رۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دەکەم کو مادا (٣) ژ یاسا کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەروکی هەریم کوردستان/عێراق شیوازی هەڵبژاردنی سەرۆکە هەرێم تا پەسەند کرنی دەستوور وەك خۆی بمینێتەوە، پشتگیرە قسەکانی هەڤالێت خۆ دکەم کاك (بهمن)، کاك (رزگار)، کاك (حیکمەت)، (جوان)خان، (حسیبە) خان، کو پەرلەمانی کوردستان/عێراق سەرۆکیت بۆ هەرێم هەڵبژێرێت ئەو ئەرك و دەسەلاّتانەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان/عێراق هەیە تا پەسەند کردنی دەستووری کوردستان/ عێراق کە تێدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەسەلاتەکانی دیار دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێزسەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ خاڵم لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، خاڵی یەکەم: بەپێی ئەو ماددەیە، ماددەی (٣) کارا کردنەوەی دامەزراوە سەرۆکایەتی هەرێم تا پەسەند کردنی دەستوور کاتییە واتە میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆك دەسەلاّتەکانی لە دەستوور یەکلا دەبێتەوە، ئەوەش دیارە کە دەستوور بۆ هەرێم دەنووسرێتەوە، خاڵی دووەم: بەپێی ئەو ماددەیە گۆڕانکاری لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك کراوە لە هەڵبژاردنی راستەوخۆ بۆ ناراستەوخۆ واتە لە گەلەوە بۆ پەرلەمان و ناکرێت بە هەمان دەسەلاّتەوە کە لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) کە سەرۆك (١٨) دەسەلاّتی بۆ دانراوە پەرلەمان سەرۆك هەڵبژێرێتەوە بە هەمان دەسەلاّت واتە سیستەمەکە ناکرێت سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێرێتەوە و بەو دەسەلاّتانەی کە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)، بەڵکو دەبێت دەسەلاّتەکانی لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانیدا یەك بگرێتەوە، خاڵی سێیەم: لەبەر ئەوەی پەرلەمان سەرۆك هەڵدەبژێرێت دەبێت سەرۆك بە دەقێکی یاسایی (خاطع) بێت بۆ پەرلەمان و پەرلەمان بتوانێ لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (ئومێد)، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە گفتوگۆکە لەسەر ماددەی (٣) وەك خاڵێکی نیزامی ئەو بەرێزەی کاك (سیروان) باسی لەوە کرد سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان رادەکێشم حەقی چەند ئەندامێکی پەرلەمان نییە ئەندامانی تری پەرلەمان لە سیلسیلەی ئیجرائاتدا سەرنج راکێشان ئیجرائاتە بۆیە داوا دەکەم لە پرۆتۆکۆل بسترێتەوە دەکرێت بێ ئاگاداری بە ئەندامان پەرلەمان دەدەم یان روون کردنەوە بەلاّم سەرنج راکێشان بە پێی ماددەی (٥٥) بڕگەی دووەم داوا دەکەم ئەو قسەیە لە پرۆتۆکۆل بسترێتەوە، لە (٢٠٠٥) لە یاسای سەرۆکایەتی

له (٢٠٠٩) ئەو گفتوگۆ و جەدەلەی کە لە نێوان هێز و لایەنە سیاسیەکان بووە لە چەند ساڵی رابردوو تا دوا جار بە هۆکاری ئەوەی کە بە پێی دوو یاسا دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە کارەکانی راگیرا و دەسەلأتەکانی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دابەشی سەر دامەزراوە دەستووریەکان کرا، ئێمە لە گفتوگۆی ناونیشانەکە رێك کەوتین وە کۆتایی بە گفتوگۆش هات لەسەر ئەو بابەتە زۆر روونە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە کارا دەکرێتەوە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هەمورا دەکرێتەوە، قسە کردن لەسەر دەسەلأتەکانی وە هەموو بابەتەکانی دیکەدا لە ناونیشانی بابەتەکە روونە کە ئێمە ئێستا گفتوگۆی لەسەر ئەوە دەکەین بۆیە سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان سیستەمی پەرلەمانیە و لە دوو رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەوەی کە رێکارە پەرلەمانیەکانی ئەویدیکەش کە لە ناوەراستی ئامادەکاریەکاندا بوین لە لیژنەی دەستووری زۆر بە روونی باس لەوە دەکات کە سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان سیستەمی پەرلەمانیە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم سیستەم دیاری ناکات، بۆیە ئەوەش مافێکی دەستووری خەڵکی کوردستانە، دەکرێت ئەو پەرۆشییە بە جۆرە بیتن بۆ بوون بە خاوەنی دەستوور پەلە بکەین ئێمە کە فراکسیۆنەکان دەستبە کار بین هێز و لایەنە سیاسیەکان هاوکار بین ببینە خاوەنی دەستوور کە مافێکی خەڵکی کوردستانە دەستووری هەبێت، و هەروەها لە بابەتی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە چەند ساڵی رابردوو ئێمە گەیشتووینە ئەو قۆناغە ئەوەی ئێستا جۆرێکە لەو تەوافوقات و سازان و گەیشتنە هاوبەشەی کە بەو جۆرە هەم دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کارا دەکرێتەوە بۆیە من پشتگیری لە ماددەی (٣) دەکەم لە هەموو ئەو بەرێزانە دەکەم کە پشتوانی بۆ ئەو ماددەیان دەربڕی، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(مژدە)خان، فەرموو.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) دا ئاماژە بەوە کراوە پەرلەمانی کوردستان/عێراق سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت بەو ئەرك و دەسەلأتانەی کە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/عێراق هەیە تا پەسەند کردنی دەستووری کوردستان/عێراق من پێم وایە مێژووی دەستوور بە هیچ شێوەیەك دیاری نەکراوە وە هیچ زەمانێك نییە کە دەستووری هەرێمی کوردستان دەنووسرێتەوە یاخود پەسەند دەکرێت پێی وایە موبەریرێکی زۆر زەعیفە و ماددەی قانوونی نا بێت بە شتێکەوە ببەسترێتەوە کە هیچ وجودێکی نییە، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بهجت)، فەرموو.

**بەرێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز داخازت کەم مادێ (٣) پێشنیارا یاسایێ کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/عێراق وەکو خۆ بێتە جێبەجێ کرن وە پشتگیری کاک (ئومێد) دەکەم، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو (هلز)، فەرموو.

**بەرێزهلز احمد محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان رەئی مە دگەل ئاخافتنێت بەرێز (سەرچنار) ل بەر هەندێ هەمان رەئی من هەیە، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالا فەرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز (سوسن) خان، فەرموو.

**بەرێزسوسن محمد میرخان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی خۆم لە ماددەی (٣) دەردەبڕم بەدەر لە حوکمی ماددەی (٢٩) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندایە، پشتیوانی خۆمان رادەگەیەنین و هەروەها پشتوانی لە بەرێز مەلا (وەیسی)، کاك (رزگار)، کاك (بهمن)، کاك (جەلال) دەکەم، زۆر سوپاس.

بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:

کاك (عبدالستار)، فەرموو.

**بەرێز عبدالستار مجید عبدالقادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەو رستەیەی کە دەڵێت پەسەند کردنی دەستووری هەرێم من پێم وایە ئەوە پێویست ناکات، چونکە لە رووی پلە بەندییەوە دەستوور لە سەرووی یاساکانی نیشتمانییەوەیە، و هەرکاتێکیش ببین بە خاوەنی دەستوور ئەو کاتەی دەبێت هەموو یاسایەك کە ئێمە هەمانە لەگەڵ دەستوور بگونجێت، بۆیە من پێم وایە ئەو دەقە پێویست نەکات لەگەڵ هەندێ شتی دیکەش کە باسیان کرد من پشتگیریان دەکەم، ئێمە مادەم سیستەمەکەمان پەرلەمانییە و سەرۆکیش لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت من پێم وایە ئەو دەسەڵاتانەی کە باس کراوە ئاماژەی پێکراوە بەم شێوانە هەندێکیان هەموار بکرێتەوە، بڕگەی هەشتەم بەم شێوەیەی لێبکرێت، (جاردانی باری نائاسایی بە راوێژ و رێکەوتن لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و بەپێی یاسایە).

**بەرێز د.ڤالا فەرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عبدالستار) ئێمە تەنها لەسەر ماددەی (٣) دەدوێین لەسەر دەسەلاتەکان نادوێین، ئەو دەسەلاتانە بەڵێ داومانە بە دەستوور لێرە جێگای موناقەشە نییە، لێرە هەمواری یاساکە ناکەینەوە یاساکە وازحە ناوی

کاراکردنەوەیە وە شێوازی گۆڕینی هەڵبژاردنی سەرۆکە لە ناو خەڵکەوە بۆ پەرلەمان، تەنها لەسەر ماددەی (٣)، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالستار مجيد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی هەبوو لەگەڵ كۆمەلێك هەموار لەسەر دەسەلاَتەكانی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فەريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (جيهاد)، فەرموو.

**بەڕێزجهاد حسن ابراهيم :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز نابینم چ جیاوزیەكا مەزن تێدا هەبیتن كو بەری نوكە كو هەرێمێ لە ناو خەڵك هاتە هەلبژاردن كو ئەورۆكە لە ناو پەرلەمانێ بێتە هەلبژاردن ژ بۆ هەندێ، چونكە ئەڤرۆكە (٦٨) پەرلەمانتارا دنگێ خۆ دای ڤی پێشنیاز ئەم چ دەنگێت خەلكی هاتینە ڤێرێ كەواتە كوردستانێ ئەڤ چەند دەنگی خۆیدا دەنگێت خەلكینە، نوڤتا دوێ بەحس بكەم گەلەك بەحسێت ڤان ئەرك و دەسەلاَتە كر خو دەسەلاَت ئەو بەرێزبێت سەرۆكێت هەرێمێ دێت بەرژەوەندی یا خەلكیدا بەكار بینیت ئەڤرۆكە، ژوان ولاَتێ پێشكەڤتی ژ ئەو ئەڤیت سەرۆكێن ئەچیت دەسەلاَتێ لە ولاتێن پێشكەڤتی ژ كوبێژت حەتا ماددێ یەعنی دەمەكی مەتاتی ڤێ چەند لایەنێت دایە دەستووری جەنابێت هەوە قانوونینە چێتر دزانن مە دلێت خۆ حەتا شەشە حەفت مانگی دی دەستوورەكی ژ بۆ كوردستانی دامێن، پشتگیری ئەڤێ مادێ (٣) دكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فەريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (علی حمە صالح)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بارەی ئەو ماددە ئێمە كە پشتوانیمانكردووەئیمزامان لەسەر كردووە بەرهەمێكی تەواو تەوافقییە من حەز دەكەم تەوزیح لەسەر شتێك بدەم رەنگە لەسەر پیشنیازی ئێمە جێگیر كرابێت ئەویش تا نووسینەوەی دەستوورە فكرەكە ئەمە چییە، ئێمە تەمەننا ئەكەین لە زووترین كاتدا دەستوور بنووسینەوە، بەلاَم ئەگەر دەستوورمان نەنووسیەوە لەبەر هەر هۆكارێك بێت ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمان تەمەننا ئەكەین (٢) ساڵی تر بێت (٤) تر بێت تا زوو دەستوور بنووسینەوە باشە وەدیسانەوە داوا لە جەنابتان دەكەین وەك ئەركی خۆتان و بە هاوكاری فراكسیۆنەكان ئەم هەماهەنگییە دروست بكەن بۆ ئەوەی لیژنەكە فەعال بێتەوە و ئەو ئالوگۆڕانەش تیا بكرێت، دووەم هەڵبژاردن لە پەرلەمان دیسان تەئكید دەكەمەوە تا نووسینەوەی دەستوور ئەمە بابەتێكە واتا تا ئەو كاتەی دەستوور دەنووسینەوە سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێرێت لەگەڵ دەستوور

تەوافوق دەكەین و بێگوومان دەستووریش دەبێت بە تەوافووقی لایەنەكان بنووسرێتەوە، لە بارەی چەند خاڵێكی تر دیسان تەئكید دەكەینەوە رەنگە ئەوە خواستی پەرلەمانی كە هەمان بووە تیا جێگیر نەبووبێت وەك چۆن خولی پێشووش لە ئاخر گفتووگۆی چوار لایەنەكە لەگەڵ پارتی دیموكراتا جوان كرا بە شێوەیەك لە شێوەكان هەموومان رازی بووین سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت ئەو دەسەڵاتانەی لا بێت، ئێستا پرسیارەكە ئەمەیە هەندێ برادەر تەفسیرێكیان كردووە سەرۆكی هەرێم ئەتوانێ لە پەرلەمان هەڵبژێردرێتەوە كێ ئەتوانێ كێ هەڵوەشێنێتەوە دیارە كە سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتێكی رەمزی كاشفە، ئەوە یەكەم: بۆ نموونە زائد یەكی پەرلەمانتاران ئیستقالە ئەكەن كەواتە پەرلەمان خۆی هەڵوەشاوەتەوە سەرۆكی هەرێم ئیعلانی هەڵوەشانەوەی ئەكا نەك ئەوەی بڵێت پەرلەمانم هەڵوەشاندەوە، یان دوای (٤٥) رۆژ لە بانگ كردنی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانتاران نایێن بۆ كاری پەرلەمانی سوێندی یاسایی ناخۆن ئەوە پەرلەمان خۆی خۆی هەڵئەوەشاندۆتەوە و سەرۆكی هەرێم ئیعلانی دەكات دەتوانین وا بڵێین دەسەڵاتێكە رەمزی كاشفە، بەڵام پەرلەمانتاران تەبعەن سەرۆك وەزیرانیش بە دوو لەسەر سێ متمانەی لێ وەردەگیرێت رەنگە لە پەیرەوی ناوخۆیا زۆر موناقەشەمان كرد بیانووەكە ئەوە بوو یان هۆكارەكە ئەوە بوو لە پێناو ئیستقراریە ئەوە یەك، من پێم وایە ئەكرێت زۆرێكی تریشمان سەرنجمان هەبووبێت تا ئێرە بە نەتیجە گەیشتووین ئەوەی نەگەیشتووە بە نەتیجە دەستوو برد بكرێت و بە عەصابێكی سارد بە بیركردنەوەیەكە نیشتمانیانە بۆ ئەوەی دەستوور بنووسینەوە و كۆی سەرنجەكانی خۆمان لە دەستوورەكە جێگیر كەین، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم ماددە گرینگە وەك خۆی بمێنێتەوە بە دوو جێگرەكەشەوە كە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان كریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری هەڤاڵ عەلی حەمە صالح دەكەم، پشتگیری هەڤاڵانم دەكەم لە لیژنەی یاسایی، كە ماددەی سێ بەو دەقەی كە هاتووە جێگیر بكرێت لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٤) لە برگەی چوارەم لە خاڵی دووەم نابێت هیچ ئەندامێك وەڵامی ئەندامێكی تر بداتەوە، ئەمەی بەڕێز كاك عەلی حەمە صالح باسی كرد لەگەڵ ئەوە نین دوو جێگر هەبێت، كە لەلای سەرۆكی

فراكسيۆنی يەكێتی نيشتمانی كوردستان خاتوو بێگەردەوە پێشنياز كراوە، تكايە ئەمە لە پرۆتۆكۆل بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تكايە وەلامدانەوە نەبوو، دكتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەيە لەراستيدا تاوەكو ئەوەی كە پەرلەمانی كوردستانی عێراق سەرۆكێك بۆ هەرێم هەڵدەبـژێرێت من لەگەڵيدام، چونكە خواستی خۆمان بوو لە خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان، ئەوە بوو ئـەو كێشـەو ئاڵۆزييەشی لەسەر دروست بوو لە هەرێمی كوردستان، كە مەعلومی هەموو لايەكە، ئێستاكە ئـەم خواسـتە تەحقيق بووە، تەحقيق بوونی ئـەو خواسـتەی ئێمـە تـەنها بـۆ ئـەوە نـەبووە كـە بـەڕێز سـەرۆكی هـەرێمی كوردستان بەس تەنها ميكانيزمی هەڵبژاردنەكەی بگۆردرێت لەنێو خەڵكەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، بـەڵكو روحەكەی ئەوە بوو كە ئەم سەرۆكە بەرپرس بێت لەبەردەمی پەرلەمان، من پێموايە بە پێچەوانەوە ئێمـە ئەگەر سەرۆكێكی هەرێممان هەبێت، ئەم سـەرۆكەمان بـەرپرس بێـت لـە بـەردەمی پەرلەمانەكـەی خۆيـدا، هيچ نيشانەی زوعف نييە، هيچ نيشانەی نوقصانی نييـە، بـەڵكو بـە پێچـەوانەوە هێمـای قـوەتی خۆيـەتی، چونكە ئەم پەرلەمانە ئەو كاتە دەبێتـە سـەنديك بـۆ ئـەو، مولاحـەزاتی باشـی پێـداو موتابەعـەی دەكات و رەخنەو پێشنيازی بنياتنەری بۆ دەنێرێت، نەك هەد دانـی بـۆ بنێريـت، كەواتـە بـا ئێمـە بەراسـتی يـەعنی وەكو بلێی هەميشە كار دەكات مولاحـەزەكان دەوترێت بـە چاوێكی خـراپ سـەيری مولاحـەزەو تێبينـەكان ناكرێت و تەئويلی خراپی بۆ نەكرێت، هيچ نيشانەی نوقصانی نييە كـە سـەرۆكی هـەرێم بێتـە پەرلـەمان، مـادام لێـرە هەڵدەبـژێرێت بەرپرسـيش بێـت، هـەروەها ئێمـە كـە دەڵـێين سـەرۆكی هـەرێممان دەوێـت كـە دەسەلاتی هەبێت و بەهێز بێت، ئەم هەرێمـە تـەنها بـە ئەوەنـدە بـەهێز نابێـت كـە سـەرۆكی هەرێمەكـەی بـەهێز بێـت، بـەڵكو بـەوەش بـەهێز دەبێـت كـە دادگاكەشـی بـەهێز بێـت، كـە سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزيرانەكەشـی بـەهێز بێـت، كـە سـەرۆكی دادوەريەكەشـی بـەهێز بێـت، واتـا هـەر سـێ سـەرۆكايەتيەكە ئەنجومەنی وەزيران و پەرلەمان و دادوەری هەرسێكيان ئەگـەر بـەهێز بـن، ئينجا ئـەم هەرێمـەو سـەرۆكی هەرێم بەهێز دەبێت، كەواتە با هێـز نەدەينـە جەمسـەرێك لەسـەر حيسابی هێزەكانی تـر، ياسـای دابـەش كردنی دەسەلاتەكانی سەرۆكی هەرێم، كاتێك ئێمە لە خولی چوارەمدا ياسای دابەش كردنـی دەسـەلاتەكانی سەرۆكی هەرێممان دەركرد، منيش و جەنابيشت ئەندام بووين لەو خولە، بەراستی شتێكی خراپمان نەكرد، هەتاكو ئێستا بێين هەڵيبوەشێنينەوە، شتێكی باشمان كرد كە ئـەم دەسـەلاتانەمان دابـەش كـرد، بـۆ ئـەوەی هەر سێ دەسەلاتەكە هێز و قوەتيان هەبێت.

خاڵێكی تر، بەراستی لێرە جەنابت ئامـاژەت بەوە دا..............

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

گفتوگۆ تەنها لەسەر ماددەی سێیەمە.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە لام نەداوە، لێرە ئاماژە بەوە کراوە کە باسی دەستوور دەکرێت لەگەڵیشدا لە کۆتایی ماددەکە دەڵێت سەرۆك لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی کوردستان – عێراق دەکات و ...............هتد، ئەمە بەراستی زیادەیە، مادام باسی ئەوە کراوە بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق دەمێنێتەوە، ئیتر پێویست ناکات لێرەش کۆمەڵێك دەسەڵاتی تریشی بۆ زیاد بکرێتەوە، چونکە بۆی زیاد کراوە...

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زیاد نەکراوە لە خودی یاساکەدا هەیە.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

ئەگەر هەیە با نەنووسرێتەوە، پێویست ناکات.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر مولاحەزە بکەی لە بیدایەت نووسراوە بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی دوو، تکایە وردبینی یاسایی بن.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت پرسیارێك بکەم، جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێزان لیژنەی یاسایی وەڵامێکی زۆر وازیحمان بدەنەوە، چونکە ئەمە ئیشکال هەڵدەگرێت، ئەگەر جەنابت فەرمووت بەرپرسە لەبەردەمی پەرلەماندا، لەبەر ئەوە باسی متمانە لێ سەندنەوە کراوە، ئێمە دەمانەوێت ئەگەر ئێوەش لەگەڵ ئەم مەبەستەن کە بەرپرس بێت لەبەردەمی پەرلەمان، با بە نیو رستەش بێت ئاماژەی پێ بکرێت لەم یاسایە، بۆ ئەوەی بەراستی ئێمەش زەمیری خۆمان مورتاح بکەین، چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز رێڤنگ فەرموو.

**بەڕێز رێڤنگ محمد محمدعلی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای مەزن.

ئەڤرى ل گەل ڤی مادده سێمە ژی راپۆرتا لیژنا یاسایی کو بێتە جێ بـەجێ کـرن، گەلـەك پەرلـەمانتارێ مـە بەحسێ دەستوور دکەن، دیارە ترسەکا ئەوان هەیـە، ئەگـەر دەسـتوور بـۆ کوردسـتان نەیتـە دانـانێ نـەبتنێ یاسای سەرۆکایەتیا هەرێمێ، بەلکو زۆر دەسەلاٚتداریا مە کوردستانێدا سەقەتیان تێدا هـەی، ژ بـەر هەنـدێ پشتگیریا ڤێ مادده دکەین و هەمی ژی پشتگیر بن بۆ لە زیل دانان دەستوور دکەین، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالاٚ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز خاتوو ئاشنا فەرموو.

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کاك عەلی ئەو قسانەی کرد کە من مەبەستم بوو، من تەنها پشتگیری دەکەم، منیش لەگـەڵ مانـەوەی ئەو ماددەیەم وەکو خۆی سوپاس.

**بەرێز د.ڤالاٚ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك بەڵێن فەرموو.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پشتیوانی لە قسەکانی بەرێز کاك عەلی حەمە صالح دەکەم سەبارەت بەوەی کـە ئـەم ماددەیـە لـەناو ئـەم پێشـنیازی یاسـایە هـەنگاوێکی گـەورەو گرنگـە بـەرەو سیسـتەمی پەرلـەمانی بـڕۆین، دیـارە سیستەمەکە ناکاتـە سیسـتەمێکی پەرلـەمانی، بـەلاٚم هـەنگاوێکی گـەورە بـەرەو پـێش چووین، خـاڵی دووەم پێشنیاز دەکەم کە بڕگەی یەکەم لە ماددەی پێنجەمی ئەم یاسایە لابرێت و لێرە بڕگەی دووەم بۆ مـاددەی سێیەم زیاد بکرێت کە ماوەی خولی سەرۆکی هەرێم کـە لـە پەرلەمانـەوە هەڵدەبـژێردرێت بـۆ چـوار سـاڵە، تەنها یەکجاریش دەتوانرێت هەڵبژێردرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز د.ڕێواز فەرموو.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من چەند تێبینیەکی یاساییم هەیە، بەرێزتان دەزانن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان کە دووبارەکردنەوە لە ناو تەشریعاتدا و لە قوانیندا بەدەرە لە هونەری یاسادانان و لە داڕشتنی یاسایی، لە ماددەی سێیەمی یاسای دابەشکردنی دەسەلاٚتەکانی سەرۆکی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) لە مادده سێدا هاتووە کارکردن بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو رادەگیرێت تاوەکو کۆتایی، مادام ئێمە لە ماددەی دووەمدا هاتووین ئەم یاسایە هەڵدەپەسێرین کەواتە ناوەڕۆکی یاسای ژمارە یەك جگەلەو هەموارکردنەوانەی کە ئەمڕۆ لەم یاسایە دەکرێت ناوەڕۆکەکەی تەفعیل دەبێتەوە بە

تەواوی، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە بەم شێوەیە ماددەی دوو دابڕێژرێتەوە، بەدەر لە حوکمی ماددەی یەکەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو پەرلەمانی کوردستان - عێراق سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت، لەوێدا کە دەڵێ ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق هەیە تا پەسەندکردنی دەستووری کوردستان - عێراق کە تێیدا تاوەکو کۆتایی هەڵبگیرێت، تەنها ئەو بەشەی دووبارە بکرێتەوە کە دەڵێ سەرۆك لەسەر ئاستی ناوخۆ، چونکە ئەوە بەشێکە لە ماددەی (٢) کە ئێمە سیاغەی ماددەی دووەمان کردۆتەوە، قسەیەکی تر دەکەم سەبارەت بە تەواوەتی یاسایی دەکەم سەبارەت بە مەسەلەی بەرپرسیاریەتی سەرۆك لەبەردەمی پەرلەمان، بەڕێزتان دەزانن ئەگەر دەسەڵاتی تەنفیزی دووانەبوو، واتە سەرۆك هەبوو و سەرۆکی کابینەش هەبوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێم بێت، سەرۆکی کۆمار بێت، هەر ناوێکی لێ بنێی تەنها بەرپرسیاریەتی جینائی دەبێت، بەرپرسیاریەتی سیاسی نابێت، بەرپرسیاریەتی هەڵسوکەوتی یان بابڵێین کردەی تەنفیزی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بەشەکەی کە ناوی کابینەی حکومیە، لەبەر ئەوە ئێمە با لێرە قسەیەك بکەین کە خۆمان بڕوامان پێی نیە، ئومێدێك بە شتێك هەڵواسین کە لە ئەسڵدا لە فقهی قانونیدا وجودی نیە، ئەوەی کە لە ماددەی (١٦)ی یاساکەدا هاتووە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) لە راستیدا ئەوە پێی ناوترێت بەرپرسیاریەتی لەبەردەمی پەرلەماندا، ئەوە دوو حاڵەتی زاتیە، پەیوەندی بە کەسی سەرۆکی هەریمەوە هەیە لەو دوو حاڵەتەدا تەنها پەرلەمان دەتوانێ بە (٤/٣) ئەم دەسەڵاتەی لێ وەرگیرێتەوە یان پۆستەکەی لێ وەرگیرێتەوە، دوو حاڵەتەکە مەوزوعی نین، واتە لەبەر کردە سیاسیەکانی نین، لەبەر کردە تەنفیزیەکانی نین، بەڵکو لەبەر ئەوەیە خۆی داوا دەکات، یان ئەوەیە توانای مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی خۆی نامێنێت، دەمەوێت بەڕێزتان و رای گشتیش بەرچاویان روون بێت کە بەهاترینیان بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمانی کوردستان بەرپرس نابێت لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا سەبارەت بەو کردە سیاسیانەی کە بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی لە قانونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) دا هاتووە ئەنجامی دەدات، هەر شتێکی تر بەدەرلەمە بگوترێت ئەوە لە دەرەوەی مەنتقی قانونیە، لە دەرەوەی ئەوەیە کە لە ناو سیستەمی پەرلەمانیدا هەیە، هەروەها پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز بێگەرد خان دەکەم بەوەی کە جێگرەکان بکرێن بە دوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ڕێز خاتوو رۆژان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکانی من و پێشنیارەکانی من لەلایەن خاتوو بێگەرد و د.رێواز خرایە روو، پشتیوانی پێشنیارەکانی ئەوان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز زکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتگیریا پێشنیارا بەڕێز خاتوو بێگەرد دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتگیری و پاڵپشتی پێشنیارەکەی خاتوو بێگەرد دەکەم، لەگەڵ ئەوەدا پێشنیار دەکەم ئەوەی کە باس لە نووسینەوەی دەستوور دەکات سەقفێکی زەمەنی بۆ دیاری بکرێت بەو شێوازە بە کراوەیی نەبێتەوە و کاتەکەی دیاری نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو سلما فەرموو.

**بەڕێز سلمی فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتیوانی لە قسەکانی خاتوو بێگەرد دەکەم کە ماددەی (٣) بکرێتە دوو بڕگە وەکو ئەوەی بەڕێزیان ئاماژەیان پێکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە پەرلەمانی کوردستان سەرۆکێك بۆ هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرێت، هەروەکو لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراودا هاتووە لە هۆیەکانی دەرچوونی یاساکەدا هاتووە سەرۆك یەکێتی گەلٚ و وڵات بەرجەستە دەکات، کەواتە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم یاسایەکی گرنگی نیشتیمانیە، تەواو رەهەندێکی نیشتیمانی هەیە و پێویستی بە سازانی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانە کە بۆ ئەوەی سەرۆك سەرۆکێکی بەهێز بێت و تەعبیر لە تەواوی خەڵکی کوردستان بکات، بۆیە پێشنیار دەکەم هەروەك ئاماژە بەوەکرا سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانیە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم یاسایە بە شێوازێك هەمواربکرێتەوە کە لەگەڵ سیستەمێکی پەرلەمانی بگونجێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە دەستووری هەرێم جێگیر بکرێت، هەروەها پێشنیار دەکەم لە ماددەیەك بۆ ئەم پێشنیارە یاسایە زیادبکرێت بەوەی بە ماددەی چوارەم دەستووری هەرێمی کوردستان لە نیوەی یەکەمی

خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئامادەبکرێت بۆ راپرسی و شێواز و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەو دەستوورەدا بە ئاڕاستەی سیستەمی پەرلەمانی دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوتنا من دەربارێ ماددەیا (٣) پێشنیارا یاسایا کاراکرنا دامەزراوەیا سەرۆکایەتا هەرێما کوردستانێ-عێراق هەمبارێ شێوازا هەڵبژاردنا سەرۆکی تاوەکو پەسەندکرنا دەستووری ژ لایێ کاك دیار هاتنە گوتن، ئەز پشتگیریا گوتنێت وی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو شادی فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموایە هاوڕێکانم زۆرێك لەو خاڵانەی تریان وەکو ماددەی پێشوو باسکرد، هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە لە سەرۆکی هەرێم دەبینێت، پێموایە پێویستە هەمواری ئەم یاسایە هاوپێچی ئەم پێشنیاری یاسایە بکرێت، چونکە ناکرێت ئێمە پێمانوابێت سیستەمێکی پەرلەمانیمان هەیە، بەڵام سەرۆکی هەرێم ئەم هەموو دەسەڵاتەی هەبێت کە لە یاساکەدا هەیەتی، بۆیە پشتگیری هەموو ئەو هاوکارانەم دەکەم کە پێشنیاری ئەوەیان کردووە هەمواری ئەو یاسایە بکرێتەوە و بتوانرێت دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بە تەواوەتی بکرێتە سیستەمی پەرلەمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتیوانی لە قسەی تەواوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەکەم کە خەمی زوو نووسینەوەی دەستووریانە، لەم ماددەیە ئاماژە بەوەکراوە دیسانەوە پرسی نووسینەوەی دەستوور ئاماژە پێکراوە، لەم ماددەیە من پێشنیار دەکەم کە دوو فەقەرەی بۆ زیاد بکرێت ئەگەر ئیمکانی هەبێت ئەویش ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم کە تەنها یەك جێگری هەبێت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانی عێراقەوە هەڵبژێرێت بۆ ماوەی چوار ساڵ، لە رۆژی سوێند خواردنیەوە دەشێت تەنها بۆ یەکجاری تر هەڵبژێردرێتەوە، دووەم سەرۆکی هەرێم بەردەوام دەبێت لە کارەکانی تاوەکو هەڵبژاردنی خولی نوێی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ هەرێم لە ماوەی (٣٠) رۆژ لەکەم دانیشتنیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی وەڵام و ڕوونكردنەوەتان هەیە بفەرموون، سەرۆكی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

داخازێ ژ تەدكەم ئەگەر مەجالی بدەن ژبەر كو دوو تا سێ پرسیار هاتنە ئاڕاستەكرن بە سیفەتێ لیژنەیا یاسایی، سەبارەت بە دانیشتنا ئەڤرۆ پێشنیازا نوكە لەبەر دەستێ مەدایە بەراستی بەحس ل سالاحیاتا سەرۆكی هەرێمێ ناكەت كو ئەڤ سالاحیاتا دێن دڤێ پێشنیازی بۆ سەرۆكێ هەرێمێ هاتبنە زێدە كرن، پەرلەمانتارەكی ئیشارەت پێدا كو سەرۆكی هەرێمێ نوێنەرایەتیا خەڵكی كوردستانێ دكەت ل سەر ئاستێ ناڤخۆ و ل سەر ئاستێ دەرڤە، ئەڤە ل یاسایێ ژمارە (١)ی سالا (٢٠٠٥) دا هەیە، نەك ئەوە كو ل راپۆرتا لێژنەیا یاساییدا مە ئەڤە ئیزافەكریە یان سەلاحیاتا بۆ سەرۆكێ هەرێمێ زێدە بوویە، سەبارەت بە سەلاحیاتا سەرۆكێ هەرێمێ بە شێوەیەكی گشتی تەبعەن ئەگەر سەرۆكێ هەرێمێ ئەو دەسەلاتێت كو نوكە هەین بە یاساییێت بەركارییێت هەرێما كوردستانێنە، پتر زان سەلاحیاتا پرۆتۆكۆلینە، سەلاحیاتا گەلەك مەزنن، وەختێ پەرلەمان سەلاحیات گەلەكێت مەزن بەهێز نەدەت سەرۆكێ هەرێمێ پەرلەمان هەند یا مەعقول ژی نینە هەر چاڤ ل موحەسەبەیا وی سەرۆكی بیت ژبەر كو سەلاحیاتەكا پرۆتۆكۆلینە، نە تشتەكێ بەهێزە، پەرلەمانتارەكی بەڕێز ئیشارەت بە هەندێ دا كو ل عێراقێ بە شێوەیەكە و ل ڤێرێ بە شێوەیەكێ دیە، دەستووری عێراقێ ماددەیەكێ وازح ئیشارەت پێدایە كو هەرێما كوردستانێ دشێت تەشریع بكەت، دشێت دەستووری بۆ خۆ دابنێت، دشێت نیزامێ خۆ دیار بكەت (ماعدا) خیلاڤ ئەوی ماددێ دەستوورێ عێراقێ نەبت ئەڤ سەلاحیاتێت وی بۆ حكومەتا ئیتیحادی هاتینە دیاركرن، پرسیارەكا دی هاتیە ئاڕاستەكرن بۆ لیژنەیا یاسایی، ڕاستی خۆ دگەل وێ شێوازێ ئاخافتنێ نیمە، بەلێ ئەگەر مە رویا ڕاستی بڤێت ئەگەر مە ڤێرێ كە خەما مە خەلك بت ئەز ئەوە جواب دەمەوە كو سەرۆكا لیژنەیا یاسایی، ئەگەر خەما خەڵكی بت چ ل وێ باشتر نینە سەرۆك ل لای خەڵكی ڤە بت و خەڵك موحەسەبەیا سەرۆكی بكەت، نە ئەڤرۆ ل ڤێرێ موزایەدە بێنە كرن، بۆ هەندێ كو بە ناڤێ خەڵكی و نوێنەرایەتیا خەڵكی بێتە كرن، نەخێر، چش وێ باشتر نینە خەڵك سەرۆكی هەڵبژێریت و خەڵك موحاسەبەیا وی سەرۆكی بكەت، دیموكراسی ترە ژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من هەر خۆ ناوی خۆشم نووسی بوو، بمبوورن، تێبینیەکم هەبوو لەسەر ئەم خاڵە، هەر لە لیژنەی یاساییش گفتوگۆمان کرد، بەڵام هەر ئەوها هات بۆ پەرلەمان، من لەگەڵ ئەوەدام ماددەی (٣) یەعنی لەگەڵ ئەم هەموو بیروبۆچوونانە و کە بیروبۆچوونی خۆشمە کە هەم لە ناونیشانی یاساکەمان و هەم ماددەی (١، ٢) خۆی بەراستی یەعنی ئەم تەئکیدکردنەوەی ماددەی (٣) لەمە ناوێت کە هەڵدەبژێردرێت بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە تاوەکو پەسەندکردنی دەستوور، لەبەر ئەوەی لەسەرەوە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکەینەوە و تاوەکو پەسەندکردنی دەستووریش کار دەکات، کەواتە وەکو خۆی لێرە تەئکیدی کردۆتەوە، هەروەها لە ماددەی (١، ٢)ش یاسای سەرۆکایەتی هەرێم خۆی نووسراوە، یاساکە ئەرك و دەسەڵاتەکانی دیارە، کە هەڵی دەوەشێنیەوە و بەرکاری دەکەیەوە کاری پێدەکرێت یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئەوە ئەم دەسەڵاتانە دەگرێتەوە و هیچ دەسەڵاتێکی نە کەم کراوەتەوە و نە زیادکراوە، لەو حاڵەتەی ئەگەر ئەم پێشنیارە هەر وەکو خۆی جێ بەجێکرا من لەگەڵ ئەوەدام ئەم دەستوورە لەبەر ئەوەی لە خولی سێیەم و لە خولی چوارەم و لە خولی پێنجەم دەستوورمان نووسی هەڵمانوەشاندەوە، نووسیمان لە ناوەڕاستی رێگا راوەستاین، با لێرە پەرلەمانی کوردستان بەراستی پێموایە زۆربەی برادەران رەئیان وایە حەقە حیزبەکانیش بیر لەوە بکەنەوە دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان بنووسرێتەوە لە ئێستاوە، با لێرە پەسەندکردنی دەستوور کاتێکی بۆ دیاری بکەین، کاتەکەش با نەگاتە نیوەی کۆتایی ئەم خولی پێنجە، بۆ ئەوەی ئەم یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و نووسینەوەی دەستوور و دیسان هەموارکردنەوە و دەنگدانەوە و گەڕاندنەوەی خولێکی تر و چەند خولێکی تر پێوە گیرۆدە نەبێت، من تەنها لەگەڵ ئەوەدام ماددەکە وەکو پێم گوتن ئەمەی لێ هەڵبگیرێت لەبەر ئەوەی لەسەرەوە هەیە، ئەگەر هەڵناگیرێت کاتێك بۆ دستوور دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من دەمەوێت روونکردنەوەیەك بدەم لەوەی کەوا هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی کرد، سەبارەت بەوەی کەوا هەندێکیان پێیانوایە نیزامەکە پەرلەمانی نیە، دەمەوێ سەرەنجی هەموو بەڕێزان بۆ ئەوە رابکێشم حیکمەت لە نیزامی پەرلەمانی تەنها ئەوەیە کەوا دەسەڵاتێك واتە دەسەڵاتی تەنفیزی سەرجەم لە ژێر رەقابەی پەرلەماندا بێت، لەبەر ئەوەی سەرۆك لە پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت حاسڵ تەحسیلە لە ژێر رەقابەی پەرلەماندا بێت، پێمانوایە نیزامەکە پەرلەمانیە، خاڵێکی تر هەر لەسەر قسەی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە پێیان وابوو کە سەرۆك ناکرێت بە زۆرینەی رەها هەڵبژێردرێت، بەڵام بە دەنگێکی زیاتر متمانەی لێ وەربگیرێتەوە، دەمەوێت سەرەنجتان بۆ ئەوە رابکێشم و دەمەوێت ئاگادارتان بکەمەوە لەوەی کەوا چۆن لە پەیڕەوەکەی خۆتان

سەرۆكی پەرلەمان واتە دەستەی سەرۆكایەتی بە پێی ماددەی (١٤) بە زۆرینەی رەها هەڵدەبژێردرێن، هەورەها بە هەمان شێوەش بۆ متمانە لێوەرگرتنەوەی بە (٣/١) بە پێی ماددەی (١٥) متمانەی لێوەردەگرن، ئەمە دەشێت بە هەمان شێوازیش، كەواتە ئەگەر سەرۆكی هەرێم بە هەمان شێواز بە زۆرینەی رەها هەڵبژێردرێت و دەشێت بە دەنگێكی زیاتر واتە (٣/٢) متمانەی لێوەربگیرێتەوە ئەمە حاڵ خاڵێكی دروستە، هەروەها دەمەوێت خاڵێكی تر روون بكەمەوە ئەوەیە كەوا بە پێی ماددەی (٧٩) لە پەیڕەوی ناخۆ هیچ برگە و بابەتێك واتە لە هەمواركردنی یاسایەكە دانانی یاسا دەبێت رەچاوی بارگرانی دارایی بكرێت، بۆیە پێموایە دەبێت یەك جێگر بۆ سەرۆكی هەرێمی كوردستان جێگیر بكرێت، ئەگەر لە حاڵەتی زیادكردنی جێگری دووەم بارگرانی دارایی لەسەر حكومەتی هەرێم و لەسەر دامودەزگا تەنفیزیەكان زیاد دەكات بەوەی جێگری دووەم پلە تایبەتە مووچەیەكی زەبەلاحی دەوێت، نووسینگەی تایبەتی دەوێت، پاسەوانی تایبەت و ئۆتۆمبێل ئەمە دەبێتە بارگرانی بۆ سەر كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان، بۆیە داوا دەكەم بە یەك جێگر تەسبیت بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو روپاك فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، لەسەر پێشنیاری ماددەی (٣) كە چۆن بێت من پێموایە ماددەی (٣)ی پێشنیاركراو تاوەكو پەسەندكردنی دەستوور پێویست نیە، چونكە لە رووی پلە بەندیەوە دەستوور لە سەرووی یاسا نیشتیمانیەكانیەوەیە، كە هەرێم بووە خاوەنی دەستووری نووسراوی خۆی دەبێت سەرجەم یاساكان لەگەڵ دەقە دەستووریەكان بگونجێندرێت، هەروەها پێموایە باسی زۆر لەسەر سیستەمی پەرلەمانی كرا، من وەكو یاساییەك و وەكو ئەندام لە لیژنەی یاسایی بە پێویستی دەزانم ئەوە بخەمە روو بە پێی ئەم پێشنیارە سیستەم نابێتە پەرلەمانی، چونكە یەكێك لە خاسیەتەكانی سیستەمی پەرلەمانی دووانەیی دەسەڵاتی جێ بەجێ كردنە، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی كردەیی هەیە، سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتی رواڵەتی هەیە، بەم پێیە چونكە دەسەڵاتی رواڵەتی هەیە خازع نابێت بۆ لێپێچینەوەی لەبەردەم پەرلەمان، تەنها سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران خازع دەبێت بۆ لێپێچینەوە لەبەردەم پەرلەمان، چونكە لەم پێشنیارە وا ئاماژەی پێكراوە كە سەرۆكی هەرێم بە تەواوی دەسەڵاتەكانیەوە كە لە یاساكە هاتووە سەرۆكی هەرێم پەرلەمان هەڵیدەبژێرێت بۆیە سیستەم نابێتە پەرلەمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ارشد فەرموو.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

داوا دەکەین تاوەکو پەسەندکردنی دەستوور هەموو ئەرك و شێوازی هەڵبژاردن لە دەستوور دیاری بکرێت، پشتیوانی لە سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو روبینە فەرمووو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتگیری لە ماددەی (٣) دەکەم، سەرۆکێك هەڵبژێردرێت بە هەمان ئەرك و دەسەڵات، چونکە نوێنەری هەرێمی کوردستان و عێراقە بە هەموو پێکهاتەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك کاوە نوقتەی نیزامت هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە لە ماددەی (٥٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ لە بڕگەی چوارەم لە دووەم دەڵێت نابێت ئەندام وەڵامی ئەندامێکی تر بداتەوە، یان توانجیان لێ بدات، یان ئاخاوتنی خۆی یان ئاخاوتنی ئەندامانی تر دووبارە بکاتەوە، تەنها دەتوانێت پشتگیری بکات، بۆیە من لە روانگەی ئەو ماددەیە پێشنیار دەکەم قسەکانی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی کە باسی لە موزایەدەی سیاسی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان دەکات لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك هلز فەرمووو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمان بۆچوونێ کاك کاوەم هەیە، چونکە دەمێ سەرۆکێ لیژنەیەکا تەوزیحاتا دەت پێتڤیە نەبێژیتن ئەندام پەرلەمان موزایەداتا دکەن، بە دیتنا من ئەڤە ئیحتیمالە ئاخافتنەکا نەشیاو بت بۆ کەسایەتیا پەرلەمانی، ژبەر هەندێ ئەز داخازێت دکەم ئەڤ قسە بێتە ژێ برن ل پرۆتۆکۆلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئاخافتنێك کرابێت بە پێچەوانەی ئەوەی کە پەیڕەو رێگای پێ دەدات لە پرۆتۆکۆل رەش دەبێتەوە، دیارە منیش وەکو ئەندامی پەرلەمان هەم بۆم هەیە روونکردنەوە بدەم و لای خۆشمان نووسی بوو، بەڵام مامۆستا مەلا هەورامان و د.رێواز چەند مولاحەزەیەکی یاساییان داوە و تەوجیهیش بوو بۆ من، داوای روونکردنەوەشی لە من کرد لەسەر ئەو بابەتە، ناچار دەبین رێگامان پێ بدەن بەڕێزان ئەندامانی

پەرلەمان، ئێمەش سێ خولەك لەسەر ئەو بابەتانە بكەین كە گفتوگۆی لەسەركراوە، هەم وەكو ئەندامی پەرلەمان و هەمیش وەكو ئەو حەقەی پەیڕەو پێیداوین كە بۆمان هەیە وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان بدەینەوە كاتێك داوای روونكردنەوەمان لێ دەكەن، ئەوەی كە پەیوەستە بەرپرسیاریەتی لە نیزامی پەرلەمانیدا، تەبعەن گرنگترین روونكردنەوە لە ئەركانی نیزامی پەرلەمانی دوانەیە، سولتەی تەنفیزیە كە سولتەی تەنفیزی لە سەرۆك و لەسەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران پێك دێت، سەرۆك و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كە لەیەكتری جیاوازن سەرۆك چەند دەسەلاتێكی پرۆتۆكۆلی هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران مومارەسەی دەكات، تێكڕای ئەو دەسەلات و ئەرك و فەرمانانەی كە لە ناو یاسای سەرۆكایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)دا هاتوون هەمووی دەسەلاتی پرۆتۆكۆلین و سەرۆك بە تەنها ناتوانێت مومارەسەیان بكات، بەڵكو بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و لەگەڵ دەسەلاتی جێ بەجێ كردنی یان دەسەلاتی راپەڕاندنی جێ بەجێیان دەكات، ئەگەر لێشمان دەپرسن سەرۆك جگەلەو دەسەلاتە پرۆتۆكۆلیانەی كە هەیەتی لە هەمان كاتدا سەرۆكی هێزە چەكدارەكان و هێزی پێشمەرگەیە پێتان دەڵێین وەزارەتی پێشمەرگە هەیە و بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ناوتوانێت دەسەلاتەكانی خۆی بەكار بێنێت ئەمەیان لەلایەك، لە لایەكی تر كە دێینە حكومەت دوانەیە، حكومەت لەبەرمبەر سەرۆكی هەرێم هەیە، حكومەت كارەكەی بریتیە لە خزمەتكردنی هاولاتیان و پێشكەشكردنی خەدەمات بە هاولاتیان، كەواتە ئەو دوو كارە لە یەكتری جیاوازن، كە لە یەكتری جیاوزن بەرپرسیاریەتیەكانیش لە یەكتری جیاوازن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەرپرسیاریەتی سەرۆكی هەرێم یان سەرۆكی وەلات لە نیزامی پەرلەمانی بەرپرسیاریەتی سیاسی نیە، بەرپرسیاریەتی سیاسی واتە بەرپرسیاریەتی لەبەردەمی پەرلەمان، سیاسیەن لەبەردەمی پەرلەمان بەرپرسیار نابێت، بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەسەلاتەكانی دەسەلاتی پرۆتۆكۆلین بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران مومارەسەیان دەكات، نەك بە تەنها، لەبەرامبەردا حكومەتت هەیە، حكومەت بەرپرسە لە جێ بەجێ كردنی ئەو بەرنامەی كارەی كە پەرلەمانی كوردستان و هەر پەرلەمانێكی تر متمانەی پێ دەدات، كە بەرپرسە لە تەقدیمكردنی خەدەمات كە دەڵێن (الادارە شوؤن الحكومە)، مادام ئیدارەی شئوونی حوكوم دەكات كەواتە بەرپرسە سیاسیەن لەبەردەم پەرلەمان، پەرلەمان چۆن متمانەی پێ داوە بە هەمان شێوەش دەتوانێت لەسەر تەقسیر لە ئەداكردنی بەرنامەی كاری سیاسە عامەی خۆی سیقەی لێوەربگرێتەوە، سیقەكەش داهێنانێك نەبووە لە پەرلەمانی كوردستاندا بكرێت كە (٣/٢) بێت، فەرموو بڕۆن دەستووری هەموو وەلاتان دیراسە بكەن، قانونی هەموو وەلاتان دیراسە بكەن، متمانە پێدان بە زۆرینەیە، لێسەندنەوەی متمانە بە (٣/٢)ەیە بە مەبەستی ئیستیقراركردنی سیاسی لەو وەلاتە، چونكە هەر زۆرینەیەك بتوانێت متمانە لە حكومەت بسێنێتەوە هیچ حكومەتێك ئیستیقرار بە خۆیەوە نابێنێت، زۆرینەی پەرلەمان دەتوانێت ئەو مانگە متمانە لە حكومەت بسێنێتەوە، پاش سێ مانگێ تر دووبارە متمانە لە حكومەت بسێنێتەوە، بە هیچ شێوەیەك ئیستیقرار بە خویەوە نابینێت، لەبەر ئەوە داهێنانێك

نیە یاساکان یان پڕۆژەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان ئەوەی کردبێت، بگەڕێنەوە بۆ سەر دەساتیر، بۆ سەر قوانین هەر هەمووی متمانەدان بە زۆرینەیە و متمانە لێسەدندنەوە لە هەمان کاتدا بە (٣/٢)یە، ئەوەی کە پەیوەستە بەوەی کە لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە لەماددەی (١٦) پەیوەستە بە مەسئولیەی جینائی، مەسئولیەتی جینائی دائیمەن لە نیزامی پەرلەمانی بگەڕێنەوە بۆ دەستووری عێراقی سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی کۆمار بەرپرسە جینائیەن، جینائیەن چن ئەو تاوانانە، بۆ نموونە سەرۆکی کۆماری کاتێك کە خیانەتێکی عوزما دەکات بەرپرسە جینائیەن، کە مەحکەمەی موختەس دادگایی کرد و گوتی خیانەتی عوزمات ئەنجام داوە ئێنجا دێتە بەردەم پەرلەمان و پەرلەمانیش متمانەی لێ دەسێنێتەوە، سەرۆکی هەرێم نامێنێت و سزا دەدرێت و بەو سزایەی کە بۆی دانراوە، بۆیە ئەوەی کە هاتووە لە ماددەی (١٦) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەوە تەنها پەیوەستە بە مەسئولیاتی جینائی، سەرۆکی هەرێم بەرپرس نابێت سیاسیەن لەبەردەمی پەرلەمان، هیوادارم روونکردنەوەکانم وازح بێت، بۆیە زۆر سوپاستان دەکەم کە داواتان لێکردم و هەم رێگاشتان پێدام کە روونکردنەوە بدەم، دێینە سەر ماددەی چوار، داوا لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەین کە ماددەی چوار بخوێنێتەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ماددەی (٤):**

**بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (٧)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەم رێکارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:**

**یەکەم:**

١- لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆ پاڵاوتن دەکاتەوە.

٢- خوازیارانی خۆکاندیدکردن کە مەرجەکانی ماددەی (٥)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، لە ماوەی (٣) رۆژ لەبەرواری کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن داواکاری و سیڤی خۆیان پێشکەش سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.

٣- سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەی (٢) رۆژ لە رۆژی داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن ناوی ئەو پاڵێوراوانە رادەگەیەنێت کە مەرجی یاساییان تێدایە.

٤- هەر کەسێك لەوانەی کە داواکاریان پێشکەشکردووە ئەگەر ناوی رانەگەیەنرا بۆی هەیە لە ماوەی (٢) رۆژ لە رێکەوتی راگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لە بەردەم دادگای تەمیز تانە بدات، دادگای تەمیز لە ماوەی (٢) رۆژ تانە یەکلایی دەکاتەوە و بڕیاری دادگاش لەم بارەوە بن بڕە.

٥- سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی ئاشکرا و بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی (٣) رۆژ لە رۆژی دەرکردنی بڕیاری بن بڕ لەسەر تانەکان هەڵدەبژێردرێت.

٦- ئەگەر هیچ پالێوراوێك زۆرینەی رەهای بەدەست نەهێنا دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە و کێ برِکێ لە نێوان ئەو دوو پالێوراوە دەبێت کە زۆرینەی دەنگیان هێناوە و ئەوەی لە جاری دووەم زۆرینەی بەدەستهێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم، ئەگەر تەنها یەك پالێوراویش هەبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەنگدانی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت، ئەگەر پالێوراوەکە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی بەدەستهێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

دووەم/ بەدەر لە حوکمی خاڵی یەك برگەی یەکەمی ئەو ماددەیە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی سێ رۆژ لە دوای دەرچوواندنی ئەو یاسایە دەرگای خۆ پالأوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ئەکاتەوە.

**بەرێز ڤالأ فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ (محمد، نجات خان، مامۆستا وەیسی، کاك محسن، نزار، ظاهر، ادريس، گولیزار خان، دکتۆرە گەلاوێژ، کاك شوان، دکتۆر صباح، کاك بەهمن، دکتۆر رێبوار، کاك حکمت، مامۆستا جیهاد، دکتۆر شێرکۆ، دکتۆر کاظم دکتۆر اسماعیل، کاك دیاری، مامۆستا ابو بکر، کاك سیروان، کاك سۆران، سەرچنار خان، کاك مەم، شادیە خانم، کاك عبداللستار، دکتۆر هەورامان، رۆژان خان، دکتۆرە رێواز، سلما حان، کاك سەرکۆ، کاك شەمۆڵ، کاك کارزان، کاك لوقمان، کاك شاخوان، کاك ناصر، موژدە خان، کاك مسليم، بەدریە خان)، فەرموو کاك محمد.

**بەرێز محمد سعدالدين عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا ئەوەی بینیمان زۆربەی سەرۆك دەستەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران هەم لێرە هەڵبژێدراون و هەموو ئەنجومەنی وەزیرانیش لێرە هەڵئەبژێدرێ، ئەو جۆرە رێکارانەی نەبووە تا ئێستا، (٣) رۆژ بۆ ئەوەی خۆیان کاندید بکەن و پاشان دوو رۆژ تانە لێدان و دوو رۆژ بۆ ئەوەی ئیعلان بکرێ، هەست ئەکەم ئەو رێکارانە وەقت کوشتنە، لیژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمانی کوردستان یان سەرۆکایەتی هەرێم پاش ئەوەی ناوی کاندیدەکان وەرئەگرێ، ئەو کاندیدانەی مەرجی یاساییان تێدایە ئیعلانیان ئەکات پاشان هەڵبژاردن ئەنجام ئەدرێ، بۆیە پێشنیاز ئەکەم پاش ئەوەی دەرگای پالأوتن دائەخرێ ناوی ئەو پالێوراوانەی کە مەرجی یاساییان تێدایە بۆ ماوەی دوو یان سێ رۆژ ئیعلان بکرێ و هەڵبژاردن لە ناو پەرلەمان ئەنجام بدرێ، سوپاس.

**بەرێز ڤالأ فريد ابراهيم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عبدالستار.

**بەرێز عبدالستار مجيد عبدالقادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە ئەو سەرنجانەمان هەیە بەتایبەت لەسەر برگەی پێنج لە ماددەی چوار یەکەم کە ئاماژە بە دەنگدانی ئاشکرا ئەکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، واتە دەنگدانی ئاشکرا زیاتر لە متمانە پێدان نزیکە نەك هەڵبژاردن، بەتایبەت ئەگەر چەند کاندیدێك هەبێ، یەعنی زیاتر لە کاندیدێك هەبێ، حەقیقەت ئەو دەقە هەست ناکەم لە هیچ دەستوورێکی هاوچەرخ هاتبێ کە لە هۆڵی پەرلەمان بە دەنگدانی ئاشکرا سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێ، ئەوە زیاتر لە متمانە پێدان ئەچێ، دووەم، هەموو یاسا بەرکارەکان سەبارەت بە هەلبژاردنی گشتی بێ یان هەڵبژاردنی تایبەت بێ زیاتر بە نهێنیە بۆ هەڵبژاردنی کەسەکان بۆ پۆستەکان، هەڵبژاردنیش واتە لە نێوان زیاتر لە کاندیدێك، بەلاّم بەو شێوە بە ئاشکرا دەرفەت بۆ ململانێ کەم ئەکاتەوە، میکانیزمی هەڵبژاردن و سەرکەوتنیشی بەرێژەی زۆرینەی رەهای ئەندامان پێم وایە پێچەوانەی ماددەی (٧٠) ی دەستووری کۆماری عێراقە هی ساڵی (٢٠٠٥) کە تێیدا هاتووە (ئەنجومەنی نوێنەران لە نێو پاڵێوراواندا سەرۆك کۆمار هەڵئەبژێرێ بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی)، کەوایە ئەزانن دەستووری عێراقیش بۆ ئێمە لازمە، پێم وایە ئەبێ وەکو دەستووری عێراقی لێ بکرێ، برگەی شەشی هەمان ماددە لە یەکەم، لە حاڵەتی نەبوونی کاندید تەنیا بوونی یەك کاندید ئەوە دەنگدانی بۆ ئەکرێ، ئەوەش پێچەوانەی پرەنسیپی هەڵبژاردنە، بۆ ئەوەی کاندید بە تەنیا مەبەست تێیدا زیاتر پشتیوانی و پشتگیری کردنە نەك دەنگدان، خاڵی حەوتەم برگەی دووەم پێویست نیە، تەنیا رێکخستنی بەرێژەیە لەگەڵ هەمان ماددە دروستە، خاڵی هەشتەم برگەی یەکەم لە ماددەی پێنج کە کۆتایی ویلایەتەکانە، پەرلەمان و سەرۆکایەتی، بەیەکەوە بنووسرێ (بەدەستبەکار بوونی خولی نوێ ) ئەوەی بۆ بنووسرێ وەکو لە دەستووری عێراق هاتووە، خاڵی نۆیەم برگەی دووەم واتە درێژ کردنەوەی دەستەلاّتەکان لە کاتی کۆتایی هاتنی خولی چوارساڵی، واتە ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمان بێ بۆچی گونجاو نیە کە کەسێکی تر هەڵبژێدرێ و کار بە پرەنسیپی (الاستمراریە) بکرێ بۆ ویلایەتی ناوبراو، ماددەی هەشتەم خاڵی دەیەم، پێم وایە بەو شێوەیە بێ (ئەو یاسایە دوای دەرچوواندنی بە جێبەجێ کراو ئەژمار ئەکرێ لە رۆژنامەی فەرمی وەقایئعی کوردستان بلاّو ئەکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز ڤالاّ فەرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نەجات خان.

**بەرێز نجاە شعبان عبداللە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دکەین پەسند کرنا ماددێ چارێ لە پێشنیارا یاسایە کارا کردنا دامەزراوێن سەرۆکاتیا هەرێمێن کوردستانێ-عێراق پرۆسێن هەڵبژاردنا سەرۆکێن تا هەبوونا دەستوورێن، ژ برگا ئێکی و خالاّ (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦) بە تایبەت خالاّ پێنجێ برگێ ئێکێ ماددا چارێ کو سەرۆکێ هەرێمێ ل دەنگدانەکا ئاشکرا و زۆرینەی رەها ئەندامان بێتە پەسند کرن و هەروەسا برگا دووێ لە پشتی سێ رۆژان درچوونا ڤێ یاسایێ دەرگاهێ

خۆ پالأوتنێ بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمێ بێتە ڤەکرن، کو مەرجێن ماددێ پێنجێ تێدابن، ئایا خـۆ کاندیـد بکەن، تەمەنێ وی چل سالا کێمتر نەبی، و هاولأتیا هەرێمی کوردستانا عێراقی بیت، ماڤێ مەدەنی و سیاسی بەهرەمەند بی.

**بەرێز ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شروتەکان دیاری کراوە، تەنیا بلێ پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەکەم کـە ماددەکـە وەکو خۆی هاتووە، ئەوەی کۆمێنتی هەیە، تکایە تەنیا ئەوان قسە بکەن ئەوانی تر تەنیا پشتگیری بکەن، فەرموو دکتۆر.

**بەرێز د.شیرکو جودت مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرۆسەی دەنگدان دیـارە مـەوزووعی دەنگـدان ئاشـکرا بـێ یـان نهێنی حیکمـەتی خـۆی هەیـە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە حیکمەتی دەنگدانی نهێنی لە پاراستنی ئـازادی و پاراسـتنی پەیوەندیـە سیاسـیەکان و ترەوەیە، بۆیە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بە نهێنی هەڵبژێردرێ، بۆیە سەرۆکایەتی هەرێم ئەولاترە کـە بـە نهێنی هەڵئەبژێدرێ لە پەرلەمانـەوە، مەسـەلەی دەنگـدان بـە ئاشـکرا بـێ بەراسـتی بـە کـارێکی نـەگونجاوی ئەزانم، لەبەر ئەوەی شتێکە لـە هـۆڵی پەرلـەمان و پـەیرەوی نـاوخۆش، لـە مـاددەی دووی یاسـای (٢٠٠٥) ی سەرۆکایەتی هەرێمیش کە لە ماددەکەی پێشتر ئیقرار ئەکرێ یان پێشـنیاری ئیقـرار کردنـی هـاتووە لـەوێ باس لە دەنگدانی نهێنی ئەکات، ئێستا چۆن ئـەبێ لێـرە بگۆردرێ، خـاڵێکی تـر مەسـەلەی زۆرینەکـە، ئێمـە لەگەڵ ئەوەین بە سێ لەسەر چوار متمانە وەربگرێ، بە زۆرینەی رەهـا متمانـەی لـێ بسـەندرێتەوە، لەبـەر حیکمەتی زۆرینە و کەمینە لە مەسەلەی دەنگدان و لێ سەندنەوەی متانە بێ یان هەر شتێکی تر هەبێ.

**بەرێز ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا وەیسی.

**بەرێز ویسی سعید ویسی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشـتگیری راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی ئەکـەم کـە مـاددەی چـوارەم وەکـو خـۆی بمێنێتـەوەو بەتایبـەت شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك، چونکە بۆ پۆستی بالأی تەنفیزی پێویستە بە دەنگدان بێ، وەکو چۆن متمانە بە کابینەی حکومەتیش بە یەکە یەکەی ئەندامان بە ئاشکرا ئەبێ.

**بەرێز ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر کازم.

**بەرێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەکەم لە کۆی پێشنیاز و قسەکانی سەرجەم هاورێیانم (سیپان، کاوە، دیاری، سیروان، شادی خان، مژدە خان).......

**بەڕێز ڤالاْ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان قسەیان نەکردووە جارێ.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

...... ئەوانەی قسەیان کردووە لەسەر سەرجەم برگەکان پشتگیریان کردووە.

**بەڕێز ڤالاْ فەرید ابراهیم-سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنیا ماددەی چوارەم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

..... هەر قسەیەکیان کردبێ پشتگیریان ئەکەم.

**بەڕێز ڤالاْ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەیەك کۆتایی هاتبێ ناتوانین لەسەر برگە و ماددەیەك گفتوگۆ لەسەری کۆتایی هاتووە.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

ئەوە بە قەزا حیسابی ئەکەم، چونکە ناتوانم هەمووجار بگەڕێمەوە، ببورە ئەوە لەسەر دوو دەقەکە حیسابی مەکە، من لەسەر ماددەی چوارەم لە برگەی دووەم و برگەی پێنجەم، سەبارەت بە برگەی دووەم لە ماددەی پێنجی یاسای ژمارە یەکی ساڵی (٢٠٠٥) کە مەرجەکانی خۆ کاندید کردن دیاری ئەکات مەرجی بروا نامە باس نەکراوە، ناکرێ لە هەرێمێك سەدان و هەزاران کەسانی خاوەن بڕوانامە و شایستە هەیە کەسێك ببێ بە سەرۆکی هەرێم بڕوانامەی نەبێ، لەبەر ئەوە پێشنیاز ئەکەین ماددەی پێنجی یاسای ژمارە یەکی ساڵی (٢٠٠٥) هەموار بکرێتەوە و مەرجی بوونی بڕوانامەی لای کەم بەکالۆریۆس جێگیر بکرێ........

**بەڕێز ڤالاْ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئەوە پەیوەست نیە، ئەبێ پرۆژە تەقدیم بکرێ، ئەبێ هەموار بکرێتەوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێن تکایە لەسەر ماددەی چوار.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

.... سەبارەت بە ماددەی چوار خاڵی پێنجەم، لە هەموو سیستەمێکی پەرلەمانی پێشکەوتوو کاتێ دەسەڵاتەکانی ئەو سەرۆکە دەسەڵاتی ڕەهای هاوشێوەی ئەوە ئەبێ ئەوە ڕێژەی متمانە بەخشین و میکانیزمی متمانە بەخشین و لێسەندنەوە ڕێژەکە هاوشێوەن، لێرە ڕێژەی متمانە بەخشین زۆرینەی ڕەهایە و ئاشکرایە، بەڵام متمانە لێ سەندنەوە دوو لەسەر سێ و نهێنیە، بەڕاستی تێناگەین وایە؟ ئەگەر ئەڵێن لە زۆرێك لە وڵاتان لەبەر ئیستیقراریەتی سیاسی بەو شێوازەیە ئێمەش ئەڵێین.

**بەڕێز ڤالاْ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو بوو، فەرموو کاك محسن.

**بەڕێز محسن حسين مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژبەر کو ئەو یاسا و برِیارێن ل پەرلەمانێ کوردستانێ تێنە پەسند کرن و تێنە ناردن بۆ سەرۆکایەتیا هەرێمێ و لێرە تێنە دەرچوواندن، ئەو ماوێ هاتیە دارشتن وان رێکارێن زۆر گونجاوە، پەسندا ئاخافتنێ (نەجات) خانێ دکەم وەکو خۆ بمینێت.

**بەڕێز ڤالآ فەرید ابراهیم-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیارم هەیە، ب نسیبەت خالآ دوێ ئەز پێشنیار دکەم سەرۆکێ هەرێمێ دەست ل پۆستێ حیزبی بکێشێتەوە و موتەفەرغ بی بۆ کارێ خۆ، موفقتەرەحێ دی پێشتگیریا دکتۆر (شێرکۆ) دکەم دەنگدان نهێنی بی نە ئاشکرا.

**بەڕێز ڤالآ فەرید ابراهیم-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو یاساییەك ئەمەوێ بە داتا پێشنیار بکەم لەسەر ماددەی چوار بە هەردوو خاڵی یەکەم و دووەمی بە هەموو خاڵەکان، لە کۆی (٦٨) واژوو کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرا بۆ پێشکەش کردنی یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە ئەکاتە (٦١,٢ ٪) ، لیژنەی یاسایش لە کۆی (١١) ئەندام (٩) ئەندام واژووی کردووە، بۆیە من وەکو یاساناسێك پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەکەم بۆ هەموو ماددەکانی، سوپاس.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر (کاظم) ئەکەم.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەکەم سەبارەت بە ماددەی چوار بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی حەوت یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە یەکی هەموار کراو پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەو ڕێکارانەی خوارەوە ئەگرێتە بەر، داوا ئەکەم هەموو برگەکانی ئەو ماددەیە وەکو خۆی پەسند بکرێ.

**بەڕێز ڤالاً فريد ابراهيم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر (اسماعيل، دکتۆر شێرکۆ) ئەکەم، و بەشێك لە وتەکانی دکتۆر کازم کە دەنگدانی ئاشکرا پێچەوانەی بنەماکانی هەڵبژاردنی پاکە، پێچەوانەی ڕێکەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان ئەکات کە عێراقیش واژووی کردووە، بۆیە پێیوستە دەنگدان نهێنی بێ، پێویستە سەرۆکی هەرێم خۆی تەرخان بکات بۆ کارەکەی و دەست لە پۆستە حیزبیەکیە بکێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ڤالاً فريد ابراهيم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئدريس.

**بەڕێز ادريس اسماعيل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە لە ماددەی چوار لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێ پشتگیری لێ ئەکەم.

**بەڕێز ڤالاً فريد ابراهيم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سيروان محمد فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بابەتی برگەی پێنج سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانی ئاشکرا بە دەنگی زۆرینەی ڕەها تا دوایی، منیش وەکو هاوڕێیان ئەوە متمانە پێدانە پێویستە بە نهێنی بێ، مافێکی سروشتی ئەندامانە، لە برگەیەکی تریش سەرۆکی هەرێم ئەبێ دەسەڵاتەکانی پرۆتۆکۆلی و تەشریفاتی بێ، منیش دووپاتی ئەکەمەوە بەلای کەمەوە ئەبێ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ، چونکە ئەو وڵاتە زیاتری قابیلە، پشتگیری خۆم بۆ قسەکانی بەڕێز (دکتۆر کاظم) ئەکەم.

**بەڕێز ڤالاً فريد ابراهيم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار برگەی یەکەم و دووەم.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سوران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار داوا ئەکەم بەو جۆرەی لێ بێ خوازیاران خۆ کاندید کردن بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی پێنجی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە یەکی ساڵی (٢٠٠٥) ئەو مەرجانەی دیکەی تێدابێ:

١- تاوانبار نەکرابێ بە تاوانێکی ئابروبەرانە

٢- هەڵگری بروانامەی بەکالۆریس بێ.

٣- پشتگیری لاینی کەم (١٠) ئەندامی پەرلەمانی هەبێ.

ناکرێ هەرکەس هات بڵێ خۆم کاندید ئەکەم بۆ سەرۆکی هەرێم

٤- دەستبەرداری پۆستە حیزبی و سەربازیەکانی بێ بەر لە خۆ پالآوتنی.

بۆ خاڵی پێنجیش پشتگیری کاك (عبدالستار) ئەکەم کە پەرلەمانی کوردستان بە دەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ لە نێو پاڵێوراوان سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرێ بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامەکانی، لە خاڵی شەشیش ئەو دوو لەسەر سێیە بچەسپێ، دەنگدانەکەش نهێنی و راستوخۆ بێ، سوپاس.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە سەرۆك بۆ هەرێمێك هەڵئەبژێردرێت دوو توێژمان هەیە، ئایا نهێنی بێ یان ئاشکرا؟ ئەگەر سەرۆك لە ناو خەڵك هەڵبژێرین ئەوە بەس نهێنیە، ئەگەر سەرۆك لە ناو پەرلەمان هەڵبژێرین ئەوە بە نهێنی یان ئاشکرا ئەبێ، بۆیە ئێمە پێمان باشە و پشتگیری ئەکەین دەنکدان ئاشکرا بێ، بۆ ئەوەی بنەمەکانی دیموکراسی هەبێ، و شەفافیەت لەگەڵ دەنگدەران، موزایەدەی سیاسیش ناکرێ ئەگەر ئاشکرا بێ، ئەو سەرۆکەش هەڵئەبژێردرێ تەعبیر لە هەموو فراکسیۆن و ئەندامانی پەرلەمان ئەکات، بۆیە باشترە ئاشکرا بێ، پشتگیری لە هاورێیانم ئەکەم ماددەی چوار وەکو خۆی بمێنێ، پاڵپشتی لە برگەی پێنجەم ئەکەین دەنگدان ئاشکرا بێ.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی دکتۆر شێرکۆ و دکتۆر اسماعیل و مامۆستا ئەبو بەکر و دکتۆر کاظم مامۆستا سۆران ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ڤالاْ فەرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هاوڕێیانم لە لیژنەی یاسایی ئەکەم ماددەی چوار بە هەموو برگەکانی پەسند بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ڤالاْ فەرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەوەی پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر کاظم و دکتۆر شێرکۆ و کاك سۆران و کاك ئەبو بەکر هەڵەدنی ئەکەم، دەربارەی مەرجەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێنشیازم هەیە برگەی دوو لە ماددەکە ئاوا بێ ( خوازیارانی خۆکاندید کردن بە دەر لە مەرجەکانی ماددەی (٥) ی یاسای سەرۆکایەتی کە سێ مەرجە ئەو پێشنیازەی دکتۆر کاظم و ئەو پێشنیازەی کاك ئەبو بەکر بە هەند وەگیرێ لە ناو ئەو ماددەیە، مەسەلەی بروانامە و ئەوەی نابێ ئەندامی هیچ حیزبێکی سیاسی بێ ئەوەش زیاد بکرێ تا چوار ساڵ بەر لە دەست بەکار بوونی ئەندامی هیچ حیزبێك نەبووبێ، خاڵی چوارەمی ماوەی دوو رۆژ لە راگەیاندنی ناوی کاندیدەکانی دادگای تەمیز سکاڵا بکەن، با لە دۆخێکی لەو جۆرە ئەگەر پشوو بوو چی ئەکرێ، من ئەو پرسیارە لە هاوڕێیان ئەکەم لە لیژنەی یاسایی، ئەو دوو رۆژە زیاد بکرێن شتێکی تەکنیکیە، سێ یان چوار رۆژ، خاڵی پێنجەم، سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانی ئاشکرا و بە دەنگی زۆرینە، بێگومان پشتگیری لەوەش ئەکەم ئەبێ دەنگدان مافی پەرلەمنتارانە لە بەڵگەنامە نێودەولەتیەکان جەخت لەسەر مەسەلەی دەنگدانی نهێنی ئەکات، پێویستە بە نهێنی بێ نەك ئاشکرا، ئەشێ جۆرێ لە بێمتمانەیی هەبێ لە دۆخێکی لەو جۆرە کە دانراوە، خاڵی شەشەم، ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك زۆرینەی رەهای بە دەست نەهێنا، پێشنیار ئەکەم دوو لەسەر سێ بێ، وەکو چۆن لە ئەحکامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری

عێراق هەیە، دوو لەسەر سێ، ئەگەر ركابەری هەبوو ئەوكاتە زۆرینەی رەها بێ، پێشنیاز ئەكەم بكرێ بە دوو لەسەر سێ، لە جەولەی دووەم زۆرینەی رەها بێ، سوپاس.

**بەڕێز ڤالآ فەرید ابراهیم-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر سەباح.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لیژنەی یاسایی ئەكەم ماددەی چوار وەكو خۆی بێ، پشتگیری لە قسەكانی نەجات خان و مەلا وەیسی و كاك محسن و كاك نزار و كاك زاهیر و گولیزار خان و گەلاوێژ خان و كاك شوان ئەكەم.

**بەڕێز ڤالآ فەرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری هاورێیانم ئەكەم كە تەركیزیان خستە سەر خاڵی پێنجەم لەو ماددەیە كە دەنگدان بەنهێنی بێ، چونكە ئەوە سادەترین مافی ئینسانە بە پێی رێكەوتنە نێودەوڵەتیەكان مافە مەدەنی وسیاسی كە دەنگدان بە نهێنی بی، و متمانە پێدان وەكو متمانە لێ سەندنەوەی بە دوو لەسەر سێ بێ، خاڵێكیش بۆ من بۆتە جێی پرسیار، خاڵی شەشەم ئەگەر یەك پاڵێوراو هەبێ نووسراوە ئەگەر پاڵێوراوەكە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی بە دەست هێنا ئەبێتە سەرۆكی هەرێم، ئەی ئەگەر بە دەستی نەهێنا؟ تەنیا نابێتە سەرۆكی هەرێم ئەی میكانیزمی رووبەروو بوونەوەی ئەوە چیە؟ یان رێگا چارە چیە؟ چونكە ئاشكرا ئەبێ رێگا چارە هەبێ و دیاری بكرێ.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كام بەهمەن.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی (٥) شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك لە پەرلەمانەوە لە دەستووری هیچ وڵاتێك دیاری نەكراوە بە نهێنی بێ ئەوە یەك، لە ماددەكانی تر هاوڕێیانم لە پەرلەمانتاران زۆر نمونەی عێراقیان هێنایەوە بەبیریان دەهێنمەوە لە ماددەی (٧٠) لە دەستووری عێراقی كە باسی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار دەكا بەهیچ شێوەیەك ناڵێ نهێنییە، خاڵێكی تریان بەبیر دەهێنەوە لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١٢)ی عێراق تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار دیسانەوە باسی نهێنی ناكا رێژەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك زۆرینەی رەها روحی دیموكراسییە و لە زۆربەی وڵاتاندا پەیڕەو دەكرێت و لە زۆربەی پەرلەمانەكانیشدا، سەبارەت بەوەی كە ئایا دەنگدانی نهێنی و ئاشكرا رێژەكەی چۆن بێ ئێمە هەموومان

دەزانین کە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت دوانەی دەسەلآتی جێبەجێکردنن و زۆرینەی دەسەلآتەکانیش لای سەرۆك وەزیرانە کەچی سەرۆك وەزیران بە زۆرینەی رەها متمانەی پێ دەدرێت بە دەنگدانی ئاشکراش و بە (٣/٢) متمانەی لێ وەردەگیرێتەوە چ مەعنا کە سەرۆکی هەرێم ئەوەندەی ئەویش دەسەلآتی نییە بە رێژەیەکی لەو زیاتر دەنگی پێ بدری و بە رێژەیەکی لەو کەمتریش متمانەی لێ وەربگیرێتەوە، بۆیە ئەوە ناکۆکیەك دروست دەکا لە نێوان ئەو دووانەی دەسەلآتی جێبەجێکردن، لە ماددەی (٧٤) پەیرەو هاتووە کە سەرۆك وەزیران بە (٣/٢) متمانەی لێ وەردەگیرێتەوە لەبەرئەوە سەرۆکی هەرێمیش دەسەلآتی جێبەجێکردنە دەبێ بە هەمان شێوە بێ، سەبارەت بە دەنگدانی ئاشکرا ئێمە تەجروبەی رابوردوومان هەیە ساڵی (٢٠٠٥) سەرۆك کە بۆ یەکەمین جار لە پەرلەمان هەڵبژێردراوە بەدەنگدانی ئاشکرا بووە و بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٥) مان هەیە هەروەها چۆن سەرۆکی حکومەت بەدەنگدانی ئاشکرا دەنگی پێ دەدرێ بە زۆرینەی رەها دەبێ سەرۆکی هەرێمیش بەهەمان شێوە بێ، دەنگدانی ئاشکرا زیاتر شەفافیەتی تێدایە بۆ خەڵکی کوردستان و خەڵکی کوردستان ئێمەی کردووە بە نوێنەری خۆی حەقە بزانێ نوێنەرەکانی کێ بە سەرۆکی ئەو هەڵدەبژێرن شەفافیەتی تێدابێ، سەبارەت بە بڕوانامە زۆری لەسەر وترا ئێمە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان کە بەرزترین دەسەلآتی یاسادانانە بڕوانامە زۆر گرنگە، بڕوانامە نەکراوەتە مەرج، بۆیە زەروور نییە بۆ سەرۆکی هەرێم بڕوانامە مەرج بێ، بۆ سەرۆکی هەرێم ئەزموونی سیاسی لەبەرئەوە دەسەلآتێکی سیادییە و سیاسییە ئەزموونی سیاسی و ئەزمونی ئیداری زۆر گرنگترە لە بڕوانامە، چونکە ئێمە سەرۆکێك بۆ هەرێمێك دیاری دەکەین نەك ماموٚستایەك بۆ زانکۆ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.هەورامان،

**بەڕێز د.هەورامان حمە شریف (گێچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك عبدالستار دەکەم و بەڕێز کاك د. شێرکۆ جودەت و بەڕێز کاك سۆران، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕێبوار.

**بەڕێز د.ڕێبوارعبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە ئەوانەی کە من مەبەستم بوو ئاخافتنەکانم کرا، بەلآم سەبارەت بە بڕگە (٥) ماددە چوار ئایا سەرۆکی هەرێم بە چ ئالیەتێك هەڵبژێردرێ بە ئاشکرا یان بە نهێنی من لە گەڵ ئەوەم کە بە ئاشکرا سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێ لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەم: یەکەم جارە کە بە ئاشکرا هەڵبژێرین

فەرهەنگێکی تازە بێنینە نێو ئەدەبیاتی دەنگدان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ئەویش ئەوەیە کە چەمی (ترانس پرێنس)ئەوەی کە پێ دەڵێن شەفافیەت بەرجەستەکەین، دوو: دەکرێ بیکەین بەعورفێکی یاسایی، چونکە بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٥) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بۆ یەکەمجار سەرۆکی هەرێم لە کوردستان بە دەنگدانی ئاشکرا هەڵبژێردرا، بۆیە لەگەڵ ئەوەم بڕگە (٥) ماددە چوار وەکو خۆی بمێنێتەوە

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو رۆژان،

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار بڕگەی یەکەم خاڵی (٥) من پێشنیار دەکەم دەنگدان بە نهێنی بێت، چونکە ئەوە دەنگدانە، متمانەدان نییە و جیاوازە لە متمانەدان بە سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی حکومەت لەلایەن سەروکی هەرێمەوە تەکلیف دەکرێ و لەلایەن پەرلەمانەوە تەسمییە دەکرێت و کاندیدی گەورەترین کوتلەیە و تاکە کاندیدیش دەبێ و هۆکارێکی دیکە و دەنگدانی ئاشکرا پێم وایە ئیرادەی پەرلەمانتار وەردەگریتەوە لەوانەیە لەم کاتەدا دوو کاندید هەبێ یان زیاتر هەبێت پەرلەمانتار چۆن بتوانێت دەنگ بە کام کاندید بدە و هەڵبژێرێت وخاڵی پێنج پێشنیار دەکەم دەنگدان بە (٣/٢) بێت، ئێمە سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرین سەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستانە پێم وایە بە (٥٦) دەنگ سەرۆکی هەرێم ئەم دەنگدانە زۆر کەمە و عیبارەت ناکا لە دەنگی هەموو هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حیکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیرا لیژنا یاسایی د کەم یا ماددا چار ب هەر شەشە بڕگا ڤە و پشتگیریت ل هەموو ئاخافتنێت کاك بهمن ژ د کەم و پشتگیری ل هندێ د کەم کو هەر شەشە بڕگا وەکو خۆ بمێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.رێواز.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەم بڕگەی (٥)ی یەکەم بەم شکلەی لێ بکرێ، سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی نهێنی و بە دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی (٣) رۆژ لە رۆژی دەرکردنی بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەکان هەڵدەبژێرێ ئەم (٣/٢)یە بۆ؟ ئەم (٣/٢)یە لە دەستووری عێراقیدا هەیە ماددەی (٧٠) لە دەستووری لبنانیدا هەیە دراوسێمانە عەینی شتە و نهێنییە (٣/٢)یە لە دەستووری ئیتالیش ساڵی (٤٨) لە ماددەی (٨٣)

هەیە کە وڵاتێکی ئەورووپییە و دەیبەستمەوە بەو بڕگەیەی یان بەو بەشەی ماددەی رابوردوو کە موناقەشەمان کرد کە وتمان سەرۆکی هەرێم نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکا لە دەرەوەو لە ناوخۆ و بەناویانەوە قسە دەکا بیرکردنەوەی بەڕێزتان یان زاکیرەی بەڕێزتان دەبەمەوە بۆ چەند ساڵێك پێش ئێستا گەر بیرتان بێ شتێك لەناو رای گشتیدا ئیسارە دەکرا کە هەموو جارێك دەیان وت (١١١)ئەندامی پەرلەمان ناتوانێ گوزارشت لە خواستی خەڵکی کوردستان بکا ئەوە ئەوانە نوێنەری ئێمە نین بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان، بەڕێزان ئەگەر خەڵك لە دەرەوە بە (١١١)مان رازی نەبووبێ و ئەوە ئیسارە کرابێ لە ناو خەڵك و وروژێنرابێ کە ئێمە ناتوانین لە جیاتی ئەوان بڕیار بدەین بۆ ئەوەی سەرۆکێکی بەهێز بۆهەرێمی کوردستان هەڵبژێرین چ جای (٥٦)مان ئاسانترە، بۆیە بۆ ئەوەی سەرۆکەکە بەهێز بێ  بۆ ئەوەی ئەم روانگەیەش بەرجەستە ببێ کە بەناوی هەموومانەوە قسە بکا و بۆ ئەوەی ئەم قسەیەی لە سەر نەبوونی متمانە دەکرێ لە راستیدا ئەو روانگەیە کە هەیە لەسەر نەبوونی متمانە لە ناو هێزە سیاسییەکان حەقە ئێمە بایی ئەوە متمانەمان بە خۆمان بێ کە قسە لە سەر ئەوە بکەین دەبێ دەنگدانەکە بە (٣/٢)بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا جهاد.

**بەڕێزجهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیمە ئیقتیراع ل سەر گەلەك دستوورا وڵاتێ کر، چ نابێ ب راستی ئەڤە بەس بێین فلان دەستووری هۆ گۆتی حەتە نموونە عێراق یان دەولەتێ جیران، پێتڤیا ل سەر مە پەرلەمانێ کوردستانێ ئیبداع بکەین ل دانانێ یاسا کو خزمەتێ وڵاتێ بکەین، پشتگیریا ماددێ چارێ دکەم ب هەمی برگا، نابینم چ تشتەکی نەگونای تێدابیتن، کارتێکردنێ ناکاتن ئەگەر دەنگدان ئاشکرا بیتن یان نهێنی، پشتگیریا ئاشکرا دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سلما خان، نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە جارێك تێبینیم کردووە بەڕێزان ئەندامان جوابی یەکتری ئەدەنەوە، تکا ئەکەم کۆنترۆڵی بکەن.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

رێگا نادرێ هیچ ئەندامێك وەلآمی یەکێکی تر بداتەوە، تەنیا روون کردنەوەی خۆی ئەدات، پێش جەلسە ئەو روون کردنەوانە دراوە، تەعلیق لێدان و وەلآمدانەوە نیە، بەپێی پەیرەو ئەبێ قسە بکرێ، فەرموو سلما خان.

**بەڕێز سلمی فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی دکتۆرە ڕێواز و ڕۆژان خان و هەموو هاوڕێیانم ئەکەم کە لە خاڵی پێنجەم لە ماددەی چوارەم باسی دەنگدانی نهێنی و دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان ئەکات، پشتگیری ئەو بەڕێزەی تر ئەکەم باسی ئەوە ئەکات، جەخت ئەکەمەوە لەسەر ئەوەی کاندیدی سەرۆکی هەرێم ئەبێ دەستبەرداری پۆستی حیزبی بێ بۆ ئەوەی کاتێ نوێنەری هەرێمی کوردستان ئەبێ لە ئاست ناوخۆ و دەرەوە نەتوانێ پەیوەندی سیاسی و دبلۆماسی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوار مەرجەکانی سەرۆکی هەرێم ، پێویستە سەرۆکی هەرێم لە ماددەی سێ باسکرایە، ئەوتری سەرۆك لە ئاستی ناوخۆی و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی...........

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە تەواو بووە.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

.... گرنگە واز لە کاری حیزبی بێنێ لە کاتی خۆپاڵاوتنی، بۆ ئەوەی بتوانێ نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان بکات، لە خاڵی پێنجەمی ماددەی چوارەیش سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی نهێنی بکرێ، بە دوو لەسەر سێی ئەندامان بێ بۆ ئەوەی بتوانرێ نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شەمۆل.

**بەڕێز شەمۆڵ ایشن صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی بەڕێز دکتۆرە ڕێواز و ڕۆژان خان و سلما خان ئەکەم کە لە ماددەی پێنج برگەی یەکەم خاڵی پێنج سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانی نهێنی و بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێردرێ.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی كردنی هاوڕێیانم چەند تێبنیم هەیە، لە ماددەی چوار لە برگەی پێنج كە باس لەوە ئەكرێ سەرۆك بە شێوەی ئاشكرا و بە دەنگی ڕەها ئەگەرێینەوە بۆ دوو خاڵی سەرەكی، لەبەر ئەوەی دەستوورمان نیە ئەبێ بگەرێینەوە بۆ دەستووری عێراقی، لە ماددەی (٧٠) باس لەوە ئەكات دەنگدان نهێنی بێ، لە پەیرەوەی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ماددەی (١٤) برگەی یەكەم كاتێ سەرۆكی پەرلەمان هەڵئەبژێردرێ بە دەنگدانی نهێنی ئەبێ، ئایا مەنتقە ئەگەر بێت و یەكێ لە سەرۆكایەتیە گرنگەكانی هەرێمی كوردستان لە رێگەی دەنگدانی نهێنی بێ سەرۆكایتیەكی تر لە رێگەی دەنگدانی ئاشكراوە بێ، ئەگەر باس لە سەرۆكایەتی حكومەت بكرێ ئەوە متمانە پێدانە، كاتێ باس لەوە ئەكەین كە دوو لەسەر سێ بێ مەبەستێك هەیە، گەرانەوە بۆ ماددە دوو لە یاسای ژمارە یەكی ساڵی (٢٠٠٥) و ماددەی چواری ئەو یاسایە كە ئێستا گفتوگۆ ئەكرێ سەرۆكی هەرێم نوێنەرایەتی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان و سەرجەم پێكهاتەكان ئەكات، ئایا ئەكرێ سەرۆكێك نوێنەری سەرجەم پێكهاتەكان بێ، بەلاَم تەنیا لەیەن دوو یان سێ فراكسیۆن یا كۆمەڵی فراكسیۆن كەمەوە دەنگی پێ بدرێ؟ ئایا سەرۆكێك ڕەهەندی نیشتیمانی هەبێ ئەكرێ تەنیا بە زۆرینەی ڕەها تێپەرێ؟

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم /سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك لوقمان.

**بەڕێز لقمان محمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم بە شێوازی ئاشكرا بە دەنگدانی ئاشكرا كە هەڵدەبژێردرێ ئەمە پێچەوانەی بنەما سەرەكییەكانی هەڵبژاردنی پاك و بێگەردە كە جەخت لە سەر نهێنی دەنگدان دەكاتەوە، بۆیە من پشتیوانی لە هەڤاڵاكانم د. ریوازو ڕۆژان خان و سلمی خان كاك سەركۆ كاك شەمۆڵ كاك كاروان دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم /سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ یەكەم جارە سەرۆكی هەرێم لە پەرلەماندا هەڵدەبژێرێ گۆڕینی سیستەمی سەرۆكایەتی بە سیستەمی پەرلەمانی بەم قۆناغەی ئێستا گرنگە و ئەمە تا ڕاددەیەك لە ڕووی دیوكراسیەوە هەنگاوێكی زۆر باشە و حەق وایە خاوەندارانی گۆڕینی سیستەمی سەرۆكایەتی بە سیستەمی پەرلەمانی ئەمە شتێكی مێژووییە ئەو هێز و لایەنانە سیاسیانەی ئەو فراكسیۆنەی خۆیان بەسیستەمی سەرۆكایەتی بە پەرلەمانی دەزانن

ئەمانە تا رادەیەکی زۆر ئەمە لە مێژوو دەنووسرێتەوە و مێژووش شەرم لە کەس ناکا و خاڵێکی دیکە من پشتگیری لە پێشنیاری هاوڕێانم دەکەم لە فراکسیۆنی گۆڕان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ناصر.

**بەڕێز ناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤) بڕگەی (٥) پێویستە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەشێوەی نهێنی بێ و بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان (٣/٢)بێ، نەك بە دەنگی ئاشکرا و پشتگیری لە د. ڕێواز هەڤالانم دەکەم لە فراکسیۆنی سەوز، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێویستی دەزانم پشتگیری لە قسەکانی هاوڕیانم بکەم کە ئەوان ئاماژەیان بە رەئی منیش دا کە بەڕێزان د. کاڤم و ابوبکر کاك سیروان و دیاری و سۆران و مەم، سوپاس

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەنگاوی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار کە باس لەوە دەکرێ لە ناو پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێ هەنگاوێکی دروست و جوانە، بەڵام لەو سیاغەی کە لە ماددەی چواردا لە بڕگەی (٥)دا ئیشارە بەوە دراوە کە دەنگدان بەشێوەیەکی ئاشکرا بێ پێم وایە ئەمە جۆرێکە لە بەرتەسکردنەوەی ئازادی رای ئەندامانی پەرلەمان و لە هیچ دەستوورێکی هاوچەرخدا بەو شێوەیە نەبووە، بۆیە ئەم جۆرە دەنگدانە زیاتر لە متمانە دەچێت و لەکاتێکدا کە پێچەوانەشە لەگەڵ ماددەی (٧٠) لە دەستووری عێراقدا لە بڕگە (١)دا، بۆیە سەرجەم یاسابەرکارەکان هەڵبژاردندا چ جای گشتی بن یان تایبەتی، پێویست دەکا کە دەنگدان نهێنی بێ، بۆیە پێم باش بەرەچاوکردنی هەموو ئەو حاڵەتانە

دەنگدانی سەرۆکی هەرێم بەشێوەی نهێنی بێ و لە دواخالێ وتەکانمدا پشتگیری لە هاوڕییانم دەکەم لە وتەکانیان،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك عبدالستار و د. کاظم و د. شێرکۆ جودت کاك ابوبکر سۆران و جەختیش لە خاڵی پێنجەمی ماددەی چوار دەکەمەوە کە دەنگدان بە نهێنی بێ، سوپاس

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیمان هەیە؟ فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان محمد فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٥) بڕگەی دووەم بەڕێزێك لێرە باسی ئەوەی کرد کە ئێمە سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرین نەك مامۆستای زانکۆ داوا دەکەم کە ئەو بڕگەیە بسڕێتەوە ئێمە هەموو چین و توێژەکانی ئەم وڵاتە بەڕێزن و شایانی ئەوەن کە لێرە بەڕێزەوە باس بکرێت،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەسڕیتەوە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا لە جەنابتان دەکەم پاڵپشت بە ماددەی (٥٤) بڕگەی چوارەم خاڵی دووەم نابێت ئەندامی پەرلەمان وەڵامی ئەندامی تر بداتەوە لەناو ئەو ماددانەی کە ئێمە موناقەشەمان لە سەر کرد هیچ خاڵێکی تێدا نییە کە باس لە چی بکا باس لەوە بکا کە سەرۆکی هەرێم کاندید دەبێ بڕوانامەی بەکالوریۆسی هەبێ، بۆیە پەرلەمانتار کاك بهمن کە وەڵامی ئێمەی دایەوە داوا دەکەم لە پڕۆتۆکۆل قسەکانی بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر ئەوەیان وەڵامدانەوە نەبوو ئەوەیان ڕوونکردنەوەی خۆی بوو و ئەندام پەرلەمان ئازادە لەوەی ڕوونکردنەوە بدات و بە وەڵامدانەوە حیساب نییە و قسەکانیشی ناسرێتەوە، بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرمووو

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤێت ئەز ئیشارەت بە هندێ بدەم کو ماددا دوو ژ پەیرەوێ ناوخۆیێ پەرلەمانێ کوردستانێ ئیشارەت ب هندێ دات کو پەرلەمانێ کوردستانێ بالاترین دەسەڵاتە یاسادانانێیا ل هەرێما کوردستانێ کەواتە پەرلەمانێ کوردستانێ ب ئەندامێ خۆ ڤە پێتڤییا ئەدائی کاری خۆ پەرلەمانتاریا رابت و ئیختیساسی تەشریعێ کو ئیختیساسی رەئیسیە پەرلەمانێیا، پەرلەمانێ مە تەشریعا وان یاسایا بکەت کو ل دیڤ کلتور و دیڤ حەز و خواستێ خەڵکی مە وەکو دەستکەوتەك و جیلی مە بگونجێت پەرلەمان ڤی دەوری بگۆڕێت ئەم خۆ نەگرێدای چ ڤیادە و چ قانونێت وڵاتێت دیڤە بۆ پتر تێپەڕاندنا پڕەنسیپێ دیموکراسیەت و شەفافیەتی پێتڤیا میکانزمە عەلەنی و بێتە ب کار ئینان، سرِی کرنا تشتی دیارە خۆ ڤە شارتنەکێیا ژ وی خەڵکێ ئەو خەڵکێ مە ڤێرێ نوێنەرایەتیا ڤێ خەڵکی دکەن هندەك یاسا هەنا وەکو سەوابق وەك ئەم نووکە ئەم بەحس لێکەین یاخود پێڤەگرێداین ئەم ئیستیفادەشی بکەین ئەو ژی ئەڤە نە مادده (١٧) ژ یاسایە ژمارە ئێکا ساڵە (٢٠٠٥) یاسا سەرۆکایەتیا هەرێما کوردستانێ کو هەر ڤی پەرلەمانێ بووە سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ هەڵبژراتنێ ب عەلەنی بووە، هەروسا بڕیارا ژمارە (٣) ساڵە (٢٠٠٥) ی هەر ڤی پەرلەمانی کوردستانی ئەگەر ئەم وەکو عێراق کو نزیکترین خاڵە مەیا بوو هەر حاڵەتەکی وەسا کو ببتە جهێ خیلاڤێ دەستورێ عێراقێ مادده (٧٠) هەتا ئیشارەت ب جەوانیا هەڵبژارتن سەرۆکێ کۆمارێ دات بەس ئیشارەت پێ نەدای کو پێتڤییە عەلەنی بت، هەروەسا یاسایەك دی هەی تایبەتە ب چەوانیا سەرۆك کۆمارێ عێراقێ ماددا (٧) تێدا بەحس کری دیسان ئیشارەت پێ نادات کو سرِی مادده (٧) یاسایا ژمارە (٨) ساڵە (٢٠١٢) ژ بەر هەندێ ئەز گەل هەندێمە وەکو ئەندامێ پەرلەمانێ سەرۆکا لیژنا یاسایی ئەڤ ماددا وەکو خۆ بمێنی وەکو مەوجوودە پێشنیازا یاسایی دا، سوپاس،

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەۆرکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (٥) کە لێرانە وا نووسراوە کە سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی ئاشکرا بە دەنگی زۆرینەی ڕەها، من بەش بە حاڵی خۆم یەعنی هەموو دەنگدانێك ڕەئی خۆم وایە ئەوهای لێ بکرێت هەموو دەنگدانێك بۆ کەسێك کە بەرپرسیاریەتیەك وەردگرێت کە بەرپرسیاریەتەکە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت زۆر جیاوازە، سەرۆکی حکومەت ئەمە لە پەیڕەوەکە و بە یاسا دیاری کردووە سەرۆکی براوەی ئەو

حیزبەی کە لیستەکەی سەرکەوتوو دەبێت کەسێك دیاری دەکرێت کە دێتە پەرلەمان ئێمە متمانەی پێدەدەین بەو بەرنامە کارەی کە حکومەت هەیەتی، بەلاّم بۆ کەسێك بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیە لەم ولاّتە وەردەگرێت هەتا سەرۆکی ئەم پەرلەمانە بە ئاشکرا هەڵنابژێردرێت، سەرۆکی هەرێم بۆ پێناسەی میللەتەکەمان زۆر گەورەترە لەمە، دوایی بۆ ئێمە بترسین بە ئاشکرا یان بە نهێنی، بە ئاشکرا پێمانوابێت ئاشکرا شەفافیەتە و نهێنیە، بە رەئی من ئەمە بۆ هەڵبژاردنی کەس ئەمە شەفاف و نهێنی پێ ناگوترێت، بەلاّم هەڵبژاردن بۆ کەسایەتی ئەندامانی پەرلەمان و ئەگەر ئەم متمانەیە دروست نەبێت لە بەینی فراکسیۆنەکان کە دەنگ دەدەن بەم کەسە، دوایی ئێمە یاسا بۆ کەسێك دیاری ناکەین، یەعنی یاسا ئێمە دیاری دەکەین بۆ هەرێمی کوردستان، کێ دەبێت بە سەرۆك، پێموایە رێکەوتنەکانی نێوان لایەنەکانیش ئەم دەنگە دەهێنێت، پێویستە متمانەی هەبێت و (٣/٢) بەلای من زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەم کۆدەنگیە نیشتیمانیەی لایەنە سیاسیەکان زیاتر بکات بۆ ئەوەی کە ئەم سەرۆکەش سەرۆکێکی بەهێزتربێت و هەموو لایەکمان متمانەی پێبکەین، بۆیە من بە رای خۆم پێموایە ئەمە بە هەر شێوەیەك بێت دەبێت هەڵبژادنی سەرۆکی هەرێم بە نهێنی بێت و (٣/٢)یش بۆ کەسایەتی، چونکە تۆ متمانە لێسەندنەوەکەیت کردووە بە (٤/٣)، بۆ بێین (٥٦) بۆ (٨١)بێت، با بەینی (٧٤) بۆ (٨١) بێت، خۆ پێموایە ئەو کەسەی دیاریکراوە متمانەی پێ دەدرێت و متمانە لێسەندنەوەش لە وەلاّتی ئێمە تاوەکو ئێستا نەبووە، بە هەر حاڵ ئەمە یاسایە، من رەئیم لەگەڵ ئەوەیە بە نهێنی بێت و بە (٣/٢) بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەۆرکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جلال فەرموو.

**بەرێ. جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەکەم، داواکارم ماددەی (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە بەبێ هیچ گۆڕانکاریەك، دەمەوێت ئەوە بزانین کە زۆرینەی رەها بۆ سەرۆکێك هەڵبژێرێت لە کاتێکدا موقارەنەتەن بە سەرۆکی حکومەت کە دەسەلاّتەکانی کەمترە سەرۆکی هەرێم، بۆیە داوا دەکەم سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی زۆرینەی رەها بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فەرید/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی دەنگدانی ئاشکرا شەفافیەتی زیاترە بۆ بەرپرسیاریەتی ئەندامان لای دەنگدەر، تا خەڵکی بزانن پەرلەمانتار چۆن دەنگ ئەدات، واتە دەنگدانی ئاشکرا لە رووی چەمك و شەفافیەت بۆ بەپرسیاریەتی و دیموکراسی باشترە لە دەنگدانی نهێنی، بەتایبەت بۆ پرسێکی گرنگی وەك هەڵبژاردنی سەرۆك لە ناو

پەرلەمان، بەوەش پێگەش سەرۆك بەهێزتر ئەكات لە رووی پشتیوانی و بەپرسیاریەتی بەرامبەر سەرجەم هاولآتیان، ئەو حالەتەی دەنگدانی ئاشكراش لە دونیای دیموكراسی زۆر پەیرەو ئەكرێ وەكو ولآتی ئیتالیا، لاتیڤیا، هیندۆراس، و پشتگیری لە برگەكانی ماددەی چوار ئەكەم وەكو خۆی بمێنێ، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خەدیجە خان.

**بەرێز خەدیجە عمر طه:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێوەی بەرێزیش ئەزانن جەوهەری پرۆسەی دیموكراسی ئەوەیە هەڵبژاردن بكرێ ، بەلآم ئەكرێ ئالیەتی جیاواز بێ، بۆیە ئێمەش پێمان ئاساییە هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم بە دەنگدانی ئاشكرا بێن وەكو چۆن هاورێیانیش ئاماژەیان پێ كرد لە دەستووری عێراق و یاسای سەرۆكایەتی هەرێم ژمارە یەكی ساڵی (٢٠٠٥) لەو بابەتە بێ دەنگ بووە و ئاماژەی بەوە نەكردووە ئایا دەنگدان ئاشكرا بێت یان نهێنی، بۆیە ئێمەش پێمان باشە دەقی ئەو ماددەیە وەكوە خۆی بێ، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە كۆتایی هات، فەرموو ماددەی پێنج.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

١ ماوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێم بە كۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان كۆتایی دێ.

٢- سەرۆكی هەرێم لە ئەرك و دەسەلآتەكانی بەردەوام ئەبێ تا بەپێی حوكمەكانی ئەو یاسایە سەرۆكێك هەڵدەبژێردرێ.

**بەرێز/د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان .**

بەڵێ دەرگای گفتووگۆ دەكەینەوە هەر ئەندامێك دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بكات دەست بەرز بكاتەوە .

ئەو ناوانەی كە بەژدار دەبن بۆ گفتوگۆكردن (هدیە خان ، كاك محمد ، كاك بەختیار ، كاك ظاهر، ژیان خان ، د.زیدان ، د.رێبوار ، كاك شوان ، كاك د.صباح ، كاك سەفین ، د. كاظم ، كاك دیاری ، كاك سۆران ، كاك سیروان ، كاك مەم ، كاك بەلێن ، كاك دابان ، كاك عوسمان ، كاك سیپان ، بەدریە خانم ، موژدە ).بەڵێ هەدیەخان فەرموو .

**بەرێز/هدیە مراد حیدر:**

**بەرێز/سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەز دەخـوازم هـەردوو برگـەی مـاددەی (٥) لـە پێشـنیازی یاسـای کاراکردنـەوەی دامـەزراوەیی سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سـەرۆك تـا پەسـەند کردنـی دەسـتوور وەکـو خـۆ بمینێت هەروەکوو لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتی و بهێتە جێبەجێکردن پشگیریێ لێ دکەم .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەلێ زۆر سوپاس بەرێز د.کاظم فەرموو.

**بەڕێز د. کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە من لە دوای کاك سیپان قسە ئەکەم، چونکە قسەکانم پشتگیری ئەبێ بۆ بەرێزیان .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان:**

بەرێز کاك سیپان فەرموو لە جێگای ئەو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ل ماددا (٥) بەشا (١) دبێژیت ماوێ ولایـەتا سـەرۆکێ هـەرێمێ ب کۆتـایی هاتنـا ولایـەتا پەرلـەمانی کۆتـایی دێـت، لێ گرنگـە ل ڤێـرێ سـەڤقێ زەمـەنی بهێتـە دیـاری کـرن، کـو (٤) سـالێ بهێـت دیـاری کـرن بـۆ ولایـەتا سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ ئانکو مافێ درێژکرنا ولایەتا سەرۆکێهەرێما کوردستانێ نەبیتن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

ماددەکـە وازحـە ، بـەلاّم ئـەم جـۆرە دەقانـە ئـەو نـەوعـە نەصـانە دائیمـەن بـۆ هـەرێمی کوردسـتان یـەعنی رووبەرووی گرفت بووە هەرێمی کوردستان و ئەمە تەجروبەمان هەیە ئەزموونێکی دوور و درێژمان هەیـە لە مەوزووعی ماوە، مایەی سەرۆکایەتی و دەسەلاّتەکانیان ، بۆیە ئەگەر بکرێت ئەمە بکرێت بە یەك ماددە یـەك برگـە تـەنها بنووسـرێتن ، مانـەوەی ویلایـەتی سـەرۆکی هـەرێم تـا بـە پێـی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە سەرۆکێك هەڵدەبژێردرێت بـەردەوام بـێتن یـاخود تـەنها برگـەی دووەم دەنگـی پـێ بـدەین، چـونکە ئەگـەر هەردووکیان بکرێت کە ویلایەتی پەڕلەمان کۆتای دێت دەست بە تەفسیراتی قـانونی دەکـرێتن دامـەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم ناتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکاتن و موناقەشەی دەسەلاّتەکانی دەکرێتن، بۆیـە مـاوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم تا هەڵبژاردنی سەرۆکێکی دیکە بەردەوام بێت سوپاستان دەکەین .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

پشتگیری لە تەواوی وتەکانی هاوکارم کاك سیپان دەکەم .

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز بختيار شوکری سليمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

لەبەر گرنگی بوونا پۆستی سەرۆکی هەرێمێ خۆدا نەکا بکەونە فەراغی سیاسی پێویستە ولایەتی سەرۆکی هەرێمێ بمینیت تاکو کۆتایی ولایەتا پەرلەمانی و عەین و ئەرکو دەسەلاتێ بمینیت تاکوو سەرۆکێکی نوێ بۆ حکومەتا هەرێمێ هەلبژێرن ، من لەگەلێ ئەوەیمە ماددەی (٥) وەکو خۆی بمینێت زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە جێی ئەم ماددەیە بگرێتەوە لەبەر ئەوەی سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانە بەراستی دووانەی دەسەلاتی جێبە جێکردنە، و ئەگەر سیستەم پەرلەمانی بێت دەبێ ئەم دووانەیە بەر پرسیاریەتی سیاسیان لە ئاستی پەرلەمانە هەبێ ، بەلام سەرۆکی هەرێم نیەتی و ئەگەر نیمچە سەرۆکایەتی بێ ئەبێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەر پرسیارەتی سیاسی لە ئاستی سەرۆکی هەرێم ئەبێ کە ئەوەشیان وانیە ، بۆیە دیاری کردنی بەر پرسیاریەتی سیاسی لە سەرۆکی هەرێم لەبەر دەم پەرلەمان بە ئیزافەی ماددەیەك بەم جۆرەی لێ بکرێت ، هەموارکردنی ماددەی شانزەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ( ٢٠٠٥) ی سەرۆکایەتی هەرێمی هەموارکراو بەم جۆرە سەرۆکی هەرێم لەم حاڵەتانەی خوارەوە بە بڕیارێك لە لایەن پەرلەمانەوە بە بەخشراو لە ئەرکو فەرمانەکانی دادەنرێت .

١- لەبەر هەر هۆکارێك نەیتوانی ئەرك و فەرمانەکانی ئەنجام بدات .

٢- دەست لە کارکێشانەوەی خۆی بە نووسراو پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکا دوای تێپەربونی (١٠) رۆژ لە بەرواری پێشکەش کردنی داواکەی بە دەست لە کار کێشاوە دادەنرێ .

٣- بە داوای (٢٥) ئەندامی پەرلەمان لەسەر بنەمای لێپرسینەوە بە دەنگی دوو لە سەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگدانێکی نهێنی و راستەو خۆ لە ئەرك و فەرمانەکانی دە بەخشێ لە کاتی شکاندنی سوێندی یاسایی و پێشەلکردنی یاسا و دەستوور زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڤاهر (خەیلانی) پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکەم لە سەر ماددەی (٥)

١-ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتای دێت.

٢-سەرۆکی هەرێم لە ئەرکو دەسەلاًتەکانی بەردەوام دەبێ تا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەرۆکێك هەڵدەبژێردرێت ، داوادەکەم ماددەی (٥) هەردووك بڕگەکەی وەکو خۆی جێبە جێ بکرێت و پشتگیری لە رەئیەکە هەدیە خان دەکەم .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) یەکەم و دووەم نازانم پێویست ئەکا بیخوێنمەوە ؟ یەکەم دەلێ ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە کۆتا هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتایی دێت .

بڕگەی دووەم : هەمان شێوە دەلێ سەرۆکی هەرێم لە ئەرکو دەسەلاًتەکانی بەردەوام دەبێ تا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەرۆکێك هەڵدەبژێردرێ من پێم وایە یەکێکیان زیادە یان ئەوەیە بەردەوام دەبێت هەتا هەتایە کەس نازانێ یان ئەوەیە لەگەڵ کۆتایی تەمەنی پەرلەمانە کۆتای پێ دێ، من داوا کارم ببێ بە یەك بڕگە ئەگەر ببێت لە لایەکی تریشەوە پشتگیری وتەکانی کاك سیپان و کاك سۆران عمر دەکەم .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری مادده ژمارە (٥) ئەو پێشنیازەی لیژنەی یاسایی دکم بێ گۆرانکاری و زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم لە ماددەی (٥) یەکەمیان ئەلێ ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە کۆتایی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتای دێت من پرسیارێکم لە بەرێزان لە لیژنەی یاسایی هەیە ؟ کە لە راپۆرتەکەیاندا تەئکیدیان لەسەر هەمان پرۆژە یاسایە کردۆتەوە ئایە لە دۆخێکا بووە بە جۆرێك عورف لە هەرێمی کوردستان دا پەرلەمان ماوەی تەمەنی خۆی بۆ سالێك یا دوو سالٚ درێژکردەوە ئۆتۆماتیك بە پێی ئەو ماددەیە سەرۆکی هەرێمیش ویلایەتەکەی درێژ ئەبێتەوە ؟ چونکە ئەو پرسیارە ؟

دووەم سـەرۆكی هـەرێم لـە ئـەركو دەسـەلاتەكانی بـەردەوام دەبێـت تـا بـە پێـی حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە سەرۆكێك هەڵدەبژێردرێت پێم وایە یەكێكە لەو یاسا لەو مادده مەترسـیدارانە لەبـەر ئـەوەی لـە دۆخێكـی لەم جۆرەیە ، ئەگەر پەرلەمانی كوردستان هیچ هێزێـك هـیچ كاندیـدێك نـەیتوانی زۆرینـەی رەهـا كـە داوا ئەكەین دوو لەسەر سێ بێ ئەگەر زۆرینەی رەها نەیتوانی كۆ دەنگی دروسـت نـەبوو لەسـەر هەڵبـژاردنی سەرۆكێكی هەرێم لە ناو پەرلەمانە كەواتە ئۆتۆماتیك سـەرۆكی هـەرێم بـەردەوام دەبـێ لـە دەسـەڵاتەكانی ئیتر شەش مانگە، ساڵێكە، چەند ساڵێكە ئەمە بـە مەترسـی ئـەبینم بـە راسـتی هەقـە ئـەم دیقـە بەراسـتی لەسەر ئەم بڕگەیە بكرێ سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەكەم لە ماددەی (٥) بە تایبەت لە خاڵی دووەم دا كە سەرۆكی هەرێم لە ئەركو دەسەڵاتەكانی بەردەوام بێ تا بە پێـی حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە سـەرۆكێك هـەڵ دەبـژێردرێت بـۆ ئەوەی هیچ فەراغێكی یاسایی لە هەرێمی كوردستان دروست نەبێ لە دوای تەواوبونی ویلایەتی پەڕلەمان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو كاتەی كە لە ماددەی (٣)م مناقەشەمان كرد لێرە تەئكید دەكەمەوە ئەو ماددەیەی (٥) بەو شێوازەی لێ بكرێ و ماوەی خولی سەرۆكی هەرێم كە لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێ و بۆ (٤)ساڵە و تەنها یەك جاریش دەتوانێ هەڵبژێردرێتەوە زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بارەی ماددەی (٥) بڕگە (٢) كە ئاماژەیە بۆ سەرۆكی هەرێم لە ئەرك و دەسەڵاتەكانی بەردەوام دەبـێ تـا بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە سەرۆكێك هەڵدەبژێردرێت ئەوا دەقاو دەق لە گەڵ دەستووری عێراق مادده (٧٢) بڕگە (٢) هاتوە بۆیە بە هیچ شێوەیەك هیچ مەترسیەك دروست ناكا ئەگـەر ئـەو بڕگـە وەك و خـۆی جێگیر بكرێ بە لكو بە پێچەوانەوە و كاتێك بۆ ماوەی پەرلەمانی كوردستان ویلایەتی سەرۆكی هـەرێمیش

کۆتایی دێ پێویستە سەرۆکی هەرێم بەردەوام بێ لە ئەرك و دەسەلأتەکانی بۆ ئەوەی کە بۆشایی یاسایی و بۆشای ئیداری دروست نەبێ و قەیرانی هەڵپەساردنی دامەزراوە کان جارێکی دی نەیەتە کایەوە ، بۆیە بە رەهایی پشتگیری ئەوە ئەکەم کە ئەو بڕگەیە لە مادده (٥) وەك و خۆی جێگیر بکرێ.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خاڵی یەکەمی ماددەکە پشتیوانی لە لیژنەی یاسای دەکەم بە تایبەتی کە لای زۆر کەس روونە کە سەرۆکێك ماوەکەی کۆتایی دێت، لێرە روون و ئاشکرایە بە کۆتای هاتنی ویلایەتی پەرلەمان کۆتایی بە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمیشە .

خاڵی دووەم سەرۆکی هەرێم لە ئەرکوو دەسەلأتەکانی بەردەوام ئەبێ تا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەرۆکێك هەڵئەبژێردرێ ئەمەش خاڵیکی جەوهەریە خالێکی ،گرنگە ئەو خواستە تەسبیت بوە تیایە کە لە خولەکانی تریشا بەردەوام سەرۆك لە ناو پەرلەمانەوە هەڵ ئەبژێردرێ و من پشتیوانی دیسانەوە لە لیژنەی یاسای دەکەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز شوان کرم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شوان (زراری) پشتگیری لیژنەی یاسای دەکەم کە ماددەی (٥) وەك و خۆی بە هەردووك بڕگەوە جێگیر بکرێت لەگەڵ رێزم دا .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من عوسمان (صیدەلی ) دیارە من پێشنیار دەکەم بکرێ بە یەك بڕگە ئەو دوو بڕگەیە بەو شێوەی یەکەم ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتای دێت لە ئەرك و دەسەلأتەکانی بەردەوام دەبێت تا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەرۆکێك هەڵ دەبژێرێت بە مەرجێك لە (٦)مانگ زیاتر نەبێت ، ئەمە بۆ ئەوەی کە ئێمە دەرگایەك نەکەینەوە جارێکی تر لە رابردوودا ئێمە ئەو

تەجرووبەمان بە سەردا تێپەڕیووە بۆ ئەوەی سنوورێك دابنرێت بۆ ئەوەی کە ئێمە نەتوانرێت جارێکی دی ئەم .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ماددەی (٥) بە هەردوو بڕگەوە چۆن لە پێشنیازی لیژنەی یاسایی هاتووە پشتگیری دەکەم هەروەها پشتگیری وتەکانی هەدیە خان و کاك بختیار و کاك ظاهر و ژیان خان و زێدان و د.ڕێبوار و کاك شوان دەکەم .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی هەردوو هاوڕێم کاك سیپان و کاك مەم دەکەم سەبارەت بە ماددەی (٥) سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەفین (گەردی ) پشتگیری هەڤاڵانم دەکەم پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکەم لە ماددەی (٥) کە وەکو خۆی بمینێتەوە بە بێ گۆڕانکاری زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە تەواوی قسەکانی بەڕێز کاك سۆران عمر دەکەم زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هەڤاڵانم دەکەم کە لە گەڵ مانەوەی ماددەی (٥) بە هەردووك بڕگەیەوە زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) خاڵی یەکەم پێشنیار دەکەم بەو جۆرە بێت ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم تەنها بۆ (٤) ساڵ بێت و ئەگەر بیەوێت خۆی کاندید بکاتەوە بیەوێت سەرۆکی هەرێم بێت لە خولێکی تر دا دووبارە دەرفەتی ئەوەی دەبێت بۆ جارێکی تر خۆی کاندید بکاتەوە و دەسەلاَتەکانی دابەش بکرێت بەسەر سەرۆکایەتیەکانی تردا و هەروەها نەبەسترێتەوە بە کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان، ماددەی دووەم لا ببرێت و پشتگیری خۆم بۆ هاورێیانم بەڕێز کاك سیپان کاك سیروان کاك سۆران عمر و کاك مەم دەکەم .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەکە قسەم نیە، تەنها خاڵێکی پەیرەویم هەبوو کە هاورێیانمان لە لیژنەی یاسایی ئاگادارن کە دانیشتنی داهاتودا دانیشتنی دەنگدانە، رێگە بە گفتووگۆ نادرێ و پێشنیازی نوێش وەر ناگیرێت ، بە پێی ماددەی (٩٠) برگەی (٣) و لەماددەی (٩١) برگەی (٢)و(٣) ئەگەر زیاد لە پێشنیازێك هەبوو پێشنیازەکان ئەخرێنە دەنگدانەوە، بۆیە ئەو پێشنیازانە تۆمار بکەن نەك تەنها روونکردنەوە بدەن و قسەی خۆیان بکەن ئەو پێشنیازانە تۆمار بکەن بە تایبەتی کە زیاتر لە سێ ئەندام پشتگیری لێ ئەکا زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەلێ پێشتر داوایان لێ کراوە کە پێشنیازەکان هەمووی تۆمار بکرێ بە پێی پەیرەو و ئێستا داوا لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەین ئەگەر هەر روونکردنەوەو وەلاَم دانەوەیەکیان هەیە با بفەرموون .

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك مەم پرسیارەك ئاراستەی مە کرییە وەکو لیژنەی یاسایی ئەگەر روخسەت بێت، بۆ هندێ حساب نەبیت کە جوابا ئەندام پەرلەمانی دای، بەلێ کاك مەم، ئەگەر پەرلەمان ولایەتا خۆ تەمدید کر ئۆتۆماتیکی ولایەتا سەرۆکێ هەرێمێ ژی دێتە تەمدید کرن وە ئەڤە مەترسی نییە، لە جیاتی ئەوەی هەرێم بێ سەرۆك بمێنێ، مەترسی لەوەدایە پەرلەمان نەتوانێ سەرۆکێك بۆ ولاَت هەلَبژێرێت، ئەوە بەردەوان دەبێت ئەو یاسایە تا هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی دستوور، دواتر عیلاج دەکرێ، جارێکیتر

بۆ دڵنیایی پەرلەمانتاران هەر بەڕێزێك قسەیەكی كردبێت قسەكانی لێرە نووسراوە، دڵنیایی ئەوە دەدەین، منیش لەگەڵ ئەوەمە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێ لەو پێشنیازە یاسایە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:

فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر من وەكو ڕوونكردنەوەیەك لەوە لە ماددەی (٥) بڕگەی (١) ماوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێم بە كۆتای هاتنی ویلایەتی پەرلەمان كۆتای دێت ئەمە لە ئەصلی یاسایەكە مادده (٣) دیاری كراوە كە تەنها بۆ یەك جاری تر مافی خۆ هەڵبژاردنی هەیە یەعنی لەوێ دیاری كراوە لێرە ڕوون نەكراوەتەوە ،لە بڕگەی دووەم سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتەكانی بەردەوام دەبێت تا بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە سەرۆكێك هەڵدەبژێرێ ئەوە هەمان ماددەی ئەم یاسایە هەموار لە ماددەی (٤) بڕگەی (١)ی دەڵێت (٣٠) ڕۆژ دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەوە دەرگای خۆ پاڵاوتن دەكرێتەوە یەعنی تەحدیدی كاتەكەی كراوە زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز ڕووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٥) پشتگیری لە وتەكانی كاك سۆران عمر دەكەم بە ئیزافە كردنی بڕگەیەك كە لە مادده (٧٢)ی دەستووری عێراقی هاتووە ئەگەر پۆستی سەرۆكی هەرێم لەبەر هەر هۆیەك بە تاڵ بوو سەرۆكێكی تر هەڵ دەبژێردرێت بۆ تەواوكردنی ئەو ماوەی ماوە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ مانەوەی ئەو ماددەیەین وەكو خۆی بێتن جونكە ڕاستی ناكرێ هەر(٤)ساڵێك جارێك دەسەڵاتەكانی دابەش بكەین بۆ دامەزراوەكان دوایە دیسان بیدەینەوە دامەزراوەی سەرۆكی هەرێم، بۆیە لەگەڵ مانەوەی ئەو ماددەیەین و پشتگیری سەرۆكی لیژنەی یاسایی دەكەین .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەرێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی تكایە ماددەی شەش بخوێنەوە .

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەش : كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ كە لە گەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت .

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەرگای گفتووگۆ دەكەینەوە هیچ گفتوگۆیەك نیە لەسەر ماددەی شەش، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە:

١-گلوستان خان.

٢- كاك رێبوار.

٣- رۆژان خان.

٤- كاك ڤاهر.

٥- دكتۆرە گەلاوێژ.

٦- دكتۆر شێركۆ.

٧- دكتۆر كاڤم.

٨- كاك مەم.

٩- موژدە خان.

١٠- كاك دیاری.

بەڵێ دكتۆر شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شیركو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم هەیە، دیارە ئەو پێشنیارانەی ئەو داواكاریانەی كە زیاتر لە سێ پەرلەمانتاری بەڕێز جەختیان لەسەر كردەوە، یەكێكیان ئەوە بوو كە لێپرسینەوە لە پەرلەمانەوە بكرێت، پێشنیاری ئەوە دەكەم كە ببێت بە ماددەیەك لێرەدا جێی بۆ بكرێتەوە.

پێشنیاری دووەمم/ ئەوەیە كە هەرچییەك دەرچێ ئەم یاسایە دواتر دەبێت لە پەیڕەوی ناوخۆدا داخیل بكرێت، چونكە دەسەڵاتەكانی دەچێتەوە سەر دەسەڵاتەكانی پەرلەمانی كوردستان كە سەرۆكی هەرێم دەست نیشان دەكات بە شێوازی هەڵبژاردن لە پەرلەمانەوە، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە هەروەكو بیر خستنەوەیەك دەبێت دواتر بخرێتە ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەژی پشتگیریا لیژنە یاسایی دکەم کو ماددەی شەش وەکو خۆ بمێنێتەوە بێهێ کۆ گۆرانا بێتە کرن.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر کاڤم فەرموو.

**بەڕێز د. کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی بەرەو کۆتایی ماددەکان دەڕۆین و هیچ ماددەیەك باسی لێپرسینەوەی نەکرد لە سەرۆکی هەرێم، نە لە مەیان، نە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)دا، من پێشنیار دەکەم یان ماددەیەك یان بڕگەیەك زیاد بکرێت بەوەی کە بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمان سەرۆکی هەرێم خازیع بکات، تەواو ملکەچی بکات بە لێپرسینەوە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەبوو بەپێی مادده (٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ناکرێت هیچ پەرلەمانتارێکی بەڕێز پاس بدات بۆ بڕگەیەکی تر لە پێشنیازی یاسایی، دەبێت تەنها سوور بێت لەسەر ئەو بڕگەیەی کە خراوەتە روو.

سەبارەت بە موداخەلەی من پێموایە ماددەی شەش زۆر روونە، بۆ ئەوەی کە تەنازوعی قەوانین دروست نەبێت و پێویستە حوکمەکانی یاسا بە قەتعی بێت، بۆیە بە رەهایی پشتگیری ئەوە دەکەم کە ناوەڕۆکی ماددەی شەش وەکو خۆی جێگیر بکرێت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە دەستووری عێراق یەکێکە لەو دەقە گرنگانەی کە هەموو دەقێکی قانونی پاڵپشت بە دەستوور، دەستوور دایکی هەموو قانوونەکانە، پرسیارەکە ئەوەیە لە دەستووری عێراقیدا، من حەز دەکەم لە دەستووری عێراقیدا لە ماددەی (٧٢)دا کاتێك کە سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردێت لە دوای یەکەمین دانیشتن لە بڕگەی (ج)، لە بڕگەی (ب) یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی عێراقی لە دوای (٣٠) رۆژ سەرۆکی پەرلەمان هەڵدەبژێرێت، بۆیە من ئەمە بە هەل دەزانم کە قسەی لەسەر بکەم، مادام ئێمە لەم ماددەی شەشەمدا کار بە هیچ دەقێك ناکرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، کەواتە بۆمان هەیە بگەڕێینەوە بۆ

هەنـدێ برگـە، بـۆ ئـەوەی بـزانین ئیشکالیەتی قـانونی تێدایـە، بۆیـە دەگەڕێینـەوە بـۆ ماددەیـەك لـەناو برگەکـەدا، مـاددەی (٤) برگـەی یەکـەم کـە دەڵێـت لـە مـاوەی (٣٠) رۆژ لـە دوای هەڵبـژاردنی دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆ پاڵاوتن دەکاتەوە، بۆیە ئەم دەقە بـۆ ئـەوەی هـەم بگونجێت لەگەڵ دەستووری عێراقیدا، هەم بۆ ئەوەی ئەم دەقە لە دوای یەکەمین دانیشتنی پەرلەمان، نەك هەڵبـژاردنی دەسـتەی سـەرۆکایەتی، یەکـەمین دانیشـتنی پەرلـەمان ئیلزامـی بێـت لـە مـاوەی (٣٠) رۆژدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردێت، ماددەی (٤) برگەی (ج) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە دەقیق بن لـە رەئیـە یاسـاییەکانتان، چـونکە هـەموو رەئیـەکان دەچـێتە نـاو پرۆتۆکۆل، بەڕێز رۆژان خانم فەرموو.

**بەڕێز روژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریێ ل راپۆرتا لیژنا کاروبارا یاسایی دکەم، پشتگیریێ مـاددە شـەش دکـەم کـو وەك خـۆ بمێنـێتن، پشتگیریێ ئاخافتنا هاورێیت خۆ دکتۆر رێبوار و گلستان خان دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز موژدە خانم فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز دکتۆر کاظم و بەڕێز کاك مەم دەکەم.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پشـتگیری لـە مانـەوەی مـاددەی شـەش دەکـەم، لەبـەر ئـەوەی مـاددەی شـەش زۆر گرنگـەو حـوکمێکی خیتامیە بۆ هەموو یاسایەك، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك دیاری فەرموو، تکایە هەر ئەندامێکی پەرلەمان کە قسەکانی تەواو کرد مایکەکەی بکوژێنێتەوە تکایە.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەكانی هەر یەك لە بەڕێزان دكتۆر كاظم و هەروەها كاك ئەبو بەكر هەڵەدەنی و دكتۆر شێركۆ دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی، پێویست بە هیچ روون كردنەوەیەك و وەلاّمدانەوەیەك هەیە؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت موناقەشەی كاك مەم وەكو پرسیارا لە دەستەی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی دەتەوێت روون كردنەوە بدەیت؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستووری عێراقێ ئاماژە بە سەراحەت تەنیا كری كو هەرێمی كوردستان دشێت مومارەسا هەمی دەسەلاّتێ خۆ بكات، هەرێما كوردستانێ ئەندام پەرلەمانا لیڤ مادده دوو ل پەیڕەوی نافخۆی پەرلەمانێ بالاّترین دەسەلاّتە یاسادانانێە، ئەڤ پەرلەمانە هەر یاسایەكا زۆرینا دەنگا رێكارێ خۆ یاسایی گرتە بەر دەرباز بكات، ئەم پێ مولزەمین نە زیاتر، راستە دەستووری عێراقی ئیشارەت بە هەندێ رێكار دایت، بەس ئەم مولزەم نەبین، نەكو ئیجبارییە، وەكو لیژنا یاسایی ژی حەز دكەین ئەڤ ماددەی شەش وەك خۆ بمێنێت ڤێ پێشنیارێدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی فەرموو ماددەی حەوت بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ ئەندامێك قسەی هەیە لەسەر ماددەی حەوت، ئەحکامی خیتامیە؟ پێویستە لە هەموو یاسایەکدا هەبێت، بەڵێ دیارە گفتوگۆ نییە لەسەری، فەرموو ماددەی هەشت بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن:

١-سەرچنار خان.

٢- کاك کاوە.

٣- مامۆستا ئەبو بەکر.

٤- بەڕێز دکتۆر اسماعیل.

٥- دکتۆر محی الدین.

٦- دکتۆر شێرکۆ.

٧- کاك ڤاهر.

٨- کاك حکمت.

٩- کاك سروان.

١٠- رۆژان خان.

١١- دکتۆر رێبوار.

١٢- هدیە خان.

١٣- سوسن خان.

بەڕێز سەرچنار خان فەرموو.

بەڕێز سەرچنار احمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

(ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ڤاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە.

پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەكەم، هیوادارم ئەم ماددەیە وەكو خۆی جێ بەجێ بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، ئەم یاسایە لە دوای بڵاو بوونەوەی لە وەقائیعی كوردستان دەچێتە بواری جێ بەجێ كردنەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك حكمت فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە لیژنەی قانونی دەكەم ئەو ماددەیە هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا ئەبو بەكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە كاك كاوە و خاتوو سەرچنار دەكەم، قسەكانم كران، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**ئەز پشتگیریا بۆچوونا هەندێت دکەم کو وەقائیعی کوردستان بێتە نەشر کرن پاشی تەنفیز ببیت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز رۆژان خان فەرموو.**

**بەڕێز روژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەز پشتگیریا لیژنا کاروبارێ یاسایی دکەم و پشتگیریێ دکەم مادده هەشت وەکو خۆی بمێنێت و پشتیگریێ ئاخافتنا هەڤالێت خۆ کاك سروان و کاك حکمت دکەم، سوپاس.**

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر محی الدین فەرموو.**

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەم کە ئەم (یاسایە لە بەرواری بلاْو بوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ بکرێت)، سوپاس.**

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر رێبوار فەرموو.**

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئاخافتنەکانی من کرا، سوپاس، بۆ ئەوەی دووبار نەبێتەوە.**

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.**

**بەڕێز د.شیرکو جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مەسەلەی لە وەقائیعی کوردستان بلاْو بکرێتەوە مافێکی خەڵکە، مافی گشتییە، بۆ ئەوەی بزانن پەرلەمان دەنگ لەسەر چ دەدات، یاساو ناوەڕۆکی یاساکە چییە، بۆیە گرنگە لە وەقائیعدا بلاْو بکرێتەوە، نەك لە رۆژی دەرچواندنیەوە کاری پێ بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز هدیە خان فەرموو.**

**بەڕێز هدیه مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیریی راپۆرتا لیژنا یاسایی دكەم مادده هەشت وەكو خۆی بمێنێت و بیهێتە جێ بەجێ كرن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەی هەشت دەكەم كە وەكو خۆی جێ بەجێ بكرێت و پشتگیری لە بەڕێزان كاك سەروان و هەدیە خان و رۆژان خان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی، ئەحكامی خیتامییە، پێویست بە هیچ روون كردنەوەیەك و وەلاّمدانەوەیەك هەیە؟ فەرموو سەرۆكی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك وەكو قاعیدە دەمی یاسا دێتە پەسند كرن و دەركەڤت ل وەقائیعی كوردستانێ و لە هەر ولاّتێكی ژی ئەڤ میكانیزمە هەیە، ل بو ڤێ یاسایش بەلكو تابعێكی، رەهەندێكی نیشتمانی هەیە، تابعێكی سیاسی پتر هەیە، گرنگی پێدای هەرێما كوردستانێ نە گرێدای خاص موباشر ب حقوق و حوریاتێت خەلكی ڤە هەیەو مەسەلەی دادگایی كردن و گرێدانی مادده بۆ زانین و جەهلە یاساییین، ژی بەر هەندێ پێویست ناكات و لەگەل هەندێنە ئەڤ ماددەیە وەكی خۆ بمێنێت، ڤێ پێشنیازا یاساییدا، تەبیعی هەر خەلكی كوردستانێ دەزانیت نا وەكو بەس لە رێگا وەقائیعی كوردستان زانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی هۆیەكانی دەرچواندن بخوێننەوە، بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بكەینەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆیەكانی دەرچواندن**

بە مەبەستی كارا كردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق و هەڵبـژاردنی سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەرگای گفتوگۆ لەسەر هۆیەكانی دەرچواندن دەكەینەوە، هەر ئەندامێكی بەڕێز دەیەوێت گفتوگۆ بكات دەست بەرز بكاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بكەن ئەمانەن:

١-كاك مەم اسكندر.

٢- كاك نزار.

٣- كاك شوان.

٤- دكتۆر شێركۆ.

٥- كاك كاوە.

٦- كاك عبدالستار.

٧- بدريه خان.

بەڵێ كاك مەم فەرمووو.

بەڕێز مەم اسكندر مەم:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

پشتەڤانییێ لە راپۆرتا لیژنا یاسایی دكەین كو مەبەستەك و كو ئەم ژی كارا كردنا دامەزراوە سەرۆكايەتيا هەرێما كوردستانێ ژ بەر هەندێ پێشنیار دكەم وەكو خۆ بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆر شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شيركو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ئیزافەی ئەوە بكرێت كە لە سیستەمێكی حوكمڕانی پەرلەمانیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەكەم، پشتگیری لە وتەكانی بەڕێز كاك مەم دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) لە هۆیەكانی دەرچوواندن دەڵێت لە پێناو رەخساندنی زەمینە سازی و لێك تێگەیشتن لەسەر سیستەمی حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستان ئەم یاسایە دەرچوێندرا، بۆیە من پێشنیار دەكەم لە پێناو زەمینە سازی و لە پێناو تەوافوقی سیاسی و لە پێناو دروست كردنی هەماهەنگی لەسەر یاساییەكی وا گرنگ كە یاسایەكە پەیوەندی بە هەموو خەڵكی كوردستانەوە هەیەو

یاسـایەکە ڕەهەنـدی نیشـتمانیی و نەتەوایـەتی هەیـە، خواسـت و داواکـاری و پێشـنیاری ئێمـە بـە هەنـد وەربگیرێت و جێگای بکرێتەوە لەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەڤالآنم دەکەم لە لیژنەی یاسایی، هەروەها هەڤالآنم کاك مەم و برادەران کە دەقەکە وەکو خـۆی بمێنێتەوەو جێگیر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو لا باسی سیستەمی پەرلەمانیمان کرد، دیارە ئەوەش خرایە روو کە سیستەمی پەرلەمانی تەنها بەوەی کە سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت، نابێت بە سیستەمی پەرلـەمانی، ئێمـە پێمـان باشـە بەراسـتی بـۆ ئەمـە، بـۆ جێگیر کردنـی ئـەم پایـە، دەقـە وا بنووسـرێت (لـە پێنـاو جێگیر کردنـی پایـەکانی سیسـتەمی پەرلـەمانی لـە کوردسـتان – عێـراق و ڕێکخسـتنەوەی پایـەکانی سـەرۆکی هـەرێم ئـەم یاسـایە دەرچووێندرا) سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بدریە خانم فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز مامۆستا عبدالستار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەمە هۆیەکانی دەرچواندن وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی مامۆستا عبدالستار مجید دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خەدیجە خانم فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێداگیری لەسەر ئەوە دەكەم كە ئەم دەقە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عەباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان ئەم بابەتە دوو ڕەئی جیایی لەسەر هەیە، دوو ڕەئیە جیاوازەكەش هەردووكیان لەسەر ئەوەی قانوونی خۆی وەرگرتووە، ئەوە دەكرێت لە دوایی پێداچوونەوە هەردوو ڕەئیەكە بخەینە دەنگدانەوە لە كاتی خۆیدا، بۆیە سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ لە دانیشتنی دەنگدان ئەو پێشنیارانەی كە پێچەوانەی نیزامی عام و مەبادئی عامەی دەستوور نین، یاسا بنەڕەتیەكان نین لە هەرێمی كوردستان، هەموو ئەو پێشنیارانەی كە زیاتر لە دوو كەس پشتگیری كردووە، واتا ئەندامێك پێشنیارەكەی كردووەو دوو كەسی تریش پشتگیری كردووە، یان سێ ئەندام پشتگیری كردووە، ئەو پێشنیارانە هەمووی لەلایەن لیژنەی یاساییەوە صیاغە دەكرێنەوەو لە دانیشتنی دەنگدان هەموو پێشنیارەكان ئەو مەرجانەیان تێدایە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەیخەینە دەنگدان، گفتوگۆ كردن لەسەر (پێشنیازی یاسای كارا كردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق و هەموار كردنی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند كردنی دەستوور) كۆتایی پێهات، فەرموون سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی بۆ شوێنی خۆتان، زۆر سوپاستان دەكەین و دەستتان خۆش بێت.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەم شێوەیە دانیشتنەكەمان هەڵدەگرین، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

| | | |
|---|---|---|
| منى نبی قهوچی | هێمن هەورامی | د. ڤالا فرید ابراهیم |

| | | |
|---|---|---|
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)ی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی ٨\٥\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## چوارشەممە ڕێكەوتی ٢٠١٩/٥/٨

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٩/٥/٨ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری

سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێرى پەرلەمان, دانيشتنى ژمارە (٥)ى خولى پێنجەمى ساڵى (٢٠١٩) ى خۆى بەست.

**بەرنامەى كار:**

بەپێى حوكمى بڕگەى (يەكەم)ى ماددەى (١٦) و ماددەى (٤٧) لە پەيڕەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان – عێراق، دەستەى سەرۆكايەتى پەرلەمان بڕياريدا بەرنامەى كارى دانيشتنى ژمارە (٥)ى ساڵى يەكەم لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان لە كاتژمێر (١١)ى پێش نيوەڕۆ رۆژى سێ شەممە رێكەوتى (٢٠١٩/٥/٨) بەم شێوەيە بێت:

يەكەم: دەنگدان لەسەر (پێشنيازى ياساى كارا كردنەوەى دامەزراوەى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان – عێراق و هەموارى شێوازى هەڵبژاردنى سەرۆك تا پەسند كردنى دەستور) بەپێى حوكمى ماددەكانى (٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەيڕەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكى پەرلەمان:**

**بەناوى خواى بەخشندەو ميهرەبان.**

بەناوى گەلى كوردستانەوە دەست بە دانيشتنەكەمان دەكەين، دانيشتنى ژمارە (٥)ى ئاسايى وەرزى گرێدانى يەكەم، ساڵى يەكەم، لە خولى هەڵبژاردنى پێنجەمى پەرلەمانى كوردستان - عێراق.

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان.

بەبۆنەى هاتنەوەى مانگى پيرۆزى رەمەزان دەستەى سەرۆكايەتى پەرلەمانى كوردستان پيرۆزباييەكى گەرم ئاراستەى ئێوەى بەڕێزو گشت موسڵمانانى كوردستان و جيهان دەكات، داواكارين لە خواى گەورەو ميهرەبان كە گيانى لێبوردەيى و يەكتر قەبوڵ كردن و يەك رێزى و تەبايى باڵ بكێشتن بەسەر هەرێمى كوردستاندا، ئێستا داوا لە بەڕێز سكرتێرى پەرلەمان دەكەين كە بەرنامەى كارى دانيشتنى ئەمڕۆ بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچى/ سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەرنامەى كار

بەپێى حوكمى بڕگەكانى (يەكەم و دووەم و سێيەم) لە ماددەى (١٦) و بڕگەى سێيەم لە ماددەى (١٨) و بڕگەكانى (يەكەم و پێنجەم) لە ماددەى (٥٤) و ماددەكانى (٤٧ و ٥٢ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەيڕەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان- عێراق، دەستەى سەرۆكايەتى پەرلەمان بڕياريدا بەرنامەى كارى دانيشتنى ژمارە (٥)ى ئاسايى خولى بەهارەى ساڵى يەكەم لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمان لە كاتژمێر (١١)ى پێش نيوەڕۆى رۆژى چوار شەممە رێكەوتى (٢٠١٩/٥/٨) بەم شێوەيە بێت:

**یەکەم: دەنگدان لەسەر (پێشنیازی یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند کردنی دەستور) بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی لەگەڵ ناوی ئامادە نەبووان بە مۆڵەت و بەبێ مۆڵەت بخوێننەوە.**

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٤/٣ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

**١-دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادە نەبوون و ئامادە بوونی ئەندامانی دانیشتنی پێشوو لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.**

**٣- روون کردنەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکان سەبارەت بە پێشنیازی یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند کردنی دەستور.**

**٤- دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**٥- گفتوگۆ کردنی پێشنیازی یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند کردنی دەستور.**

**ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون، یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٣:**

**١-باڵاْنبۆ محمد علی/ مۆڵەت.**

**٢- جمال حوێز مصطفى/ ئامادە نەبوو.**

**٣- زیاد جبار محمد/ مۆڵەت.**

**٤- شنۆ اشقی عبدالله/ مۆڵەت.**

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**ئێستا دەست بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەین، کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر (پێشنیازی یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند کردنی دەستور) بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.**

داوا له سەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی دەكەین كە بفەرموون بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان.

نوقتەی نیزامیمان هەیە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەمان لەبەر دەست نییە، ناكرێت وا دانیشتن بڕوات، ئەگەر راپۆرتەكەمان لەلا نەبێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

راپۆرتی لیژنە تەنها بریتییە لە داڕشتنەوەی پێشنیارەكان، ئێستا كە خوێندرایەوە هەر هەمووی دەخەینە بەردەستتان، لەبەر ئەوەی دوێنی تاكو نزیكی ئێوارە لیژنەی یاسایی بەردەوام لە كۆبوونەوە دابووە، بۆیە راپۆرتەكە ئێستا بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەخوێندرێتەوەو پێشنیار بە پێشنیار دەنگی لەسەر دەدرێتن، هەمووشتان پرۆژە یاساكەتان لەلایە، راپۆرتی لیژنەی یاساییشتان لەلایە، لەبەر ئەوەی لە دانیشتنی گفتوگۆ هەر هەمووی دابەش كرا بوو بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سوران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دانیشتنی دەنگدان لەسەر پرۆژە یان پێشنیاز نابێت لە هەفتەیەك زیاتر تێپەڕێت، بەداخەوە زۆر تێپەڕی و بەبێ ئەوەی ئەندامان ئاگادار بكەنەوە ئەو دانیشتنەی كە بۆ دەنگدان دانرا بوو دواتانخست، ئەوە شكاندنی پەیڕەوە كە ئەركی بەڕێزتانە پیادەی بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەی منیش ئەوەی كاك سۆرانە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ماددەی (٩٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان وازحە، كە پێویستە لە ماوەی هەفتەیەك دەنگدان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە بكرێت دوای خوێندنەوەی دووەمی، بەڵام خۆتان دەزانن هەر بابەتێك كە بوو بەهۆی شێواندن و تێكدانی مەبدەئی ئیستیقراری سیاسی، نەك تەنها پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵكو دەستورو یاسا عادیەكانیش لە ئاستیدا دەوەستن، بۆیە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بە گەڕانەوە بۆ ئەو مەبدەئانەی كە سیفەتی ئیلزامیان هەیە، كە مەبدەئی ئیستیقراری سیاسییە، گەڕانەوە بۆ ئەو مەبدەئە دەستورییە توانی كۆبوونەوەی دەنگدان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە تاخیر بكات، تا ئەو كاتەی لایەنە سیاسیەكان دەگەنە

تەوافوق، لەبەر ئەوەی خۆتان دەزانن پرۆژە یاساکە رەهەندێکی سیاسی هەیە و پێویست بوو کات بدرێت بە لایەنە سیاسیەکان، بۆ ئەوەی بگەنە تەوافوق لەسەر ئەو برگەو ماددانەی کە گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت لەناو یاساکەدا، پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمیدا بڕیاریداوە کە بەشێك بێتن لە چارەسەر کردنی کێشەو لە یەك نزیك کردنەوەی لایەنە سیاسیەکان لە یەکتری و هەروەها لە پارێزگاری کردنی لە یەك ریزی ناو ماڵی کورد، بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە گەڕانەوە بۆ مەبدەئی ئیستیقراری سیاسی کە مەبدەئێکی مولزەمە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاساکە دواخراوە، بە پێشێلکاری پەیڕەوی ناوخۆ دانانرێت، زۆر سوپاس.

فەرموو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ناونیشانی یاساکەوە دەست پێ بکە، بزانین چین ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەش کراون.

**بەڕێز بژارخالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەر ناونیشانێ یاسای پێشنیازی یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك سێ پێشنیار هەیە:

پێنشیارا ئێکێ/ یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەموار کردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

پێشنیاری دووەم/ یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی بمێنێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دیارە سێ پێشنیاز هەیە لەسەر ناونیشانی پرۆژە یاساکە:

پێشنیازی یەکەم ئەوەیە کە ناونیشانی یاساکە بەم شێوەیە هەموار بکرێتەوە:

(یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەموار کردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق).

بەڕێزان لە دەنگدان عادەتەن ئەو پێشنیازانەی کە جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەوەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێویستە یەکەم جار ئەوان بخرێنە دەننگدانەوە، وەك خۆی بمێنێت دەخەینە دەنگدان، بەلاَم دوو پێشنیازمان هەیە جیاوازن لەگەڵ ئەوەی کە لەناو پرۆژەکەدا هاتووە، بۆیە عورف دەنگدان وایە لەسەر پێشنیازەکان ئەوەی جیاوازە دەخەینە دەنگدان، کە ئەو دەنگی نەهێنا وەکو خۆی سەرۆکی لیژنەی یاسایی ناونیشانەکە دەخوێنێتەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە، بۆیە پێشنیازی یەکەم داوای گۆڕانکاری لە ناونیشانەکە کردووە دەیخەینە دەنگدانەوە چەند کەس لەگەڵیەتی دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڕێز سۆران فەرموو.

**بەڕێز سوران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە كەس دەنگ نادات، ئەو پێشنیازە كە نووسراوە وەك ئەوە نییە كە تەرح كراوە، من یەكێك بووم لەوانەی كە تەرحم كرد، شتێك نییە بەناوی هەمواری یاسای دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم، هەمواری یاسای سەرۆكایەتی هەرێم، ئەو دامەزراوە لەویا شتێك نییە یاسایەك بەو ناوە بەڕێزان هێن ناكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نەخێر، لای من هەیە، لە ئینصات وەرگیراوە بەو شێوەیە پێشنیازەكە كراوە، یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عیراق، هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند كردنی دەستوور، ڕایەك هەیە كە ناونیشانەكە وەك خۆی بمێنێتەوە، ڕای دووەم ئەوەیە كە یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عیراق و هەمواری یاسای سەرۆكایەتی هەرێم هەیە ڕایەكە، وە كراوە، چەند كەس لەگەڵیەتی ئەوەی كە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە دەست بەرز بكاتەوە؟ كەس لەگەڵی نییە، چەند كەس دژیەتی؟ پێشنیارەكە ئەوانەی كە دژن؟ بە زۆرینەی دەنگ پێشنیازەكە ڕەت كرایەوە، پێشنیازی دووەم بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی؟ كاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارا دوهێ، یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەو شێوەیە كراوە پێشنیازی دووەم كە سێ ئەندام پەرلەمان پشتگیریان كردووە، یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عیراق. دەیخەینە دەنگدان چەند كەس لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ تەنها ( ٩) كەس لەگەڵیەتی، چەند كەس دژیەتی دەست بەرز بكاتەوە؟ ( ٧٧ ) كەس بەزۆرینە ڕەت كرایەوە پێشنیازەكە، بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی پێشنیازی یاساكە وەكو خۆی بیخوێنەوە با بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عیراق، و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند كردنی دەستوور.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی كە خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان، چەند كەس لەگەڵیەتی دەست بەرز بكاتەوە؟ بە دەنگی ( ٨٨ ) ئەندامی پەرلەمان ناونیشانی پێشنیازی یاسایەكە وەكو خۆی مایەوە، ببورن چەند بەڕێز لەگەڵی نییە دەست بەرز بكاتەوە؟ ( ٢٠) پەرلەمانتار دژە، ماددەی یەكەم بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیازانەی كە هەن لەسەر ماددەی یەكەم بیانخەڕوو، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١ چ پێشنیار لەسەر نینن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ د. ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزتان دەزانن بە گوێرەی پەیڕەوی نوێ، کاتێك لە پێشنیارێك زیاتر هەبوو هەموو پێشنیارەکان دەخرێنە دەنگدانەوە کامەیان زیاترینی هێنا ئەوە بە پەسەند کراو دائەنرێت و دژ ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر یەك موقتەرەح هەبوو بۆ یەك مەوزوع دەخرێتە دەنگدانەوە ودژەکەی دەخرێتە دەنگدان، بەلام ئەگەر سییان بوو دووان بوو، هەمووان دەخرێنە دەنگدان کامەیان زیاتری هێنا ئەوە دەیباتەوە پێویست ناکات دژ بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. ڕێواز هەموو پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدان، چەند ئەندامی پەرلەمان تەئیدی دەکات و ئەوان وەردەگرین و پێیان دەڵێین ئەوەندە ئەندام پەرلەمانە لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە، چەند ئەندام پەرلەمانیش دژ دەوەستێتەوە و ئەویش هەر دەنگدان وەردەگرین بۆ ئەوەی دیار بێ کە چەند پەرلەمانتاریش دژی وەستاوەتەوە بەڵێ، سوپاس، ماددەی یەکەم سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك چ پێشنیار نەبووینە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك عبدالستار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بە ناونیشانەکە ئێمە کاتی خۆی پێشنیارێکمان کرد، بەشی ئەوە کە بخرێتە لیژنەی یاسایی و تاوتوێ بکرێ و تەئیدیش کرا، بەس ئێستا لە پێشنیارەکانەوە کە لێرە لەبەردەستیش دا هەیە و ئەوەی کە باسیشتان کرد هەر باسی نەکرا، کە کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی

هەرێم بەشێوەیەك كە ڕەنگدانـەوەی سیسـتمی پەرلـەمانی بـێ لـە هـەرێمی كوردسـتان، نـازانم پـێم خۆشـە لیژنەی یاسایی وەڵامم بدەنەوە كە بەشی ئەوەندە پشتگیری كراوە كە لیژنەی یاسایی سیاغەی بـۆ بكاتـەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی وەڵامی بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم وەكو لیژنا یاسایی هەمی ئەندامێت دگەل لیژنا یاسایی دا ئامادە بووینە ئەو پێشـنیارا لـدیف مـاددێ ٩١ پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی ئەو پێشنیارا سێ ئەندام پەرلەمان پشتگیریا وێ ڕەئی كردبت مـە وەرگرتـی و مە جهێ وێ دناڤ ڕاپۆرتا لیژنا یاسایی دا كری، ئەمما ئەگەر لە حاڵەتـەكی ئەگـەر پێشـنیارەك دژی نیزامـی سیاسی و مەبادئی عام ونیزامـی پەرلـەمانی بێـت لـوی حاڵـەتی ولـە حاڵـەتی ئەگـەر سـێ ئەنـدام پەرلـەمانا پشتگیری نەكردبت ل ڤان حاڵەتا بتەنێ مە نەڤیسیە، لەوما ئەوی دی هەمی جهێ دناڤ ڕاپۆرتا لیژنا یاسایی دا هەی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەمام زۆر سوپاس، ماددەی یەك هیچ پێشنیارێك كـراوە بـۆ گۆڕانكـاری لـە مـاددەی یەكـەم بـەڕێز سـەرۆكی لیژنەی یاسایی؟ ماددەی یەكەم وەكو خۆی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم/ ......... .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٩١ لە پەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی ٢ زۆر وازحە، دەڵـێ/ لـە كـاتی بـوونی زیـاتر لەیـەك پێشـنیاز هـەموو پێشنیازەكان دەخرێتە دەنگدان كامیان زۆرینەی دەنگی هێنا بە پەسـەند كـراو دائـەنرێت، بۆیـە پشـتیوانی قسەكەی د. ڕێواز دەكەم دژ وەرناگیرێ لە كاتی بوونی زیاتر لە پێشنیازێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، ئەو بابەتە تێ پەڕی و وەڵام درایەوە، تکایە بە نوقتە نیزام نەخەنە ناو بابەتێکەوە کە وەڵام دەدرێتەوەو تێ دەپەڕێ، بەڵێ کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١/ یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٨ هەڵدەوەشێتەوەو دامەزاروەی سەرۆکایەتی هەرێم کارادەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چەند کەس لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨٨) ئەندام پەرلەمان لەگەڵیەتی، ئەوەی لەگەڵ نیە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٧) ئەندام پەرلەمان لەگەڵی نیە، بە کۆی دەنگی (٨٨) ئەندام پەرلەمان ماددەکە پەسەند کرا، ماددەی (٢) بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەك کە جیاوازە لەگەڵ ئەصڵی پێشنیازەکە پێشنیارەکە ئەوەیە:

یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم دا هەڵدەوەشێتەوە و دەسەڵات و ئەرك و فەرمانەکانی هەموار دەکرێتەوە بەشێوەیەك دەسەڵاتەکانی پرۆتۆکۆلی تەشریفاتی بێت هاوشێوەی عیراق.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەی کە هەیە لەلایەن سێ پەرلەمانتارەوە پشتگیری لێ کراوە، ئەوەی کە لە گەڵیەتی دەست بەرز بکاتەوە؟ (٢٠) پەرلەمانتار لەگەڵیەتی، ئەوەی کە دژە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨٣) پەرلەمانتار دژیەتی، پێشنیارەکە وەرنەگیرا، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ماددەی (٢) وەکو خۆی بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢)

یاسای دابەشکردنی دەسەلاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە خوێندرایەوە وەکو خۆیەتی دەیخەینە دەنگدان، ئەو ئەندامانەی کە لەگەڵن دەست بەرز بکەنەوە؟ (٨٨) ئەندام پەرلەمان لەگەڵیەتی، ماددەکە وەکو خۆی پەسەند کرا، ماددەی (٣) بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارانەی کە هەن و زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان تەئیدی کردووە لەسەر ماددەی (٣) بخەنەڕوو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٣) هەندەك ڕەئی و پێشنیازی جیاواز هەنە، پێشنیازا یەك/ ڕستەی (تا پەسەندکردنی دەستوور) لابدرێ.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ڕای دووەم و سێیەمیش بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارا (٢) هەروەسا لەگەڵ پێشنیارا (٣) ل دیف ماددەی (٨٩) برگا (٢) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی و ئەو ئەرك و دەسەلاتێت لیژنا تایبەتمەند کو لیژنا کاروبارێت یاساییا دای، مە وەکو لیژنا یاسایی دیت کۆبوونا خۆدا هەم گەیشتینە صیغەیەکی داڕشتنەکا نی بۆ تەوفیق د ناڤ بەرا ڤان هەردوو پێشنیارێت ئاراستە کری دا ڤی شێوەیە مە وەکو لیژنەی یاسایی داخازێش جەنابێ تە دکەین بیخەیە بەر دەنگدانێ، ئەو پێشنیارەژی دبیتە پێشنیارا (٢)، برگەیەك زیاد بکرێ (بەدەر لە حوکمی برگەکانی (٢) و (٣) لە ماددەی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێم دوو جێگری دەبێت و ئەرك و دەسەلاتەکانیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت).

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم ئەوە بوو کە ڕستەی (تا پەسەندکردنی دەستوور) لابدرێت، چەند کەس لەگەڵە کە دەستەواژەی (تا پەسەندکردنی دەستوور) لابدرێت دەست بەرز بکاتەوە؟ (١٤) ئەندام لەگەڵیەتی کە ئەم پێشنیازە قبوڵ بکرێ، چەند ئەندام پەرلەمان لەگەڵ نیە کە پێشنیارەکە قبوڵ بکرێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ پێشنیارەکە بە دەنگی (٨٦) ئەندام پەرلەمان ڕەت کرایەوە، ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خستیەڕوو بۆ بەڕێزتان ئەوەبوو کە دوو پێشنیاری تر هەن زیاتر لە سێ کەس تەئیدی کردووە، بەڵام لەو دوو پێشنیارە، لیژنەی یاسایی کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام داوە، لەبەر ڕۆشنایی برگەی دووەم لە ماددەی (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە تەوفیق کردن لە نێوان ئەو دوو پێشنیارەی کە جیاوازیان هەیە پێشنیارێکیان داڕشتۆتەوە بە پێی برگەی (٢) لە ماددەی (٨٩) و ئێستا ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی یاسایی دایڕشتۆتەوە دەیخەینە دەنگدان، ئەگەر ئەو پێشنیارە

دەنگی هێنا دوو پێشنیارەکەی پێشووتر کە پێشنیار کرابوون و تەئید کرابوو لەلایەن سێ ئەندامانی پەرلەمان ئەوان سقوت دەکەن لە بەرامبەر ئەوەی کە لیژنەی یاسایی دایڕشتۆتەوە، چونکە بۆ تەوفیق کردن لیژنەی یاسایی ئەو حەقەی هەیە کە داڕشتنەوەی پێشنیارەکان بکات، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارەی کە داتان ڕشتۆتەوە فەرموو بیخەنە ڕوو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری (٢)

بڕگەیەك زیاد بکرێت بەم شێوەیە:

بەدەر لە حوکمی بڕگەکانی (٢) و (٣) لە ماددەی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو سەرۆکی هەرێم دوو جێگری دەبێت و ئەرك و دەسەڵاتەکانیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدان، چەند پەرلەمانتار لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ کاتی دەنگدان نوقتە نیزامی وەرناگیرێ، پێشنیارەکە بە دەنگی (٨٤) ئەندام پەرلەمان قبولکرا، چەند پەرلەمانتار دژیەتی با دەست بەرز کاتەوە؟ (٢٣) کەس دژی پێشنیارەکەن، پێشنیارەکە بە دەنگی (٨٤) پەرلەمانتار قبوڵ کرا، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی (٣) بخوێنەوە لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کە دەنگی لەسەر درا کەواتە دەبێت بە دوو بڕگە ماددەی (٣) بڕگەی (یەکەم) و بڕگەی (دووەم)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێردێت بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا هەیە، تا پەسەند کردنی دەستوری کوردستان ـ عێراق کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێت و، سەرۆك لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی کوردستان ـ عێراق دەکات و بەناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدرالیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.

**دووەم:** بەدەر لە حوکمی بڕگەکانی (٢) و (٣) لە ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ــ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێم دووجێگری دەبێت و ئەرك و دەسەڵاتەکانیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٣) دەخەینە دەنگدان ئەو ئەندامانەی لەگەڵ ماددەی (٣) با دەست بەرز بکەنەوە؟ (٨٦) ئەندام پەرلەمان لەگەڵیەتی، ئەوەی لەگەڵ نییە با دەست بەرز کاتەوە؟ (٢١) پەرلەمانتار لەگەڵی نییە، ماددەکە بە دەنگی (٨٦) پەرلەمانتار پەسەند کرا. ماددەی (٤) بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو. بەڵێ خاتون نوقتە نیزامی هەیە؟ (ڕوپاك) خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بڕگەی پێشووتر نوقتە نیزامیم هەبوو کە بە داخەوە وەرتان نەگرت لەوە نوقتە نیزامیم نییە.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی پێشوو تەواو بوو قسەی لەسەر کراوە نوقتە نیزامی وەرناگیرێ، بەڵێ سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو ماددەی (٤) بخوێنەوە ئەو پێشنیارانەی کە کراون زیاتر لە (٣) پەرلەمانتار تەئیدی کردوون بیانخەنە روو.

**بەڕێزبژار خالد عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) پێنج پێشنیار هەنە:

١-مەرجی بڕوانامە بۆ خۆپالأوتن زیاد بکرێت بەلایەنی کەم بەکالۆریۆس بێت.

٢-دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆکی براوە لە حزبایەتی.

٣-ماددەی (٤) وەك خۆی بمێنێتەوە تەنها خاڵی پێنجەم لە ماددەی (٤) دەنگدان بە نهێنی بێت و نەك بە ئاشکرا.

٤- ماددەی (٤) وەك خۆی بمێنێت تەنها خاڵی پێنجەم سەرۆك بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان و بە نهێنی هەڵبژێردرێت.

٥- وەك خۆی بمێنێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێنج پێشنیارمان هەیە پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم ئەوە بووە کە مەرجی بڕوانامە بۆ خۆپالأوتن زیاد بکرێن و بەلایەنی کەم بەکالۆریۆس بێت، چەند کەس لەگەڵ ئەو پیشنیارەیە با دەست بەرز بکاتەوە خرایە دەنگدان؟ (٢٢) کەس لەگەڵدایە، چەند پەرلەمانتار دژی ئەو پێشنیاریە با دەست بەرز کاتەوە؟ (٦٩) پەرلەمانتار دژیەتی، پێشنیارەکە رەت کرایەوە.

پێشنیاری دووەم بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێز کاك (کاوە) فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن :**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بـه پێـی یاسـا بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆ لـە دانیشـتنی دووەم هـەموو ئـەو پێشـنیازانەی کـەوا پاڵپشـتی (٣) پەرلەمانتاری هەیە ئەرکی لیژنەی یاساییە کە لـە دارشـتنەوە یـاخود لـە سـیاغە کردنـی ئـەو پێشـنیازانەی جێی بکانەوە لە ناو مسوەدەی پێشنیازی پڕۆژە یاساکە، یەك لەو پێشنیازانە ئەوە بوو کە پەرلەمان توانـای لێپرسینەوەی هەبێت لە سەرۆکی هەرێم لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم لـە نـاو پەرلـەمان هەڵدەبـژێردرێت پێویستە پەرلەمان توانای لێپرسینەوەی هەبێت وە من تێبینیم هەیە لەسـەر لیژنـەی یاسـایی وە لـە وێـش دەنگم نەداوە کە ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیازە لابرا، داوا ئەکەم کـە ئـەو پێشـنیاز بخرێتەوە ناو پڕۆژەکە یاخود مسوەدەی پڕۆژە یاساکە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك (کاوە) تـۆ خـۆت ئەنـدامی لیژنـەی یاسـایی وەکـو خـۆم سـەرۆکی پەرلـەمان روون کردنـەوەم دا لەسەر ئەو بابەتە بەڕێز (د.ڕێواس) روونکردنەوەی دا لەسەر ئەو بابەتە وە روونمان کردەوە کە لە نیزامـی پەرلەمانی سەرۆکی هەرێم و وە سەرۆکی وڵات لە بەرامبەر پەرلەمان سیاسیەن بەرپرس نابێت، بۆیـە ئـەو پێشنیارە بەپێچەوانەی مەبدەئی نیزامـی پەرلەمانییـە کـە لـە دەسـتووری عیراقـی و لـە هـەموو ئەنزیمـە پەر لەمانیەکان تەسبیت کـراوە بۆیـە لیژنـەی یاسـایی نـاتوانێ پێشـیارێك کـە پێچـەوانەی مـەبادئی عامـە و پێچـەوانەی مـەبادئی دەسـتووری بێـت بیخاتـە نـاو پێشـنیارەکان، بۆیـە لـەو روانگـەوە ئـەو پێشـنیارە رەت کراوەتەوە، وە هیوادارم ئـەو جـارە ورد تـر بـن لـە رایـەکانتان، بـەڕێز سـەرۆکی لیژنـەی یاسـایی پێشـنیاری دووەم بخەنە روو، فەرموو.

**بەڕێزبژار خالد عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆکی براوە لە حزبایەتی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکە بەو شێوەیەیە کە سەرۆکی براوە پێویسـتە دەسـت لـە کاروبـاری حزبایـەتی بکێشـێتەوە ئـەوەی کەلەگەڵ ئەو پێشنیارەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟ (٢٤) پەرلەمانتار تەئیدی پێشنیارەکە دەکات، ئەوەی دژی پێشنیارەکەیە دەست بەزر کاتەوە؟ (٦٩) پەرلەمانتار دژیەتی، پێشنیارەکە بە دەنگـی (٦٩) پەرلـەمانتار رەت کرایەوە، پێشنیاری سێیەم بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار سێی ماددەی چوار وەك خۆی بمێنێتەوە، تەنها خاڵی پێنجەم لە ماددەی چوار دەنگـدان بـە نهـێنی بێت نەك بە ئاشکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگدانی ئاشکرا بکرێت بە دەنگدانی نهێنی، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧١) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، پێشنیارەکە بە زۆرینەی دەنگ رەتکرایەوە، پێشنیاری چوارەم تکایە بخوێننەوە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری چوارەم ماددەی چوار وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنها خاڵی پێنجەم سەرۆك بە دەنگی (٣/٢) ئەندامانی پەرلەمان و بە نهێنی هەڵدەبژێردرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەرێزان ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢٢) کەس لەگەڵدایە، هەرچەندە دەستەواژەی بە نهێنی هەڵدەبژێردرێت رەتکرایەوە، بەلاّم لێرە دووبارە کراوەتەوە هەر بۆ پرۆتۆکۆل و بۆ زانین، لەبەر ئەوەی بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەستەواژەی بە نهێنی هەڵدەبژێردرێت رەتکرایەوە، بۆیە نابێت بخوێندرێتەوە، تەنها (٣/٢)ی ئەندامان، ئەو ئەندامانەی کە دژی پێشنیارەکەن تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٩) کەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، پێشنیارەکە بە زۆرینەی دەنگ رەتکرایەوە، تکایە ماددەی چوارەم وەکو خۆی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (٤):**

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (حەفتەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەم رێکارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:

**یەکەم:**

١ـ لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆ پالأوتن دەکاتەوە.

٢ـ خوازیارانی خۆکاندیدکردن کە مەرجەکانی ماددەی (پێنجەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو تێدایە، لە ماوەی (٣) سێ رۆژ لە بەرواری کردنەوەی دەرگای خۆپالأوتن داواکاری و سیڤی خۆیان پێشکەش سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.

٣ـ سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەی (٢)دوو رۆژ لە رۆژی داخستنی دەرگای خۆپالأوتن ناوی ئەو پاڵێوراوانە رادەگەیەنێت کە مەرجی یاساییان تێدایە.

٤ـ هەر كەسێك لەوانەی داواكارییان پێشكەش كردووە، ئەگەر نـاوی رانەگەیـەنرا بـۆی هەیـە لـە مـاوەی (٢) دوو رۆژ لە رێكەوتی راگەیاندنی ناوی كاندیدەكان لە بەردەم دادگای تەمییز تانە بدات، دادگای تـەمییز لـە ماوەی (٢) دوو رۆژ تانە یەكلایی دەكاتەوە، بڕیاری دادگاش لەم بارەوە بنبڕە.

٥ـ سەرۆكی هەرێم لە دەنگدانێكی ئاشكرا و بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەنـدامانی پەرلـەمان، لـە مـاوەی (٣) رۆژ لە رۆژی دەركردنی بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەكان هەڵدەبژێردرێت.

٦ـ ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمانی بەدەست نـەهێنا دەنگدان دووبـارە دەكرێتەوە و، كێبڕكێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە دەبێت كە زۆرینـەی دەنگیـان هێنـاوە و ئـەوەی لـە جـاری دووەم زۆرینەی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆكی هـەرێم، ئەگـەر تـەنها یـەك پـاڵێوراویش هـەبوو بـۆ پۆسـتی سـەرۆكی هـەرێم دەنگـدانی ئاشـكرا ئـەنجام دەدرێـت و، ئەگـەر پاڵێوراوەكـە زۆرینـەی دەنگـی پەرلـەمانی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆكی هەرێم.

**دووەم:**

بەدەر لە حوكمی خاڵی (١) بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیە پەرلەمانی كوردستان تـەنها لـەم خولـەدا لـە مـاوەی (٣) سـێ رۆژ لـە دوای دەرچـواندنی ئـەم یاسـایە دەرگـای خـۆ پـاڵاوتن بـۆ پۆسـتی سـەرۆكی هـەرێم دەكاتـەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێـستا ئـەو ماددەیـە دەخەینـە دەنگدان كـە خوێندرایـەوە لەلایـەن سـەرۆكی لیژنـەی یاسـایی، كـێ لەگەڵدایـە تكایـە دەسـت بەرزكاتـەوە؟ (٨٦) كـەس لەگەڵدایـە، زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدانییـە تكایـە دەسـت بەرزكاتەوە؟ (١٨) كەس لەگەڵدانیە، زۆر سوپاس، كەواتە ماددەكە بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسـەندكرا، مـاددەی پێنـج بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (٥):**

دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم: ماوەی ویلایەتی سەرۆكی هـەرێم بـە كۆتـایی هـاتنی مـاوەی ویلایـەتی پەرلـەمان كۆتـایی دێت و، سەرۆكی هەرێم بۆی نییە جارێكی تر خۆی هەڵبژێرێت.

پێشنیاری دووەم: وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی پێشنیاری یەكەم لە ماددەی (٥) جارێكی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**یەکەم:** ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتایی دێت و، سەرۆکی هەرێم بۆی نییە جارێکی تر خۆی هەڵبژێرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٧) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە رەتکرایەوە، رای دووەم ئەوەیە کە ماددەی پێنج وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی (٥) بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتایی دێت.

**دووەم:** سەرۆکی هەرێم لە ئەرك و دەسەلاتەکانی بەردەوام دەبێت تا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەرۆکێك هەڵدەبژێردرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ماددەی پێنج دەخەینە دەنگدانەوە وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٩) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١٢) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (٦):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێستا ماددەی شەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە پەسەندکرا، ماددەی حەوت بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (٧):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ماددەی حەوت دەخەینە دەنگدان وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ماددەی حەوت پەسەندکرا، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی هەشت بخوێنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە دوای بلاّوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان ئەوەیە کە یاساکە کاتێك بکەوێتە بواری جێبەجی کردن کە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٩) کەس لەگەڵدایە، زۆر سۆپاس، کێ لەگەڵدانییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٩) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە پێشنیارەکە بە زۆرینەی دەنگ رەتکرایەوە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی هەشت وەکو خۆی بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەڕلەمان:**

ماددەی (٨) دەخەینە دەنگەوە ئەوەی لە گەلیەتی با دەست بەرز بکاتەوە ؟(٨٤) پەرلەمانتار لەگەڵیەتی ، ئەوەی لەگەڵ ئەو ماددەیە نیە ، با دەست بەرزبکاتەوە؟ (٦) پەرلەمانتار لەگەڵی نیە ماددەکە بە دەنگی (٨٤) پەرلەمانتار پەسەند کرا. بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی هۆیەکانی دەرچواندن .

**بەرێز بژار خالد عبدالله :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن

دوو پێشنیارێ هەن

پێشنیارێ یەکێ:

بە مەبەستی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان لە پێناو جێگیرکردنی سیستەمی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

پێشنیاری دووەم:

وەك خۆی بمێنێت .

**بەرێز د.ڤالآ فرید ابراهیم /سەرۆکی پەڕلەمان:**

پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە ئەو پەرلەمانتارەی کە لە گەڵیەتی دەست بەرز بکاتەوە ؟ کەس لەگەڵ پێشنیاری یەکەم نیە، هۆیەکانی دەرچواندن وەکو خۆی بخوێنەوە بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی .

**بەرێز بژار خالد عبدالله :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن

بە مەبەستی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەرێز د.ڤالآ فرید ابراهیم /سەرۆکی پەڕلەمان :**

ئەوەی کە خرایە روو دەیخەینە دەنگدان ئەو ئەندام پەرلەمانەی لە گەڵیەتی با دەست بەرز بکاتەوە ؟(٨٤) پەرلەمانتار لەگەڵیەتی ، ئەوەی لەگەڵی نیە ؟ (٥) پەرلەمانتار لەگەڵی نیە، هۆیەکانی دەرچواندن بە دەنگی (٨٤) پەرلەمانتار پەسەند کرا . بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا کۆی یاساکە بە ناو نیشانی یاساکەوە بە هۆیەکانی دەرچواندن و بە تێکرایی ماددەکان دەخەینە دەنگدانەوە ئەوەی لەگەڵ کۆی یاساکەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟کۆی یاساکە بە دەنگی (٨٩) پەرلەمانتار پەسەند کرا ، چەند کەس لەگەڵ یاساکە نیە، با دەست بەرز بکاتەوە ؟(١٢)پەرلەمانتار دژیەتی ، کۆی یاساکە بە دەنگی (٨٩) پەرلەمانتار پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین و دەست خۆشی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین بە بۆنەی پەسەندکردنی پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان — عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستوور پیرۆزە لە گەلی کوردستان بەم جۆرە کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین .

**منى نبى قهوچى**
**سكرتێرى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**

**هێمن هەورامى**
**جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**

**د. ڤالا فريد ابراهيم**
**سەرۆكى پەرلەمانى**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی**

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٩\٥\٢٨**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

## سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٨

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٨ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری

سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێرى پەرلەمان, دانیشتنى ژمارە (٦)ى خولى پێنجەمى ساڵى (٢٠١٩) ى خۆى بەست.

**بەرنامەى كار:**

بەپێى حوكمى بڕگەى (یەكەم)ى ماددەى (١٦) و ماددەى (٤٧) لە پەیڕەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان – عێراق، دەستەى سەرۆكایەتى پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەى كارى دانیشتنى ژمارە (٦)ى ساڵى یەكەم لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان لە كاتژمێر (١١)ى پێش نیوەڕۆ ڕۆژى سێ شەممە ڕێكەوتى (٢٠١٩/٥/٢٨) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ خستنەڕوو و هەڵبژاردنى پاڵێوراوەكان بۆ پۆستى سەرۆكى هەرێم، بەپێى حوكمى خاڵى (٥ و ٦)ى بڕگەى (یەكەم)ى ماددەى (٤) لە یاساى ژمارە (١)ى ساڵى ٢٠١٩ (یاساى كارا كردنەوەى دامەزراوەى سەرۆكایەتى هەرێمى كوردستان – عێراق و هەموارى شێوازى هەڵبژاردنى سەرۆك تا پەسند كردنى دەستور).

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكى پەرلەمان:**

**بەناوى خواى بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوى گەلى كوردستانەوە دەست بە دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، دانیشتنى ژمارە (6)ى ئاسایى وەرزى گرێدانى یەكەم، ساڵى یەكەم، لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان - عێراق.

ئێستا داوا لە بەڕێز سكرتێرى پەرلەمان دەكەین كە بەرنامەى كارى دانیشتنى ئەمڕۆ و پوختەى كۆنووسى دانیشتنى ژمارە (٥)ى پەرلەمانى كوردستان و ناوى ئامادە نەبووان بە مۆڵەت بێ مۆڵەت لە دانیشتنى ژمارە (٥) بخوێنێتەوە، با بفەرموویێت.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچى/سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەرنامەى كار:

بەپێى حوكمى بڕگەكانى (یەكەم ، دووەم، سێیەم) لە ماددەى (١٦) بڕگەى (سێیەم) لە ماددەى (١٨) و ماددەكانى (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان ـ عێراق دەستەى سەرۆكایەتى پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەى كارى دانیشتنى ژمارە (٦)ى ئاسایى خۆى خولى بەهارەى، ساڵى یەكەم لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمان لە كاتژمێر (١١)ى پێش نیوەڕۆ ڕۆژى سێ شەممە ڕێكەوتى ٢٠١٩/٥/٢٨ بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ خستنەڕوو و هەڵبژاردنى پاڵێوراوەكان بۆ پۆستى سەرۆكى هەرێم، بەپێى حوكمى خاڵى (٥ و ٦)ى بڕگەى (یەكەم)ى ماددەى (٤) لە یاساى ژمارە (١)ى ساڵى ٢٠١٩ (یاساى كارا كردنەوەى دامەزراوەى

سەرۆكايەتی هەرێمی كوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند كردنی دەستور).

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٥/٨ بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١-دەست پێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆك پەرلەمانی كوردستان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی كارو پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێكردنی بەرنامەی كار لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.

٤- دەنگدان و پەسند كردنی یاسای كارا كردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند كردنی دەستور.

٥- كۆتایی هاتنی دانیشتنی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون، یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٨.

١-فرید یعقوب ایلیا/ مۆڵەت.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، ئێستا دەست دەكەین بە جێ بەجێ كردنی بڕگەی یەكەم لە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان كە بریتییە لە خستنەڕوو و هەڵبژاردنی پاڵێوراوەكان بۆ پۆستی سەرۆكی هەرێم، بەپێی حوكمی خاڵی (٥ و ٦)ی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (٤) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ (یاسای كارا كردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند كردنی دەستور).

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

دوای ئەوەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان هەموو ئەو رێكارە یاساییانەی گرتە بەر لە ماددەی (٤)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩دا هاتووە، (یاسای كارا كردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند كردنی دەستور)، لە ماوەی یاساییدا لە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٤)ی یاساكەدا هاتووە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان دەرگای خۆ پاڵاوتنی كردەوە بەپێی بەیانێكی فەرمی كە لە سایتی پەرلەمان و لە زۆربەی سایتەكان و دەزگاكانی راگەیاندن بڵاو كرا بۆوە، لەو ماوە یاساییەدا دەرگای خۆ پاڵاوتن كرا بوویەوە (٩) بەڕێز سیڤی خۆیان پێشكەش كردو سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان لەو ماوە یاساییەی كە ماددەی (٤) پێیداوە كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و بەپێی بەیانێكی فەرمی دەرگای خۆ پاڵاوتنی داخست و دواجار كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی تاوتوێ كردنی ئەو سیڤیانەی كە لە لایەن (٩) بەڕێزەوە پێشكەش كراون، بۆ ئەوەی بزانین ئایا بەپێی

**ماددەی (پێنجەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) مەرجە یاساییەکانیان تێدایە یاخود نا، دوا جار پەرلەمانی کوردستان هەر بەپێی بەیانێکی رەسمی کە لە سایتی پەرلەمان دابەزێنراوە رەزامەندی لەسەر (٥) پاڵێوراو دا، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی (پێنج)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هاتبوون.**

**ناوی ئەو پاڵێوراوانەی کە بوون بە پاڵێوراو و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩) رەزامەندی لەسەردان بریتین بوون لەم ناوانەی خوارەوە:**

**١-نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی.**

**٢- ئومێد عبدالسلام قادر.**

**٣- محمد حمە صالح عمر.**

**٤- رێبوار عزیز مصطفی.**

**٥- هیوا عبدالله خدر.**

**(٤) بەڕێزەکەی تر لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رەت کرایەوە، لەو (٤) بەڕێزەی کە رەت کرانەوەو مەرجی یاساییان تێدا نەبوو، تەنها (٢) بەڕێز بەپێی ئەو مافەی کە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ پێیدا بوون تانەیان گرت لە بڕیارەکەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەبەردەم دادگای تەمییز.**

**یەکەمیان/ بەڕێز ذنون یونس محمد صالح تانەی گرتبوو.**

**دووەمیان/ بەڕێز ابوبکر محمد مولود بوو.**

**بڕیاری دادگای تەمییز بەپێی نووسراوی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراق بە ژمارە (١) و ژمارە (٢) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٥/٢٦) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوەو تانەی نابراوانی رەت کردۆتەوەو بڕیارەکەی دەستەی سەرۆکایەتی بە بڕیارێکی راست و دروست بەپێی یاسا داناوە، بەپێی بڕگە (٤)یش لە ماددەی چوار لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ بڕیاری دادگای تەمییز بنبڕە.**

**بەڕێزان.**

**ئێستا بەپێی بڕگەی (٥ و ٦) لە ماددەی (٤) لە یاسای یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند کردنی دەستور ناوی پاڵێوراوەکان دەیخەنە دەنگدان.**

پاڵێوراوی یەکەم/ بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی

ئەندامانی بەڕێز.

ئەوەی رەزامەندە لەسەر رێزدار جەنابی کاك (نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی) ببێت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەڕێز (نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی) لە کۆی (٨١) حزوری ئەندامانی پەرلەمان (٦٨) دەنگی بە دەست هێنا.

پاڵێوراوی دووەم/ (ئومێد عبدالسلام قادر) دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی رەزامەندە لەسەری دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، پاڵێوراوی دووەم ئومێد عبدالسلام قادر متمانەی هیچ پەرلەمانتارێکی بە دەست نەهێنا.

پاڵێوراوی سێیەم/ (محمد حمه صالح عمر) دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی رەزامەندە لەسەری دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، پاڵێوراوی سێیەم (محمد حمه صالح عمر) متمانەی هیچ پەرلەمانتارێکی بە دەست نەهێنا.

پاڵێوراوی چوارەم/ (رێبوار عزیز مصطفی) دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی رەزامەندە لەسەری دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، پاڵێوراوی چوارەم (رێبوار عزیز مصطفی) متمانەی هیچ پەرلەمانتارێکی بە دەست نەهێنا.

پاڵێوراوی پێنجەم/ (هیوا عبدالله خدر) دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی رەزامەندە لەسەری دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، پاڵێوراوی پێنجەم (هیوا عبدالله خدر) متمانەی هیچ پەرلەمانتارێکی بە دەست نەهێنا.

زۆر بەڕێز جەنابی (نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی) بە دەنگی (٦٨) پەرلەمانتار لە حزوری (٨١) پەرلەمانتار بوو بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و بەناوی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزباییەکی گەرم لە گەلی کوردستان دەکەین بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەپێی رێکارە یاساییەکان و پیرۆزباییەکی گەرم لە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین رێزدار جەنابی کاك (نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی) داواکارین لە خوای گەورە کە سەرکەوتوو بێت لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی لە پارێزگاری کردن لە سەروەری یاساو، هەروەها لە نوێنەرایەتی کردنی خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەسەر ئاستی دەرەوە، هەروەها لە هەماهەنگی کردن لەنێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵی و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا، کۆتایی بە دانیشتنە مێژووییەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

| | | |
|---|---|---|
| منى نبى قهوچى | هێمن هەورامی | د. ڤالا فرید ابراهیم |

سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی**

**دووشەممە رێکەوتی ٢٠١٩\٦\١٠**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## دووشەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٠

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٠ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری

سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێرى پەرلەمان, دانیشتنى ژمارە (٧)ى خولى پێنجەمى ساڵى (٢٠١٩) ى خۆى بەست.

**بەرنامەى كار:**

**بەپێى حوكمى بڕگەى (یەكەم)ى ماددەى (١٦) و ماددەى (٤٧) لە پەیڕەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان – عێراق، دەستەى سەرۆكایەتى پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەى كارى دانیشتنى ژمارە (٧)ى ساڵى یەكەم لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان لە كاتژمێر (١١)ى پێش نیوەڕۆ ڕۆژى دووشەممە ڕێكەوتى (٢٠١٩/٦/١٠) بەم شێوەیە بێت:**

**یەكەم/ ڕێكارەكانى تایبەت بە سوێند خواردنى بەڕێز سەرۆكى هەرێمى كوردستان – عێراق:**

**١-یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانى پاكى شەهیدانى كوردستان و عێراق.**

**٢- خوێندنەوەى بڕیارى ژمارە (٦)ى ساڵى ٢٠١٩ تایبەت بە هەڵبژاردنى ڕێزدار (نێچیرڤان ادریس مصطفى بارزانى) بە سەرۆكى هەرێمى كوردستان – عێراق.**

**٣- سوێند خواردنى بەڕێز سەرۆكى هەرێمى كوردستان (نێچیرڤان ادریس مصطفى بارزانى)، بەپێى حوكمى ماددەى (نۆیەم) لە یاساى ژمارە (١)ى ساڵى ٢٠٠٥ى هەموار كراو.**

**٤- پێشكەش كردنى وتارى بەشێك لە ئامادەبووان بەم بۆنە مێژووییەوە.**

**٥- وتەى بەڕێز سەرۆكى هەرێمى كوردستان (نێچیرڤان ادریس مصطفى بارزانى).**

**دووەم/ ناونانى سەرۆكى ئەنجومەنى وەزیرانى هەرێمى كوردستان – عێراق بەپێى بڕگەى (٣) لە ماددەى (٥٦) لە یاساى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان ژمارە (١)ى ساڵى ١٩٩٢ى هەموار كراو.**

**پوختەى دانیشتنى ژمارە (٦)ى ئاسایى ڕۆژى سێ شەممە ڕێكەوتى ٢٠١٩/٥/٢٨ بەم شێوەى خوارەوە بوو:**

**١-دەست پێكردنى دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆك پەرلەمانى كوردستان.**

**٢- خوێندنەوەى بەرنامەى كارو پوختەى دانیشتن و ناوى ئامادەبوون و ئامادە نەبوونى ئەندامانى دانیشتنى پێشوو لەلایەن بەڕێز سكرتێرى پەرلەمان.**

**٣- دەست پێكردنى بەرنامەى كار لەلایەن بەڕێز سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان.**

**٤- خستنەڕوو و هەڵبژاردنى پاڵێوراوەكان بۆ پۆستى سەرۆكى هەرێم، بەپێى حوكمى خاڵى (٥ و ٦)ى ماددەى (٤) لە یاساى ژمارە (١)ى ساڵى ٢٠١٩ (یاساى كارا كردنەوەى دامەزراوەى سەرۆكایەتى هەرێمى كوردستان – عێراق و هەموارى شێوازى هەڵبژاردنى سەرۆك تا پەسند كردنى دەستور).**

**٥- هەڵبژاردنى بەڕێز (نێچیرڤان ادریس مصطفى بارزانى) بۆ پۆستى سەرۆكى هەرێمى كوردستان – عێراق.**

**٦- كۆتایى هاتنى دانیشتنەكە لەلایەن بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكى پەرلەمان:**

**بەناوى خواى بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی وەرزی گرێدانی یەکەم، ساڵی یەکەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.
بەڕێزان، دانیشتنەکەمان بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق دەست پێ دەکەین بفەرموون. فەرموون دانیشن، زۆر سوپاس.
زۆر بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی.
بەڕێز جەنابی دکتۆر بەرهەم احمد صالح/ سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ.
بەڕێز جەنابی محمد الحلبوسی/ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
بەڕێز جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانی عێراق.
بەڕێز دادوەر مدحت المحمود/ سەرۆکی دادگای فیدراڵی.
بەڕێز دادوەر بەنگین قاسم محمد/ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان.
جێگران و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
جێگرو وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرو وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ.
سەرۆك و سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشت پارتە کوردستانییەکان و پارتە عێراقیەکان.
فەرماندە سەربازییە بەڕێزەکان.
کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و ئایینی و ئابووری لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.
سەرۆك و سکرتێرو نەقیبی سەندیکاو ڕێکخراوەکان.
سەرۆکی زانکۆ و ئەنجومەن و دەستە حکومیەکان.
نێردەی وڵاتان لە عێراق.
نێردەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان.
نوێنەری سەرجەم وڵاتە دۆست و هاوپەیمانەکان.
میوانە بەڕێزەکان.
بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و گشت ئەندامانی پەرلەمان بەخێر هاتنی گەرمتان لێ دەکەین و سوپاسی ئامادە بوونتان دەکەین بۆ مەراسیمی سوێند خواردن و دەست بەکار بوونی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق جەنابی کاك نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی، ئامادە بوونتان نیشانەی دڵسۆزی و وەفادارییە بۆ خەباتی گەلی کوردستان و ئەو پەیوەندییە مێژووییەی لەنێوان پێکهاتەو هێزە سیاسیە عێراقیەکان و دۆستانی گەلەکەمان لە وڵاتانی جیهانیدا هەیە، ئەمڕۆ بە ڕۆژێکی مێژوویی لە

ژیـان و خـەباتی گەلەکـەمان دەژمێردرێـت، کـە تیایـدا رێـزدار کـاك نێچیرڤان بـارزانی سـەرۆکی هـەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی دەخوات و دەست بە کار دەبێت، چاوەڕوان دەکەین کە بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێمی کوردستان وەك بەرزترین دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن رۆڵێکی گـرنگ ببـینێ لـە پەلـە کـردن لـە پێکهێنـانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەست بەکار بوونی کابینەکە، بۆ ئەوەی هەموو تواناکانی هـەر سـێ دامـەزراوەی دەسـتوری لـە هـەرێمی کوردسـتان، سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان، ئەنجومـەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان بۆ خزمەتی گـەلی کوردسـتان و کەسـوکاری سـەربەرزی شەهیدان و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان تەرخان بکرێت، رێگامان بدەن بە زمانی عـەرەبیش بـەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان بکەین.

باسم رئاسة برلمان كوردستان وباسم اعضاء البرلمان نـرحب بالسادة والسيدات الضيوف الكرام الـذين اشـرت الى اسمائهم، ونشكرهم على مشاركتنا هذه المناسبة الهامة ونقدر عاليـا هـذا الحضـور المهـم الـذي يجسـد التضـامن الصادق معنا وتأييد نضال شعب كوردستان من اجل الديمقراطية والفدرالية وبناء العراق الـديمقراطي الحـر، ان مشاركتكم في هذه المناسبة تؤكد مرة اخرى التلاحم الكفاحي التأريخي بـين مكونـات الشعب العراقـي مـن العرب والكورد والتركمان وكلدان وسريان واشوري وجميع القوميات والاديان والطوائف.

السيدات والسادة.

ان ما يجمعنا اليوم هو الارادة الحرة الموحدة التي صاغها دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥ حيث حـدد اسـس ومقومـات بنـاء العـراق الجديـد، العـراق الديمقراطيـة والفدراليـة والعدالـة واحـترام وكفالـة التنـوع القـومي والديني، ومراعاة خصوصيات مكوناته اضافة الى مشـتركاته الـتي تعمـل معـا مـن اجـل رخـاء وازدهـار وتقـدم البلد، لنا كل ثقة بان جمهورية العراق الاتحادي بعملنا المشترك والاحتكام بالدستور سيشهد المزيد من التطور والنجاح والاستقرار.

الحاضرون الكرام.

نكـرر ترحيبنـا بكـم في اربيـل عاصـمة اقلـيم كوردسـتان ونتمنـى لكـم طيبـة الاقامـة وسـيبقى حضـوركم ومشاركتكم في هذه المناسـبة رمـزا للتـآخي والوحـدة والارادة والعمـل المشـترك بمـا فيـه خدمـة شـعبنا، بكافـة قومياته وادیانه، ونحو بناء مستقبل مزدهر لاجيالنا القادمة ان شاءالله والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

بەڕێزان.

ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ و پوختەی کۆنووسـی دانیشتنی ژمارە (٦)ی پەرلەمانی کوردستان بخوێنێتەوە، با بفەرمووێت.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار

بەپێی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم ، دووەم، سێیەم) لە ماددەی (١٦) برگەی (سێیەم) لە ماددەی (١٨) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خۆی خولی بەهارەی، ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەکاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢١١٩/٦/١٠ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ ڕێکارەکانی تایبەت بە سوێند خواردنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق:

١-یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

٢- خوێندنەوەی بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە هەڵبژاردنی ڕێزدار (نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی) بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٣- سوێند خواردنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی)، بەپێی حوکمی ماددەی (نۆیەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو.

٤- پێشکەش کردنی وتاری بەشێك لە ئامادەبووان بەم بۆنە مێژووییەوە.

٥- وتەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی).

دووەم/ ناونانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق بەپێی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٨ بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١-دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆك پەرلەمانی کوردستان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەبوون و ئامادە نەبوونی ئەندامانی دانیشتنی پێشوو لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێکردنی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٤- خستنەڕوو و هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، بەپێی حوکمی خاڵی (٥ و ٦)ی ماددەی (٤) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ (یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسند کردنی دەستور).

٥- هەڵبژاردنی بەڕێز (نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی) بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٦- کۆتایی هاتنی دانیشتنەکە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، میوانە بەڕێزەکان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئێستا دەست بە جێبەجێکردنی خاڵی دووەم لە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆمان دەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩) تایبەت بە هەڵبژاردنی ڕێزدار (نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی) بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان-عیراق**

**ژمارەی بڕیار: ٦**

**مێژووی بڕیار: ٢٠١٩/٥/٢٨**

**بڕیار**

**پشت بە حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥٦) لە یاسایی ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو، خاڵی پێنج و شەش لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤) لە یاسایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩) پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی (٢٠١٩/٥/٢٨) بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:**

**یەکەم: هەڵبژاردنی ڕێزدار (نێچیرڤان ئیدریس مصطفى بارزانی) بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عیراق.**

**دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٥/٢٨) وە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائع الكردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم القرار: ٦**

**تاريخ القرار: ٢٠١٩/٥/٢٨**

**القرار**

**استنادا لاحكام فقرة الاولى من المادة (٢٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل البند (خامسا وسادسا) من فقرة اولا من المادة رابعة من قانون رقم (١) لسنة ٢٠١٩، قرر برلمان كوردستان العراق بجلسته منعقدة بتاريخ ٢٠١٩/٥/٢٨ مايلي:**

**اولا/ انتخاب السيد (نێچیرڤان ئیدریس مصطفى بارزانی) رئيسا لاقليم كوردستان العراق.**

**ثانياً/ يعتبر هذا القرار نافذا من تاريخ ٢٠١٩/٥/٢٨ وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.**

**میوانە بەڕێزەکان ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان بڕگەی (٣) لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەوڕۆ جێبەجێ دەکەین کە بریتییە لە سوێند خواردنی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عیراق (نێچیرڤان ئیدریس مصطفى بارزانی) بە پێی حوکمی ماددەی (٩) لە یاسایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥)ی هەموار کراو.**

**تکا دەکەین کە بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عیراق، (نێچیرڤان ئیدریس مصطفى بارزانی) بفەرموێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی بەپێی حوکمی ماددەی (٩) لە یاسایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥).**

**بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس مصگفى بارزانی:**

سوێند بێت بە خوای مەزن پارێزگاری لە مافەکان و دەستکەوتەکان و یەکریزی و بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکەم و ئەرك و فەرمانەکانم بە دروستی دڵسۆزی ئەنجام بدەم، خوای گەورە پشتیوان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان خاڵی چواری بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بریتییە لە پێشکەش کردنی وتاری بەشێك لە ئامادەبوان بەم بۆنە مێژووییەوە، زۆر بەڕێز جەنابی سەرۆك (بارزانی) وتارێك پێشکەش دەکات با جەنابیان بفەرموویێت.

**بەڕێز مسعود مصطفی بارزانی:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بەرێزان بەخێر بێن سەرچاوان، زۆر سوپاستان دەکەین بۆ بەخێرهاتنتان و زۆر خۆشحالین بە هاتنتان، سوپاس بۆ خوای گەورە کە یارمەتی داین بۆ رێکخستنەوەی وەزعی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی (٣٠)ی ئەیلولی ساڵی رابردوو، سوپاس بۆ گەلی کوردستان بۆ خۆراگریان بەرامبەر بە زۆر لە تەحەدیات و پلانی جۆراوجۆر، وە سلاو لە گیانی پاکی شەهیدان، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی (٣٠)ی ئەیلولی ساڵی رابردوو هەلومەرجێکی تازە هاتە پێشەوە ئەوەبوو لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرا، ئەمرۆش سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی خوارد و لە سبەینێوەش هەنگاوەکانی دامەزراندنی حکومەتی هەرێم دەست پێدەکات، لێرەدا من پیرۆزبایی لە (نێچیرڤان بارزانی) دەکەم، وە داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم، وە بە هەموو توانایەك پشتگیری دەکەم، داوای جدیم لە حکومەتی هەرێم و لە حکومەتی فیدراڵ ئەوەیە کە پێکەوە هەوڵ بدەن هەرچی زووتر ئەو کێشانەی کە ماون چارەسەریان بکەن بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بڵێین ناوچەکانی کێشە لەسەر چونکە رۆژ بە رۆژ کێشەکان زیاترو قوڵتر دەبن، وە جێگەی مەترسی جدین، وە پێویستە بە حیکمەت و بە لێك تێگەیشتن و بە هەماهەنگی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عیراق چارە سەری ئەو کێشانە بکرێت بە پێی دەستوور، راستە داعش تووشی شکستی گەورە بووە بەلاّم داعش، ماوە تەهدیدی داعش ماوە، وە هەروەها خەریکە خۆی رێکخاتەوە، وە هاوبیری داعشیش ماون، وە هەردووکیان پێکەوە مەترسی جدین لەسەر ولاّتەکە، وە لەسەر ئەمن و ئاسایشی نەك هەر عیراق و هەرێمی کوردستان بەڵکو هەموو ناوچەکان هەموو جیهان ، بۆیە پێویستی بە وریاییەکی زۆر و بە هەماهەنگیەکی تەواو هەیە بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەم مەترسییە گەورەیە، وە جارێکی تر کارەساتی وەکو ساڵی (٢٠١٤) دووبارە نەبیتنەوە لەم ولاّتە، بۆ کێشەکانی ناوچەی رۆژهەلاّتی ناوەراستیش ئومێدەوارین کە هەموو لایەنەکان بە ئاشتی چارەسەری کێشەکان بکەن چونکە بە تەئکید شەر لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە، لە ناو هەرێمیش داواکارم لە لایەنە سیاسیەکان بەگیانی برایەتی هەست کردن بە مەسئولیەت کێشەکانی ناوخۆ

چارەسەرکەن، جارێکی تر بەخێرهاتنی هەمووتان دەکەم وە زۆر سوپاستان دەکەم، (والسلام عليكم و رحمة الله وبركاته).

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ وتارە بە نرخەکەی، بەڕێز جەنابی (د.بەرهەم احمد صالح) سەرۆکی کۆماری عیراقی فیدراڵ با بفەرموێت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح (سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆبووینەتەوە بە بۆنەی دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان-عیراق بۆنەیەکی مێژوویی و گرینگە، وێرای ئاماژە سیاسیەکان هیوادارین ببێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێی پێشکەوتن و ئاشتەوایی و ئاوەدانی بۆ کوردستان و بۆ عیراق، لەم بۆنەیەداوێرای پیرۆزبایی گەرم لە برای بەرێزم کاك (نێچیرڤان بارزانی) وە ئەو چاوەروانییە زۆرانەی هەمووان لێمان هەیە بەلأم بە پێویستی ئەزانم بەرێز و پێزانینەوە رۆڵی جەنابی کاك (مسعود بارزانی) بەرز بنرخێنین وەك یەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان وە بەو پێگە و سەنگە دیارەی کاریگەری گەورەی نواند لە رِێبەرایەتی هەرێمی کوردستان و لە قۆناغی سەختی گۆڕانکاریەکان دا نەخشی لەبەرچاو و بڕیاردەری هەبووە، لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانین بۆ کاك (کۆسرەت رسول)ی جێگری سەرۆکی هەرێم بەهەمان بۆنەوە دووپات بکەمەوە، دڵنیام کەسایەتیە گەورەکان و کاریگەرەکان بە پلەو پۆستەوە دیاری ناکرێن، بۆیە بە دڵنییایەوە دەڵێم کاریگەری کاك مسعود ی‌و قۆناغی ئاییندە هەر بەردەوامە و ئەو کاك مسعودەی سەروو پەنجا ساڵ لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی و دەوری گەورەی لە رەوشی سیاسی کوردستان و عیراق و ڕێبەرایەتی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەمان لە کاك مسعود دەبێ بۆ ئەم قۆناغەی ئاییندەش بە دڵنیاییەوە سەرۆکی هەرێمی تازە و حکومەتی هەرێمی تازە و هاوکاری سارێژبوونی برینەکانی ناو ماڵی کورد و یەکخستنەوەی هێز و تواناکانی خەڵکی کوردستانە، سەردەمانێك کاك مسعود و جەنابی مام جلال پێکەوە بۆ ویژدانیش بەهاوکاری و پشتیوانی کاك نەوشیروان توانیان قۆناغێکی سەخت و دژوار تێ بپەڕێنن و کوردستان لە قۆناغی دڵەڕاوکێ و ئەگەری جیاجیاوە بۆ قۆناغی ناساندنی دەستووری و پێگەی دەستووری لەناو عیراق دا بسەلمێنن، ئەو دەورە دەورێکی گرنگ بووە و ئەو دەستتکەوتانەی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان دەبێ بەرز ڕابگرین، خەڵکی کوردستان و بزوتنەوە رزگاری خوازەکەی قوربانی زۆری داوە تا بەم ڕۆژگارە گەیشتووە تاڵاوەکانی ئەنفال و ڕاگواستن و قەڵاچۆ کردنی خەڵکی گەرمیان و بارزان و دۆڵی جافایەتی و هەڵەبجە و سەدان شارۆچکە و هەزاران گوندی وێران کراو و خاکی سوتماك کراو قوربانی و خەباتی پێشمەرگە و شەهیدە نەمرەکانمان هەوێنی ئەم دەست کەوت و ئەم ئازادیەی ئەمرۆی کوردستانن، بۆیە دەبێ بەرز ئەم دەستتکەتانە ڕابگرین و بە هەموو توانامانەوە هەوڵی پاراستنی ئەو دەستکەوتانە بدەین و بە یکرِیزی گەلەکەمان و هەروەها بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ

سەرۆكی هەرێمی كوردستان و حكومەتی نوێی هەرێمی كوردستان بۆ خزمەتی زیاتری كۆمەڵانی خەڵك و چاكسازییەكی بنەڕەتی و بەرقەرار بوونی عەدالەت و حوكمرانیەتی تەندروست تر و باشتر هەم بۆ خەڵكی كوردستان و هەم بۆ كاریگەری لەسەر ناوچەكانی تری عیراق، ئامادەبووانی خوشەویست هەموومان دەزانین دۆخی ناوچەكە ئاڵۆز و دژوارە، پێشبینی كردنیش بۆ ئاییندە زۆر ڕوون نیە، خەڵكی عیراق لە ڕابردوو دا تاڵاوی چەندین جەنگی سەپێنراویان چەشتووە و شەڕی نەخوازراویماڵوێرانكەریان بەسەردا سەپێنراوە دواییینیان شەڕی تێرۆرستانی داعش بوو كە بە خەباتی پڕ سەروەری و هاوكاری و هاوسەنگەری سوپای عیراق و هێزی پێشمەرگەی كوردستان و حەشدی شەعبی و بە پشتیوانی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی و دۆستان توانرا دوا قوربانی دان و خۆبەخت كردنێكی زۆر سەركەوتنێكی مێژووی بەسەر تیرۆرستانی داعش دا تۆمار بكرێت، پاراستنی ئەم سەركەوتنە ئەركی گەورەمانە و لەسەر ئاستی عیراق و بگرە ناوچەكە و جیهانیش، ئەوەش بەوە دەبێت پتەوكردنی یەكڕیزی خەڵكی عیراق و هێزە سیاسیەكان و بەرگەگرتن لە تێوەگلان لە شەڕێكی تر و ئاژاوەیەكی تر، بەهەوڵی دوورخستنەوەی وڵاتەكەمان لە ململانێكانی ناوچەكە، هەوڵمان بۆ ڕاوننەوەی گرژییەكان و چارەسەری گرژییەكان لە ئاستی ناوچەكە، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دوای ئەم هەموو شەڕوشۆڕ و كارەسات و شەپۆلی توندرەویە پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتیە لە پێكهێنانی سیستمێكی هاوكاری سیاسی و ئابووری بۆ پێكەوە گرێدانی بەرژەوەندیەكانی گەلان و وڵاتانی ناوچەكە لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ڕووبەڕوو بوونەوەی تێرۆر و توندڕەوی و ڕێزگرتن لە مافی گەلان لە ئازادی و دیموكراسی، چەوسانەوە و زەبر و زەنگ و شەڕ ڕێگەچارە نییە، چارەسەر دایەلۆگ و هاوكاریە بۆ ئاشتەوایی و خۆشگوزەرانی، بێگومان ئارامی ڕۆژهەلات بە بێ ڕەچاوكردنی مافە ڕەواكانی گەلی كورد دابین ناكرێت، گەلی كورد وەك پێكهاتەیەكی سەرەكی و ڕەسەنی ئەم وڵاتە لەگەڵ گەلانی عەرەب و تورك و فارس و پێكهاتەكانی تری ئەم ناوچەیە بەرژەوەندی و فەرهەنگی هاوبەش كۆمان دەكاتەوە، عیراق ئەو جێگەیەیەدەتوانێ ببێتە هەوێنی پێكهێنانی ئەو سیستەمە نوێیە لە بری عیراق گۆڕەپانی ململانێ و شەڕو ئاشوب بێ هەوڵ بدەین لە عیراق بەهاوكاری وهەماهەنگی هەموو لایەنەكەنمان بە هەرێمی كوردستانیشەوە عیراق بكەینە ناوچەی بەرژەوەندی هاوبەش و عیراق جارێكی تر دووچاری ململانێ و شەڕو ئاشوب نەكەینەوە، بۆ ئەمەش بێگومان ئەركی لە پێشینەمان پتەوكردنی ڕیزەكانی ناوخۆی عیراقە، بەڵێ ئەمە كارێكە بە قسە خۆشە، بەڵام پێویستی بە هەنگاوی كردار و بەرنامەی عەمەلی هەیە، بە تایبەتی چارەسەركردنی كۆمەڵێك كێشەی بنەڕەتی حوكمڕانی كەنەك تەنها سەبارەت بە پەیوەندیەكانی هەرێمی كوردستان و بەغدا بەڵكو لە ئاستی حوكمڕانی لە بەسرە و لە موصل و ناوچەكانی تری عیراقیش خەڵك پێوەی دەناڵێنێ، كێشەكانی عیراق چارەسەركردنی دەستوورە، بەگەڕانەوەیە بۆ دەستوور و ڕێككەوتنێكی جدیە بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو بڕگە دەستووریانەی كە دەتوانێ ئاشتەوایی كۆمەلایەتی و حوكمڕانی تەندروست بۆ گەلانی عیراق دەستەبەر بكات و لە هەمان كاتیش دا پەیوەندی تەندروستی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدڕاڵ جێگیر بكات، كاك نێچیرڤان بارزانی ئەزمونێكی

دوورودرێژی حوکمرانی دیبلوماسی هەیە، چاوەڕوانی ئێمە لە جەنابت کاکە نێچیر دەوری کاریگەرت هەبێ بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندیانەی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بە ئاقار و ئاراستەیەك چارەسەری بنەرەتی یەکلاکەرەوە دەڕوات، بۆ ئەم مەبەستە من بە دڵنیاییەوە دەڵێم د.عادل عبدالمهدی سەرۆك وەزیرانی عیراق برای بەڕێزم کاك محمد حلبوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و بە ئامادەبوونی ئەم نوخبە سیاسیە دیارەی عیراق هاوکار و پشتیوانی زۆر هەن لە بەغدا، ڕاستیەکەی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان، هێزی سەرکەتنی هەرێمی کوردستان هێزە بۆ بەغدا و هێزە بۆ بەسرە و پشتیوانیە بۆ ئارامی و ئەمنیەتی سەرتاسەری عیراق بەهەمان شێوەش بەهێز بوونی عیراق و بەهێز بوونی بەسرە ئاوەدانی و ئارامی موسڵ پشتیوانیە بۆ هەرێمی کوردستان با لەبری ململانێ و ناکۆکی هەوڵ بدەین ئەو خێروبێرەی لەم وڵاتە هەیە بخرێتە خزمەتی خەڵکەوە و بۆ پێشکەوتن و بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجەکانمان و بۆ پێشکەوتن و بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی.

سيداتي سادتي

أود أن أتحدث بإختصار عن ما قلته باللغة الكوردية أنها مناسبة تأريخية مهمة أن نجتمع هنا في أربيل عاصمة إقليم كوردستان لنشارك في مراسيم تنصيب الأخ العزيز كاك نێچیرڤان رئيسا لإقليم كوردستان، هذه مناسبة واجب علينا أن نشيد بما قدمه السيد مسعود البارزاني من خدمات كبيرة و دور مهم خلال فترة ترأسه الإقليم، مسعود البارزاني شخصية غنية عن التعريف، قضى أكثر من نصف قرن في صفوف البيشمركة و النضال السياسي و كان له الدور الأبرز في الأحداث و التطورات التي شهدتها كوردستان و المنطقة، هو و المرحوم مام جلال لعبوا دورا مهما مع القيادات العراقية الأخرى و منهم السيد عبدالعزيز الحكيم رحمه الله، د.عادل عبدالمهدي، و أرجو أن لا يزعل مني من الإخوة الذين لا تحضرني الذاكرة في هذه اللحظة أن أذكرهم، الذين شاركوا في صياغة الدستور الذي ارتضيناه لأنفسنا فيصلا لحكم بلدنا و فيصلا لحل مشاكلنا، كوردستان تمثل تجربة مهمة، قوة كوردستان قوة للعراق، قوة بغداد و قوة البصرة قوة لكوردستان، هذا هو المنطق التي يجب أن نستند إليه في تعاملنا و نتمنى من أخينا نێچیرڤان الذي له تجربة طويلة في حكومة الإقليم وأيضا له علاقات واسعة و متشعبة نتوقع منه و نتوسم فيه كل الخير في تعزيز العلاقة بين الإقليم و بغداد، قلت أيضا أن ما تحقق من نصر عسكري مهم على داعش نصر يجب الحفاظ عليها. هذا النصر الذي تحقق بفضل تآزر القوات العراقية من الجيش، من البيشمركة، من الحشد وبالدعم من التحالف الدولي و الآصدقاء، نصر يجب أن لا نستخف به، و من ذلك المنطق يجب أن نعمل على عدم تكرار مآسي الماضي و العودة بالعراق إلى أتون الأزمات و الحروب، هناك مشاكل عديدة تعصف بالمنطقة. مصلحة العراق هو أن يتحول إلى ساحة للتعايش و المصالح المشتركة لا ساحة للإغتراب و تصارع القوى الإقليمية، لايتحمل العراق ذلك، إذا أردنا أن ننجح في هذا المسعى يجب علينا تعزيز وحدتنا الوطنية و تكاتفنا الداخلي مستندين إلى الدستور فيصلا لحل مشاكلنا، هذا الدستور فيه من المواد و المفاهيم ما يُمكننا من تجاوز مشاكلنا اليوم.

مصالحنا مشتركة. رؤانا مشتركة. يجب أن لانعود إلى ماضي الإحتراض و التنازع، و على صعيد المنطقة آن الأوان لشعوب هذه المنطقة أن تنعم بخيرات هذه البلاد و أن تكون هناك بدلا من هذه الحالة المؤسفة من الإحتراض و التنازع منظومة إقليمية جديدة مبنية على التعاون الإقتصادي و السياسي و إحترام حق الشعوب في الحياة الحرة الكريمة.

الشعب الكوردي شعب أصيل من شعوب هذه المنطقة كجيرانه من العرب و الترك و الفرس و الشعوب الأخرى يشتركون في مصلحة الأمن المشترك و التعاون و الثقافة المشتركة، عسى و لعل ننجح في مسعانا بتحويل واقع التنازع في هذه المنطقة إلى واقع آخر ألا و هو التعاون و التكاتف، أختتم بالتأكيد مرة أخرى على تمنياتي الصادقة لأخي نێچيرڤان. مهمته لن تكون سهلة لكننا سنكون عونا له و يقينا أتوسم فيه أنه سيكون عونا لنا في حل الكثير من المشاكل التي تعترض مسيرتنا، و دمتم موفقين و شكراً جزيلا.

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆك كۆماری عیراقی فیدراڵ دەكەین بۆ پێشكەش كردنی وتارەكەی، والآن يتفضل السيد محمد الحلبوسي رئيس مجلس النواب لإلقاء كلمته.

**بەڕێز محمد الحلبوسی/ سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**أصحاب الفخامة و المعالي و السعادة و السماحة المحترمون**

**سيدات و سادة الحضور كل حسب مكانه و مقامه**

**السلام عليكم و رحمة الله و بركاته**

ها هو العراق العظيم تشرق شمس كوردستان فيه على يوم جديد من أيام الديمقراطية التي تتجذر و يترجمها المواطن و السياسي و الحزب و الدولة على حد سواء إلى عمل ملموس وتداول واضح للسلطة يضاهي أكثر التجارب ديمقراطية في المنطقة و العالم، رغم أننا لا زلنا نعمل على تحسين الأداء الديمقراطي و نتعاون من أجل إصلاحات من شأنها أن تتقدم بالنظام السياسي إلى الأمام و تمكن الدولة من خدمة المواطن و تعزيز الحريات العامة و الحفاظ على التنوع و التعدد.

أيها السيدات و السادة نبارك إنتخاب فخامة الأخ نێچيرڤان بارزاني رئيسا لإقليم كوردستان العراق و إن هذا الإنتخاب يعد خطوة مهمة نحو تعزيز العمل السياسي و مثالا حيا لإحترام الدستور و إرادة الشعب من جهة و ترجمة حية لتعزيز دور الجيل الثاني في العملية السياسية و الذين إكتسبوا خبرة مهمة طوال عملهم مع القادة من الجيل الأول في العملية السياسية بعد التغيير، حيث تنتظر الأخ الرئيس مهمة إستكمال الحوار و التواصل مع بغداد لحسم و إنجاز العالق من الملفات و تمكين المواطنين من الحصول على حقوقهم كما إننا أمام إختبار الشروع لإيجاد حلول لجميع المشاكل و تصفيتها و تصفيرها و أعتقد أن الأخ فخامة الرئيس، بل أجزم سيكون قادر على إنجاز هذه المهمة، فأمامنا تحديات كبيرة فأخي الرئيس كما ناضلتم للوصول إلى ما هو عليه الآن من ديمقراطية في شعب إقليم كوردستان و إعمار و تقدم، أمامنا نضال من نوع آخر. علينا أن نعمل إلى

حاضر و مستقبل أفضل لأبناء الشعب العراقي جميعا بما فيهم إقليم كوردستان و هذا يتطلب منا العمل على إيجاد حلول سريعة و عاجلة للمشاكل العالقة التي تؤمن، حلها سيؤمن للجيل القادم و المستقبل القادم لأبناء الشعب العراقي بما فيهم أبناء إقليم كوردستان، و سندعم توجهاتك في هذا الإتجاه و ندعم عملك في مهامك الجديدة.

الحاضرون الكرام لم يكن مانراه اليوم لينجز لولا الإرادة الحقيقية لقيادة الإقليم السابقة و المتمثلة بفخامة الأخ الرئيس مسعود البارزاني الذي قدم خلال أكثر من نصف قرن جهدا حقيقيا في مسيرة النضال من أجل حقوق الشعب الكوردي و إستكمل المسيرة الشجاعة للمغفور له الملا مصطفى البارزاني إلى أن تحقق الأمل بقيام إقليم كوردستان العراق كما نراه اليوم مزدهرا يضاهي في تطوره دول الجوار و يتمتع مواطنوه بالحقوق و الحريات و الخدمات. كما كان ملاذا دافئا لأهله من العراقيين الذين نزحوا من جميع أنحاء العراق خلال فترة مواجهة تنظيم داعش الإرهابي و التي كان للبيشمركة الدور مع القوات المسلحة العراقية و الأجهزة الأمنية و قوات الحشد الشعبي و الحشد العشائري فيها. حيث إختلطت دماء شهدائنا الأبطال مع دماء إخوانهم من أبناء المحافظات الأخرى.

السيدات و السادة و بهذه المهمة التاريخية فإنني أتقدم بالتهنئة و التبريك لفخامة الأخ نێچيرڤان البارزاني و برلمان إقليم كوردستان و جميع الفعاليات السياسية و الإجتماعية و إلى أهلنا و شعبنا في كوردستان العراق. كما أتقدم بالشكر الجزيل للجميع على حسن الضيافة و أسأل الله عز و جل أن يحفظ إقليم كوردستان العراق و باقي أنجاء العراق و أن نعمل سويا على أن يكون قرارنا السياسي موحدة في بغداد، فكلما كانت بغداد قوية سيكون إقليم كوردستان و ستكون البصرة و ستكون الموصل و ستكون باقي المحافظات قوية و بأمان، كلما كانت قرارنا موحد سيشعر الجميع بالأمن و الإطمئنان، أكرر شكري و إنشاءالله سينعم البلد بالأمن و الإستقرار في ربوع الوطن الحبيب، وأن يرحم الشهداء و يعافي الجرحى و السلام عليكم و رحمة الله و بركاته.

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شكرا جزيلا لسيد رئيس مجلس النواب على كلمته، الآن مع كلمة السيد رئيس مجلس وزراء جمهورية العراق يلقيها بالنيابة السيد حميد الغزي، فليتفضل.

بەڕێز حميد الخزي:

بسم الله الرحمن الرحيم.

فخامة السيد رئيس الجمهورية المحترم.

سيادة السيد رئيس مجلس النواب العراق المحترم.

السيدة رئيسة برلمان كوردستان المحترمة.

السيد رئيس الإقليم المحترم.

السادة رؤساء الكتل السياسية العراقية المحترمون.

**السيد رئيس المحكمة الإتحادية المحترم.**

**السيد رئيس مجلس القضاء الأعلى العراق المحترم.**

**السادة و السيدات أعضاء مجلس النواب العراقي المحترمون.**

**السادة السفراء رؤساء البعثات الدبلوماسية المحترمون.**

**السادة الحضور.**

**السلام عليكم جميعا و رحمته الله و بركاته.**

**إنه لمن دواع السرور أن نكون اليوم بينكم بمناسبة تسلم الأستاذ نێچيرڤان البارزاني منصب رئيس الإقليم و حضورنا ممثلين عن دولة الرئيس الدكتور عادل عبدالمهدي، إذ نتقدم بهذه المناسبة بخالص التهنئة لمواطني إقليم و حكومتهم و البرلمان مثمنين الدور الكبير بتمسكهم بالخيار الديموقراطي والنهج السليم في إختيار برلمان الإقليم بعد سنوات من معاناة الإضطهاد و الدكتاتورية.**

**السيدات و السادة الأكارم لقد أولت حكومات العراق الجديد بعد نيسان من عام ٢٠٠٣ إهتماما كبيرا بمفاهيم الديموقراطية و الإزدهار و التقدم لجميع أبناء الشعب العراقي لاسيما في هذه الحكومة، حيث نعمل على ترسيخ العلاقة الدستورية بين المركز والإقليم. و إعتبار الدستور الركيزة الأساسية لضمان وحدة العراق و سيادته و الحفاظ على أمنه و سلامته، لقد تجلت هذه العلاقة من خلال تخطي الأزمات و رس الصفوف أمام التحديات الأمنية. الأمر الذي يضعنا أمام طريق تواصل نحو تعميق علاقة التنسيق بين بغداد و أربيل و المضي قدما نحو مرحلة جديدة من البناء و الإعمار.**

**الحضور الكريم نحن في الحكومة الإتحادية ندرك ضرورة الإلتزامات المتبادلة بين المركز و الإقليم و حل جميع الملفات العالقة وفق الدستور و إستنادا لطاولة الحوار و التفاهم. و بهذه المناسبة نؤكد ضرورة إبعاد العراق عن الخلافات الإقليمية و الأزمات الدولية و العمل على ترسيخ الحوار و التهدئة و ضمان السلام والأمن لجميع دول المنطقة.**

**في الختام نتمنى دوام الموفقية للسيد نێچيرڤان البارزاني و النجاح في أداء مهامه لتوفير الخدمة و الرفاهية لمواطني الإقليم و السلام عليكم و رحمة الله و بركاته.**

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**شكرا جزيلا للسيد حميد الغزي ممثل دولة رئيس وزراء جمهورية العراق على كلمته، سماحة السيد عمار الحكيم رئيس تيار الحكمة، فليتفضل لإلقاء كلمته.**

**بةڕێز عمار الحكيم/ رئيس تيار الحكمة:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**الحمدلله رب العالمين.**

**و صلى الله على سيدنا محمد و آله الطاهرين و صحبه المنتجبين.**

**أصحاب الفخامة و السيادة و المعالي و السعادة.**

**أصحاب السماحة و الفضيلة والنيافة.**

**السيدات و السادة الحضور السلام عليكم جميعا و رحمة الله و بركاته.**

في البداية نهنيء أخانا العزيز الأستاذ نێچيرڤان البارزاني بإنتخابه رئيسا لإقليم كوردستان العراق و نشيد بالدور القيادي المتميز للأخ الرئيس مسعود البارزاني الذي كان و لا يزال يمثل قيادة وطنية عراقية و كوردية تركت بصمتها الواضحة في مسار الأحداث و التطورات العراقية. و يذكرنا بأبيه الراحل الزعيم الملا مصطفى البارزاني و أخيه الراحل الكبير مام جلال الطالباني و نستذكر العلاقة التاريخية التي جمعت الإمام الحكيم بالملا مصطفى البارزاني و بالشعب الكوردي و فتواه التاريخية في الدفاع عن الكورد في تلك الظروف العصيبة التي تحركت فيها جيوش السلطة الدكتاتورية ناوية إبادة الشعب الكوردي و كلنا ثقة بأن الرئيس نێچيرڤان البارزاني سيواصل هذه المسيرة بنفس الزخم مع إخوته قيادات مختلف القوى الوطنية العراقية لاسيما و أنه إبن المرحوم إدريس البارزاني، ذلك القائد الفذ الذي عرف بدماثة خلقه و علاقاته الإجتماعية و السياسية المتميزة.

في كل شبر من هاذا الوطن هناك تاريخ يمتد لآلاف السنين و في كوردستان العراق تحديدا يوجد تاريخ معبد بالتضحيات و النضال و الألم و الأمل، إن علاقة الكورد بهذا الوطن لايمكن النظر لها من زاوية إتفاقية سيفر أو لوزان أو الجزائر أو غيرها من الإتفاقيات فحسب، و لايمكن النظر لها من زاوية نظام الحكم في العراق ملكيا أو جمهوريا. دكتاتوريا أو ديمقراطيا. بل لابد من النظر إليها من زوايا متعددة و عميقة و شاملة تأخذ بنظر الإعتبار ذلك التاريخ و الجغرافيا. فالعلاقة بين كوردستان و العراق أكبر من الحكومات أو الشخوص، فالحكومات تتغير و الشخوص يرحلون لكن الوطن و الشعب باق.

إن إقليم كوردستان العراق و بالأخص أربيل التاريخ و الحضارة كانت و ستبقى محطة فخر و إعتزاز العراقيين جميعا بتاريخها النضالي في الأمس القريب و بتألقها العمراني و الخدمة الحاضرين اليوم. فما شهده إقليم كوردستان العراق في السنوات الأخيرة من تقدم وتطور في مجالات عديدة يعتبر مثالا حيا يحسب لحكومة وبرلمان إقليم كوردستان. ولطالما أكدنا على ضرورة الإستفادة من التجربة الكوردستانية وتعميمها على باقي محافظات عراقنا الحبيب في الوسط و الجنوب والغرب.

إن هذه التجربة المميزة لها مقوماتها و عواملها الأساسية التي ساهمت في إنجاحها و تألقها و من أبرز هذه المقومات هو التكاتف و الوحدة و رص الصفوف السياسية داخل إقليم كورستان من جهة وبين الإقليم والمركز في بغداد من جهة أخرى، فالبناء والتطور والإزدهار لاينمو في عواصف الخلاف والنزاع و التحديات و المخاطر لا تواجه بيد الواحدة من دون الأخرى وهذا ما ان نتمناه ونعمل ان يكون ذا أولويت القصوى لدى اخينة الأستاذ (نيجرڤان بارزانى) من خلال موقعه البارز والمهم، وهو شخص معروف بخدمته وأعتدالي وعرصه على وحدة والتكاتف وتواصل بين العراقيين جميعاً السلمانية و دهوك وأربيل وحلبجة وجميع مدننا ومحافظاتنا العراقية نسيج ومتنوع ومتكامل، لا يمكن تفريط بأحد مكوناته أو متجلياته سياسية ضمن المنطقة التسابق أو التنافس، تميزنا بوحدتنا وتألقنا بتكاتفنا وأخوتنا في البيت الواحد، فالله الله في أقليم

كردستان، والله الله بدماء شهدائنا وتضحياتهم والله الله بوحدة العراق وشعب، ان تزاورة وتواصل الشعب اليوم الذي اشهده اقليم كردستان العراق من جميع المحافظات الوسط والجنوب، يعبر عن صورة الحية للتلاحم الوطني بين شعبنا، حيث نرى في هذه صورة كيف يجتمع العراقي العربي من بصرة والأنبار مع اخيه العراقي الكردي في السليمانية واربيل بروح واحدة من انهئا التراحم والتواصي والأعتزاز بتنوع هذا البلد وعواصره الأجتماعية الوثيقة وهو ما يؤكد ان الخلافات التي تدف على ساعة سياسية بين فترة وأخرى لا تمت لهذا تلاحم عراق بصلة وليست المظهر الحقيقي لصورة العراقية الحية، والأسف اعلامنا المحلي يتحمل مسوؤلية في عدم اضهاره لهذا صورة الوحدوية بحجمها وعمقها الواقعي من خلال تركيزه على مساحات خلاف وتدقيمها على حساب مظاهرالوحدة والتلاحم بين شعبنا في االاقليم والمركز، وهذا لا يلغي مسوؤلية الكبرى على سياسينة ايظا فبدلآ من ان نوجب فنتواصلة والمعالجة بدأ البعض منا يتلبس فن الخلاف والتعقيد، للأسف الشديد، شعبنا ينظر الينا ويترقب حيراكنا سياسى جيدا ويتفاعل مع فالأحسن الأدارة ودف السياسية جيدا كانت النتائج الطيبة ومفرح لدى شعبنا ولأسائنا تصرف لا سامح الله وبتعدنا عن الحكمة وروية في تقدير الموقف وتعامل معها عرضنا عن شعبنا وسلمنا الأجتماعية للخطر وهددنا بذلك استقرارا بلد وازدهار، فداعش وما خلفه من معاصي والاضرار ما زال جرحه لم يندم بعد ولولا عواصف الخلاف وتساقم المساحات اختلاف السياسي وما تمكن داعش الارهابي بفلوله متطرفة من احتلا مدننة الامنة حتى وصلت جرئة به في أن يهدد قلعة اربيل ابية، فالأرهاب وداعش وأخوات يعتاشون من بئة خلاف وتناحر وينتهزون فرسا نفوذهم عبر اللأسغلالي مناخى نزاعي وسراعي بين شعوب منطقة وهنا اذكر بئنا داعش ومن يقف خلفه من اجندات خارجيية لا تريد الخيرة بالعراق لا يسره اجتماعنا هذا بل لا يرغب بأيي مظهرن سياسين عيراقيين وحدوين يدل علىالتلاحم والتكاتف الوطني ونقول لهم بكل الوضوح لقد عشنا منذ القدم منعا وجعلنا للظلم والأجتهاد معا ونظلنا معا وقدرونا نبقا معا ونحن سعداء بهذا القدر، بذلك ادع ومن خلالها من هذه حفل الكريم ومن الكردستان العزيزة بالأجمنة من الأمور يجب علينا جميعا تداركها والعمل عليها سريعا،

١- تصدير نقاط الخلاف بين القوة الأقليم وبين الأقليم والمركز بروح وطنية العالية وبحرس واطار قيادية مسوؤل من الجميع فمرحلتنا حساسة والأوضاح التي تشهد منطقة حرج جدا ومتوهم من يعتقد ان هنالك من يستطيع ان يسمل الأثار أزمات وعواقب السراع فالعراق كالجسد الواحد اذا شتكى من وعض تداع له سائرون أعظاء بالسهر والعمى هذا ما تحدث منه تأريخ وما ختطنا أمس من دروسها العبر ان المعيار من عيش المشترك له أفضل المعاير في تكوين شعوب وتشكيل الدول وكل معايير الأخرى في تأسيس الدول على اسس قومية او عرقية او غيرها تراجعت امام افضلية العيش المشترك وهذا هو حال المعظم الدول في علمنا اليوم ان الخصوصية التي حض بها اقليم كردستان بموجب الدستور تعد اكثر تميزا وسرادتا وتساعا ومراعاة التنوع قياسا بالخصوصية في دول الفيدرالية الأخرى اذا كان هناك فمشاكل الدستور او في تنفيذة فعلينا ان نتفيقا على تعديله او تصحيح مثار تنفيذ ضمن السياقات الدستورية والقانونية لذلك ادع الى ايي صفحت الماضي والى حمم كردين جديد وهو عيش هذه الوطن وتقاسم ثرواته بعدالة ونهوض به والحرس على اعماره

وازدهارة وسيادته واستقلاله فأحلام ابناء ليس بضرورة ان تكون ذاتها احلاما اباء لان ظروف تتغير والشعوب تطور المادة ١٤٠ وقانون نفط والغاز والمنافذ الحدودية والموازن الحكومية وغيرها ملفات ما زالت تمثل محطات الحقيقة لأفتعال الازمات بين الأقليم والمركز بين الحين والأخر وهو ما يستوجب حلها وتصديرها بجهود الوطنية الخالصة للعراق وشعب، وعلى مجلس النواب والاتحاد وبرلمان الأقليم اعتبار ذلك اولويتا فسوى سيسجلها تأريخ لهم بكل فخر وأعتزاز كما وعده بعدم سماح مطلقا بتدخل الأخرين بشؤوننا الداخلية فلسنا قاصرين ولم نكون هدفا لمغانم مخارجية تسعى لادامة واستغلال سغرات وفقا لمصالحها خاصة، العراق كان وسيبقى سيدا بنفسه ولا وساية لغيره عليه ولم نسمح بذلك.

٢- مواجهة تحديات الامنية الداخلية بوعين وحكمة وبتنسيق عالي مستوى بين الاقليم والمركز فاليوصل العسكرى الذى يتحقق على داعش الارهابي لم يكن لولا تكاتف بالاقليم والمركز معاً والحفاظ علي مسؤولية تضامنية بينهما ايضاً فمدننة المحررة تنتظر اعادة الحياة والاعمار اليها واهلنا نازعون ينتظرون بفارغ صبر الرجوع الى ديارهم وقراهم التى ابعد عنها ضلماً وعدواناً وعلى لا يمكن ان يتحقق ومدن ادامة النصر والحفاظ على منجز الامن والقظاء على خلايا نائمة للارهاب وتغريب الاثار الوطني على الخلاف السياسي كما خرفناه شيداً في كركوك وديالى وعزام البغداد خطر يهدد الجميع ويداهم اننا الوطني يتطلب معالجة فوريا.

٣- توحيد الموقف العراقي الوطني تجاه ازمة السراع القائم في المنطقة ان موقع (جيوثتراتيجى) مهم الذى يتمتع به العراق في المنطقة والذى جعله مخطط تلاقي ورتكاز الامم الاربع الامة العربية والامة الفارسية والامة التركية والامة الكردية ان هذا الموقع المهم يختم علينا موقفاً وطنياً واضحا وموحداً في الوقت ذاتي وعلى موقع الحيوي لم ياتي لو الأهمية الجغرافية والتأريخية ببغداد والبصرة والموصل واربيل واسئر المحافظات الاخرى فسر قوت العراق ومكانته الدولية هو في تنوعه الجغرافي والاجتماعي وعمقهي الحظارى والثقافي وهنا احذر من عياد الخفية تحوال ان تستخدف ان قوت العراق عبر تفريق كلمته وموقفه وطني وهذا هو خطر الاكبرى الذى يهدد امن الوطني يعبر العراق لمخاطرة كبيرة تهدد سامه وامنه اجتماعي يجب علينا التفاف بان قرار الدولة العراقية عبر المشاركة الفعالة والاجابية في صراعة وبلورة الموقف الوطنية ومسؤول يحترم هيبة الدولة ويحفظ مصالحها عليا ويستكثر الاستقبال للاقليم والدولي لمساعدة العراق والاستعمار في كل جهود رامية نحو تغريب لغة الحوار البناء والابتعاد عن منطقة تدخل بشؤون الدول استخدام منطق العقوبات القتصادية التي لا تجلب الشعوب منطقة غير المعاصي والويلات وفي الختام تهاني وتبريكات لرئيس اقليم كردستان الاستاذ (نيجرظان بارزاني) وتمنى له كل التوفيق واهلنا في الكوردستان العزيزة الامن والاستقرارة والتألق كما عهدنا ذلك دوما تحيتاً لشهداء العراق ولا سيما لشداء قواتنا المسلحة بين الجيش والشرطة والحشد الشعبي والعشائر والبيشمركة تحية لشهدين الصدرين شهيد المحرابي وعزيز العراق وملا مصطفى البارزانى ومام جلال الطالباني وجميع القيادات الوطنية مخلص التي خدم هذا الوطن، تحيتاً لابناء شعبنا العراقي بكل مكوناتهم والتمائاتهم القومية والدينينة والمذهبية والمناطقية، تحيتاً

لمراجعنا العظام ولا سيما لمرجعنا الاعلى الامام السيد السستانى ذا مضل وتحية لكم جميعاً السادة والسيداة الحضور في هذا الحفل المهين، والسلام عليكم ورحمة الله وبركات.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شكرا جزيلا للسماحة السيد (عمار حكيم) علي كلمته، السيد (خميس الخنجر) رئيس تحالف المحور، فاليتفظل لالقاء كلمته.

**بەڕێز خميس خنجر-سەرۆكی تحالفی میحور:**

اسحاب السيادة والمعالي والسيادة، السلام عليكم والرحمت الله والبركاته، جئت هنا اليوم مباركن لاهلي كوردستان و العراق على نجاحهم النموذج الديمقراتي، والحكمي والادارة، جئت مهنايا للرئيس والرمز التاريخي الذي لم نستهني يوما عن حكمته والتجروبته و النسائحه، لاخ الرئيس (مسعود البارزاني)، سراحة مواقف لانسانية كبيرة و جئت مباركا لاخ والرئيس الجديد لاستاذ (نيچيرڤان البارزانی) على فوزيه للحب الشعب الكوردستان، و حصولە على الاصوات البرلمان متمنيا لە التوفيق ق مهمته، وهو يراسل الطريق املا مستفا البرزاني في قيادة الاقليم في نجاحة و بناء، خالص الاتهاني لاخ الستاذ (مسرور البرزاني) لهاذا النجاح و لكل شعب الكوردستان العزيز، الاخ و لاخوات جميعا، يقف العراق اليوم امام تحديات الكبيرة تنتظير جهودنا جميعا لمرحلتها و المعالجتها لكل ما نستطع بالقوت موعز، مططلعا ططلع كل مدينتا راقيا، بالكل شبرا من التراب العراقي، من لاجل الخلاصي والعبور الى مرحلتا اثر استقرارا ولامنا و رفاهيه، مسئوليتنا كبيرا امام الله و امام الشعب و امام التاريخ باتكاد يدا واحيدة، و نعمل كفرقا واحد، خدمتا للشعب مثقلب لاهاة، والمططلع للمستقبل للئامال العريظة، و اليد الله مع الجماعة، جماعتا في القول ولثق، تسخر كل امكاناتها من اجل انجاح حكومتنا بكل السهل و رئاساتنا ثلاث في البغداد، جماعت تمد يداها لاقليم في سلح نموذجا لادارة متقدم من العراق الواحد، و في الختام اصدق المنياة بالنجاح والتقدم لاقليم والرئاسته الجديدة والحكومته الجديدة باذن الله، وسلام عليكم والرحمت الله والبركات.

بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:

شكراً جزيلاً للسيد خميس الخنجر على كلمته، مێوانە بەڕێزەكان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان، ئێستا خاڵی پێنج لە بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كاری دانیشتنەكەمان جێ بەجێ دەكەین كە بریتیە لە وتاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی داوا لە بەڕێزیان دەكەین بفەرموویت بۆ پێشكەشكردنی وتارەكەیان.

**بەڕێز نێچیرڤان ادريس بارزانی/ سەرۆكی هەرێمی كوردستان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی.

بەڕێز جەنابی د.بەرهەم سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ.

بەڕێز محمد حەلبوسی سەرۆكی پەرلەمانی عێراق.

بەڕێز مولود چاوش ئوغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا.

بەڕێز سامر سرحان وەزیری دەوڵەتی سعودیە بۆ کاروباری کەنداو.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێزان بالیۆزانی وڵاتان لە عێراق.

بەڕێزان دیبلۆماتکاران.

بەڕێزان سەرکردە و سیاسەتمەداران و لایەنە سیاسیەکان، میوانان و ئامادەبووانی خۆشەویست لە عێراق لە بەغدا کە تەشریفتان هێناوە هەمووتان بەخێربێن، رۆژتان باش، مایەی خۆشحاڵیمە کە ئەمڕۆ هەمووتان لێرەن لەو رێوڕەسمەدا لەگەڵ ئێمە بەشدارن، بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرانی گەلی هەرێمی کوردستان بە گشت رەنگ و بیر و بۆچوونەکانەوە سوپاس کە ئێوە وەکو نوێنەرانی گەل دەنگتان داوە بە هەڵبژاردنم وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو، سوپاس بۆ هەمووتان، سوپاس بۆ ئەوانەی دەنگیان دا، ئەوانەی دەنگیان نەدا، ئەوانەی رۆژی دەنگدان نەچوونە پەرلەمان، سوپاسی هەر هەمووتان دەکەم، هەر یەك لە ئێوە بە خواستی خۆی و بە نوێنەرایەتی دەنگدەر لەسەر راسپاردەی ئەو حیزبە کە نوێنەرایەتی دەکات لە پەرلەمان ماف و ئەرکی دیموکراسی خۆتان پیادەکرد، لەم کاتەدا گەورەترین دەستکەوت بەردەوامبوونی خودی پرۆسەی دیموکراسیە لە هەرێمی کوردستاندا، سوپاس کە متمانەتان پێدام، لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆدا و لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم ئەرکە نوێیە گەلێك یادی خۆش و ناخۆش دێنەوە بیرمان، هەندێك رووداو دوورن، بەڵام لە هەستی مرۆڤایەتیماندا خۆیان چەسپاندوە، بە ئاسانی لەبیر ناکرێن، لە بیریان ناکەین تاوەکو لێیان فێرببین، هەندێك رووداو هەندە نوێن تاوەکو ئێستا خۆشی و ناخۆشیان لەگەڵ هەست و هزر و کاری رۆژانەماندایە خۆیان تێکەڵدەکەن، ناخۆشترین یادی نوێ هێرشی دڕندانەی (داعش)بوو بۆ سەر چەندین شار و شارۆچکەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، شێوازی تیرۆرستانی (داعش) هەموومانی تووشی شۆکێکی بێ وێنە کرد، دنیای هەژاند، زۆر کەس پێشبینی دڕندەیی لەوەی نەدەکرد، زۆر کەس بڕوایان نەدەکرد کە لە سەدەی بیست و یەکدا هێزی تاریك پەرستی وا دەستی بچێتە ئەو هەموو دڕندەییە و ئەم هەموو تاوانانە، بۆ ماوەیەکی کورت لەوە دەچوو کە تیرۆرستان لە مەرام و مەبەستی خۆیان تۆقاندنی دنیا سەرکەوتوو بوون، جەنابی سەرۆك بارزانی رۆڵێکی گرنگ و سەرەکی بینی لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆرستانی (داعش) و تێکشکاندنی خەونی تارك پەرستی و وێرانکاریدا، جەنابیان وەکو فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بەو پەڕی توانایانەوە راستەوخۆ بەشداری پاراستن و بەرگری لە هەرێمی کوردستان کرد، شەونخونی بێ وچان لەبەرەی شەڕدا لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکان بەسەربرد و بە خۆڕاگری و ئەزموونی پێشمەرگایەتی هەر لە (١٦) ساڵیەوە تاوەکو ئەمڕۆ خستە خزمەتی بەرگری و پاراستنی ژیان و مرۆڤایەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و لەسەرتاسەری جیهان، لەو قۆناغە سەختەدا جگەلە رۆڵی سەربازی یەکلاوە و بەرزکردنەوەی ورە و بڕوای پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگ جەنابی سەرۆك بە

ئـەزموونی نزیکـەی بـوونی (٥٥) سـاڵ خـەبات و تێکۆشـانی خـۆی لـە شـۆڕش و لـە سـەرکردایەتی و رابەرایـەتیکردنی شۆڕشـدا بـە حیکمـەت و لێـزانین و شارەزایی گـەلی کوردسـتانی لـە هەرەشـە و مەترسـی راسـتەقینە و بـۆ کـەناری ئـارامی پەڕانـدەوە، ئـەو رێوڕەسمـەی ئـەمڕۆ کـە زادەی پرۆسـەی دیموکراسـیە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی و کۆڵنەدانی جەنابی سەرۆك بارزانی و تێکۆشـەرانی گەلەکەمانـە، بەرهـەمی خەباتیانــە بــەرەو دیموکراســیکردنی هــەرێمی کوردســتان، دوای راپــەڕین ئــازاری ســاڵی (١٩٩١) لــە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لـە کۆیـە یـەکمجار جـەنابی سـەرۆك بـارزانی داوایکـرد کـە بـۆ بەڕێوەبـەردنی هـەرێمی کوردسـتان هەڵبـژادن بکرێـت، گـەلی کوردسـتان نوێنەرایـەتی خـۆی لـە پرۆسـە و دەنگـدانێکی دیموکراسی هەڵبژێرێت، خەبات و تێکۆشان و سەرکردایەتیکردنی سەرۆك بارزانی ئیلهام بەخشی ئێمە بـۆ هـەنگاونانی دروست بـەرەو ئاینـدە، پێشمەرگە بـە یارمـەتی و بـە هاوکـاری هاوپـەیمانانی نێودەوڵـەتی بـە سەرۆکایەتی ئەمریکا و هاوشان لەگەڵ هێزەکانی عێراق سوپا و حەشد شـەعبی سـەرکەوتن، سـەرکەوتن لـە ئازادکرنیان لـە ناوچـە داگیرکراوەکـان و رزگـارکردنی خـەڵك و چەوسـاوەی ژێـر دەسـتی داعـش، هـەمووەمان قوربانی گەورەمان دا لە پێناو ئازادی، لە پێناو سەرەبەستی و ماف ژیـان و نیشـتیمان گەلەکەمانـدا، سلاڤ و درووود بۆ گیانی پـاکی شـەهیدان، سلاڤ لـە کـەس و کـاری سـەربەرزیان، هیـوای چاکبوونەوە بـۆ برینـداران دەخوازین، سلاڤ لـە پێشـمەرگە و هێـزە عێراقیـەکان لـە سـوپا لـە حەشـدی شـەعبی و ئـەو هێزانـەی رۆڵـی مێژووی خۆیان بینی لەو قۆناغە ناسکەی هەرێمی کوردستان و جیهـان، بـەرگری ئێمـە لـە عێـراق بـەرگری بوو لە مرۆڤایەتی، برگری بوو لە ماف ژیان و سەرفرازی، وڵاتانی هاوپەیمانی دژی (داعش) رۆڵی کاریگەر و بوێرانـەیان بـینی لـە هاوکـاری و سەرەپەرشـتی پێشـمەرگە بـۆ کۆتـایی هێنـان بـە دەسـەڵاتی تیرۆرسـتانی (داعش)، سوپاسـی بـێ پایـەن بـۆ حکومـەت و هێـزی سـەربازی هاوپـەیمانانی نێودەوڵـەتی بـە سـەرۆکایەتی ئەمریکا و هەموو ئەو وڵاتانەی بەشدار لە ناوچەکە و لە جیهـان، کـە بوونـە هۆکـار و گـەرەنتی گەڕانـەوەی هیوای ژیان و ئاشتی و ئـازادی لـە هـەرێمی کوردسـتان و لـە تـەواوی عێـراق، پێشـمەرگە سـەلماندی کـە وەك هەمیشـە دەتوانێـت بـەرگری لـە وڵات بکـات، لـە قۆنـاغی داهـاتوو هـەموو هـەولێك دەدەیـن کـە لـە هـەموو روویەکەوە پێشمەرگە رێك بخرێتەوە و بەهێز بکرێت وەك بەشـێك لـە سیسـتەمی بـەرگری عێـراق مـاف و شایستە دەستووریەکانی خۆی بە دەست بهێنێت، سوپاسی هاوپەیمانان دەکەین کە بۆ ئەم مەبەسـتە هاوکـار و پشتیوان بن، بەڕێزان، هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیـدرالی دەسـتووری عێـراق سـەلماندویەتی کـە بەشێکی دیار و کاریگەری ناوچەکە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە و رۆڵی بەرچـاوی لـە پاراسـتنی سـەقامگیری و هاوسـەنگی ئـابووری و سیاسـی ناوچـەکە هەیـە، هـەموو پێکشـەوتنە سیاسـی و ئـابووری و فەرهـەنگی و کۆمەڵایەتی ناوچە و جیهانیش کاریگـەری راسـتەوخۆیان لەسـەر هـەرێمی کوردسـتان هەیـە، بۆیـە قۆنـاغی داهاتوو هاوکاری و هەماهـەنگی و پەرەپێـدانی سیاسـی پەیوەندیـەکانی هـەرێمی کوردسـتان لـێ دەخوازێـت لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و دۆسـتانمان لـە جیهـان، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەسـەر بنـەمای بەرژەوەنـدی هاوبـەش و رێزگـرتن دەمانـەوێت دەسـتی هاوکـاری و هەماهـەنگی و کـاری پێکـەوەیی بـۆ هـەموو لایـەك

پێشکەش بکەین، لەسەر ئاستی جیهان و لە زۆربەی زۆری وڵاتاندا ئێمە بە قۆناغێکی ناسکی جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕین، کۆمەڵگەی ئێمە وەك هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بێ داخوازی سەربەستی و ئازادی گەشەی کۆمەڵایەتی و خۆش گوزەرانی نیە، لە هەمان کاتدا وەك زۆربەی میللەتانی دیکە ئێمەش بێ ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایدیۆلۆجی نیە، لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئێمە زۆرجار لە فەرهەنگی سیاسی و نەریتی میدیاییماندا بتر لە پێویست جەخت لەسەر ململانێ و نا تەبایی و نا سازییمان دەکەین، با لەمەودوا لە گشت ئاستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لەگەڵ یەك کۆك و تەبا و سازبین، پێموانیە کە ئەمە دەخوازێکی لە توانا بەدەر بێت، هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان پێموانیە هیچ کەسێك خەم خۆری ئەم میللەتە ئەو ئاواتە نەخوازێت، کۆك بوون و تەبایی و سازانمان نالێین جیاوازی بیر و باوەڕمان وەلاوە نێین، دەزانم ململانێ و جیاوازی هەر دەبێت ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام داوا دەکەم با بیرکردنەوەمان ناکۆك و نا تەبا و نا ساز نەبین، لە رووی بیرکردنەوە لە چۆنیەتی بنکۆڵکردن و بێگەی یەکتر با بیر و هەڵسوکەوت و کردارمان پێکەوە بۆ بنیاتنەر بێت بۆ گەڕان بە دوای چەرەسەری هاوبەش و ئایندەیەکی هاوبەش، با نیشیتمان کۆکەرەوەی هەموومان بێت، با نوێنەرانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بە هەموو رەنگ و جیاوازیەکانەوە بەشداری ژیانەوەی هەرێم و بەهێزکردنی بنەمای رەوتی بەرەو ئایندەمان ببات، داوا و خواستی من وەکو سەرۆکی چەند ساڵی داهاتووی هەرێمی کوردستان ئەوەیە پێکەوە کار بکەین بۆ بەدیهێنانی ئاواتی لەخۆمان و لە هەر یەك لە حیزبەکانمان گەورەتر بۆ ئەو وڵاتە، پێکەوە ئاڕاستەی هاوبەش دەست نیشان بکەین، پێکەوە لەسەر ئاستی هەرێم-عێراق، پێکەوە لەگەڵ برا دراوسێکانمان، پێکەوە لەگەڵ دۆشتە نێودەوڵەتیەکانمان، پێکەوە لەگەڵ رێکخراوی نێودەوڵەتیەکان بارودۆخی نوێی گونجاو لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵگە و هاوبەشی هەرێم ژیان و نیشتیمانمان بپارێزین و بەرەوە پێشەوەی ببەین، هیچ گومانم نیە کاتێك پێکەوە نەخشەرێی نوێی هاوبەش بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق دادەنێین رێگای هەڵە ناکەین، بۆ هەموومان ئاشکرا دەبێت بە چ ئاڕاستەیەك هەنگاو دەنێین و چ پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش کە بکرێت، دەبێت لەگەڵ حکومەتی فیدرالی لە بەغدا پێکەوە کار بکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی هاوبەش لە چوارچێوەی دەستووردی فیدرالی عێراقدا، ئەو دەستوورەی کە گەلی عێراق چەندەها ساڵ خەونیان پێوە دەبینی تا ببێتە بنەمای عێراقی نوێ کە تێیدا مافەکانی هەرێم و هەموو عێراقیەکان لە چوارچێوەی حوکمڕانیەکی دیموکراسی فیدرالی بپارێزێت، دەستوورێك کە چوار لەسەر پێنجی دەنگدەران لەسەرتاسەری عێراق دەنگیان پێداوە، دەستوورێکی فیدرالی کە جێ بەجێکردنی تەواوی مادە و بەندەکان بێتە زامنکردنی پێکەوە ژیان و لێك تێگەیشتن و لەیەکتر پەسەندکردن و بەهێزکردنی پرۆسەی سیاسی عێراقدا، ئێمە ئومێدمان بەدەستە، بەڵام بە داخەوە نەتوانراوە وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت، نەتوانرا ئەو عێراقە نوێیە بنیات بنرێت کە هەموو گەلانی عێراق خەونیان پێوە دەبینی، ئەو عێراقە نوێیەی کە هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بنیاتنانی هەموو دامەزراوەکانیەتی، رۆڵ و بەشداری کارای هەبوو، بەرگری لێ کردووە، لە عێراق

ئەمرۆ هیچ بەدیلی تر نیە بۆ دەستوور، بە ئەزموون ئەوەمان بینی کە بشتگوێ خستنی بە مەبەست و یان بێ مەبەست یان جێ بەجێ نەکردنی هەر بەندێکی ئەو دەستووورە ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناسازانی نوێ لە نێو پێکهاتە عێراقیەکان، ئەتوانین بە لێکتێگەیشتن و کارکردنی هاوبەش جارێکی تر دەستوورەکەمان زیندوو بکەینەوە، ڕێزی لێ بگرین و بێ جیاوازی جێ بەجێی بکەین، بۆ ئەوەی تاریك پەرستانی وەکو داعش دروست نەبنەوە، کارەساتی وەکو شەنگال و ناوچەکانی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستان دووبارە نەبنەوە، تاکو عێراق و هەرێمی کوردستان ئارامتر و ئاوەدان تر بن و لە مەترسی شەر و تیرۆر بە دوور بن کە هێشتان بە جدی هەرەشە لە عێراق و ناوچەکە و لە جیهانیش ئەکات، لێمان ئەخوازێ پێکەوە هاوکار و هاوهەنگ بین بۆ ڕوو بەروو بونەوە و نەهێشتنی، ئامادە بووانی بەرێز، لە مێژووی دوور و نیزك شەر بۆتە هۆی وێرانکاری، دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و هەرەس هێنانی ئابووری، زۆرجار شەر فرۆش بیر لەوە ناکاتەوە کە ئاگری شەر ماڵی خۆشی ئەگرێتەوە، باشترین نموونە کە هەیە و لە بیرمانە هێرشی رژێمی بەعس بوو بوو سەر کوردستان، ئێران و کویەت، لە کۆتایی عێراق وێران بوو، خەڵکی زۆری بێ گوناە کوژرا، ژیان و ئابووری و بار و دەروونی خەڵکی وڵات تێکچوو، بەکارهێنانی چەکی کیمایی و بریاری کۆمەڵکوژی و سیاسەتی پەیرەوکراوی رژێم تا ئێستاش خەڵکی ئەو وڵاتە و ئەو هەرێمە و تەنانەت ناوچەکەش باری سیاسەتی شەرفرۆشی ئەو قۆناغە ئەدەن و هێتشان دیار نیە کە کاریگەری خراپەکانی کەی کۆتایی دێ، با برینی رابردوو بە لێبووردەیی و سنگ فراوانی سارێژ بکەین نەك تۆڵەی نەگونجاو لەگەڵ پێکەوە ژیان، ئامادە بووانی بەرێز و کوردستانیانی خۆشەویست، با پێکەوە راشکاوانە بە نیازی پاك و کرداری شیاو و هەڵوێستی نیشتیمان پەروەرانە هەنگاوی بنیاتنەر بنێین بۆ رێکەوتن لەسەر نەخشە رێگایەکی هاوبەش بۆ وڵات و حوکمرانی بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاین و مەزهەبی، گەلی کوردستان هەمیشە ویستی مرۆڤ دۆستی و ژیان دۆستی نیشانداوە، مایەی شانازی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستانە، هەرگیز رێگەی نەداوە شەری رژێمەکانی پێشووتری عێراق کە بەسەر گەلی کوردستان سەپێنرا ببێتە شەری نێوان کورد و عەرەب، زۆرجار خەڵك باسی ئەوە ئەکەن کە سەرتاسەری عێراق دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی، بەلاَم با لەمەودوا بۆخۆمان و بۆ هەموو دونیا لە عێراق بیسلمێنین کە ئێمە پاراستنی ژیان و پێکەوە ژیانمان لە هەموو سەرچاوەیەکی سروستی لا گرنگترە لە عێراق، لەسەر ئاستی هەرێم با پێکەوە سیاسەتی ئاشتەوایی کۆمەلاَیەتی پێکەوە ژیان و گەشەی ئابووری و سازانی سیاسی دابرێژین، گۆرانکاری خێرای هەرێم پێویستی بە دیدی هاوبەش و دوور لە ناکۆکی و ناسازی ئەکرێ، لە کۆتایی هەموو بەرپرسی ئەبین لەسەرکەوتن و لە شکست هێنان، هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پاراستنی ماف و موڵك و سەرمایەی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، کاتێ هەوڵ ئەدەین پێکەوە ئارامی و ئاسایشی هەرێم بپارێزین، بەهێزی بکەین، کاتێ بەردەوام هەوڵ ئەدەین بۆ بووژانەوە ئابووری و رێکخستنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دۆستانی دوور و نزیك و دراوسێکانمان نابێ لەبیر بکەین هەریەك لەوانەش بە هەمان شێوەی ئێمە بەرژەوندی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاَیەتی خۆی هەیە، پتەو کردنی

پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتـانی دراوسـێ لەسـەر بنـەمای لێـك تێگەیشـتن و رێزگـرتن بەرژەوەنـدی هـەمووان ئاپارێزێ لە چ چـوارێوەی یاسـای نێودەوڵـەتی و دەسـتووری دبلۆماسـی و سـەرەوەری هـەر وڵاتێـك و پێكهاتەی دەستووریەكان، بێگومان ئەركی سەرۆكی هەرێم ئـەبێ رێ خـۆش بكـات و زەمینـە سـازی بكـات و لێكنزیـك بوونـەوەی هـەرێم لەگـەڵ دراوسـێكانمان، بـۆ گەشـە پێـدانی ئـابووری، بازرگـانی و بـەهێز كردنـی پەیوەنـدی دبلۆماسـی و دۆزینـەوەی چارەسـەری هاوبـەش بـۆ گرفـت و بەرژەوەنـدی هاوبـەش، ئـەم جـۆرە كاركردنانە هیچ كات نابێتە مەترسی بۆ عێراق، بەڵكو ئەبێتە هۆی پتـەو كردنـی دۆسـتایەتی و پەیوەنـدی دراوسێیەتی لەگەڵیان، خۆشەویستان، پاراستن و گەشە پێـدانی پەیوەنـدی هـەرێم لەگـەڵ دۆسـتان و هێـزی نێودەوڵەتی كە مانەوە و سەقامگیری هەرێمی مەبەستە و بە بەرژەوەندی ئەزانن ئەركی سەرشانی سەرۆكی هەرێمە، هەموومن ئەزانین بێ هاوكاری و هەماهـەنگی و فریـاگوزاری هێـزی نێودەوڵـەتی داعـش ئـەیتوانی زیانی گەڵێك زیاتر بە كوردستان و عێراق و كوردستانیش بگەیەنێ، بێگومان هاوكاری و كۆمەكی سـەربازی بۆ سەركەوتنی بەرگری ئێمە بۆ شكستهێنان بە داعش، باسی خۆراگری یەك بە یەكی خەڵكی كوردستان كە وێرای شەر و كەمبوونی مووچە و سیستی بازاری كار و دابەزینی چالاكی ئابووری، لـە هەسـتیاری دۆخەكـە تێگەیشتن و یارمەتی حكومەتی هەرێمیان دا تا سەختی و نەهامەتی و نەبوونی ئەم چەند ساڵەی رابـردوو بە سەربەرزی تێپەرێنن، ئەگەر ئەزموونی چەند ساڵی رابردوو رێ نیشاندەر بـێ ئـەبێ لەسـەر ئـەوە كـۆك بین كە هەموو كۆمەڵگایەكی سەردەم دان بە جیاوازیەكان بێنین، جیاوازیەكان نابنـە رێگـر لەسـەر خسـتنی خواسـت و مەبەسـت بەرژەوەنـدی گشـتی هـەرێمی كوردسـتان، سـەرباری هـەموو جیاوازیـەكان، شایسـتەی داهاتوویەكی باشترین بۆ نەوەی ئێستا و ئایندەمان، كۆمەڵگایەكی سەردەم و داننـان بـە جاوازیـەكان نابێتـە رێگـر لەسـەر خواسـت و بەرژەوەنـدی گشـتی هـەرێمی كوردسـتان، سـەركەوتنی نـەوەی تـازە لـە خوێنـدن و فێربـوون شـارەزایی لـە زانسـت و تەكنـەلۆژی و ئەنـدازیاری و پزیشـكی و كۆمەڵناسـی و دەروونناسـی ن كۆمەڵگەی ئێمە بەرەو ئایندەیەكی گەشە ئەمانبات، هەموو بوارەكانی ژیان پێویستی بە كاری جدی هەیە بۆ پاراستنی سروشـت و ژینگـە بـە جۆرێـك لەگـەڵ بەرپرسـیاریەتی ئێسـتا و قۆنـاغی داهاتوومـان و ژینگـە سەرچاوەی سەرەكی ژیان زەرەرمەند نەبێ، بـەكاری هاوبەشـیمان وەفـادار ئـەبین بـۆ خـەباتی نـەوەی پـێش خۆمـان، بـە ئەمانەتـەوە وڵاتەكـەمان ئەدەینـە دەسـت نـەوەی داهـاتوو، بـۆ گەیشـتن بـە ئامـانج و كـاری هاوبـەشمان، وەك سـەرۆكی هـەرێم ئەوپـەری توانـا و ئـەزموون و خواسـتی خـۆم پۆسـتەكەم بـەو پـەری جدیەتەوە بەكاردێنم بۆ هاوكاری كردنی بەرێز سەرۆك وەزیرانی نوێ و كابینە و هەموو وەزیرەكانی تـاكو لە بەرپرسیاریەتی و كاری خۆیان سەركەوت و بن، سەركەوتنی هەریەك لە ئێمـە سـەركەوتنی هەموومانـە، جارێكی تر سـەرجەم كوردسـتانیانی ئـازیز دڵنیـا ئەكەمـەوە كـە سـەرۆكایەتی هـەرێم چـەتری یـەكریزی و كۆكەرەوەی سەرەجەم هێـز ولایەنـە سیاسیـەكانی كوردسـتان و پێكهاتـە ئاینیـەكان ئـەبێ، بـەجیاوازی بیرو بۆچوونەكانیانەوە، لە پێناو پێكەوە ژیانی ئاشتیانە و ئارامی گەڵی كوردسـتان، هـەرێمی كوردسـتان مـوڵكی هەموو كوردسـتانیانە بـە هـەموو جیاوازیەكانیانـەوە، سـەرۆكایەتی هـەرێمیش سـەكۆی ئـیرادە و خواسـت و

مافەکانیان ئـەبێ بـێ هـیچ جیاکارییـەك، بـۆ هـەمووومان ئـەبێ و بـە یـەك چـاو سـەیری هـەمووان ئـەکرێ، دووپاتی ئەکەوە، زامن کردنی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە ئامانجی سەرەکیمان ئەبێ بە گرتنەبـەری دیـالۆگ و چارەسـەر کردنـی سـەرجەم کێشـەکانی نێـوان هـەرێمی کوردسـتان و حکومـەتی فیـدراڵ لـە چوارچێوەی دەستوور، و پاراستنی پەیوەندی دۆسـتانەی بـەهێز لەگـەڵ وڵاتـانی دروسـێ و ناوچـە و بـەردەوامی دان بـە بەهێز کردنی پێگە و سەنگی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی هەرێم و نێودەوڵەتی، کاری جـدی ئەکـەین و هەوڵ ئەدەین بۆ بەدەستهێنانی مافە دەسـتوورییەکانی هـەرێمی کوردسـتان و زامـن کردنـی مـافی مـرۆڤ و ئازادییـەکان و بـەهاو پرەسـنیپە جیهانیـەکان، دابـین کردنـی مـاف و شایسـتەی هـەموو چـین و توێـژەکانی کۆمەڵگە و نەهێشتنی هەموو جۆرە توندوتیژیەك، پتەو کردنی پێکەوە ژیان و یەکتر قوڵ کردن لە وڵاتێك کە هی هەمووومانە و هـەموو تاکێـك خـۆی بـە خـاوەن ئـەم وڵاتـە بزانـێ، هـەمووومان یـەك خـۆر لەسـەرمان هەڵدێ و یەك ئاسمان دامان ئەپۆشێ، یەك ئایندە و چارەنسووومان هەیە، سوپاس بۆ سەرۆك و سەرکردەی وڵاتان و هەموو ئەوانەی لە هەرێمی کوردسـتان و عێـراق و لـە هـەر شـوێنێکی جیهانـەوە بـێ و بـە نامـە و بروسکە و پەیوەندی راستوخۆ پیرۆزباییان لێ کردین، دووبارە سوپاستان ئەکەم بۆ ئامادە بوونتـان، هیـوای سەرکەوتن و رۆژێکی خۆشتان بۆ ئەخوازم، سوپاس بۆ هەمووولایەکز

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) دەکەین بۆ ئەو وتارە بەنرخـەی کـە دەشـێ بکرێتـە بنـەمای کـاری پێکـەوەیی لەسـەر ئاسـتی هـەرێمی کوردسـتان و عێـراق، بـەناوی دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و بە ناوی گشت ئەندامانی پەرلەمان پیرۆزبایی گەرم دووبارە لـە بـەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان دەکـەین، داواکـارین لـە خـوای گـەورە سـەرکەوتوبێ لـە بـە جێگەیاندنی ئەرکەکانی لە پارێزگاری کردن لە سەروەری یاسا و لە نوێنەرایەتی کردنی گەلی کوردستان بە هـەموو پێکهاتـە نەتـەوەیی و دیینـەکان لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆ و دەرەوە، و هەماهـەنگی کـردن لـە نێـوان دەسـەڵاتەکانی فیـدراڵ و دەسـەڵاتەکانی هـەرێمی کوردسـتان، ئەنـدامانی بـەرێزی پەرلـەمان، بەرلـەوەی دانیشـتنەکەمان هـەڵگرین ئەنـدامان ئاگـادار دەکەینـەوە کـە برگـەی دووەمـی بەرنامـەی کـاری دانیشـتنمان بەیانی سەعات (١١) پێش نیوەرۆ لە تەلاری پەرلـەمان درێـژە پـێ دەدەیـن، بۆیـە داوا لـە بـەرێزتان دەکـەین بەیانی لە کاتی دیاری کراو ئامادە بن بە مەبەستی تەواو کردنی برگەی دووەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆمان کە بریتیە لە دەستنیشان کردن و ناوزەد کردنی بەرێز سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بەپێی برگەی (٣) لە ماددەی (٥٦) لـە یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان ژمـارە (١) ی سـاڵی (١٩٩٢)، میـوان و ئەنـدامانی بـەرێزی پەرلـەمان سوپاسـی هـەموو لایـەك دەکـەین و لـە کومووکورتیـەکان داوای لـێ بووردن دەکەین، بەو جۆرە هاتینە کۆتایی دانیشتنی ئەمرۆ، سوپاس.

منى نبى قهوچى
سكرتێرى پەرلەمانى
كوردستان – عێراق

هێمن هەورامى
جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى
كوردستان – عێراق

د. ڤالا فريد ابراهيم
سەرۆكى پەرلەمانى
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ١١\٦\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان — عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٨)ی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١١) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ دەست نیشان کردنی سەرۆکی دەسەلاتی جێ بەجێ کردنی هەرێمی کوردستان بەپێی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی وەرزی گرێدانی یەکەم، ساڵی یەکەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ و پوختەی کۆنووسی دانیشتنی ژمارە (٧)ی پەرلەمانی کوردستان و ناوی ئامادە نەبووان بە مۆڵەت بێ مۆڵەت لە دانیشتنی ژمارە (٦) بخوێنێەوە، با بفەرمووێت.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار

بەپێی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم ، دووەم، سێیەم) لە ماددەی (١٦) برگەی (سێیەم) لە ماددەی (١٨) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خۆی خولی بەهارەی، ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١١ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ دەست نیشان کردنی سەرۆکی دەسەلاٌتی جێ بەجێ کردنی هەرێمی کوردستان بەپێی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٠ بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١-دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆك پەرلەمانی کوردستان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێکردنی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٤- یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

٥- خوێندنەوەی بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە هەڵبژاردنی ڕێزدار (نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی) بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان — عێراق.

٦- سوێند خواردنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی)، بەپێی حوکمی ماددەی (نۆیەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو.

٧- پێشکەش کردنی وتاری بەشێك لە ئامادەبووان بەم بۆنە مێژووییەوە.

٨- وتەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی).

٩- دواخستنی دانیشتنەکە بە کراوەیی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون، یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٨.

١-شیرین امین عبدالعزیز/ ئامادە نەبوو.

بە بایکۆت کردنی هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی و نەوەی نوێ بەپێی برگەی (حەوتەم) لە ماددەی (٢٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادە نەبوون هەژمار ناکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا دەست دەکەین بە جێ بەجێ کردنی برگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە ناوزەد کردنی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەپێی برگەی (٣) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢.

بەپێی عورفی پەرلەمان داوا لە لیستی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، کە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بخەڕوو، بەڕێز کاک ئومێد عبدالرحمن حسن خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بفەرموون کاندیدە بەڕێزەکەتان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بخەنە ڕوو.

**بەڕێز امید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی برگەی (٣) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، ڕێزدار (مەسرور مسعود مصطفى بارزانی)یە، ئێمە وەکو لیستی براوە هەڵبژاردنەکانی (٣٠)ی ئەیلولی ساڵی (٢٠١٨) ناوی بەڕێزیان پێشکەش دەکەین و سوپاس بۆ ئێوە سەرکەوتن لە خواوەیە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پرۆسەی دەنگدان ئەنجام دەدەین، ئەو بەڕێزانەی ڕەزامەندە بەڕێز جەنابی کاک (مسرور مسعود مصطفى بارزانی) بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ناوزەد بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ ڕێزدار جەنابی کاک (مسرور مسعود مصطفى بارزانی) بە دەنگی (٨٩) پەرلەمانتار لە حزوری (٩٧) پەرلەمانتار ناوەزەند کرا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێزان.

بـــەناوی دەســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلـــەمانی کوردســـتان و بـــەناوی ئەنـــدامانی پەرلـــەمانی کوردســـتان پیرۆزباییەکی گەرم لە رێزدار جەنابی کاک (مسرور مسعود مصطفی بـارزانی) دەکـەین بـە بۆنـەی نـاوەزەد کردنیان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان لەلایـەن پەرلـەمانی کوردسـتانەوەو پێتان رادەگەیەنین کە هەر ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان ئـەم بڕیـارە ئاراسـتەی جـەنابی سـەرۆکی هـەرێمی کوردستان دەکات، بۆ ئەوەی بە زووترین کـات لەلایـەن جـەنابی سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتانەوە بـەڕێزیان رابسپێردرێت بکرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بـە مەبەسـتی خزمـەت کردنـی زیـاتری گـەلی کوردسـتان بـە هـەموو پێکهاتـە جیاوازەکانییـەوە، بـەڕێزان، بـەم جـۆرە دانیشـتنە مێژووییەکەمان کۆتایی پێ دێنین، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

| | | |
|---|---|---|
| منى نبی قهوچی | هێمن هەورامی | د. ڤالا فرید ابراهیم |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی

## یەك شەممە رێكەوتی ٣٠\٦\٢٠١٩

## خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## یەك شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٦/٣٠

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٦/٣٠ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی یەك شەممە رێكەوتی (٢٠١٩/٦/٣٠) بەم شێوەیە بێت:

-درێژكردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەكەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان بەپێی بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (٧) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی وەرزی گرێدانی یەکەم، ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ بخوێنێتەوە، فەرموو.**

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم دووەم و سێیەم) لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (١٨) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٣٠-٦- ٢٠١٩) بەو شێوەیە بێت:**

**١-درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەپێی بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (٧) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨) و ناوی ئامادە نەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنەوە.**

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (١١-٦-٢٠١٩) بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:**

**١-دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.**

**٣- دەست پێ کردنی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**٤- داواکردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە لیستی براوەی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە دەست نیشان کردنی پاڵێوراویان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.**

**٥- دەنگدان لەسەر ناوزەد کردنی بەڕێز (مەسرور مسعود مصطفی بارزانی) بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە (٨٩) دەنگ لە کۆی (٩٧) دەنگ لە پەرلەمانتارانی ئامادە بوو.**

**٦- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت دراون، یان بێ مۆلەت بوون لە دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری (١١-٦-٢٠١٩):**

**١-بالانبۆ محمد علی باڵەك/ مۆڵەت.**

**٢-روپاك احمد رحمان/ مۆڵەت.**

**٣- سۆران عمر سعید/ مۆڵەت.**

**٤- شایان کاکە صالح/ مۆڵەت.**

**٥- عبدالستار مجید قادر/ مۆڵەت.**

**٦- هەورامان حمە شریف/ مۆڵەت.**

**بایکۆت کردنی فراکسیۆنی نەوەی نوێ بەپێی برگەی (حەوتەم) لە ماددەی (٢٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە ئامادە نەبوو هەژمار ناکرێ.**

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ دەکەین.**

**ئەندامانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەرۆکی پەرلەمان داوا دەکات خولی بەهارەی ساڵ یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی (١٥) پازدە رۆژ درێژ بکرێتەوە بە مەبەستی رایی کردنی ئەو ئەرکانەی کە پێویست بوو لە خولی گرێدانی وەرزی یەکەم تەواو بکرێن، کێ رەزامەندە لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمان کە (١٥) رۆژ خولی بەهارە درێژ بکرێتەوە بە مەبەستی رایی کردنی ئەو ئەرکانەی پێویستە ئەنجامی بدەین تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

**(٨٤) پەرلەمانتار رەزامەندە کە وەرزی گرێدانی یەکەم لە ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی (١٥) پازدە رۆژ درێژ بکرێتەوە، بەم جۆرە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، زۆر سوپاس.**

**منى نبى قهوچى**
**سكرتێرى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**

**هێمن هەورامى**
**جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**

**د. ڤالا فريد ابراهيم**
**سەرۆكى پەرلەمانى**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی

## شەممە رێكەوتی ٦\٧\٢٠١٩

## خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٦

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٦) بەم شێوەیە بێت:**

**١ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩-٨٠-٨٢) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:**

**١ پیێشنیازی یاسای مرۆڤ سازی لە هەرێمی کوردستان.**

**٢- پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەویانەی زیادە رەوییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**٣- پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بە ناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکە ئەکەینەوە، دایشتنی ژمارە (١٠) ی ئاسایی ، وەرزی گرێدانی یەکەم، ساڵی یەکەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، فەرموو بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆ بخوێنەوە.**

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمی برگەکانی یەکەم و دووەمی و سێیەم لە برگەی شانزە و برگەی سێیەم لە ماددەی (١٨_ ٤٧_ ٤٨_ ٥٢_ ٥٥_ ٥٦_ ٥٧_ ) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ٠١٠) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەرۆی رۆژی شەمە رێکەوتی (٦-٧-٢٠١٩) بەو شێوەیە بیت:**

**١ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩-٨٠-٨٢) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:**

**١ پیێشنیازی یاسای مرۆڤ سازی لە هەرێمی کوردستان.**

**٢- پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەویانەی زیادە رەوییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**٣- پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.**

**بەرێز د.ڤالاَ فەرید-سەرۆکی پەرلەمان.**

**فەرموو کۆنووسی دانیشتنی ژمارە (٩) و ناوی ئەندامانی ئامادە نەبوو و بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنەوە.**

**بەرێز منی نبی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پوختەی دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی (٣٠-٦-٢٠١٩) بەو شێوەیە بوو:**

**١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.**

**٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و خشتەی ناوی ئامادە بوو و ئامادە نەبووان لەلایەن بەرێز سکرتێری پەرلەمانەوە.**

٣- دەست پێ کردنی برگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- دەنگدان و پەسند کردنی درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان بە (٨٤) دەنگ لە کۆی (١٠٦) پەرلەمانتاری ئامادە بووز

٥- کۆتایی هاتنی دانیشتنەکە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەتن یان بێ مۆڵەت لە دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری (٣٠-٦-٢٠١٩):

١ سلمى مافتح توفيق- مۆڵەت.

٢- بەڵێن اسماعيل حاجى- شاند کراو.

٣- سەرکۆ ئازاد حسين- شاند کراو

٤- شێرکۆ جودت مستفى- شاند کراو

**بەرێز د.ڤالاً فەرید ابراهیم- سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی دەست بە جێ بەجێ کردنی برگەکانی بەرنامەی کاری ئەمرۆ بکەین بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و بە ناوی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی تۆپباران کردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان ئەکەین و ئیدانەی کووشتن و بریندار کردنی خەڵکی سڤیل ئەکەین، داوا ئەکەین لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ و گشت دامەزراوە دەستووریەکانی عێراقی فیدراڵ کە بەپێی دستووری کۆماری عێراقی فیدراڵی ساڵی (٢٠٠٥) پارێزگاری کردن و پاراستنی ناوچە سنووریەکان لە ئەستۆی ئەوان دایە، هیواداریـن بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن لە پارێزگاری کردنی ناوچە سنووریەکان و لە پاراستنی خەڵکی سڤیل و قەرەبوو کردنەوەی ئەو زەرەر و زیانانەی بەریان کەوتووە لەو ناوچانە، ئەندامانی بەرێز ئێستا دەست بە جێ بەجێ کردنی برگەکانی بەرنامەی کار ئەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بفەرموون بۆ سەر مەنەسە بۆ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی لە بەرنامەی کارن، فەرموو.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان داخازێ دکەم کو پێشنیازا یاسای ئێکێ پێشنیازا یاسا مرۆڤ سازی لە هەرێما کوردستانێ بۆ ماوەیەکی بێتە راگرتنن چنکی ئەڤ پێشنیازا یاساییە ماددەیەکی خوێندنێ ژ مەنهەجێ پەروەردێدا زێدە دکەت ل سەر ئاستێ هەردوو وەزارەتێن پەروەردێ و وەزارەتێ خوێندنا بلندا حکومەتا هەرێمێ، زێدە کرنا ماددەیەکی پەروەردەیی پێتڤی کۆنگرە دبی ژ لایەن هەردوو وەزارەتێ مەعنی بێتە کرن، ئەڤ بابەتە گەلەکی گرنگە دەستکارییێت مەنهەجی تەعلیمی ل هەرێما کوردستانێ، هەردوو وەزارەت ژی ئەگەر تەشکیل بیتن ل کابینا نوێ حکومەتا هەرێمێ و هەردوو وەزارەت ژی پێ ئاگاهدار بن د

بابەت سەرکەفتیانا تر بریڤە دچیتن، ژ بەر هەندێ وەکو لیژنەی یاسایی داخاز دکەین بۆ ماوەیەکی ئەڤ پێشنیازا یاسایی بێتە راگرتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاً فەرید ابراهیم - سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەرۆکی لیژنەی یاسایی داوا ئەکات پرۆژە یاسای (مرۆڤ سازی لە هەرێمی کوردستان) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرێ و لە جەلساتی داهاتوو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ، لەبەر ئەوەی یەکەم ، لە رووی شکڵەوە ئەسباب موجیبە لە ناو یاساکە نیە، پێویستە هەموو پرۆژە یاسایەك و پێشنیازی یاسایەك لە چەند ماددەیەك و هۆیەکانی دەرچوواندنی پێکهاتبێ، لە رووی مەزوعیشەوە داوا ئەکات زیاد کردنی مەنهەج پێویستی بە کۆنگرە بەستن هەیە لە وەزارەتی خوێندنی بالاً و وەزارەتی تەربیە، بۆیە ئەبێ پەرلەمان چاوەرێ بکات تا ئەو دوو وەزارەتە لە کابینەی نۆیەم پێکدێ و رای ئەوان وەرگیرێ لەسەر بابەتەکە، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە رووی ئەسبابی موجیبەوە تێدایە، لە کۆتایی هەیە، لە رووی مەوزوعیشەوە بەڵێ پێویستە هەردوو وەزارەتی پەروەدرە و خوێندنی بالاً هەیە بەو پێیەی ئێمە فراسکیۆنی یەکگرتوو و چەند ئەندام پەرلەمانێکی تر ئەو یاسایەمان ئامادە کردووە، ئەوە ناوەرۆکی پرۆسەی پەروەردەیە، هیچ ناچێتە ناو مەنهەجەوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەین تەشکیل حکومەتە، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی بالاً بێگومان ئەبێ پێکەوە لەگەڵ لیژنە مەعنیەکانی پەرلەمان ئەو یاسایە تاوتێ بکەن و ببێتە ئیتیفاقی پەرلەمان و حکومەت لەسەری، بەلاًم بۆ خوێندنەوەی یەکەم ئەوانە هیچی نابێتە مانیع بۆ خوێندنەوەی یەکەم، چونکە هیچ جەدیدێك لە ئارا نیە، باس لە بینا کردنەوەی ئینسانە جارێکی تر کە دارماوە و (١٠٠) ساڵ زیاترە، کەرامەتی، عیزەتی، بۆیە خوێندنەوەی یەکەم هیچ گرفت دروست ناکات، بەلاًم ئەکید ئەبێ لەگەڵ وەزارەتی مەعنی و حکومەت ئەوە بکرێ، ناکرێ پەرلەمان بە جیا بیکات، خوێندنەوەی یەکەم بکرێ ئەمرۆ، دوای ئەوەی جکومەت تەشکیل بوو لیجانی مەعنی پەرلەمان و پرۆسەی ئیعتیادیەکە چۆنە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ جێ بەجێ بکرێ و ئەوکاتە بۆ خوێندنەوەی دووەم موناقەشە کردنی حکومەتیش ئەبێ ئامادە بێ و لایەنە پەیوەندیدار قسەی خۆی هەبێ، کەوایە مانع نیە ئەمرۆ لەدیدی ئێمەوە بۆ خوێندنەوەی یەکەم، مادام لە رووی شکلیەوە ئەسبابی موجیبەی تێدایە و لە رووی مەوزوعیشەوە تەنیا خوێندنەوی یەکەمە، هەموو لایەك ئیقراری ئەوە ئەکەین بێ حکومەت ناکرێ چونکە شوێنی تەنفیز کردنی حکومەتە، ئەکرێ بۆ قرائەی دووەم هەڵگیرێ بۆ دوای تەشکیلی حکومەت.

**بەڕێز د.ڤالاً فەرید ابراهیم - سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەسبابی موجیبە بە ماددەی (٨) دەرچووە، واتە هۆیەکانی دەرچوواندن و یاساکە لە رووی شکلەوە دیار نیە، لەلایەکی تر ئەگەر خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێ ئێمە لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی

کوردستان تەنیا حەقی (٢١) رۆژ ئەدات بە لیژنەکان راپۆرتی دووەم بۆ گفتوگۆ بنووسرێ، بۆیە ئێمەش پێمان باشە ئەو پرۆژە یاسایە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرێ بۆ ئەوەی پێشێلی ماددەکانی تری پەیرەوی ناوخۆ نەکرێ، پێشنیاری لیژنەی یاسایی ئەخەینە دەنگدان، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە پرۆژە یاسای مرۆڤ سازی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرێ و چاوەرێ بکرێ تا حکومەت تەشکیل ئەبێ؟ (٥٢) کەس لەگەڵە، کێ ئەیەوێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ؟ (٣٥) کەس لەگەڵە، بە زۆرینەی دەنگ خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای ناوبراو ناکرێ، فەرموو پرۆژە یاسای دووەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم، پێشنیازی بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زێدە ڕەووی لەسەر کراوە لە سنوور شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێکەش کراوە، ئەو پێشنیازە یاسایە لە (١٢) ماددە پێك هاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان واژوویان کردووە:

١ ئومێد عبدالرحمن حسن

٢- پباح محمود محمد

٣- خدیجە عمر تها

٤- نحات شعبان

٥- حسیبە سعید ابراهیم

٦- چیا حمید شریف

٧- احسان محمد سلیم

٨- هێڤیدار احمد سلێمان

٩- گولیزار رشید حاجی

١٠- کلارا ئۆدیشۆ یعقوب

١١- یاسین خزر تها

١٢- فرید یعقوب الیا

١٣- بهجت علی ابارهیم

١٤- گۆران عمر علی

١٥- شایان کاکە صالح

١٦- سارا دلشاد بکر

١٧- رۆبینا ئۆیلمك عزیز

١٨- جنان جیار بۆیا

١٩- عوسمان علی اسماعیل

٢٠- محی الدین حسن یوسف

٢١- فیصل عباس عولا

٢٢- شنۆ اشقی عبدلله

٢٣- رۆژان محمد کریم

٢٤- عباس فتاح صالح

٢٥- عوسمان کریم

٢٦- ڕێواس فائق

٢٧- لوقمان وەردی

٢٨- هەژان حسن کوێستان

٢٩- کاروان گەزنەیی

٣٠- هێرش حسن محمد

٣١- بێگەرد تالەبانی

٣٢- زاهر محمد علی حسن

٣٣- رزگار عیسی سوار

٣٤- بژار خالد عبدالله

داوا لە بەرێزتان ئەکەین ئەو پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکرێ.

**بەرێز د.ڤالاْ فەرید ابراهیم - سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی داوائ ئەکەین ئەوجارە بۆ خوێندنەوەی یەکەمی هەر پرۆژە یاسایەك ناوی سیانی ئەندامی پەرلەمان بنووسرێ ئێنجا لەقەب لەدوای ناوی سیانی، ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گۆزار و ئاوەدان کردنەوە و وەبەرهێنان و گشت ئەندامانی پەرلەمان ئەکەین، فەرموو پرۆژەی سێیەم.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی هەمواری یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشکەش کراوە بە ناوی هەمواری یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێکهاتووە لە (٥) ماددە و هۆیەکانی دەرچوواندنی کە ئەو بەرێزانە واژوویان کردووە.

١ بژار خالد عبدالله

٢- جلال محمد امین

٣- بختیار شکری سلیمان

٤- هێڤیدار احمد سلیمان

٥- بهجت علی ابراهیم

٦- عبدالسلام عبدالله حسن

٧- خدیجه عمر تها

٨-نجات شعبان

٩- سەروان محمد علی هەرکی

١٠- محسین حسین مستفی دۆسکی

١١- گولستان باقی سلیمان

١٢- لیلی عبدالجبار

١٣- ژیا حمید شریف

١٤- رۆبینا اویملك عزیز

١٥- باڵمبۆ محمد علی

١٦- رۆژان محمد کریم

١٧- سلما فاتح توفیق

١٨ عوسمان کریم سوارە

١٩- هێرش حسن حمد

٢٠- شایان کاکە صالح

داوا لە بەڕێزت ئەکەین ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.

**بەڕێز د.ڤالاً فەرید ابراهیم - سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان و گشت ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەکەین، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگە و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان داوا ئەکەین بەپێی برگەی (٣) لە ماددەی (٣٠) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە هەر ئەمرۆ کۆبوونەوەی خۆتان لەسەر پرۆژە یاسای سێیەم بکەن و راپۆرتان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانین هەر ئەمرۆ بیخەینە ناو سەندوقی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و گشت ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش ئاگادار ئەکەینەوە بەیانی سەعات (١١) ی پێش نیوەرۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانە بە مەبەستی گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەی ئەمرۆ راپۆرتی بۆ ئامادە ئەکرێن مەبەستیش ئەوەیە ئەو (١٥) رۆژەی درێژمان کردۆتەوە لە خولی وەرزی گرێدانی یەکەم ئیتسیفادەی لێ بکەین و لە رووی یاسایەوە بتوانین چەند پرۆژە یاسایەك بکەین بە یاسا، بەو جۆرە دانیپشتنەکە هەڵگیرین، سوپاس.

**منى نبى قهوچى**
**سكرتێرى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**

**هێمن هەورامى**
**جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**

**د. ڤالا فريد ابراهيم**
**سەرۆكى پەرلەمانى**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)ی**

**یەك شەممە رێکەوتی ٧\٧\٢٠١٩**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)

## یەك شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٧/٧

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٧/٧ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆكی پەرلەمان، و بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوەچی سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی چوارەمی, ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـە (١)ی مـاددە (٢٠) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشـتنی ژمـارە (١١)ی خـولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٧ دا بەم شێوەیە بێت:

-خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ خستنە رووی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧)و(٨٨)و(٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کور دستان.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی وەرزی گرێدانی یەکەم ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان، بەڕێز سکرتێری پەڕلەمان بفەرموون بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز منی نبی نادر ڤهوەچی/سکرتێری پەڕلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

بەرنامەی کار: بە پێی حوکمی بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) مادەکانی (٤٧) و (٤٨) و (٥٢) و (٥٤) و(٥٥) و (٥٦) و(٥٧)ی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەڕلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەرۆ ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٧-٧-٢٠١٩) بەم شێوەیە بێت:

١-خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ خستنە رووی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧) و(٨٨) و(٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەڕلەمان:**

خستنەرووی راپۆرتی لیژنەی هاوبەشە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان. بەرێز سکرتێری پەڕلەمان بفەرموون پوختەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئامادەبوو ئامادە نەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنەوە.

**بەڕێز منی نبی نادر ڤهوەچی/ سکرتێری پەڕلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی رۆژی شەممە رێکەوتی (٦-٧-٢٠١٩) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-دەستپێکردنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.

٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەبوان و ناوی ئامادە نەبووان لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەڕلەمان.

٣-دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.

٤-بەهۆی پێویستی گفتوگۆکردن و هەمە هەنگی لەگەڵ حکومەت و پێشنیازو یاسای مرۆڤ سازی لە هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرا بە دەنگی (٥٢) پەڕلەمانتار.

٥-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەویانەی زیادەرۆییان لەسەر کراوە لە سنوری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان.

٦-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .کۆتای هاتنی دانیشتن کە لە لایان بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان. ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پێجەم ی هەڵبژاردنی پەڕلەمان لە بەرواری (٦-٧-٢٠١٩).

١-(بەڵین اسماعیل حاجی ابراهیم، مۆڵەت ٢- بێگەرد دلشاد شکرالله ،مۆڵەت ٣- رێواز فائق حسێن ،مۆڵەت ٤- سۆران عمر سعید ،مۆڵەت ٥- سەرکۆ ئازاد حسین ،مۆڵەت ٦- شنۆ ئەشقی عبدالله ،مۆڵەت ٧- عبدالستار مجید قادر ،مۆڵەت ٨- فیصل عباس عولا ،مۆڵەت ٩- محسین حسین مصطفي، مۆڵەت ١٠- هدیە مراد حیدر، مۆڵەت ).

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەندامانی بەرێزی پەڕلەمان دەست بە جێبە جێکردنی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆمان دەکەین و داوا لە هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان دەکەین کە تەنها دەستەی سەرۆکایەتیەکان بفەرموون بۆ شوێنی تایبەت بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامەی کار فەرموون، بەرێز بفەرموو پێشنیازی یاساکە بخوێنەوە، دواتریش راپۆرتی هەردوو لیژنە بخوێنەوە. بەرێز بژار خالد.

**بەڕێز  بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

پێشنیازی یاسا لەلایەن بڕیاردەری لیژنەی یاسایی کاك جلال دەخوێنێتەوە.

**بەرێز جەلال محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣٠) ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

ماددەی یەکەم: خاڵی یەك لە بڕگەی سێیەم لە ماددەی شەشەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

١-هەڵبژاردنی پارێزگا لە دەرەوەی ئەندامانی ئەجومەن لە نێویاندا بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت لە ماوەیەکدا کە ئەوپەڕی (٣٠) رۆژ لە مێژووی بەستنی یەکەمین دانیشتنەوە تێپەر نەکات.

ماددەی دووەم : بەدەر لە حوکمی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٤)می یاساکەو بەدەر حوکمی بڕگەی (٣)م لە ماددەی (٣١) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) هەموارکراو ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پیادە کردنی تایبەتمەندیەکانیان لە کاتی کۆتای هاتنی ماوەی یاسایی یان تا هەلبژاردنی خولی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن.

ماددەی سێیەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی چوارەم: کار بە هیج دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لە گەڵ دەقەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی پێنجەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنی جێبە جێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان بلاو دەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەرچواندن: بەمەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەردەوامبوونی ئەنجومەنەکان لە پیادە کردنی تایبەتمەندیەکانی بەمەبەستی فەراهەم کردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاولآتیان بە شێوەیەکی باشتر ئەم یاسایە دەرجوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەڕلەمان:**

زۆر سوپاس بفەرمو سەرۆکی لیژنەی یاسایی راپۆرتی هاوبەش بخوێنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان – عیراق.

لێژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان رۆژی شەمە رێکەوتی (٦-٧-٢٠١٩) کاتژمێر( ١٢:٣٠) خولەکی پاش نیوەرۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا، بۆ تاوتوێکردنی پێشنیازی یاسایی هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان – عیراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەڕلەمانەوە پێشکەشکراوە، دوای

**خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی شەممە بەرواری (٦-٧-٢٠١٩) ڕەوانەی لیژنەکانمان کراوە دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.**

**ناونیشانی پێشنیازی یاساکە پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.**

**ماددەی یەکەم: خاڵی یەکەم لە بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٦)م یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**١- هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان، لە نێوانیاندا بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، لە ماوەیەکدا کە لەو پەڕی (٣٠) ڕۆژ بەستنی دانیشتنە تێپەر نەکات.**

**ماددەی دووەم: بە دەر لە حوکمی بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٤)می یاساکەو و بەدەر لە حوکمی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٣١) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) هەموار کراو ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانیان لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایان تا هەڵبژاردنی خولێکی نوێ ئەنجومەن بەردەوام دەبن.**

**ماددەی سێیەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبە جێ بکەن.**

**ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ دەقەکانی ئەم یاسایە.**

**ماددەی پێنچەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرجواندنی جێبەجێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائقی کوردستان دا بلاّو دەکرێتەوە.**

**هۆیەکانی دەرچواندن: بە مەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەردەوام بوونیان لە ئەنجومەنەکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانی بە مەبەستی فەراهەمکردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاوڵاتیان بە شێوەیەکی باشتر، ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بفەرموون ناونیشانی ڕاپۆرتەکەتان بخوێنەوە ناونیشانی پێشنیازی یاساکە، بۆ ئەوەی دەرگای گفتووگۆ بکەینەوە.**

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

**ناونیشانی پێشنیازی یاساکە بەم شێوەیەیە:**

**پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان هەرکەسێك دەیەوێت قسە لەسەر ناونیشانی پێشنیازی یاساکە بکاتن با دەست بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی تۆمار بکەین.

بەرێزان ئەوانەی دەیانەوێ ناونیشانی پێشنیازی یاساکە گفتووگۆ بکەن (د.شێرکۆ جەودەت، بەرێز کاك اسماعیل، بەرێز د.ریواز، بەرێز سەرچنار خانم، بەرێز رووپاك خان، بەرێز کاك ئازاد، بەرێز کاك کاوە).

فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانەکە، لەبەرئەوەی لە ماددەی دووی ئەم هەمواره هاتووه باس لە بڕگەی (٣)ی ماددەی ٣١ی یاسای ژمارە (٤) ی ٢٠٠٩ دەکا، بۆیە لە ناونیشانەکە نابێ بڵێی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ بە تەنها، بەڵکو دەبێ بڵێی ژمارە (٣) و ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩، چونکە هەموارەکە ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی تێدایە لە ماددەی دوو، لەبەر ئەوە ژمارە (٣) تەنها لە ناونیشانەکە هەبێ پێموایە دەبێ ژمارە (٤)یشی بۆ ئیزافە بکرێ یاسای ژمارە (٤) ٢٠٠٩ چونکە لە ماددەی دوودا ژمارە (٤)یش هەموار دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر نەفسی بۆچوونم هەیە پشتگیریا هەندی د کەم بێژم د بێتە پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ ژمارە (٤)ی ٢٠٠٩، چونکە ماددەی دووەمدا ئیشارەت بەوە دەدا قانونەکە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو کاك اسماعیل ئەندامانی لیژنەی یاسایی و دەستەی سەرۆکایەتی پیشنارەکان بنووسنەوە لای خۆتان

فەرموو د. رێواز.

**بەڕێز رێواز فائق حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ئەو قسەیەی کاك د. شێرکۆیە، من پێشنیار دەکەم دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەکە بگەن سیغەیەك کە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەدا بگونجێ، گرنگ نییە یەعنی بزەبت چییە، بەڵام ناوەرۆکەکە و ناونیشانەکە هاوتا بکرێ.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێزسەرچناراحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەکانی د. شێرکۆ و د. ڕێواز دەکەم، داوا دەکەم بە هاوتاکردنی ناوەڕۆك و ناونیشانەکە بەم شێوازە پێشنیازی یاسای درێژکردنەوەی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەمواری میکانزمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاش.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو کاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەراستی لە پێشنیازەکان لە هەموارکردن، دوو مادده بەس پێشنیاز کرایە، دەمەوێ دوو مادده پێشنیاز بکەم ئەگەر ببێ بڵێم پێشنیازەکان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/سەرۆکی پەرلەمان:**

با بێینە سەر ماددەکان، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە هەم درێژ کردنەوە و هەموار کردنە، بۆیە پێشنیاز ئەکەم بکرێتە پیێشنیازی درێژکردنەوە و هەموارکردنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پارێزگاکان و میکانیزمی هەڵبژاردنی پارێزگاکان.

**بەڕێز د.ڤالا فەرید ابراهیم _سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیەم هەیە لەسەر ناونیشانەکە، لە ناونیشانەکە یاسای پارێزگاکان هاتووە، پێم وایە لە بڕی چەمکی پارێزگاکان، ئەبوایە بنووسرایە ئەنجومەنی پارێزگاکان، چونکە پارێزگا چەمکێکی جوگرافی موجەرەدە، بەلأم ئەنجومەنی پارێزگاکام فۆرمێکی ئیداری سیاسیە، بۆیە پێشنیاز ئەکەم بەو شێوەیە بێ (هەمواری یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ناونیشانی یاساکەیە، خۆی ناونیشانی پارێزگاکانە، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی، هیچ وەلأم هەیە؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم حەز دکەین کو ناونیشانە وەکی خۆ بمینیت، ل ماددا دوو دا ئەم ماددێ چار راکەین، ل مادێ دوو دا ڤێ عیبارەت بکەین کو ماددێ چارێ ڤێتە دان، چ یاسا چمارە چارا ساڵا (٢٠٠٩)

**بەڕێز د.ڤالا فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی ياسايی بە پەسندی ئەزانی کە ناونيشانەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هيچ خەلەلێکی ياسايی روونادات کە ئيشارەت با بە ياسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٩) نەدەن، بۆيە لە ماددەی (٢) ياسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٩) هەڵئەگيرێ لەسەر پێشنياری بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ناونيشانە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بيخەينە دەنگدان.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونيشانی پێشنيازی ياساکە.

پێشنيازی ياسای هەمواری يەکەمی ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ياسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

**بەرێز د.ڤالاً فەريد ابراهيم_سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوەی خوێنداريەوە، بەيانی دەنگدانە لەسەری، بەرێز سەرۆکی ليژنەی ياسايی بفەرموو ماددەی يەك بخوێنەوە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی يەك:

خاڵی يەك لە برگەی سێيەم لە ماددەی شەشەمی ياساکە هەموار ئەکرێتەوە و بەو شێوەيە:

١ هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن يان لە نێوانيان بە زۆرينەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن ئەبێ، لە ماوەيەك ئەو پەری (٣٠) رۆژ لە مێژووی بەستنی يەکەم دانيشتن دەرنەکات.

**بەرێز د.ڤالاً فەريد ابراهيم_سەرۆکی پەرلەمان:**

دەرگای گفتوگۆ ئەکەينەوە، کێ ئەيەوێ قسە بکات؟ ( کاك جەلال، بەرێز شوان، کاك چيا، کاك وەيسی، کاك زانا، کاك کاروان، کاك عبدالستار، کاك هەورامان، رۆژان خان، روپاك خان، لەيلا خان، کاك کازم، دکتۆر شێرکۆ، دکتۆر محيالدين، دکتۆر اسماعيل، کاك دياری، مامۆستا ئەبو بەکر، کاك کاوە، کاك سيروان، هەلێس خانم، سەرچنار خانم، کاك مەم، موژدە خانم، ژيان خان، کاك سەرکۆ، کاك ئايدن) تکايە دوو دەقە لەسەر هەر ماددەيەك، فەرموو کاك جەلال.

**بەرێز جەلال محمد پەرێشان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر ئەندامی ئەنجومەن بوومە، ياساکە پارێزگار ئەيبات لە زمنی ئەوانە بێ کە دەنگی خەڵکی بەدەست هێناوە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، پێشتر بە زۆرينەی رەهای دەنگ پارێزگار هەڵبژێدراوە، ئێستا پێشنيار ئەکەم يەکسەر پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجومەن، لەبەر ئەوەی پۆستێکی سيادی گەورەيە بە

تایبەتی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، پێشنیار ئەکەم بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەن لە دەرەوەی ئەنجومەن پارێزگار هەڵبژێدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فەرید ابراهیم _سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر کازم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی ئێمە لەسەر ئەو برگەیە، ئەوەیە خودی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ نزیك کردنەوەی خەڵکە لە دەستەڵات، هەڵبژاردنی کەسێك لە دەرەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان خۆی لە خۆی دوورخستنەوەی خەڵکە لە دەستەڵات، دوو، ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ دابەش کردن و شۆڕکردنەوەی دەستەڵاتە لەسەرەوە بۆ پارێزگاکان، بەڵام هێنانی کەسێکی دەرەوەی پارێزگاکان کە شەرعیەتی هەڵبژێردراوی نەبێ لەلایەن خەڵکەوە، دووبارە پێچەوانەی ئەو بنەما دیموکراسیەیە، لێسەندنەوەی ئەو مافەی خەڵکە، یان مافی ئەو دانیشتوانەیە لەو پارێزگایە خۆیان راستوخۆ پارێزگاری خۆیان هەڵبژێرن، خاڵی سێیەم، هێنانی کەسێك لە دەرەوەی ئەنجومەنی پارێزگا بێ شەرعیەتی هەڵبژێردراو لە لایەن خەڵکەوە وائەکات کەسانی گوێرایەڵ بۆ حیزبەکان بهێندرێن بکرێنە پارێزگاری شارەکان، لەجیاتی ئەوەی گوێرایەڵی خەڵك بن حیزبەکانیان ئەبن، خەڵك مافی پێشێل ئەکرێ، کەمتر جوابی خەڵك ئەدرێتەوە.....

**بەڕێز د.ڤالا فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

قەسکانت بگەینە بێ تەشهیر، فەرموو کاك زاهیر.

**بەڕێز زاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ماددەکە تەنیا بەو شێوەیە بێ، لە جیاتی (٣٠) رۆژ لە یەکەم دانیشتن ببێتە (٣٠) رۆژ لە دوای سوێندخواردنی ئەندامانی ئەنجومەن.

**بەڕێز د.ڤالا فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر (کازم) ئەکەم کە پارێزگار ئەبێ لە ناو خەڵك بێ، ئەنجومەنی پارێزگا کە مونتەخەبە، پێویستە پارێزگار لەوێوە بێ، بۆیە دانانی پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجومەنی پارێزگا با تەراجوعێکی گەورەی ئەبینم لە پرۆسەی دیموکراسی، بۆیە لەگەڵ ئەوە لە ناو ئەنجومەنی پارێزگا بێ.

**بەرێز د.ڤالأ فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەرێز شوان کریم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا ئەکەم بڕگەکە وەك ئەو دەقەی نووسراوە جێگیر بکرێ، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالأ فەرید ابراهیم _ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەرێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبژاردنی پارێزگار لە ئەندامانی ئەنجومەن بێ پەسندتر و باشترە، چونکە خۆی دەرچووی لیستی براوەی هەڵبژاردنە و پابەندی ئەو بەرنامەیە ئەبێ کە خۆی و لیستەکەی لە کاتی هەڵبژاردن بە هاوولاَتیانی داوە، لەسەر ئەو بنەمایەش هاوولاَتی دەنگی پێداوە، بۆ ئەوەی ببێ بە هەڵبژێردراوی ئەو ئەنجومەنە و هاوولاَتیان چاوەڕێی جێ بەجێ کردنی ئەو بەرنامە و بەڵێنانەی لێ ئەکەن لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆی و لیستەکەی داویانە بە هاوولاَتیان، هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجومەن دەستی حیزب والأتر ئەکات و بە ئارەزووی خۆی گۆڕانکاری لەو پۆستە ئەکات و دەستی حیزب بە شێوەیەکی راستوخۆ رەنگ ئەداتەوە، جۆرێك لە ناسەقامگیری لە کاری ئەنجومەن و پارێزگاریش دروست ئەکات، هەڵبژاردنی پارێزگار لە ناو خوی ئەنجومەن دیموکراسی ترە، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالأ فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەرێز چیا حمید شریف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ڤێ شێوازی بێتە گۆڕین ( هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان لە نێوانیان دا بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن ئەبێ لە ماوەیەك کە ئەپەری (٣٠) رۆژ لە رۆژی مێژووی بەستنی یەکەمین دانیشتن پشتی سوێند خواردنی یان پشتی دانیشتنی سوێند خواردن بێتە کرن، چونکی ئەندام لە ئەنجومەن تا سوێند نەخوا حەقی دەنگدانی نیە، نابێتە ئەندامی ئەنجومەن، سوێندا خواردن پشتی دەبێتە ئەندامی ئەنجومەن، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالأ فەرید ابراهیم _سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەرێز اسماعیل علی طه:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیٚ تێبینیم هەیە، یەك لابرێ، چونکی حەوجە نینە، دوو، لەگەڵ ئەوەم لە ناو ئەنجومەن بێ، چونکە بە دەنگی گەل پارێزگار زۆر بەهێز تر ئەبێ، سێ، ئەو نوقتە لەگەڵ هۆکارەکان نە موسەجەمە، هۆکارەکان ئەڵێ بە مەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی، ئەوە چ عیلاقەی بە بۆشایی یاساییەوە هەیە؟ ئەبینم وەکو خۆی بمێنێ لە ناو ئەنجومەن هەڵبژێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا وەیسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەم ئەو مادديە وەکو خۆی بمێنێ، تەنیا لە دێری دووەم ئەلێ لە ماوەیەك کە ئەو ، ئەو (ئەوە) ببێتە لەو پەری، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی دکتۆر (کازم) ئەکەم، پێم وایە ماددەی یەك بەو جۆرەی لێ بکرێ (هەڵبژاردنی پارێزگار لە ناو ئەندامانی ئەنجومەن بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەن ئەبێ لە ماوەیەك ئەو پەری (٣٠) رۆژ لە مێژووی یەکەم دانیشتنەوە تێپەر نەکات، واتە لە ماددەکە هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن لابرێ، لەبەر ئەوەی بێ هیوا کردنی خەڵکە لە پرۆسەی دیموکراسی، ئەبێ هیوا بگێرینەوە بۆ خەڵك، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فەرید ابراهیم _سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان ئەکەم کە دەقی ئەو خاڵەی یەکەم لە ماددەی یەکەمی پێشنیازی یاسای هەمواری کراوی ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فەرید ابراهیم _سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگا حکومەتێکی موسەغەلە، بەڵام هەر پێم باشە پارێزگار هەر لە ناو ئەندامانی ئەنجومەن هەڵبژێدرێ نەك لە دەرەوە، بۆ ئەوەی حیزبەکان لە کاتی هەڵبژاردن کەسانی شایستە و بەهێز هەڵبژێرن و حیساب بۆ هەموو حاڵەتەکان بکەن، هەڵبژاردنی خەڵك لە دەرەوەی ئەنجومەن لاواز کردن و کەم بایەخ کردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، ئەو ئەنجومەنانە لەبەر ئەوەی هەڵبژێردراوی راستەوخۆی خەڵکن، بۆ ئەوەی کە لە پێناوی ئەوە هەماهەنگی لە نێوانی ئەنجومەن پارێزگار وەکو خۆی بروا، بۆیە واباشترە پارێزگار لە ناو ئەنجومەن هەڵبژێردرێ نەك دەرەوە، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالا فەرید_سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەرێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت بۆ رەچاو کردنی دۆخی ئێستای کوردستان ئەکرێ ماددەی یەکەم زیاد بێ، بەڵام بۆ رێزگرتن لە دیموکراسی و ئیرادەی گەل وا پێویست ئەکات ئیزافەیەك بۆ ئەو ماددەیە بکرێ، من پێشنیاز ئەکەم ئەو ماددەیە بەو شێوەی لێ بکرێ، ماددەی یەکەك تەنیا بۆ ئەو خولەی ئەنجومەن هەڵبژاردنی پارێزگار لە درەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان نێوانیان بە زۆینەی رەهای ژمارە ئەندامانی ئەنجومەن ئەبێ لە ماوەیەك ئەوپەڕی (٣٠) رۆژ لە مێژووی یەکەم دانیشتنەوە تێپەر نەکات، پێویست بەوە ئەکات ئێمە تەنیا بیکەین بۆ ئەو خولەی ئەنجومەن، ئەگەر لەوە تێپەر بکات هەڵبەت ئەبێتە بێرێزی پرۆسەی دەنگدان و دیموکراسی لە کوردستان، سوپاس.

**بەرێز د.ڤالا فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاوە.

**بەرێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن دژە بە پرۆسەی دیموکراسی و دەستی حیزب لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت بەهێزتر ئەکات، لە کاتێکدا باس لە بەموئەسەسات کردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت ئەکەین، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر (کازم کاك دیاری) و برادەران ئەکەم.

**بەرێز د.ڤالا فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالستار.

**بەرێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو بۆچوونە ئەکەم هەڵبژاردنی پارێزگار لە ناو ئەنجومەنی پارێزگا بێ، لەوانەیە باسی ئەوە بکرێ کە پۆستێکی گرنگە، راستە، بەڵام ئەکرێ بەوە پر بکرێتەوە ئەوەی مامۆستا ئەبو بەکر ئاماژەی

پێدا، با حیزب هەوڵ بدات خەڵکی شایستە و بە توانا بەبژێر بکەن بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، بۆ ئەوەی دواتر ئەگەر چاویان لەوەیە پارێزگارێکی بەهێز و شایستە دابنێن ئەو کەسە هەڵبژێرن، بویە با ئەو دەرگایە نەکەینەوە و ئەو حەقە لە ئەنجومەنی پارێزگا و خەڵك وەرگرینەوە، چونکە پارێزگار ئەزانین پەیوەندی راستەوخۆی هەم بە سێکتەرەکانی ئەو موحافەزە و هەم خەڵك هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ بۆچوونەکانی بەرێزان دکتۆر (کازم و دکتۆر محی الدین دکتۆر شێرکۆ و کاك دیاری و کاك ئەبو بەکر) م، بەدەر لەوەی هەڵبژاردن مافێکی رەهای خەڵکە، ئیتر پێویست ئەکات لە دەرەوەحیزبێك کەسانێك بێنێتە ناو.............

**بەڕێز د.ڤالاّ فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پشتگیریت کرد، فەرموو مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز هاورامان حمه شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە بۆچوونی برای بەرێز کاك عبدالستار و دکتۆر کازم و دکتۆر شێرکۆ ئەکەم.

**بەڕێز د.ڤالاّ فەرید ابراهیم_سەرۆکی پەرلەمان:**

.بەڕێز رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی پێشنیارەکەی کاك کاروان دەکەم. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز رووپاك خان فەرموو.

**بەڕێز رووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، لەبەر ئەوەی پۆستی پارێزگار پۆستێکی نوێنەرایەتیە، بۆیە هەڵبژاردنی پارێزگار لە ناو ئەندامانی ئەنجومەن بێت، پشتگیری لە قسەکانی کاك عبدالستار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

خاڵی یەکەم کە دانراوە بۆ ئەوەی دووبارە نەکرێتەوە جارێکی تر، ئەوە ئەسڵی یاساکەیە لە ناو ئەسڵی یاساکەدا بڕگەی دووەم لە چەند خاڵێك پێك دێت (١، ٢، ٣)، بۆیە لیژنەی یاسایی تەنها هەمواری بڕگەی یەکەمیان کردۆتەوە، دەبێت ئیشارەت بدەن بەوەی کە خاڵی یەکە لە بڕگەی دووەم، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی یاساکە ئەو کێشانە دەبینین بوونی نیە، بەڕێز لیلی خان فەرموو.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەل هەموارکرنا یاسایا ئەنجومەنێ پارێزگەهام، کو ڤی رەنگی ل ناڤ پرۆژەیێت داهاتیە دیارکرن، ژبەر گو ئەندامێن ئەنجومەنێن پارێزگەهێ ب شێوەیەکی راستەوخۆ ل رێگای خەڵك دێنە هەڵبژاردن ئەو ئەنجومەنە نوێنەری ئەو پارێزگەهەن، بۆیە ئەڤە بە باشترین شێوە هەوڵبدەن ئیدارەی پارێزگەهەکە بێتە کرن، ژبەر هەندێ هەر کاتێك ئەندامێن ئەنجومەنێن پارێزگەهێ ب مەسڵەحەت بزانن کە شەخسێکی باش و گونجاو هەیە پێویستە ئەو ئەنجومەنە ئەو دەسەلاَتەی پێ بدرێت کە ئەو کەسە هەڵبژێردرێت کە بەم شێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم دەسەلاَتانەی ئەنجومەنێ پارێزگەهێ زیاتر لێ بێت، هەمیشە دەرفەت بۆ خەڵکانی زیاتر بڕەخسێت بۆ ئەوەی کە بتوانن پۆستی پارێزگا وەربگرن، زیاتر خزمەت بکەن، ئەو کاتە ئەنجومەنی پارێزگا دەسەلاَتی زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی کە ئەگەر پارێزگارێك لە ئەرکەکانی خۆی بە دروستی جێ بەجێ نەکرد بتوانن لەو کاتە لای بدەن، ئەو کاتە ئەنجومەنی پارێزگا دەتوانێت لە ناو هەموو خەڵکی پارێزگا کەسێکی باش هەڵبژێرن بۆ ئەوەی خزمەتی پارێزگەهی بکەت، ئەگەر ئەم یاسایە نەگۆڕێت و پارێزگار تەنها لە ناو ئەندامان هەڵبژێرێت..............

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان ظاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیاری هەردوو بەڕێزان زاهر محمد و چیا شریف دەکەم، بۆ گۆڕینی ماددەی یەکەم لە هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان لە ناو نێوانیاندا بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت لە ماوەیەکدا کە ئەو پەڕی (٣٠) رۆژ لە مێژووی بەستنی یەکەمین دانیشتن و سوێندخواردنی ئەندامانی ئەنجومەن تێپەر نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سەركۆ فەرموو.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ مافی هەڵبژاردنی راستەوخۆی ژيانی ديموكراسی لە هاوڵاتيان نەسەندرێتەوە پشتيوانی بۆچوونەكەی كاك كاروان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ايدن فەرموو.

**بەڕێز ايدن معروف سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەبێت پێش هەموو شتێك رەچاوی موراعاتی رەوشی سياسی هەرێم بكرێت، ئێمە باش دەزانين كە لە رابردوودا لە پێكهێنانی حكومەت و ئيدارە مەحليەكان و پارێزگاكاندا كە پێويستيمان بە تەوافوق و رێككەوتنە، لێرەدا من پشتيوانی لە ليژنەی كاروباری ياسايی و ليژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسايش و ئەنجومەنە خۆجەييەكان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی دەستەی سەرۆكايەتی هەردوو ليژنە وەڵامتان هەيە بۆ پێشنيارەكان، كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی ليژنەی پێشمەرگە و ناڤخۆ و ئاسايش و ئەنجومەنە خۆجەييەكان لەگەل ئەوەداين وەكی خۆ بمێنيتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابتان ئەگەر رێگامان پێ بدەن هەر وەكو ئەندامێك نەك وەكو ئەندامی ليژنەی ياسايی قسە بكەم، لەبەر ئەوەی تێبينيم هەبوو لەسەر ياساكە، من پێشنيار دەكەم لە راستيدا لەم مادەيەدا لە كۆتايەكەی بنووسرێت هەبوو ئەم خۆلە، لەبەر ئەوەی ئەم ياسايە تايبەت نيە بە تەنها بە پارێزگاكان، بەڵكو تايبەتە

به قەزا و ناحیەکانیش ئێمە جێ بەجێمان نەکردووە ئەم یاسایە، ئەگەر پارێزگار لە دەرەوە هەڵبژێرین ئەوە بێگومان پێویستمان بە ناحیەکان بە تایبەتی لە قەزاكان زیاتر دەبێت لە دەرەوە بێن هەڵبژێردرێت، لەبەر ئەوەی تۆ جار هەیە نەتیجەی هەڵبژاردن لەوانەیە کەسێکی یاسایی بێت و دەرنەچێت بۆ ئەم ناحیەیە، لەبەر ئەوە من بە باشی دەزانم ئەگەر خوا کردی و جاری پێشتر و بڕیارێکماندا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بکەین، پێشتر بە راستی هەمواری ئەم یاسایە بکەینەوە، لەبەر ئەوەی پێموایە زۆر بڕگە و مادەی پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، بۆیە داواکارم لەبەر ئەوەی ئێمە کێشەکەمان ئەوەیە ماوەکە بەسەرچووە بۆشایی یاسایی ئێستا هەیە بۆ ئەم خولە پێویستمان بەمەیە کە پارێزگار لە پارێزگاکان لە دەرەوە بێت یان لە ناوە بێت حاڵەتێکی ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس ئەو جار پێوستە وەکو ئەندامی پەرلەمان ناوی خۆت تۆمار بکەی بۆ ئەوەی رای خۆت بدەی، چونکە کاتێك رێگا دەدەین بە لیژنەکان تەنها بۆ گفتوگۆکردنە لەسەر پێشنیاری ئەندامان، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموون ماددەی دوو بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدەر لە حوکمی بڕگەی دووەم لە مادەی چواردەمی یاساکە و بەدەر لە حوکمی بڕگەی سێیەم لە مادەی سی و یەك لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو، ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانیان لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی یاساییان تاوەکو هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ رێککەوتن کە (بەدەر)ی دووەم هەڵبگرن، تکایە روونکردنەوە بدەن لەسەر ئەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکی بەری نوکە مە ئیشارەت پێدای، تەوافوق ل ناڤ بەرا هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و و ناڤخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان، ئەم بوینە یەك رەئی ل سەر هەندێ کو ئەم ئەڤێ عیبارەتێ ل مادێ دوودا بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٣١) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو هەڵبگرین، ئەڤە بڕیارا مەیە:

مادەی دوو: بەدەر لە حوکمی بڕگەی دووەم لە مادەی چواردەمی یاساکە ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانیان لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی یاساییان تاوەکو هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەرگای گفتوگۆ لەسەر مادەی دوو دەکەینەوە، هەر بەڕێزێك دەیەوێت قسە بکات دەست بەرزکاتەوە، (بەڕێز د.محی الدین، کاك شێرکۆ، د.کاظم، د.اسماعیل، کاك سیپان، کاك دیاری، مامۆستا ابوبکر، کاك کاوە، کاك سیروان، هەلەس خان، سەرچنار خان، کاك مەم، مژده خان، کاك عبدالستار، کاك علی حەمە صالح، شنۆ خان، روپاك خان، بدریە خان، کاك کاروان، کاك محمد، کاك جلال، کاك بەهمەن، کاك حکمت، حسیبە خان، مامۆستا جیهاد، د.صباح، کاك عبدالسلام، کاك شوان، لیلی خان، کاك رێبوار، مامۆستا هەورامان، سلمی خان، کاك سەرکۆ، کاك لقمان)، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ماوەی رابردوو کارەکانیان زۆر بە باشی بەڕێوەبردووە، لە خولی رابردوو سەرەڕای ئەوەی کە کێشەی سیاسی و ململانێی سیاسی هەبووە تەنانەت ئەو ئەو ململانە سیاسیەی هاتبووە ناو پەرلەمانی کوردستان، بەلاَم بە هیچ شێوازێك عەکسی نەکردبووە ناو ئەنجومەنی پارێزگاکان، بۆیە ئێمە پاڵپشتی ئەو مادەیە دەکەین لە راپۆرتی هەردوو لیژنە کە لە کارەکانیان بەردەوام بن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بۆشاییە یاساییە نەمێنێت، تەنها تێبینیم هەیە لەسەر دوو وشە لە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانیان ئەم دوو وشەیە لە هۆیەکانی دەرچوواندن نووسراوە، بەلاَم لێرە بە تەنها بنووسرێت ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان تا هەڵبژادرنی خولێکی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەردەوام بوونی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان تا هەڵبژاردنێکی تر، من دەپرسم کەی هەڵبژاردنێکی تر دەکرێت، ئایا ماوەکەی دیاریکراوە؟ ئایا خزمەت بە پرۆسەی دیموکراسی دەکات؟ من پێموایە بەردەوام بوونی ئەو ئەنجومەنە تا هەڵبژاردنێکی تر کە ماوەکەی دیاری نەکراوە خزمەت بە پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتی ئێمەدا ناکات، بۆیە پێموایە لە بری درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو ئەنجومەنانە وای بە باش دەزانم لە دوای پێکهێنانی کابینەی نوێ و حکومەتی تازە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بدات و کۆمسیۆن رابسپێرێت بۆ ئامادەسازی کردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان، چونکە درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو ئەنجومەنانە تا کاتێکی نا دیار زیان بە پرۆسەی دیموکراسی دەگەیەنێت لە هەرێمی کوردستان و

باوەڕبوونی هاوڵاتیان بە پرۆسەی دیموکراسی و دامەزراوەکان لەقتر دەکات، ئەنجامدانی هەڵبژادرنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە دوای دەست بەکار بوونی کابینەی نوێ و لە سایەی ئەوەدا دەبێتە دەست کەوتێك بۆ خودی کابینەکە و بەردەوام بوونی پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتی ئێمەدا، زۆر سوپاس.

بەڕێز کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جەلال پەریشان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من لەگەڵ ئەوەدام ئەنجومەن بەردەوام بێت تاوەکو کاتی هەڵبژاردن، بەلاَم لەگەڵ ئەوە نیم ئەنجومەنێك پێنج ساڵ خزمەت بکات دەسەلاَتی لێ پێچینەوەی یاخود متمانە وەرگرتنەوە لە پارێزگار هەبێت لە قایمەقام و لە بەڕێوەبەری ناحیە هەبێت، لە بەڕێوەبەرە گشتیەکان هەبێت، یەکەیەکی وەحدەی حیسابی نەبێت، بودجەیەکی تایبەتی نەبێت، ئەندامانی ئەنجومەنێك ئێستا بەردەوامن و هیچ ئیمتیازێکیان نیە، کە تەواو دەبێت دەچێتەوە ماڵ، تەقاعودیش شمولی ناکات، لەگەڵ ئەوەدام ئەنجومەن دەسەلاَتی تەواوی هەبێت، بەلاَم یەکەیەکی وەحدەی حیسابی زۆر پێویستە، بودجە زۆر پێویستە، ئەندامانی ئەنجومەن بە دوا داچوون بکات بۆ کێشەی زۆر گرنگ سەیارەیەك نەبووە پێ هاتووچۆ بکات، لەگەڵ ئەوەدام ئەندامانی ئەنجومەن دەسەلاتی هەبێت بەراستی بەتایبەتی لە رووی حیسابی و ئیمتیازاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە مەسەلەی رەهەندی دارایی لەم بابەتەی هەڵبژاردنە رەچاو بکەین لە پاڵ رەهەندەکانی تردا، کاتێك کە دەڵێین ئەنجومەنی پارێزگا هەڵبژاردنی بۆ بکرێت ئەوە مانای ئەوەیە کە بیرمان نەچێت کە میزانیەی تەنمیەی پارێزگاکانی عێراق کە لە عێراقەوە دەردەچێت رەبت دەبێت بەم ئەنجومەنە و بەم پارێزگایە، بیرمان نەچێت کە ئەم ئەنجومەنانە موعاناتی لە سەرەتای دەمەزراندنیانەوە تاوەکو ئەم لەحزەیە هەمووجارێك کاتیان بەسەرچووە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ئیرادەیەی کە تەزعیفی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دەکات نەتوانێت سەرکەوتوو بێت لەم مەوزوعەدا، ئێمە دەبێت پشتگیری لەوە بکەین کە دەبێت بە زووترین کات هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت، بۆیە پێشنیاری ساڵێك دەکەین لە کاتی دەرچوونی ئەم یاسایەوە، ئەم هەموارەوە ساڵێك تا ئەوەی کۆمسیۆنیش بێگومان دەبێت بێتە سەر خەت، چونکە ئەوان عادەتەن داوای شەش مانگ دەکەن، گرنگ ئەوەیە بەو رەهایەی نەهێڵینەوە کە بڵێین تا هەڵبژاردنێکی داهاتوو، کە نازانین کەی دەکرێت، ئەوەش دیسانەوە درێژەدانە بە لاوازکردنی

ئەنجومەنەكان، لاوازكردنی ئەنجومەنەكانیش یەعنی لاوازكردنی ئەو هەیئەیەی كە تەدقیق دەكات، لێپرسینەوە دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك بهمن فەرمووو.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەو مادەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، تەنها ئەو وشەیە بگۆڕێت ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە پیادەكردنی دەسەڵاتەكانی نەك تایبەتەمەندیەكانی، دەسەڵاتەكانی جوانترە، خۆمان دەزانین كە ئەنجومەنی پارێزگاكان دەسەڵاتیان هەیە، ئەوە لە جیاتی ئەو وشەیەدا دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.كاظم فەرمووو.

**بەڕێز د.كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من دوو مولاحەزەم هەیە، تێبینی یەكەمیان ئەوەیە كە بەراستی هەموارەكە نابێت تەنها ئەو دوو برگەیە بگرێتەوە، بەڵكو پێنشار دەكەین لە سەلاحیەتەكانیش بگرێتەوە، دەسەڵاتەكانیش بگرێتەوە، بۆ نموونە دانانی بەڕێوەبەر گشتیەكان لە پارێزگاكان، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی و پەروەردە و ئەوقاف و بەڕێوەبەر گشتیەكانی تر شوڕ بكرێتەوە، سەبارەت بە تێبینی دووەم بەراستی شتێكی زۆر نەشیاوە لە هەرێمی كوردستان ئەم هەموو درێژكردنەوەیە، سەرۆكایەتی هەرێم درێژ دەكرێتەوە، خولی پێشووی پەرلەمان درێژ دەكرێتەوە، ئێستا پەرلەمان هەوڵدەدات ئەنجومەنی پارێزگاكان درێژ بكاتەوە، یەعنی پێمان سەیرە كە هیچ هەڵبژاردنێك لە وادەی خۆیدا لە هەرێمی كوردستاندا ئەنجام نادرێت، لە جیاتی ئەوەی پەرلەمان بێت لە ڕێگای پرۆژەیەكەوە ماوە بۆ ئەو دەزگایانە درێژ بكاتەوە و ئەو مافە لە خەڵك بسەنێتەوە لە جیاتی ئەوەی حكومەت ئیجبار بكات لە نزیكترین وادەدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان ئەنجام بدرێت، چونكە لە رووی یاساییەوە موكیل بۆی نیە ماوەكەی خۆی درێژ بكاتەوە، دەبێت وەكیل كە دەنگدەر و كە هاوڵاتی و خەڵكی دانیشتوانی ئەو پارێزگاكان خۆیان بۆیان هەیە كە نوێنەرەكانیان دیاری بكەن، هەروەها مەسەلەی درێژكردنەوە بەراستی دیاردەیەكی زۆر نەشیاو و نەخوازراوە كە بە داخەوە لە هەرێمی كوردستان...

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك حكمت فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من به تەواوی پشتگیری لە هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ دەکەم، کە ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینم هەیە، یەکەم بەدەر لە حوکمی بڕگەی دووەم لە مادەی چواردەمی یاساکەی، ئەگەر مەبەست هەر یاسای ژمار (٣) بێت ماددەی چوارەم یەك بڕگەیە، دوو بڕگە نیە، نازانم نەم دیتیە دوو بڕگە، ئەوە تێبینیەك، تێبینی دووەم ئێمە لەگەڵ ئەوەین پشتگیریا ئاخافتنا د.شێرکۆ دکەم، یەك ساڵ تێنەپەڕێت لە دەرچوونی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە دەقی راپۆرتی لیژنەی هاوبەشی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئەنجومەنە خۆجەییەکان دەکەم بەوەی کە ماددەی دووەم وەکو خۆی بمێنێتەوە تاوەکو هیچ

بۆشاییەکی یاسایی دروست نەبێت بۆ ڕاپی کردنی کاروباری هاووڵاتیان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان دوا خستن بووەتە عادەتێکی هەمیشەیی، دواخستنی هەلبژاردنەکان، ئەمە بووەتە عادەتێك  و بەڕاستی خەلك ئەم دەسەلات و ئەم حزب و ئەم موئەسەساتە چۆن دەبینێ، وا دەبینێ کە هەمیشە لە هەڵبژاردن دەترسێ، بە تەمای تەزویرە، لە پەنای ئەوەی کە دەیەوێ دوا بخات و بەرنامەیەکی دیکەی هەیە، بۆیە من پێم باشە بەڕاستی بە داخەوە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کە کراوە هیچی لە کاتی خۆیدا نەکراوە، بۆیە من پێم باشە حەقیقەتەن ئێمە وەکو ئەم موئەسەسەیەی پەرلەمان ڕێگە نەدەین هەرچەند کە خۆی دواکەتووە کە دەبوو پار بکرابایە، بەلام ئێمە

وەكو ئەو موئەسەسەیە بڕیار بدەین لایەنی پەیوەندار و حكومەت كە بەیانی تەشكیل دەبێ بە زووترین كات ئەم هەڵبژاردنە بكرێ، چونكە پەیوەندی بە خەڵكەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دیارە وەكو مەبدەئێك هەڵبژاردنی دەوری لە كاتی خۆیدا بابەتێكی گرنگە، بەڵام هەڵبژاردن تەنیا لە پێناوی هەڵبژاردن دا، خزمەتی پرۆسەی دیموكراسی ناكات، هەڵبژاردن بكرێ گرنگ نییە چۆنە، بەڵام هێشتنەوەی ئەم كاتە بە مەفتوحی ڕەنگە موناقەشەی لەسەر بێ، چەنێ، دوو ساڵ، چوار ساڵ، شەش ساڵ، چونكە كاتەكە مەفتوحە، هەرچەندە لە دەستووری عیراق دا ئیجاریەتێك هەیە بۆ موحافەزات، بەڵام بۆ ئەقالیم نییە، من پێم باشە یاخود دروست تر وایە تاوەكو ئەو كاتەی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان تۆمارێكی شایستەی دەوێ، قانونی هەڵبژاردنەكان تەعدیل دە كرێتەوە زەمینە ئەرەخسێ بۆ هەڵبژاردنێكی شایستە، یان ئەگەر توانیمان انشاللە دەتوانین لە دەستووردا زۆر گرنگە یەك مەسروف، زۆر گرنگە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگار هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بكرێت، بۆیە ئەمە ڕەنگە پرسیار دروست بكات تاكەی، بۆیە من ئەو دوو بژاردەیە هەر كامیان بێ بە باشی دەزانم و سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

زۆر سوپاس، كاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دڤێ ماددی دوهێ دا هیچ وادەیەك نەهاتیە دیار ی كرن ژ بۆ هەڵبژاردنێن ئەنجومەنێ پارێزگەها بهێنە كرن، دەمەكی ل ئەنجومەنێ پارێزگا هەیە كو نزیكی نە ساڵا ن كو لەسەر كارێ خۆ بەردەوام بوون، لەوڕا گرنگە دڤێ هەمواركرنێ دا بهێتە دەست نیشان كرن كەنگی هەڵبژاردنێت ئەنجومەنێ پارێزگەها بهێنە دیار كرن و پشتگیریا ئاخافتنێن د.شێركۆ و د.كاظم دكەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سوپاس، مامۆستا جهاد فەرموو.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودایت مەزن و دلوڤان، تەبعەن ئەز پشتگیریا ماددێ دوو دكەم وەك ...... .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێز قسەکانت تەوجیهی کێ دەکەی؟ فەرموو.

**بەڕێزجهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماناڤێت پەرلەمانی ڤە بۆ پەرلەمانی نەبوو بۆ جەنابێ وەیە، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانێ، وەکیا دیار تەبعەن پشتگیریا ئەڤی ماددێ هەمی دکەین، بۆچی؟ چونکە ئەم دزانین چ زیانەك د پرۆسا دیموکراسی ناکەتن ئەڤ کەسانە تەنێ ژی دخەڵکێت هاتینە سەر ڤێ کورسی کە نە مەسەلەکا وەسا هاتینە، مەسەلەکا تەکنۆکراتا پتر شارەزایی تێدای کو خزمەتا پارێزگەهێت خۆ بکەن، یا دی ژی ئەم مودەیەکی دانێن بۆچی ل کوردستانێ ڕاستیا دگەل چ مودا نیمە یێ تەحدید کری، بۆچی؟ چونکو ئەم زروفێت خۆ دزانین چەوانە ئیحتماله شەرمەزار بین دگەل خەڵکی خۆدا، باش دزانین وەکی خۆ بمینیت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تمام زۆر سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) لەو شوێنەدا کە دەڵێت ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانیان لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی یاساییان تا هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن و پشتگیری وتەی هاوڕێکانم دەکەم لەوەی کە داوایان کردکە کاتێکی دیاری کراو دابندرێت لەبەرئەوەی دیاری نەکردنی کات کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە، ئەمە هەوڵێکە بۆ لاواز کردنی دیموکراسی، جارێکی دیکە دەیڵێمەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە ئەرکێکی مێژووییە لەسەر ئێمە پەرلەمانتاران کە ڕێز لە یاسا بگرین و هەوڵ بدەین ئەو بێ ئومێد بوونەی خەڵك کە بێ ئومێد بووە کە ساڵانێکە دروست بووە لەسەر هەڵبژاردن ئەم ئومێدە بۆ خەڵك بگێڕینەوە و هیوادارم کاتێ دیاری بکرێ بەوەی کە کەمتر لە ساڵێك بێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، تکایە پێشنیارەکانتان بە وازحی بکەن و پشتگیری ئەوانەی پێشی خۆتان بکەن، لەبەرئەوەی لێرە تەنها قسە لەسەر نەسی ماددەکانە و خیتاباتی سیاسی نییە، موناقەشە و گفتوگۆیە لەسەر ماددەیەکی دیاری کراو، د.صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری بۆچوونەکانی کاك حکمت و خوشکە حسیبە و کاك جهاد دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سوپاس، كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێناوی ئەوەی كە دواخستنی هەڵبژاردنەكان چی دی نەبێت نەریت كە چوار خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان هەر چوار خولەكە دوا خراوە، دوو خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان هەردوو خولەكە بەداخەوە درێژكراوەتەوە، یەك هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەكانما ن كردووە، لە پێناوی ئەوەی كە ئەنجومەنی پارێزگاكان نەسپێرین بە ئاییندەیەكی نادیار، بۆیە منیش پێشنیار دەكەم كە كات دیاری بكەین درێژكردنەوەی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە ساڵێك زیاتر درێژە نەكێشێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە وتەكانی بەڕێز كاك حكمت دەكەم كەوا دەقی ماددەی ٢ وەكو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سوپاس، كاك كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی (٢) ماددەی (١٤) ی یاسای ژمارە (٣) ی ٢٠٠٩ دەڵێ (ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵی ساڵنامەیە كە لە یەكەم دانیشتنەوە دەست پێ دەكات و بە كۆتای هاتنی ساڵی چوارەم كۆتایی دێت، بۆیە كاتێك كە سەیر دەكەی لە ماوەی (١٤) ساڵی ڕابردوو تەنها دوو هەڵبژاردن كراوە كە دەبووایە ئێستا لە خولی ..... .

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

پێشنیاری خۆت لەسەر ماددەكە بڵێ كاك كاوە، فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە دووەم جارە من قەتع دەكەی كە لە كاتێك دا مافی خۆمە كە دوو دەقیقە قسە بكەم، من پێشنیار دەكەم كە كاتێك دیاری بكرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و ئەو كاتە لە یەك ساڵ زیاتر نەبێ و لەو ساڵە لەگەڵ حكومەت قسە بكرێ و حكومەت مولزەم بكرێت كە لە ماوەی ئەم ساڵە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان ئەنجام بدرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

زۆر سوپاس، یەعنی پشتگیری لە سەرۆکی فراکسیۆنەکەی خۆت دەکەی، بەڵێ سەلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمی فاتیح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای تێبینیەکانم لەسەر هەموارکردنەوەی دوو ماددە هیوادارم پەرلەمانی کوردستان لە ئاییندەیەکی نزیك دا بتوانێ کۆی یاسایەکە هەموار بکاتەوە و ئەو خەلەلانەی لەناو یاسایەکە هەیە بتوانێ هەمواری بکاتەوە و چاکی بکاتەوە، لە ٦/٢٣ ئەنجومەنی پارێزگا وادەی یاسایی خۆی تەواو بوو بە پێی بڕگەی ٣ لە ماددەی دەیەمی یاسای ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠١١ ی هەموار کراوی یاسای ژمارە ٤ ی ٢٠٠٩ نەوەد ڕۆژی دیکە دەتوانێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەردەوام بێ، واتا تاوەکو ٢٠١٨/٩/٢٣ وادەی کۆتایی هاتنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەڕووی یاساییەوە لە ٢٠١٨/٩/٢٣ ەوە حساب دەکرێ بە پێی ماددەی ٣، بۆیە کە هەمواری ماددەی دووەمەکە کە باسی دەکەین هیچ ئاماژەیەك نە بە یاسای ژمارە ٤ کراوە کە یاسایەکە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە و هیچ ئاماژەیەکیش بە یاسای ژمارە ٢١ ی ٢٠١١ نەکراوە بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو (بەدەر)ەی کە لادراوە وەکو خۆی بمێنێتەوە و لەگەڵی دا بڵێ (بەدەر لە حوکمەکانی بڕگەی ٣ لە ماددەی دەیەمی یاسای ژمارە ٢١ ساڵی ٢٠١١ و پشتیوانی قسەکانی د.شێرکۆ دەکەم سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ئەوە دام کە بۆ ئەم خولە بێ و لە کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی تا هەڵبژاردنی خولێکی نوێ کە لە ساڵێك زیاتر تێ پەر نەبێ، چونکە نزیکەی ساڵێك وادەکەیەتی و ساڵێکیش دەکاتە دوو ساڵ، پێم وابێ ئەنجومەنی پارێزگا شەش ساڵ بەس کە بتوانێ دەسەڵاتەکانی بەردەوام بێ و پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

زۆر سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) پێشنیار دەکەین کە ماوەی یاسایی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ ئەم خولە دیاری بکرێت کە لە هەشت مانگ تێ نەپەڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەردوو لیژنەی ناوخۆ و یاسایی دەکەم کە یاسایەکە بەو گۆڕانکاریەی کە لە دوایی دا کراوە وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێ.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

زۆر سوپاسن كاك سيروان فەرموو.

**بەڕێز سيروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو دەزانن بەهای دەنگدان و هەڵبژاردن و چوونە سەر سندوقەكانی دەنگدان لەوە دایە كە خەڵك و گەل بزانێ كەی ماوەی ئەم ئەنجومەنە تەواو دەبێ و كەی داهاتوو يان كەی هەفتەی داهاتووە و مانگی داهاتووە هە ڵبژاردن كرا، بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنەش پابەند بێ بەو بڕيارانەی كە دەردەچێ من پێموايە ئەم ئەنجومەنە بەڕێزە ئيشەكانی خۆيان جێ بەجێ كردووە، ئەم فەقەرەيەی كە هاتووە و دەڵێ (تا كۆتايی هاتنی ماوەی ياسايی يان تا هەڵبژاردنی خولێكی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن) هاوڕێيانمان باسيان كرد ئەو ماوەيە چەندە من پێموايە دەبێت لە شەش مانگ بۆ ساڵێك زياتر نەبێ و بە تەحديد كردنی بەلايەنی كەمەوە مانگ و ساڵەكەش دياری بكرێت، نەك بوترێ لە بەهاردا يان لە هاوين دا، هەر بەو بۆنەيەشەوە دەبێ ئەو شەش مانگە دابندرێت و تەحديد بكرێ و بەهانەيەك بۆ هيچ لايەنێك و هەروەها بۆ كۆمسيۆن نەمێنێتەوە دوا ئەوە بەدواداچوونی بۆ بكەين و بتوانين ئەو دەسەلآتەمان بەكاربێنين و بزانين ئەم بەهانەيە چييە بۆ ئەم پاش خستنە؟.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

زۆر سوپاس، ليلی خان فەرموو.

**بەڕێز ليلى عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگيريا ليژنا ناڤخۆ و ياسايی دكەم، ئەگەر ئەم سەح كەينێ ئەڤرۆ ئەم ل هەرێما كوردستانێ ل ناڤ واقعەكی داين كو ب شێوەيەكی گشتی بۆ پێك ئانينا حكومەتی رێكەڤتنێ سياسی ل ناو لايەنێن سياسی ماوەيەكی زۆر دڤێتن، ئەو كاريگەری لەسەر پرۆسا سياسی ل هەرێما كوردستانێ ب شێوەيەكی گشتی دكاتن، ژ بەر وی كو ماوەيێ ئەنجومەنی پارێزگەهان بێتە زياد كرن، ژ بەر كو چ فەراغا ياسايی درست نەبن.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب ناڤی خودی، هەلبەت تێبينيا من لسەر ماددا ل ڤێ دەستەواژی دەست پێ دكات تا هەڵبژاردنی خولەكی نوێ، ئەز پشتگيريا هەڤالێت خۆ دكەم كو ماوەيەك بێتە دەست نيشان كرن دە هەما نەمين و هەر موتلەقی تێدا بيتن، ئەڤ ماوەيە بێتە دەست نيشان كرن كو ب ماوەيا ساڵەكی زێدەتر نەبيتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

زۆر سوپاس، كاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیشتنەوەی ئەو ماوەیە بە كراوەیی جێگەی پرسیارەن، بۆیە منیش پشتیوانی لەو بۆچوونە دەكەم، كە پێوستە سەقفێكی زەمەنی دیاری كراو دیاری بكرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان، لەم بارەیەوە پشتیوانی لە بۆچوونەكەی كاك سەركۆ و سەلمە خان هەموو هەڤالەكانی تر دەكەم.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

زۆر سوپاس، كاك رێبوار فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە دەقی ماددەی (٢) بریتیە لە چارەسەریەكی یاسایی و تەشریعی، بەو ئاریشەیەكی یاسایی كە ڕووبەرووی ئەنجومەنی پارێزگاكان بووەتەوە لە هەرێمی كوردستان، ئەویش ئەوەیە كە ئەنجومەنی پارێزگاكان لە ماوەیەكی دوورودرێژ دا لە بۆشایی یاسایی دا، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە دەقی ماددەی (٢) وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە ئەمە چارەسەریەكی یاساییە، سەرباری ئەوەش من تێبینیەكم هەیە لەسەر پیادەكردنی تایبەتمەندییەكان، ئەم وشەیە (تایبەتمەندیەكان) بگۆڕێ بە ئەركەكان باشتر دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

زۆر سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەم ماوەیە بۆ چارەسەری بۆشایی یاساییە، هەروەكو لە هۆكاری دەرچواندنی یاسایەكە ئاماژەی پێدراوە، بەلاّم ناكرێ چارەسەر كێشە دروست بكات، ئەو بەڕێزانەی كە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاكانن گەر بۆ ماوەی چوار ساڵ متمانەی پێداون و نزیكی ساڵێكە لە بۆشایی یاسایی دان، لەبەرئەوە ناكرێت ئەم هەڵبژاردنە ئەم درێژكردنەوەیە تا خولێكی نوێی هەڵبژاردن بێ و بە كراوەیی بمێنێتەوە و نازانرێ كەی هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوە من پێم باشە ماوەیەكی بۆ دیاری بكرێت كە لە ساڵێك زیاتر نەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

زۆر سوپاس، كاك مم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسكندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەرلەوەی تێبینی خۆم بخەمەڕوو پێشێلكاریەكی پەیڕەو حەز دەكەم بۆ جەنابتان و بۆ پەرلەمانتاران ڕوون بكەمەوە، بە پێی ماددەی (٥٤) بڕگەی (٣) ئەو ناوە تۆمار كراوە، سەرۆك بە ڕەچاوكردنی ڕێزبەندی تۆماركردنی ناوی ئەندامان ڕێگە بە ئەندامان دەدات ئاخاوتن بكات، ئەو ناوە ریزبەندیەی بەڕێز سكرتێری پەرلەمان خوێندیەوە، ئەو ریزبەندیە نیە كە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دەیخوێنێتەوە، هیوادارم لە دانیشتنەكانی دیكە پابەندی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٥٤) بن، دەربارەی تێبینی من لەسەر داڕشتنەوەی ئەم یاسایە هەڵبەتە بۆ ڕێزگرتن لە مەسەلەی پایەكانی دیموكراسی بێگومان دەبێ هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا بكرێت، نەوەك لە حاڵەتەوە ببێ بە عورف ببێ بە جۆرێك لە دیاردە كە لە هەرێمی كوردستان دا لە ماوەی خولەكاندا بینیومانە، بۆیە من پێشنیاز دەكەم كە داڕشتنەوەی ئەم یاسایە ماددەی (٢) بەم شێوەیە بكرێ (بەدەر لە حوكمی بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٤) یەمی یاسایەكە ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاكان بۆ ماوەی (١٨٠) ڕۆژ لە دەرچوونی ئەم یاسایە لە پیادەكردنی ئەرك و دەسەڵاتەكانی ئەنجومەن بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سوپاس بۆ تۆ لە ڕێگەدان بە ناوی ئەندامانەوە قسەكردن بۆ گفتوگۆ، تەواو پابەندی پەیڕەو بووین و بە پێی پەیڕەو كارەكان دەكەین، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەداخەوە لە ناو دەزگایەكی شەرعیەت دا، نابێ ڕێگە بەوە بدرێ بەو درێژكردنەوانە كە بووە بە عورف، پێویستە لە وادەی خۆیدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و مێژووەكەی دیاری بكرێت، كە تێیدا هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە زەرەرمەند دەبن لەم بابەتی درێژكردنەوانەدا، پێویستە مێژوو و بەروارەكەی بە دەقیقی دیاری بكرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، رووپاك خان فەرموو.

**بەڕێز رووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش داوا لە بەڕێزتان دەكەم كە لە ماددەی دووەم ماوە دیاری بكرێت، بۆ ئەنجومەنی پاریزگاكان بەم جۆرە لە پیادەكردنی تایبەتمەندیەكانی خۆیان بەردەوام بن، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەڕۆژی كۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بۆ ئەوەی بەهای هەڵبژاردن بۆ هاوولا تیان بگەڕێنینەوە کە مافێکی خۆیانە پێم باشە هەڵبژاردنی پاریزگاکان لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت و ماوەکەی لەوە زیاتر درێژ نەکرێتەوە کاتێکی گونجاوی بۆ دیاری بکرێت، بۆیە لێرەوە من پشتگیری بەڕێز مامۆستا عبدالستار دەکەم قسەکانی ئەو دەکەم و هاوڕێیانیشم کاتێکی گونجاو دیاری بکرێت و لەوە زیاتر درێژ نەکرێتەوە، دەست خۆش، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەبوونی سەقفی زەمەنی بۆ ماوەی هەڵبژاردن زەمینەسازی دەکات بۆ بۆشایی یاسایی و لێکەوتەی سیاسی لە داهاتوودا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و، ڕێگە نەدان بە بۆشایی سیاسی و یاسایی لە داهاتوو، من پێشنیاز دەکەم ماددەکە بەم شێوەیەی لێ بکرێت (بەدەر لە حوکمی بڕگەی دووەم لە ماددەی ١٤ یاسایەکە ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانیان لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی یاساییان تا هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن، بەمەرجێك لە هەشت مانگ تێپەڕ نەکات، پشتیوانی قسەکانی کاك سەرکۆ دەکەم لەم بارەیەوە، هاوتا بکرێ لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی هەردوو لیژنە، هەر ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە، ببورن کاك بەڵێن مابوو، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (٢) ئەوەی کە باسکرا نازانم لیژنەی یاسایی، ئەوەی کە دەڵێ بەدەر لە حوکمی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٣٠) گەر لابرا یان نا ئەگەر ئەوە بمێنێتەوە بێگومان تەئسیر دەکاتە سەر ناونیشانی پێشنیازی یاسایەکە و پێویستی بە گۆڕینە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە لەم ماددەی (٢) مەسەلەی درێژکردنەوەی وادەی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، بێگومان هەمووومان پشتیوانی لەوە دەکەین کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پاریزگاکان و هەموو ئەنجومەنی هەڵبژێردراوەکانی تریش لە کاتی خۆیدا بکرێ، بەڵام ئێمە لەماوەی ڕابردوو بە

داخەوە هەڵبژاردن نەك بۆتە سەبەبی ئیستقراریەتی سیاسی، زۆرجار نا ئیستقراریەتێکی سیاسی تری هێناوە، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم، بەم شێوازە دابڕێژرێتەوە یان وەکو خۆی بمێنێتەوە، یەعنی هیچ مودەیەك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاری نەکرێت، تا وەکو لە هەمواری هەشتەمی یاسای هەڵبژاردنەکان ڕۆژی نیشتمانی هەڵبژاردن دیاری دەکەین ئەو ڕۆژە لە یەك ڕۆژە هەڵبژاردن بۆ هەموو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان بەئەنجومەنی پارێزگاکان وپەرلەمانی کوردستان و، ئەگەر هەر هەڵبژاردنێکی تر هەبێ، یەعنی تەواوی هەڵبژاردنەکان بخەینە یەك ڕۆژەوە، هەم مەسارفی مالی لەسەر حکومەت و خەڵکی کوردستان سووك تر دەکات و، هەم ئیستقراریەتی زیاتری لێ دەکەوێتەوە، هیوادارم ئەم ماددەیە کە دەڵێین وەکو خۆی بمێنێتەوە، ڕێگە بە دەسەڵاتداران و بە حکومەت نەدا کە بە ڕەهایی بۆ خۆیان چەند بیانەوێ مودەکە درێژ بکەنەوە، پێشنیازی ئەوە دەکەم هیچ مودەیەك دیاری نەکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان تاوەکو ئێمە ڕۆژی نیشتمانی هەڵبژاردن دیاری دەکەین.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، پشتگیری لە قسەکانی سەرۆکی فراکسیۆنت دەکەی، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بۆچوونا مە لیژنە یاسایی ل دەسپێکا مە دگەل هەندێ دێ ئەڤ ماددە وەکو خۆ بمینێت ژ بەرکو مشکیلا مە ئید یاساییدا نینە یاسایێت پێشتر وەختی دیار کری بو هەڵبژاردنی دچێت ژ ئەنجومەنێت پارێزگا بن، چێت پەرلەمانیدا بن، چیت سەرۆکایەتیا بن، هەر هەڵبژاردنەك هەر مئەسەسەك بشەرعیەتا خەلکی مە بێتە دانان یاسایێ مە فەراغ نەبایە کات هەمی گاڤا دیار کرییە، بەلێ هەندێك جارا ژبەر هەندەك سەبەبا ژبەر هەندەك ئەگەرێت ساسی بێت یێت ژینگەهەکا گونجاو نەبیت هەڵبژاردن نەشیا تێدا بێنەکرن، کەواتە مە موشکیلە دیار کرنا وەختی نینە یاسا هەمی گاڤا بۆمە وەختی دیار کری بەس ئەم نەشیاینە ئەم وی وەختی دا بکەن ژبەر هەر سەبەبەکی بێت ژبەر هەندێ ئەم گرینگ نزانن کو پێشنیازیدا وەختەك بێتە دیار کرن ئەگەر وەختاتە دیار کرن موحتەمەلە دیسا هەر نێێتە کرن کوی وەختیدا هەم د جارەکا دی تووشی بیت وە جارەکا دی یاساکا دی هەموار بکەین، ئەو فەراغە هەی جارەکا دی پربکەینەڤە وەکی دیارە ژی کو ل دیف بڕیارا ژمارە (٤) یا ل (٢٠١٩/٣/١٩) دەرکەتی بڕیارا مە دەنگ نییە ( ١:٢٠:٤٠) کو ئەڤە شوێنی تاریخی حەتا نوکە جڤات نەشیا مومارەسا کو دەسەلاتێت خۆێت یاسایی بکات، هەروەسایە دیارە کو ژی هەڵبژاردنێت ئەنجومەنێت پارێزگاییێت عیراقێ ل هەیڤا چارا سالاً بێت دێنە کردن وە ئەگەرەکی زۆرێ هەی کو پارێزگایێت هەرێمێ ژی دویت وەختیدا دگەل هەلبژاردنێت پارێزگەهێت عیراقێ بێتە کرن ژبەر هەندێ ژی هەر وەکو لیژنەی یاسایی ئەم حەز ناکەین تاریخەکی دیار بکەین باشترە ئەم جارێ جاڤەرێ بکەین دەنگ نییە (١:٢٢:١٦)

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان كێ دەیەوێ قسە بكات لە لیژنە؟ كاك (عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمايل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەم شێوەیە بێت، ئێمە بەدەر لە حوكمی بڕگەی دووەم لە ماددەی چوارەمی یاساكە و بەدەر لە حوكمی بڕگەی سێیەم لە ماددەی(٣١) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەموار كراو، ئەم خولەی ئەنجوومەنی پارێزگاكان لە پیادە كردن تايبەتمەندیەكانیان لە كاتی كۆتایی هاتنی ماوەی یاساییان تا هەڵبژاردنی خولی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك (جەلال)، فەرموو.

**بەڕێز جەلال محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی گوێبیستی بووین لە وتەی یەكێك لە ئەندامە بەڕێزەكان كە گوایە ماددەی چواردەیەم تەنیا یەك بڕگەیە، بۆ ئەو بەڕێزە و تەواوی ئامادەبوان روونی دەكەمەوە كە ماددەی چواردەیەم (٣) بڕگەیە، بۆیە ئاماژەمان پێداوە بەدەر لە حوكمەكانی بڕگەی دووەم، وە ماددەی چوارەمە (١) بڕگەیە تەنها حەزم كرد ئەو روونكردنەوە بۆ ئەو بەڕێزە بدەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(د.ڕێواز)، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە من حەقی ئەوەم نییە وەلاّم بدەمەوە، بەلاّم قسەكەم نوقتە نیزامییە، بۆیە قسە دەكەم، بەڕێزتان دەزانن كە بە گوێرەی دەستووری عیراقی هەر كاتێك قانوونێكی هەرێمی كوردستان معالەجەی مەوزوعێكی كردبوو، وە قانوونێكی عیراقیش معالەجەی عەینی مەوزوعی كردبوو، هەمیشە ئەولەویەت بۆ قانوونە كوردستانیەكەیە، یا قانوونەكەی هەرێمی كوردستانە، لەبەر ئەوە پێكەوە گرێدانی هەڵبژاردنی پاێزگاكان هەرێمی كوردستان لەگەڵ هەڵبژاردنی پارێزگاكانی عیراق بە تەصەوری من نا دەستوورییە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان و لیژنەی یاسایی ئەكەم كە هەڵبژاردنی پارێزگاكانی هەرێم و عیراق بە یەكەوەی گرێ نەدەن، چونكە دەستوور ئەو حەقەی داوە بە هەرێمی كوردستان كە كار بە قانوونەكانی خۆی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو روونكردنەوەی لیژنەی یاسایی روونكردنەوە بوو وە لەناو یاساكەدا هیچ گرێدانێك نییـە، وە لیژنەی یاسایی تەواو پابەندە بە دەستوور وە رەنگە پێویستی بـە روونكردنـەوە نـەبێت بۆیـان. مـاددەی (٣) بخوێننەوە سەرۆكی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێزبژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣): پێویسـتە ئەنجومـەنی وەزیـران لایەنـە پەیوەندیـدارەكان حوكمـەكانی ئـەو یاسـایە جێبـەجێ بكەن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ماددەی (٣) دەخەینە گفتووگۆ هەر ئەندامێك دەیـەوێت قسـە لەسـەر مـاددەی (٣) بكات دەست بەرز كاتەوە، بەڕێز (هدیـە) خـان، بـەڕێز كـاك (مـم)، بـەڕێز كـاك (ازاد)، فـەرموو (هدیـە) خان.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەلم ماددەی (٣) هەر وەكو خۆ بمینیٚ پشتگیری لەوە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك (مم)، فەرموو.

**بەڕێز مم اسكندر مم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر جار مە گولڤیٚ دەستەواژیٚ ل مەفهەمێدا كو پشتەڤانیا پێشنیارا هەڤالێت خـو دكـەم ددەمەكیـدا راسـتە مە بیرو باوەرێت سیاسی ئاینی ژیٚ جوداێت هەین بەس هەمی دڤیٚ هۆلێدا هەڤالێت ئیكین پیشنیار دەكەم كو ئەو پێشتگیریا دەبێژیت پشتەڤانیا پێشنیارا هەڤالێت خو دكەم بەس بوو كەسـیٚ حسیب نـەبی چونكە بەحس كییە مەبەست كییە، پشتگیریا گوتنا هەڤالاْ خۆ ( هدیە مراد) دكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك (ازاد)، فەرموو.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای (٣) دەكەین دوو پێشنیارم هەیە دەمەوێت ئەو پێشنیارە بلێم، یەكەم:لەیاسای ژمارە (٣) هاتووە ئەنجومەنەكان سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، بگۆڕێت سەر بە پەرلەمان بێت باشترە، ئەو كات وەحدەی حیسابی هەیكەلیشی دەبێت، چونكە ئێستا ئەنجوومەنەكان نە وەحدەی حیسابیان هەیە، وە نە هەیكەلیان هەیە، پێشنیاری دووەمیشم لە یاسای ژمارە (٣) هاتووە خولی یەكەمی ئەنجوومەن خانەنشین دەبێت، هەتا ئێستا دیار نییە خولی یەكەم كامەیە، وا باشترە خولی یەكەم هەڵبژێردرێت، بۆ ئەوەی بگۆترێت كە پاشان مەودایەكەیان تەواو بوو خانەنشین بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی ماددەی (٤) بخوێننەوە.

**بەڕێزبژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤): كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە ناكۆك بێت لەگەڵ دەقەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەرگای گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٤) دەكەینەوە، هیچ ئەندامێك نایەوێت قسە بكات، ماددەی (٥) بخوێننەوە.

**بەڕێزبژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنی جێبەجێ دەكرێت وە لە ڕۆژنامەی فەرمی وقائعی كوردستان بلاْو دەكرێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ ئەندامێك نایەوێت قسە لەسەر ماددەی (٥) بكات، فەرموو هۆیەكانی دەرچواندن بخوێنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچواندن:

بەمەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگاكان و بەردەوام بوونی ئەنجوومەنەكان لە پیادە كردنی تایبەتمەندیەكانی بەمەبەستی فەراهەم كردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریەكان بۆ هاوڵاتیان بەشێوەیەكی باشترئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەرگای گفتوگۆ لەسەر هۆیەكانی دەرچواندن دەكەینەوە هەر بەڕێزێك دەیەوێت قسە بكات دەست بەرز كاتەوە، بەڕێز مامۆستا (ویسی)، بەڕێز (د.محی الدین)، بەڕێز كاك (جەنان)، بەڕێز كاك (د.شێركۆ)، بەڕێز (د.زیدان)، بەڕێز (د.كاظم)، بەڕێز (د.گەلاویژ)، بەڕێز (د.اسماعیل)، بەڕێز مامۆستا(جیهاد)، بەڕێز كاك (مم)، بەڕێز مامۆستا (ڕێبوار)، بەڕێز (مژدە) خان. مامۆستا (وەیسی)، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵدام ئـەو نەصـە وەكو خـۆی بمێنێتـەوە، تـەنها لـە دێـری دووەم لـە پیـادە كردنـی تایبەتمەندیـەن بكرێت بە (لە پیادە كردنی دەسەلاٌتەكان) بە مەبەستی فەراهـەم كـردن و گەیانـدنی خزمەتگوزاریـەكان بـۆ هاولاٌتیان بە شێوەیەكی باشتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەنها روونكردنەوەیەك لەسەر تایبەتمەندیەكان، لەبەر ئەوە قانوونەكـە خـۆی ئیختیصاصـاتی بەكارهێناوە (فی ممارسە اختصاصات) كە دەلێت دەسەلاٌتەكان یەعنی صلاٌحیات، بـەلاٌم اختصاصـاتی بـەكار هێناوە تەرجوومە كراوە بۆ كوردیەكەی لە جێی (اختصاصات) (تایبەتمەندییەكان) بەكارهاتوو، بۆیە ئـەوە وەكو روونكردنەوەیەك بوو بۆتان، (د.محی دین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش دوو وشـە هەیـە یـەعنی بەراسـتی پیـادەكردنی تایبەتمەندیـەكان بكرێتـە (پسـپۆریەكان) و (دەسەلاٌتەكان)، لە ئاخیر دێریشت كە ئەم یاسایە دەرچوێنرا ئـەو یاسـایە هـەموار كـرا چـونكە ئـەو یاسـایە دەرنەچووە هەموار دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك (جنان)، فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش پشـتگیری مامۆسـتا (ویسـی) دەكـەم، بـەس ئـەلێرە ئـەمن تـەوزیحم هەیـە، مـەوزوعی پیـادەكردنی تایبەتمەندیەكانی، تایبەتمەندیەكانی وا بزانم ببیتە (پسپۆر) (اختصاصات) ئەو كەلیمـە ببیـت بـە پسـپۆر، وە تەحدید بكرێت ئایا تایبەتمەندیەكان بودجەیە دەسەلاٌتە لێپرسینەوەیە ئەركە روونكردنـەوەی دەوێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز (د.شیركۆ)، فەرموو.

**بەڕێز شیركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆكاری دەرچواندن لەگەڵ ماددەی (١) یەك ناگرێتەوە لەم هەموارەیا، بۆیە هۆكارەكانی دەرچواندن یان ئەبێت ماددەی (١) لابرێت، بۆ ئەوەی هۆكاری دەرچواندن وەكو خۆی بمێنێتەوە یان ئەبێت هۆكاری دەرچواندن ئەوەی ئیزافە بكرێت ئەوەی كە لە ماددەی (١) هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز (د.زیدان)، فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە هۆیەكانی دەرچوون دەكەین لە لیژنەی یاسایی و لە لیژنەی پێشمەرگە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز (د.كاظم)، فەرموو.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دوای ئەو پێشنیازانەی خۆم و هاورێكانم كردمان پێشنیاز دەكەین هۆیەكانی دەرچواندن بەم شێوازەی لێبكرێت بەمەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگاكان، پەرلەمانی كوردستان حوكمەت ناچار دەكات كە لە نزیكترین كاتدا وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاكان ئەنجام بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز (د.گلاویژ)، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموار كردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) لە جێگەی خۆیەتی بۆ ئەوەی بۆشاییەكی یاسایی دروست نەبێت، هاوڵاتیان بێبەش نەبن لە خزمەتگوزاریەكان و راهیكردنی ئیش و كارەكانیان، بۆیە هۆیەكانی دەرچواندن پشتگیری دەكەم و پاڵپشتی دەكەم كە وەكو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا بۆچوونا (د.شێركۆ) دكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا (جهاد)، فەرموو.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیریا لیژنا یاسایی دكەین هۆیەكانی دەرچواندن وەك خۆ بمینیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك (مەم)، فەرموو.

**بەڕێزمەم اسكندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە بڕوای من مەسەلەی هۆیەكانی دەرچوون پەیوەندی نییە لەگەل ماددەی (١)ی یاساكەدا، وەكو پێشتر باسمان كرد هاتووە، بەشی یەكەمیان هەڵبـژاردنی پارێزگا لـە دەرەوەی ئەنجوومـەن، كـە پـێم وایـە نووقتـە بنەرەتیەكەی ناو ئەم یاسایەیە وە زائیدەن درێژكردنەوەی ماوەی یاساكە، بۆیە پێشنیازم هەیـە ئەگـەر بـە زۆرینە پەسەند كرا پێداگری كرا لەسەر ئەوەی ئەو ماددەیەی یەكەمیان بە زۆرینە پەسەند كرا تێپەڕێنرا ئەو كاتە پێویست ئەكات دارشتنەوەی هۆیەكانی دەرچواندن پێشنیاز دەكەم بەم شێوەیە بێت، بەمەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگاكان و ئەگەر پەسەند كـرا كـە مـن دژی ئـەوەم كـە بـەم شـێوەیە پەسـەند بكرێـت، بـەلاَم ئەگـەر پەسـەند كـرا دەبێـت بـەم شـێوەیە بێـت سـیاغەكەی، (رێگـا خۆشكردن بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاش دەرفەتی هەڵبـژاردنی پارێزگـار هـەبێت بـۆ پیـادە كردنــی نــەك تایبەتمەندیــەكانی ئــەرك و دەســەلاَتەكانی بــە مەبەســتی فەراهــەم كــرن و گەیانــدنی خزمەتگوزاریەكان) تا دوایی بۆ هاولاَتیان هۆیەكانی دەرچواندن دەبێت پەیوەندی بە كۆی مادەكـانی تـرەوە بێـت لـە خزمـەتی مادەكـانی تـرا بێـت، دیسـانەوە جەختەكـەم پێویسـت دەكـات لـە دەرەوەی ئەنجوومـەن سەرۆكی پارێزگار هەڵنەبژێردرێت بەڵكو ئەندامی ئەنجوومەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (رێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابتان ئەزانن كە ئەنجومەنی پارێزگاكان بریتییە لە پەرلەمانێكی بچوك بـۆ چـاودێریكردنی دەسـەلاَتی جێبەجێكردنی خۆجێیی، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە یەكێك لە ئەركە سەرەكیەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكان كە بریتییە لـە چـاودێریكردن، پـێم باشـە دەسـتەواژەی (چـاودێری كـردن) ئیزافـە بكرێـت بـۆ ئـەم دەقـەی لـە هۆیـەكانی دەرچـواندن هـاتووە، ئـەویش بـەو شـێوەیەی لێبێـت، (بـە مەبەسـتی چـاودێریكرنی دەسـەلاَتی

جێبەجێ کراو و فەراهەم کردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاولاَتیان بە شێوەیەکی باشتر ئەم یاسایە دەرچوێنرا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز (د.کاظم)دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەستەی سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەکە روونکردنەوەتان هەیە؟ کاك (عباس) فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بۆ هۆیەکانی دەرچواندن رێکخستنەوەیە بۆ ئەندامانی بەڕێز، بەمەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەردەوام بوونی ئەنجوومەنەکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانی بە مەبەستی هەلبژاردنی پارێزگار لە دەرەوە ئەندامان یان لە نێوانیاندا بۆ فەراهەم کردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاولاَتیان بە شێوەیەکی باشتر ئەم یاسایە دەرچوێنرا، ئەمە هەندێك رای ئەندامانیش بۆ رێکخستنەوەی هۆیەکانی دەرچواندن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە رای لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆیە کە ئیزافەیان کردووە، هەم بەمەبەستی نەهێشتنی بۆشایی یاسای هەمیش بۆ هەلبژاردنی پارێزگار لە دەرەوە و لە ناوەوەی ئەندامانی ئەنجومەندا بەو شێوەیەی کە ئیشارەتی پێدارا، داوا لە هەردوو لیژنەی تایبەتمەند دەکەین کە هەر ئەمرۆ کۆبوونەوەی خۆیان بکەن وە پێشنیار و رای ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان کۆبکەنەوە راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن وە ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان ئاگادار دەکەینەوە کە بەیانی سەعات (١١:٠٠) ی پێش نیوەرۆ کۆبوونەوەی دەنگدانە لەسەر ئەو پێشیازی یاساییی کە ئەورۆ مناقەشەی کراوە، زۆر سوپاس بۆ بەرێزتان دانیشتنەکە هەلّدەگرین.

| | | |
|---|---|---|
| د. ڤالا فرید ابراهیم | هێمن هەورامی | منى نبى قهوچى |
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی**

**دووشەممە رێکەوتی ٨\٧\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٨

**کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٨ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری**

سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێرى پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (١٢)ی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٨) بەم شێوەیە بێت:

١/ دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١،٩٣،٩٦،٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، دانیشتنی ژمارە (١٢) وەرزی گرێدانی یەکەم ساڵی یەکەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بفەرموون بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار بە پێی حوکمی بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی (١ و ٥) لە ماددەی (٥٤) و ماددەکانی (٤٧) و (٥٢) و (٥٥) و (٥٦) و (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٧/٨ بەم شێوەیە بێت:

١/ دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١،٩٣،٩٦،٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی و ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچى/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١١) ئاسایی ڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٧/٧ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١/ دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢/ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەبوو و ئامادەنەبووان لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣/دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤/ خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وە خستنەڕووی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان و گفتوگۆ کردنی پێشنیازی یاسای ناوبراو بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٥/ کۆتایی هاتنی دانیشتنەکە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٧ .

١/بێگەرد دڵشاد شکرالله/مۆڵەت

٢/سۆران عمر سعید/ ئامادەنەبوو

٣/شنۆ اشقی عبدالله/ مۆڵەت

٤/شیرین امین عبدالعزیز/مۆڵەت

٥/فیصل عباس عولا/مۆڵەت

٦/ محسن حسین مستەفا/ ئامادەنەبوو

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، دەست بەجێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دەکەین، داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان دەکەین بفەرموون بۆ جێگای خۆیان، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ناونیشانی پێشنیازی یاسایەکەوە دەست پێ دەکەین، بفەرموون لەسەر ناونیشانەکە ئەگەر هیچ پێشنیارێك هەیە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، بەس ڕوونکردنەوەیەك وەکو لیژنا یاسایی، پشتی پێشتیازا یاسایا هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان د دانیشتنا ژمارە (١٠) ئاساییا پەرلەمانی کوردستان دا ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٦ خاندنا یەکی بۆ هاتیە کرن، ژ لایێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی ڕا هاتیە ئاراستە کرن بۆ هەردوو لیژنەیەن کاروبارێن یاسایی و لیژنا پێشمەرگە و نافخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنا خۆجێیەکان وەك کو لیژنێت تایبەتمەند، ل دیڤ وان ئەرکێت (٨٩) بڕگە ژ پەیڕەوی نافخۆیی پەرلەمانێ کوردستانێ دایە لیژنا تایبەتمەند بۆ داڕشتنا وان پێشنیاران ئەوێن ژ لایێ ئەندامێن پەرلەمانێ

ڤە د دانیشتنا ژمارە (١١) یا ئاساییا پەرلەمانی کوردستانێ دا هاتینە ئاراستە کرن، پشتی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند کۆن بوونا خۆ کری و وان پێشنیاران هاتینە کرن، نوکە ل بەر دەستی مەنە بتەنێ ئەو پێشنیارانە ئەوین گرێدای ب ناڤ و نیشانێ پێنشیازا یاسایی ڤە ژ بەر کو وەکو لیژنا یاسایی ئەو جوملە یان ئەو رستە یا کو نەگونجا دگەل ناڤ و نیشانێت یاسایێ مە ڕەش کر، ژ بەرهەندێ ئەو پێشنیار بتەنێ مە نە نڤیسینە ل ڕاپۆرتا خۆدا ئامادە نەکرینە، پێشنیازا یاسایی.

پێشنیازی یاسای هەموار یەکەمی یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرێمی کوردستان ـ عیراق وەکو لە ئەسڵی یاسایەکەدا هاتووە، هیچ پێشنیارێك نییە لەسەر ناونیشانی پێشنیازەکە، بفەرموو جارێکی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ناونیشانی پێشنیازی یاسایەکە، وەکو ئەوەی کە خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ڕەزامەندە لەسەر ناونیشان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس (٨١) پەرلەمانتار لەگەڵە ئەوەی لەگەڵ نییە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨) پەرلەمانتار لەگەڵ نییە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بفەرموون ماددەی یەکەم بخوێننەوە کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١

چوار پێشنیار هەنە، پێشنیاری یەکەم، هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان لە نێوانیان دا بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، لە ماوەیەك کە ئەوپەڕی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی بەستنی یەکەم دانیشتنەوە تێپەڕ نەکات تەنها بۆ ئەم خولە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیازی یەکەم دەخەینە دەنگدان، تەنها بۆ ئەم خولە ئیزافە کراوە کە سێ پەرلەمانتار تەئیدیان کردووە، واتا هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوە بۆ ناوەوەی ئەندامانی ئەنجومەن و بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێ لەماوەیەکدا کە ئەو پەڕی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی بەستنی یەکەمین دانیشتنەوە تێپەڕ نەکات تەنها بۆ ئەم خولە بێت، ئەو ئەندامانی کە لەگەڵن ئەو پێشنیازە بخرێتە دەنگدان

تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵ، ئەو ئەندامانەی کە دژی ئەو پێشنیازەن دەست بەرز بکەنەوە؟ زۆر سوپاس، (٥٩) پەرلەمانتار لەگەڵ پێشنیارەکە نین، پێشنیارەکە بە زۆرینەی دەنگ ڕەت کرایەوە، پێشنیاری دووەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم/

هەڵبژاردنی پارێزگار لە نێو ئەندامانی ئەنجومەن بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، لە ماوەیەکدا کە ئەو پەڕی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی بەستنی یەکەم دانیشتن تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە وەکو خوێندییەوە تەنها هەڵبژاردنی پارێزگارە لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن، ئەوەی لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەست بەرز بکاتەوە؟ (١٩) پەرلەمانتار لەگەڵ پێشنیارەکەیە، ئەو ئەندامانەی کە دژی پێشنیارەکەن دەست بەرز بکەنەوە؟ (٤٩) پەرلەمانتار دژی پێشنیارەکەن، کەواتە پێشنیارەکە بە زۆرینەی دەنگ ڕەت کرایەوە، پێشنیاری سێیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم/

هەڵبژاردنی پارێزگار لە نێو ئەندامانی ئەنجومەن بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، لە ماوەیەکدا کە (٣٠) ڕۆژ لە دوای سوێند خواردنی لە مێژووی بەستنی یەکەمین دانیشتنەوە تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدان، ئەو ئەندامانەی کە لەگەڵن، جیاوازە، لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوە دەدەن دەڵێن ئێمە دەزانین یەکەم دانیشتن سوێند خواردنە، بەڵام ئەمانەتەن لەبەر ئەوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان زیاتر لە سێ کەس پێشنیاری کردبوو، بۆیە خستوومانەتە نێو پێشنیارەکان، ئەوەی لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەست بەرز بکاتەوە تکایە، چونکە لە ناو ڕاپۆرتی لیژنەدا هاتووە، بیخوێننەوە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم/

هەڵبژاردنی پارێزگار لە نێو ئەندامانی ئەنجومەن بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، لە ماوەیەکدا کە (٣٠) ڕۆژ لە دوای سوێند خواردن لە مێژووی بەستنی یەکەم دانیشتنەوە تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەو ئەندامـە بەڕێزانـەی کـە لەگـەڵ ئـەو پێشـنیارەن دەسـتیان بـەرز بکەنـەوە؟ (٣) کـەس لەگەڵـە، ئـەو ئەندامانـەی کـە دژی ئـەو پێشـنیارەن دەسـت بـەرز بکەنـەوە؟ (٣٦) ئەنـدام پەرلـەمان دژی پێشـنیارەکەیە، پێشنیارەکە بە زۆرینەی دەنگ ڕەت کرایەوە، پێشنیاری چوارەم ئەوەیە کە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتـەوە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەکە وەکو خۆی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

خاڵی یەك لە بڕگەی سێیەم لە ماددەی شەشەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١-هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومـەن یـان لـە نێوانیـان دا بـە زۆرینـەی ڕەهـای ژمـارەی ئەنـدامانی ئەنجومـەن دەبێـت لـە ماوەیـەك دا کـە ئـەو پـەڕی (٣٠) ڕۆژ لـە مێـژووی بەسـتنی یەکـەمین دانیشتنەوە تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەو شـێوەیەی کـە خوێندرایـەوە دەیخەینـە دەنگـدان، ئـەو ئەندامـە بەڕێزانـەی کـە لەگـەڵن دەسـت بـەرز بکەنەوە؟ زۆر سوپاس، (٧٦) ئەندام پەرلەمان لەگەڵ ماددەکەیە، ئەوەی کە دژە دەست بـەرز بکاتـەوە؟ (٢١) ئەندام پەرلەمان دژە، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بفەرموون ماددەی (٢).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم/

بەدەر لە حوکمی بڕگەی دووەم لەگەڵ ماددەی چواردەمی یاساکە ئـەم خولـەی ئەنجومـەنی پارێزگاکـان لـە پیادەکردنی تایبەتمەندییەکانیان بەردەوام دەبن لە کاتی کۆتایی هـاتنی مـاوەی یاسـاییان تـا هەڵبـژاردن بـە مەرجێك لە ساڵێك تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری یەکەم دەخەینـە دەنگدان، بەمـەرجێك بـەردەوام دەبـن ئەنجومـەنی پارێزگاکـان بەمـەرجێك لـە ساڵێك تێپەر نەکات، ئەوەی کە تەئیدی ئەو پێشنیارە دەکات دەست بەرز کاتەوە؟ (٢٢) پەرلەمانتار لەگەڵە، ئـەوەی کـە دژی پێشـنیارەکەیە دەسـت بـەرز کاتـەوە؟ (٥٧) پەرلـەمانتار لەگـەڵ پێشـنیارەکە نییـە، کەواتـە پێشنیارەکە بە زۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو پێشنیاری دووەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیاری دووەم وەك خۆی، ئەصلەكەش:**

**ماددەی/٢**

**بەدەر لە حوكمی برگەی دووەم لە ماددەی چواردەمی یاساكە ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە پیادەكردنی تایبەتمەندییەكانیان لە كاتی كۆتایی هاتنی ماوەی یاساییان تا هەڵبژاردنی خولێكی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**وەكو خۆی خوێندرایەوە، ئەوەی كە لەگەڵە ماددەكە وەكو خۆی بڕوات بەو شێوەیەی كە سەرۆكی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە دەست بەرز كاتەوە؟ (٧٤) پەرلەمانتار لەگەڵ ماددەكەیە، ئەوەی كە دژ ماددەكەیە دەست بەرز كاتەوە؟ (٢٠) دژە، كەواتە ماددەی (٢) بە زۆرینەی دەنگ قبوول كرا. ماددەی (٣) بخوێننەوە، فەرموو.**

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (٣) هیچ پێشنیار نیینە ئەصلی ماددەكەش:**

**ماددەی/٣: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جیبەجێبكەن.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەی (٣) وەكو خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان ئەوەی لەگەڵە دەست بەرز كاتەوە؟ (٨٠) پەرلەمانتار لەگەڵە، ئەوەی دژە دەست بەرز كاتەوە؟ هیچ پەرلەمانتارێك دژ نییە، كەواتە ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ قبولّ كرا. ماددەی (٤) بخوێننەوە، فەرموو.**

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (٤) چ پێشنیار نیینە ئەصلی ماددە (٤) پێشنیازا یاسایێدا:**

**ماددەی/٤: كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارەك ناكرێت كە ناكۆك بێت لەگەڵ دەقەكانی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەی (٤) دەخەینە دەنگدان ئەوەی لەگەڵە دەست بەرز كاتەوە؟ (٨٠) پەرلەمانتار لەگەڵ زۆر سوپاس، ئەوەی دژی ئەو ماددەیەیە كە خوێنرایەوە دەست بەرز كاتەوە؟ هیچ پەرلەمانتارێك دژ نییە، كەواتە ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا. ماددەی(٥) بخوێننەوە، فەرموو.**

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) چ پێشنیار نەبوون ئەصلێ مادده ژ پێشنیارا یاسایێدا:

ماددەی/٥: ئەم ماددەیە لە ڕۆژی دەرچواندنی جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی فەرمی وقائعی کردستان بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوێنرایەوە ماددەکە وەکو خۆی دەیخەینە دەنگدان ئەوەی لەگەڵە دەست بەرز کاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٧٨) پەرلەمانتار لەگەڵە، ئەوەی دژە دەست بەرز کاتەوە؟ (١) پەرلەمانتار دژە، کەوا بێت ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. هۆیەکانی دەرچواندن، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن چ پێشنیار نەبوون ژ بەرکو ناڤەرۆك مە گەنجاندییە ل گەل هۆیەکانی دەرچواندن.

هۆیەکانی دەرچواندن:

بە مەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەردەوام بوونی ئەنجوومەنەکان لە پیادە کردنی تایبەتمەندیەکان و وە هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن، یان لە نێو ئەندامانی ئەنجومەن، بە مەبەستی فەراهەم کردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاولاّتیان بە شێوەیەکی باشتر ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆیەکانی دەرچواندن دوای ئەوەی لیژنەی یاسایەی سیاغەی کردۆتەوە لەسەر پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان ئەو برشگەیەی بۆ زیاد کراوە کە دەڵێت (هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان لە نێو ئەندامانی ئەنجومەن دەبێ و بەمەبەستی فەراهەم کردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاولاّتیان بە شێوەیەکی باشتر ئەم یاسایە دەرچوێنرا) ئەمە دەقی دارشتنەوەی لیژنەی یاساییە وە دەیخەینە دەنگدان، بەرێزان ئەندامنی پەرلەمان ئەوەی کە رەزامەندە لەسەر هۆیەکانی دەرچواند بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەست بەرز کاتەوە، (٧٩) پەرلەمانتار لەگەڵە، ئەوەی کە دژە دەست بەرز کاتەوە؟ (١٧) پەرلەمانتار دژە، کەواتە هۆیەکانی دەرچواندن بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ئێستا کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان ئەوەی کە رەزامەندە لەسەر کۆی یاساکە دەست بەرز کاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٨٠) پەرلەمانتار رەزامەندە، ئەوەی کە دژی یاساکەیە دەست بەرز کاتەوە؟ (٢٠) پەرلەمانتار دژە، کەواتە کۆی یاساکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

دەست خۆشی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین وە پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین بە بۆنەی دەرچواندنی ئەم پێشنیازی یاسایە، زۆر سوپاس دانیشتنەکەمان هەڵگرت.

**منى نبى قهوچى**
**سكرتێرى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**

**هێمن هەورامى**
**جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**

**د. ڤالا فريد ابراهيم**
**سەرۆكى پەرلەمانى**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)ی**

**چوارشەممە رێكەوتی ١٠\٧\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٧/١٠

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٧/١٠ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڤالا فرید ابراهیم سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری

سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێرى پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوار شەممە رێکەوتی (٢٠١٩/٧/١٠) بەم شێوەیە بێت:**

**یەکەم:**

**١-متمانەدان بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩) لە پەرلەمانی کوردستان ناوزەند کرا، وە بە فەرمانی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رادەسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان.**

**٢-خوێندنەی ناوی وەزیرەکان لەلایەن راسپێردراو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە پێی برگەی (٤)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، وە متمانە پێدان لەلایە پەرلەمانی کوردستان/عیراق.**

**دووەم: سوێند خواردنی بەڕێز سەرۆك، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی کابینەی وزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی (٦) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.**

**سێیەم: خوێندنەوە هێڵە گشتییەکان بەرنامەی کابینەی وزاری نۆیەم لە لایەن بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان/عیراق.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بە ناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی وەرزی گرێدانی یەکەم ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین بەرنامەی کاری دانیشتن بخوێنێتەوە، بفەرموون.**

**بەڕێز منى نبى نادر (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

**بەپێی حوکمی برگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم لە ماددەی (١٦) وە برگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، وە ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان/عیراق دەستەی سەرۆکایەتی**

پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە(١٣)ی ئاسـایی خـولی بـەهارەی سـاڵیەکەم لـە خـولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیـوەڕۆ ڕۆژی چوارشـەمە ڕێکـەوتی (٢٠١٩/٧/١٠) بەم شێوەیە بێت.

یەکەم:

١-متمانـەدان بـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران کـە بـە بڕیـاری ژمـارە (٧)ی سـاڵی (٢٠١٩) لـە پەرلـەمانی کوردسـتان ناوزەنـد کـرا، وە بـە فـەرمانی ژمـارە (١)ی سـاڵی (٢٠١٩) سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان ڕادەسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان.

٢-خوێندنەوەی نـاوی وەزیرەکـان لەلایـەن ڕاسـپێردراو سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران بـە پێـی بڕگـەی (٤)ی مـاددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی هـەموارکراو، وە متمانـە پێـدان لەلایـە پەرلـەمانی کوردستان/عیراق.

دووەم: سـوێند خـواردنی بـەڕێز سـەرۆك، جێگـری سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و وەزیرەکـانی کابینـەی وزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی (٦) لـە یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

سێیەم: خوێندنەوە هێڵە گشتییەکان بەرنامەی کابینەی وزاری نۆیەم لە لایەن بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان/عیراق.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز سکرتێری پەرلـەمان، بفـەرموون پوختـەی دانیشـتنی ژمـارە (١٢)ی ئاسـایی نـاوی ئامـادە نەبوان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێننەوە.

**بەڕێز منى نبی نادر (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٨) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

١-دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢-خوێندنـەوەی بەرنامـەی کـار و پوختـەی دانیشـتن و نـاوی ئامـادەبوو و ئامـادە نـەبووان لەلایـەن بـەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣-دستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤-دەنگدان و پەسەند کردنی یاسای هەمواری یەکـەمی یاسـای ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠٠٩) یاسـای پارێزگاکـانی هەرێمی کوردستان بە کۆی (٨٠) دەنگی پەرلەمانتار.

٥-کۆتایی هاتنی دانیشتنەکە لەلایەن بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یـان بـەبێ مۆڵـەت ئامادەنـەبوون بـۆ دانیشـتنی ژمـارە (١٢)ی ئاسـایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (٢٠١٩/٧/٨).

١- زياد جبار محمد (مۆڵەت).

٢-فيصل عباس عولا(مۆڵەت).

٣-شوان كريم محمد (ئامادە نەبوو).

٤-شنۆ اشقى عبدالله (ئامادە نەبوو).

٥-شيرين امين عبدالعزيز(مۆڵەت).

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشەكی بە ناوی دەستەی سەرۆكايەتی پەرلەمانی كوردستان و بە ناوی گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان بەخێرهاتنی ڕێزدار جەنابی (مسرور مسعودمصطفی بارزانی) ڕاسپێردراو بۆ پێكهێنانی كابينەی وزاری نۆيەمی هەرێمی كوردستان و جێگرەكەی و كانديدانی كابينەكە دەكەين، سوپاسی بەڕێزيان دەكەين كە لە پێش وادەی ياسايی كابينەكەی خستە بەردەمی پەرلەمان و ناو و سيڤی كانديدانی پێشكەش بە پەرلەمان كرد، ئەندامانی بەڕيزی پەرلەمان دەست بە جێبەجێكردنی بڕگەكانی كاری دانيشتنی ئەمرۆمان دەكەين، بڕگەی يەكەم بريتييە لە متمانەدان بە كابينەی وزاری نۆيەمی هەرێمی كوردستان، پاش خوێندنەوەی ناوی جێگر و سەرۆك و وەزيرەكان لەلايەن بەڕێزيان كانديدی ڕاسپێردراو بۆ سەرۆكی كابينەی وزاری نۆيەم بە پێی بڕگەی (٤) لە ماددەی (٥٦) لە ياسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)، تكا دەكەين ڕێزدار جەنابی (مسرور مسعود مصطفی بارزانی) بفەرموێت تەنها لە جێگای تايبەتی خۆی هەڵسێتەوە بۆ متمانە وەرگرتن، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە ڕێزدار جەنابی (مسرور مسعود مصطفی بارزانی) ببێتە بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستان تكايە دەست بەرز كاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٨٨) پەرلەمانتار متمانەی پێدا، ڕێزدار جەنابی (مسرور مسعود مصطفی بارزانی) بوو بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستان، پيرۆزبايی لە جەنابيان دەكەين و هيوای سەركەوتنی بۆ دەخوازين.

ئێستا تكا دەكەين لە جەنابيان بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستان ناوی جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران و وەزيرەكانی كابينەی نۆيەمی حوكمەتی هەرێمی كوردستان بخوێنێتەوە، بفەرموون.

**بەڕێز مسرور مسعود مصگفى/ سەرۆكیئەنجومەنی وەزيران:**

بە ناوی خوای گەورە و ميهرەبان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەم ليستەی خوارەوە ناوی كانديدانی پێشنياركراوەكانمانە بۆ پێكهاتەی كابينەی (نۆيەم)ی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كە پێشتر سيڤيەكانيان ئاراستەی بەڕێزتان كراوە، بەڕێز (قوباد جەلال حسام الدين تاڵەبانی) بۆ جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران، پۆستە وزاريە پێشنيار كراوەكان ئەمانەن:

فرست احمد عبدالله بۆ وەزیری (داد)، (شۆرش اسماعیل عبدالله) بۆ وەزیری (کاروباری پێشمەرگە)، (رێبەر احمد خالد) بۆ وەزیری (ناوخۆ)، ( ئاوات جەناب نوری صالح)، بۆ وەزیری (دارایی و ئابووری)، (د.سامان حسین محمد بەرزنجی) بۆ وەزیری (تەندروستی)، (ئالان حمە سعید صالح محمد) بۆ (وەزیری پەروەردە)، (دانا عبدالکریم حمە صالح عبدالرحمان)، بۆ وەزیری (ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن)، (ساسان عثمان عونی حبیب)، بۆ وەزیری (شارەوانی و گەشت و گوزار)، (د.ئارام محمد قادر امین) بۆ وەزیری (خوێندنی بالاْ و توێژینەوەی زانستی)، (د.دارا رشید محمد) بۆ وەزیری (پلان دانان)، ( کوێستان محمد عبدالله معروف) بۆ وەزیری (کاروباری کۆمەلاْیەتی)، (محمد سعید علی) بۆ وەزیری (رۆشەمبیری ولاوان)، (عبدالله محمد محمد سان احمد) بۆ وەزیری (شەهیدان و ئەنفالکراوان) ، (بێگەرد دلشاد شکرالله) بۆ وەزیری (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)، (کمال مسلم سعید قرنی) بۆ وەزیری (بازرگانی و پیشەسازی)، (ئانۆ جوهر عبدالمسیح عبدۆ) بۆ وەزیری (گواستنەوە و گەیاندن)، (پشتیوان صادق عبدالله) بۆ وەزیری (ئەوقاف و کاروباری ئاینی)، (کمال محمد صالح خلیل) بۆ وەزیری (کارەبا)، (خالد سلام سعید) بۆ وەزیری (هەرێم)، (ئایدن معروف سلیم) بۆ وەزیری (هەرێم)، (ڤالا فرید ابراهیم) بۆ وەزیری (هەرێم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە لە جێگای خۆتان دابنیشنەوە، زۆر سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ خستەرووی ناوی کابینەکەی، ئێستا بەرێز جەنابی (قوباد جەلال حسام الدین تاڵەبانی) کاندید بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەخەینە دەنگدان بۆ متمانە وەرگرتن، ئەوەی لەگەڵە دەست بەرز کاتەوە؟ زۆر سوپاس جەنابی بەڕێز (قوباد جەلال حوسامەدین تالەبانی) بە دەنگی (٧٣) پەرلەمانتار بوو بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین. ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان ئێتا بەرێز سکرتێری پەرلەمان یەك بە یەك ناوی وەزیرە کاندیدکراوە بەڕێزەکان دەخوێنێتەوە، تکا دەکەین ئەو بەرێزەی ناوی دەخوێنرێتەوە لە جێگای خۆی هەڵسێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانی پەرلەمانی کوردستان بۆ متمانە وەرگرتن، فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبی نادر قهوچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز (فرست احمد عبدالله ) بۆ وەزیری (داد) با بفەرمووێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز (فرست احمد عبدالله ) ببێت بە وەزیری (داد) لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ (٨٤) پەرلەمانتار متمانەی پێدا،بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە. فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (شۆرش اسماعیل عبدالله) بۆ وەزیری (کاروباری پێشمەرگە) با بفەرمووێت.

بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز (شۆرش اسماعیل عبدالله) ببێت بە وەزیری (کاروباری پێشمەرگە) لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ (٧٣)پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە. فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (ڕێبەر احمد خالد) بۆ وەزیری (ناوخۆ) با بفەرمووێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز (ڕێبەر احمد خالد) ببێت بە وەزیری (ناوخۆ) لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ (٧٦) پەرلەمانتار متمانەیپێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (ئاوات جەناب نوری صالح) بۆ وەزیری (دارایی و ئابووری) با بفەرمووێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز (ئاوات جەناب نوری صالح) ببێت بە وەزیری (دارای و ئابووری) لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ (٨١) پەرلەمانتار متمانەی پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە. فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچى/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (د.سامان حسین محمد بەرزنجی) بۆ وەزیری (تەندروستی) با بفەرمووێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی رەزامەندە بەڕێز (د.سامان حسين محمد بەرزنجی) ببێت بە وەزیری (تەندروستی) لە کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ (٨١) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە. فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (ئالان حمه سعيد صالح محمد) بۆ وەزیری (پەروەردە) با بفەرموویێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی رەزامەندە بەڕێز (ئالان حمه سعيد صالح محمد) ببێت بە وەزیری (پەروەردە) لە کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ (٨١) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە. فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (دانا عبدالكريم حمه صالح) بۆ وەزیری (ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن) با بفەرموویێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی رەزامەندە بەڕێز (دانا عبدالكريم حمه صالح) ببێت بە وەزیری (ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن) لە کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ (٨٠) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە. فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (ساسان عثمان عونی) بۆ وەزیری (شارەوانی و گەشت و گوزار) با بفەرموویێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی رەزامەندە بەڕێز (ساسان عثمان عونی) ببێت بە وەزیری (شارەوانی و گەشت و گوزار) لە کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ (٨٥) پەرلەمانتار متمانەیانم پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە. فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز د.ئارام محمد قادر أمين بۆ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز ئارام محمد قادر أمين ببێ بە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٧٦) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز د.دارا رشيد محمود بۆ وەزیری پلاندانان با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز دارا رشيد محمود ببێ بە وەزیری پلاندانان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٧٥) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله معروف بۆ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز کوێستان محمد عبدالله معروف ببێ بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٧٤) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز محمد سعيد علی بۆ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز محمد سعيد علی ببێ بە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٧٥) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالله محمود محمد سان أحمد بۆ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز عبدالله محمود محمد ببێ بە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ بۆ خۆشت بۆت هەیە دەنگ بدەی، فەرموو، تا سوێند دەخوات بۆی هەیە دەنگ بدات ئەندام پەرلەمان، (٨٥) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تکایە ئەو پەرلەمانتارانەی کە متمانە وەردەگرن بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن دەنگ بدەن تا سوێندی یاسایی دەخۆن، چونکە کاتێک کە سوێندی یاسایی دەخۆن هەموو

روکنەکانیان تێدا جێبەجێ دەبێ کە دەبن بە ئەندام لە ئەنجومەنی وەزیران، فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله بۆ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله ببێ بە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨٣) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز کمال موسلیم سعید قەرەنی بۆ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز کمال موسلیم سعید قەرەنی ببێ بە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨٥) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز ئانۆ جوهر عبدالمسیح عەبدوکا بۆ وەزیری گواستنەوەی و گەیاندن با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز ئانۆ جوهر عبدالمسیح ببێ بە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨٠) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز پشتیوان صادق عبدالله بۆ وەزیری وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز د.پشتیوان صادق عبدالله ببێ بە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٧٧) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز کمال محمد صالح خلیل بۆ وەزیری کارەبا با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز کمال محمد صالح خلیل ببێ بە وەزیری کارەبا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨٥) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز خالد سلام سعید بۆ وەزیری هەرێم با بفەرمویێ.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز خالد سلام سعید ببێ بە وەزیری هەرێم لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٦٨) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز ئایدن معروف سلیم بۆ وەزیری هەرێم با بفەرمویێ.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز ئایدن معروف سلیم ببێ بە وەزیری هەرێم لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٧٨) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزە.

**بەڕێز منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم بۆ وەزیری هەرێم با بفەرمویێ.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی ڕەزامەندە بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم ببێ بە وەزیری هەرێم لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨٣) پەرلەمانتار متمانەیان پێدا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی وەرگرت، پیرۆزبایی متمانە بەخشین لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆك و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەین کە بریتی یە لە سوێند خواردنی بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆك و وەزیرانی کابینەی وەزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەی (٦) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، تکا دەکەین زۆر بەڕێز جەنابی مسرور مسعود مصطفى بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق بفەرمویێت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز مسرور مسعود مصطفى بارزانی:**

من مسرور مسعود مصطفى بارزانی بە خودای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

قوباد جلال حسام الدین تاڵەبانی بۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان با بفەرمویٚ.

**بەڕێز قوباد جلال حسام الدین تاڵەبانی:**

من قوباد جلال حسام الدین تاڵەبانی بە خودای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز فرست أحمد عبدالله بۆ وەزیری داد با بفەرمویٚ.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

من (فرست احمد عبدالله) بە خوای گەورە و مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتیری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (شۆرش اسماعیل عبدالله) بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگە با بفەرموێت.

**بەڕێز شۆرش اسماعیل عبدالله:**

من (شۆرش اسماعیل عبدالله) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتیری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (ڕیبر احمد خالد) بۆ وەزیری ناوخۆ با بفەرموێت.

**بەڕێز ڕیبر احمد خالد:**

من (ڕیبر احمد خالد) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتیری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (ئاوات جەناب نوری صالح) بۆ وەزیری دارایی و ئابووری با بفەرمویێت.

**بەڕێز ئاوات جەناب نوری صالح:**

من (ئاوات جەناب نوری صالح) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتیری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (د.سامان حسین محمد بەرزنجی) بۆ وەزیری تەندروستی با بفەرمویێت.

**بەڕێز د.سامان حسین محمد:**

من (سامان حسین محمد بەرزنجی) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتیری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (ئالان محمدسعید صالح) بۆ وەزیری پەروەردە با بفەرمویێت.

**بەڕێز ئالان محمد سعید صالح:**

من (ئالان محمدسعید صالح محمد) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتیری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (دانا عبدالکریم حمەصالح) بۆ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن با بفەرمویێت.

**بەڕێز دانا عبدالکریم حمەصالح عبدالرحمن:**

من (دانا عبدالکریم حمەصالح عبدالرحمن) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منى خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (ساسان عثمان عونى حبيب) بۆ وەزیرى شارەوانى و گەشتوگوزار با بفەرموێت.

**بەڕێز ساسان عثمان عونى:**

من (ساسان عثمان عونى حبيب) بە خواى مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزیەوە پاریزگارى لە يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عيراق بكەم و ڕێز لە ياسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منى خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (د.ئارام محمد قادر امين) بۆ وەزیرى خويندنى باڵا با بفەرموێت.

**بەڕێز ئارام محمد قادر امين:**

من (ئارام محمد قادر امين) بە خواى گەورە و مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزیەوە پاریزگارى لە يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عيراق بكەم و ڕێز لە ياسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منى خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (د.دارا رشيد محمود) بۆ وەزیرى پلاندانان با بفەرموێت.

**بەڕێز د.دارا رشيد محمود:**

من (دارا رشيد محمود) بە خواى مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزیەوە پاریزگارى لە يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عيراق بكەم و ڕێز لە ياسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منى خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (كوێستان محمد عبدالله معروف) بۆ وەزیرى كاروبارى كۆمەڵايەتى با بفەرموێت.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله معروف:**

من (کویستان محمد عبدالله معروف) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (محمد سعید علی) بۆ وەزیری رۆشنبیری و لاوان با بفەرموێت.

**بەڕێز محمد سعید علی:**

من (محمد سعید علی) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (عبدالله محمود محمد سان احمد) بۆ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان با بفەرموێت.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد سان احمد:**

من (عبدالله محمود محمد سان احمد) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (بێگرد دڵشاد شکرالله) بۆ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو با بفەرموێت.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله:**

من (بێگەرد دڵشاد شکرالله تاڵەبانی) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز ( كمال مسلم سعيد قرنى) بۆ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی با بفەرموێت.

**بەڕێز كمال مسلم سعيد قرنى:**

من (كمال مسلم سعيد قرنى) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عیراق بكەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (ئانو جوهر عبدالمسيح عبدۆكە) بۆ وەزیری گواستنەوە و گەیاندن با بفەرموێت.

بەڕێز ئانۆ جوهر عبدالمسيح عبدۆكە:

( به زمانی خۆی سويند دەخوات )

من (ئانۆ جوهر عبدالمسيح عبدۆكە) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عیراق بكەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (پشتیوان صادق عبدالله) بۆ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی با بفەرموێت.

**بەڕێز پشتیوان صادق عبدالله:**

من (پشتیوان صادق عبدالله) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عیراق بكەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (كمال محمد صالح خليل) بۆ وەزیری كارەبا با بفەرموێت.

**بەڕێز كمال محمد صالح:**

من (كمال محمد صالح) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزیەوە پاریزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عیراق بكەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (خالد سلام سعيد) بۆ وەزيری هەرێم با بفەرموێت.

**بەڕێز خالد سلام سعيد:**

من (خالد سلام سعيد شوانی) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزيەوە پاريزگاری لە يەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عيراق بكەم و ڕێز لە ياسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (ئايدن معروف سليم) بۆ وەزيری هەرێم با بفەرموێت.

**بەڕێز ئايدن معروف سليم:**

من (ئايدن معروف سليم) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزيەوە پاريزگاری لە يەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عيراق بكەم و ڕێز لە ياسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

( من .......... بە زمانی توركی)

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (د.ڤالا فريد ابراهيم) بۆ وەزيری هەرێم با بفەرموێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

من (ڤالا فريد ابراهيم حسين) بە خوای گەورە سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزيەوە پاريزگاری لە يەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عيراق بكەم و ڕێز لە ياسا ڕەچاوكراوەكان بگرم.

**بەڕێز هيمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستان.**

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران.**

وەزيرە بەڕێزەكانی كابينەی نوێيەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەناوی دەستەی سەرۆكايەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەڕێزەكانەوە پيرۆزباييەكی گەرمتان ئاراستە دەكەين بە بۆنەی متمانە بەخشينی

پەرلەمانی کوردستان بە ئێوەی بەڕێز، ئەمرۆ ڕۆژێکی دیکەی پڕشنگدارە لە مێژووی گەلی کوردستان و هەنگاوی زیاتر لە چەسپاندنی دیموکراسیەت و دەست پێکێکی دیکەی نوێیە بۆ هەرچی زیاتر بەهێز کردنی دامەزراوە دەستووریەکان و حکومڕانی خۆ بەخۆی گەلی کوردستان ، پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هەماهەنگی و هاریکاری بە پێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و لە کاری تەشریعی و چاودێری خۆی، بۆ هێنانەدی ئومێد و چاوەڕوانی گەلەکەمان بەردەوام دەبێت لەگەڵ کابینەی نوێیەم تاوەکو بە پێی تایبەتمەندی دامەزراوەکان بە هەموومانەوە کوردستانێکی بەهێزتر بونیاد بنێین، بۆیە جارێکی تر بەناوی گەلی کوردستان بە ناوی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، بەڕێزان ئێستا بەردەوامین لە جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆمان، ئێستاش داوا لە زۆر بەڕێز (مسرور مسعود مستەفا بارزانی) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کور دستان دەکەین بفەرمویت بۆ پێشکەش کردنی هێڵە گشتیەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز مسرور مسعود مصطفی بارزانی/ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز هیوادارم تۆزێ پشووتان درێژ بێت، لەوانەیە چەند بیست دەقیقەیەك، نیو سەعاتێك بخایەنێت بۆ خوێندنەوەی وتار و بەرنامەی کار.

خۆم بە خۆشحاڵ و بەختەوەر دەزانم کە ئەمرۆ لەگەڵ هەڤاڵانم و هاوکارانم لەبەردەم ئەم پەرلەمانە بەڕێزە دەستکەوتی خەبات و قوربانی دانی گەلەکەمانە و متمانەمان پێی بەخشراوە و سوێندی یاساییمان خوارد، ئەمرۆ لە سایەی خوێنی شەهیدان و تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکان خۆڕاگری گەلەکەمان کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدایك بوو، کە بەڵگەیەکی دیکەی ئیرادەی سیاسی هێزە کوردستانیەکانمانە کە پابەند بوون بە پرۆسەی دیموکراسی و دەستاودەست کردنی دەسەڵات، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ستایشی هاووڵاتیانی کوردستان بکەم کە لە ٢٠١٨/٩/٣٠ لە پرۆسەیەکی دیموکراسی دا بەشدار بوون و دەنگیان داو سوپاسیان دەکەین کە لە پێناو پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز و پاراستنی تەبایی و یەکڕیزی هێزە سیاسیەکان لەگەڵمان پشوو درێژ بوون، لەم ڕۆژەدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینم ئاراستەی جەنابی سەرۆك بارزانی بکەم کە بە ڕابەرایەتی جەنابیان گیانی بەرگری و خۆڕاگری لەهەرێمی کوردستان دا بەرز و بەهێز ماوەتەوە و بەو هۆیەشەوە توانیومانە لە هەموو ئاستەکاندا بەرگەی سەختیەکان بگرین و ئیرادەی گەلەکەمان بەسەر خواستی ناحەزان سەرخەین، هەر لێرەدا سوپاس و ڕێزم ئاراستەی کابینەی هەشتەم بە تایبەت برای بەڕێزم کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەم کە لە ڕۆژە سەختەکانی ڕابردوودا لە خزمەتی هاووڵاتیان و نیشتمانیان دا بەردەوام بوون و دەستکەوتی بەرچاویان بۆ خزمەت و

گـوزەرانی هاووڵاتیـان هـەبووە، بـەڕێزان سـەرۆکایەتی  پەرلـەمان و سـەرجەم پەرلـەمانتارانی کوردسـتان سوپاسـی ئێـوەی نوێنـەرانی گـەل دەکـەم کـە متمانـەتان بـە خـۆم و جێگـری سـەرۆك وەزیـران و وەزیـرە بەڕێزەکانی هاوکارم بەخشی، بێگومان بە هەموو توانایەکمان هەوڵ دەدەیـن لـە ئاسـت ئـەم متمانەیـە بـین، پـلان و ئامانجـەکانمان بـۆ خزمـەتی هاووڵاتیـان لـە چوارچـێوەی بەرنامەیـەکی کـار ڕێکخسـتووە کـە نەخشەڕێگای سـەرەکی و گشـتیمان دەبـێ لـە کابینـەی نـوێی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و وەك بڕگـەی دووەمـی وتارەکـەم دەیخەمـە ڕوو، بـەڕێزان زۆربـەی حـزب و لایەنـەکانی بەشـداربووی ئـەم کابینەیـە لـە ماوەکـانی ڕابـردوو بـە دروشـم و وتـاری جۆراوجـۆر باسـیان لـە پێویسـتی خزمـەتێکی باشـتری هاووڵاتیـان کردووە، هیوادارین ئەم بەڵێن و دروشمانە لەم کابینەیەدا بکرێنە کردار و جێ بـەجێ بکـرێن، چـونکە ئـەم کابینەیـە ئـەرکی خزمـەتی هاووڵاتیـان لـە پـێش هـەموو کـار و ئەرکـەکانی دیکـە دادەنێـت و خـۆی بـە خزمـەتکاری هاوونیشـتمانیان دەزانێـت، بۆیـە لای ئێمـە هـاووڵاتی میحـوەری سـەرەکی دەبێـت و ئامـانجی گەورەمان خزمەت کردنیانە بە بێ جیاوازی، چاوەڕوانی زۆر لەم کابینەیە دەکرێت، هەوڵ دەدەین لە ئاست ئەم چاوەڕوانیە بین، لە هەمان کاتدا هیوادارم جەماوەری خۆشەویستمان واقیـع بـین بـن و کۆسـپ و کێشـە گرفتە کەڵەکە بووەکان بەرچاو بگرن، چونکە تێپەڕاندنی ئەم کۆسپ و تەگەرانە بەشە و ڕۆژێك ناکرێت و دەبێت هەموومان پشتیوان و هاوکاری یەکتر بین، دەمانەوێ لەسەرەتاوە لە گەڵ هاووڵاتیانی خۆمان ڕاستگۆ و شەفاف بین و وە  واقعی دۆخەکە لەبەرچاو بگرین، بەڵام لەهەمان کاتدا بەڵێنی ئەوە دەدەین کـە ئـەوەی لـە توانامـان دابێـت درێخـی نەکـەین و لـە پێنـاو چارەسـەری بنـەڕەتی گرفتـەکان و خزمـەتی گـەل و وڵات هەموو هەوڵ و تواناییەکمان دەخەینەکار، بەڕێزان بە پێی هەموو ڕاپرسیەکان خواستی یەکەمی هاووڵاتیان ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵیـە، خواسـتی یەکـەمی منـیش لـەم کابینەیـەدا ڕووبەڕووبوونـەوەی گەنـدەڵی و ئەنجامـدانی چاکسـازییە، گەنـدەڵی دیاردەیـەکی ترسـناکە بـەڵام نەبووەتـە کلتـور وە لـە توانامـان دایـە بـە پاڵپشتی ئیرادەی هاووڵاتیـان و هاوکـاری دامودەزگـا پەیوەنـدارەکان لـە ماوەیـەکی کـەم دا ئـەم دیاردەیـە بـە ڕێژەیەکی بەرچاو و بەرتەسك و بچووك بکەین، ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی گەنـدەڵی نـراون بەرز دەنرخێنین و لەمەولاش بـەهیچ جۆرێـك بەرامبـەر بـە گەنـدەڵکاران و سەرپێچیکەران نـەرمی نـانوێنین و دەبێـت خواسـتی هاووڵاتیـان بـەجێ بگەیـەنرێت، بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان و جـەماوەری خۆشەویستی کوردستان هەموو ئەم وەزیرە بەڕێزانەی هاوکارم کە لەلایەن حزبەکانیانەوە پێشـنیار کـراون ئێسـتا دوای ئـەوەی متمانـەیان پێـدرا و سـوێندی یاسـاییان خـوارد بـوون بـە وەزیـری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و لەمـەولا ئەجنـدا و بەرنامـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان جـێ بـەجێ دەکـەن و هـیچ وەزارەتێـك یـان وەزیرێـك ناتوانێـت و ڕێگـەی پـێ نادرێـت لـە دەرەوەی بەرنامـەی حکومـەت ڕەفتـار بکـات، وەزیرە بەڕێزەکان سەر بەهەر لایەنێك بن  پێویستە بزانن وەزارەتەکانیان هی هەموو خەڵکی کوردستانە و نـابێ بەرژەوەندیـە تایبـەتی و حزبیـەکان بـاڵ بەسـەر هـیچ وەزارەتێـك دا یـان دامودەزگایـەکی حکـومی دا بکێشێت، ئەم حکومەتە کاروچالاکی و خزمەتگوزاریەکانی لەهەر بستێکی کوردستان دا دەبێت و حکومـەتی

هەمووانە، بەڕێزان حکومەتێکمان وەرگرتووە کە چەندین ملیار دۆلار قەرزدارە ئەم قەرزانە کەڵەکەبووی ڕەوشی نالەباری دارایی و دۆخێکی نەخوازراوە و دەبێت هاووڵاتیانی ئازیزمان و هەموو دڵسۆزان لە هەرێمی کوردستان و عیراقیش بزانن کە بەشی زۆری ئەم قەرزانە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عیراقی فیدراڵ، ئەویش بەهۆی ناردنی بەشە بودجەیەك کە مووچە و مافی هاووڵاتیانی هەرێم بووە، ئەم ڕەوشە داراییە لە دەستپێك دا کابینەکەمان ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی دارایی دا دەکاتەوە، بەڵام هەوڵ دەدەین بە پێی بەرنامەی کارمان ئەم دۆخە تێ بپەڕێنین، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەیەك بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکەین، بەڕێز عادل عبدالمهدی / سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ بە کردەوە نیازپاکی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکان پێشان داوە، کە جێگەی پێزانینە، بۆیە ئەبێ هەردوو لا سوود لەو کەشە ئیجابیە وەرگرن و بە پێی دەستوور هەنگاو بۆ چارەسەری گشت کێشە هەڵواسراوەکان بنێینن لێرە دڵنایی ئەدەین ئەرکی هەرە لە پێشینە کارکردن ئەبێ بۆ ئەوەی زەمینەی بارتر برەخسێنین تا دانووستانەکان بەرهەمدار تر بن و بە کردەوە ئەنجامەکان ببینین، بۆ دەرخستنی نیازپاکیمان لە ماوەیەکی نزیك دوای جێگیر بوونی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدا ئەکەین و هاوکار و هاوهەڵوێستی ئەو هێزانە ئەبین کە خوازیاری سەقامگیری و پێشکەوتنی عێراق و هەرێمی کوردستانن، کوردستانی بەهێز هەوێنێك ئەبێ بۆ عێراقی فیدراڵی بەهێز، لە کۆتایی داوای هاوکاری و پشتگیری لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەکەم تا بتوانین پێکەوە ڕووبەڕووی گرفتەکان ببینەوە و بەرنامەی کاری حکومەت بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمان جێ بەجێ بکەین، خوا پشتیوان بێ بەردەوام ئەبین لە هەوڵ تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی باو باپیران، بەرپرسیار ئەبین لە خەباتی سەردەمیانە تا گەیشتن بەو قۆناغەی ئاواتی شەهیدان و هەموو پێشمەرگە و هاوولاتیانی خۆراگری کوردستان بووە، ئەوەی لێرە ئەخەینە ڕوو تەنیا هێڵە گشتیەکانی کارنامەی حکومەتە تێیدا ئامانجی گەورەمان هەلگرتووە و ئیرادەی بەهێزیش هەیە بۆ جێ بەجێ کردنیان و، بەلام ئەمانەوی زۆرترین کار و کەمترین گوتارمان هەبێ، ئێستاش هێڵە گشتیەکانتان بۆ ئەخوێنمەوە، هێڵە گشتیەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانن ئەو بەرنامەیە لەسەر بنەمای ڕێکەوتنە سیساسییەکان و پوختەی بەرنامەی گشت لایەنە سیساسیەکانی ناو کابینەی نۆیەم ڕێکخراوە و بۆچوون و پلانی بەشداربووانی ئەو کابینەیە لە خۆ ئەگرێ، جێ بەجێ کردنی ئەو بەرنامەیەش بەرپرسیاریەتی هاوبەشی سەرجەم لایەنە بەشدار بووەکانی ناو ئەو کابینەیە ئەبێ، هێڵە گشتیەکان لە چەند بابەتێك پۆلێن کراون و بەو شێوەی خوارەوەیە:

لە ئاستی چاکسازی:

١ کار دەکەین لە چاکسازی لە کەرتی گشتی لە مووچە خۆر و خانەنشین و چارەسەر کردن و ڕێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەبەرامبەر هەر سەرپێچیەکی یاسایی کە لەو کەرتە

کرابێ ئەوەش لە ڕێگەی چەسپاندنی یاسا و دروست کردنی ئەنجوومەنی ڕاژە و ئامادەکردنەوەی یاسای چاکسازی ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.

٢- کار ئەکەین بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و خێرا کردنی ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاووڵاتیان و ڕێز گرتن لێیان لە دامودەزگا فەرمیەکان بە کردەوە هەوڵ ئەدەین بۆ خزمەت کردنی دامودەزگا حکومیەکان لە ئاست هاووڵاتیان، لە پەیوەندی بەو بابەتە هەرچی زووترە پەرە بە خزمەتگوزاریە ئەلیکترۆنیەکان ئەدەین.

٣- نابێ بەرپرسانی باڵای حکومەت پێگەی کارگێری خۆیان بۆ بازرگانی و دەوڵەمەند بوونت بە کار بێنن، بە پشت بەستن بە یاسا بەرکارەکانی حکومەت نابێ بەرپرسان کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و بەرهێنان بکەن و لێپرسینەوە لە هەر سەرپێچیەك لەو بوارەوە ئەکەین.

٤- ئەنجامدانی ئیفاد سەفەر و بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس بەپێی پێویستی ئەبێ و ڕێگە لە بەهەدەردانی سامان و خراپ بەکارهێنان و بەلا ڕێبردنی لەو بوارەوە ئەکەین.

٥- بە هەموو توانامان ڕووبەڕوی هەموو جۆرە گەندەڵی دارایی و کارگێری ئەبینەوە و ڕێگر ئەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدە ڕەوی بۆ سەر موڵکو مومتەلەکاتی هەرێم ئەوەش لە ڕێگەی کاراکردن و پشتیوانی کردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە و داوکاری گشتی.

٦- کار ئەکەین بۆ چەسپاندنی شافیفەت لە گشت بوارە داراییەکانی هەرێم بە تایبەتی لە بواری داهاتە داراییەکانی هەرێم و داهاتە ناوخۆییەکان، بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە کار ئەکەین بۆ دامەزراندنی سەندوقی داهاتە نەوتیەکان بە پێی یاسای پەیوەندیدار.

٧- بەپێی ستانداردی جیهانی چاکسازی لە کەرتی تەندروستی دەرمان و خۆراك ئەکەین و ڕێکاری یاسایی بۆ هەر سەرپێچەیك لەو لایەنە بکرێ ئەگرینە بەر، بۆ ئەو مەبەستەش دامەزراوەی خۆراك و دەرمانی هەرێم سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دائەمەزرێنین.

٨- چاکسازی لە سیستەمی باج ئەکەین و ئەبێ دادپەروەری لە وەرگرتنی باج بکرێ و هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێری ئەگرینە بەر  بۆ ڕێگە گرتن لە خۆ دزینەوە لە باج و میکانیزم پێوەری تازە ئەگرینە بەر بۆ ڕێکسختنی باج.

٩- کار ئەکەین بۆ ڕێگە گرتن لە قۆرخ کاری بەپێی یاسای بەرکار و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ململانێی بازرگانی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکانی پشکداری.

١٠- پشتیوانی کاری چاودێری پەرلەمان ئەکەین و بۆ ئەو مەبەستەش پابەند ئەبین بە هەموو ڕێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسای پەیرەوی ناوخۆ بنەماکانی کاری پەرلەمانی و بەپێی بنەماکانی کاری پەرلەمان ڕێز لە ئۆپۆزۆسیۆنی پەرلەمانی ئەگرین.

١١- سەندوقی خانەنشینی بەپێی یاسای پەیوەندیدار لە هەرێم کارا ئەکەین بۆ ئەوەی ئەو سەندوقە گەرەنتی مافەکانی خانەنشینان بکات.

١٢- بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم لە پێناو بەهێز کردنی سیستەمی بەرگری و رووبەر و بوونەوەی مەترسیەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێم پێداچوونەوە بە میکانیزم و رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاساییشی ناوخۆ ئەکەین و هەوڵ ئەدەین بە هاوکاری پسپۆرانی ناوخۆ و دەرەکی ئەم هێزانە لە ستانداردە سەربازیەکان نزیك بکەینەوە.

١٣- کار ئەکەین بۆ سەروەری کردنی یاسا و رێز گرتن لە سەربەخۆی دادوەری و نابێ لە کوردستان کەس لە سەروی یاسا بێ، هیچ کەسێ رێگەی پێنادرێ بەهۆی پێگەی سیاسی و کۆمەلایەتی و حیزبی لە دەست یاسا رابکات و خۆی لە دەرەوەی یاسا ببینێتەوە، و کاری جدی ئەکەین بۆ کۆنترۆل کردنی دیاردەی بلاو بوونەوەی چەك لە ناو کۆمەلگە.

لە ئاست خزمەتگوزاریەکان:

١ کار ئەکەین بۆ باشتر کردنی کەرتی تەندروستی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاووڵاتیان و هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یان دڵنیایی تەندورستی بە پێوەری گونجا و بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان ئەدەین، و کار ئەکەین بۆ پێشکەش کردنی رەشنووسی یاسای مافی نەخۆش و رێکخستنەوەی مافی نەخۆش بۆ پاراستنیان لە هەر دەستدرێژیەك.

٢- کار ئەکەین بۆ چارەسەری بنەرەتی کێشەی کارەبا لە زیاد کردنی ئاستی بەرهەم هێنان وکەمکردنی بەهەدەر دان و دابەش کردنی پێشکەوت و گونجاوی کارەبا، و کار ئەکەین بۆ رێکخستنەوەی گونجاوی نرخی کارەبا و دامەزراندنی میکانیزمی کاریگەر و سەردەمیانە بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا لە بەکاربەران.

٣- کار ئەکەین بۆ چاکردن و بەرز کردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کەرتی گشتی دانانی رێکاری راکێشانی بەشداری سەرمایەدارانی هەرێم و دەرەکی بۆ بەشداری لە ئاوایی کردنی قوتابخانەی نوێ لەو شوێنانەی پێویستە، و کار ئەکەین بۆ بەپێداچوونەوە بە مەنهەجی پەروەردەیی و گونجاندنی ناوەرۆکیان بە پێی ستانداردە باوەرپێکراوەکان.

٤- کار ئەکەین بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاویەکانی سەر زەوی هەرێم بۆ بواری خواردنەوەی هاووڵاتیان و بە جۆرێك ئاوی پاك بگەیەنرێتە هەموو هاووڵاتیان و تا بکرێ ئاوی ژێر زەوی بە هەدەر نەدرێ.

٥. کار ئەکەین بۆ باشتر کردنی رێگە و بانی هەرێمی کوردستان و سیستەمی هاتووچۆی هەرێم و هەوڵ ئەدەین وەبەرهێنی بیانی و کەرتی تایبەت بۆ ئەو بوارە راکێشین و رێگاوبانی هەرێم کە ساڵانێکە هۆکاری زیانی گیانی وماڵی هاووڵاتیانە لە ستانداردە باوەکان نزیك بکەینەوە.

٦- کار ئەکەین بۆ رەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوان کردنی وەبەر هێنان لە بوارە جیاجیاکانی وەکو پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشت و گۆزار تا بەو هۆیەوە دەرفەتی کار زیاد بکرێ و یاسای کار بە جۆرێك رێك بخرێ کە دەرفەتی کار بۆ گەنجانی هەرێم زیاتر بکرێ.

٧- کار ئەکەین بۆ زامن کردن و ڕێکخستنەوەی سەرجەم مافە یاساییەکانی کارمەند و کرێکارانی کەرتی تایبەت بە جۆرێك ماف خانەنشینی و کاتژمێرەکانی کار و بیمە یان دڵنیایی تەندروستی داهاتوویان پارێزراو بێ.

٨- خزمەتی خانەوادەی شەهیدان و ئنفال کراوان و کەمئەندامانی سەرنەگەر و برینداراني هەڵمەتی جینۆساید و زیندانیە سیاسییەکان لە کارە بەراییەکانی حکومەت ئەبێ، و کار ئەکەین بۆ پێدا چوونەوە بە لیستەکانیان و پاك کردنەوەیان لەو ناوانەی کە بە شێوەی نائاسیی زیاد کراون.

٩- بە مەبەستی دەستبەر کردنی ژیانێکی شایستە گرنگی تایبەت بە کاروباری خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ئەدەین.

١٠_ ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە کار ئەکەین بۆ پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کەلتووری ژینگە پارێزی، کار ئەکەین بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پێشکەوتووی ڕێسایکلو چارەسەری زبڵ و خاشاك و کەمکردنەوەی مەترسی ژینگەیی.

١١- لەسەر شێوازی دادپەروەرانە و هاوسەنگ کار ئەکەین بۆ ئاوەدان کردنەوەی شار و قەزا و ناحیەکان و گرنگی تایبەت ئەدەین بۆ هاندانی خەڵکی لادێکان بۆ مانەوەیان لە گوند و دێهاتەکانیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە بۆیان.

١٢- گرنگی تایبەت ئەدەین بە فەرەهـ کردنی پانتایی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی یاسا و پاڵپشتی بوارە وەرزشی و هونەری و کەلتووریەکان ئەکەین لە هەرێمی کورستان.

١٣- کار ئەکەین لە پێناو گرنگیدان بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەوەی لە ڕێگەی پێشخستن و بەرز کردنەوەی ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم لە ڕووی جۆری و فەرەهەم کردنی دەرفەتی لەبار بۆ خوێندن و توێژینەوەی زانستی و کار ئەکەین بۆ ڕێکخستنەوەی کاری زانکۆ و پەیمانگا ئەهلیەکان پێداچوونەوە بە کۆاڵێتی زانستی و نرخەکانیان.

١٤- بە ئەلێکترنی کردنی کاروباری حکومەت واتە حکومەتی ئەلیکترۆنی چ لە ئاست کاروباری حکومەت و چ لە ئاست پێشکەش کردنی خزمەتگوزرایە ئەلیکترۆنیەکان بۆ هاووڵاتیان لە ئەرکە لە پێشینەکان ئەبێ و بەو هۆیەوە لە ڕۆتین و بەهەدەردان..........

بە پێشکەشکردنی خزمەت گوزاریە ئالکترۆنیەکان بۆ هاوڵاتیان لە ئەرکە لە پێشینەکانمان دەبێت، بەم هۆیەوە ڕێگە لە ڕۆتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاوڵاتیان و دامەزراوەکان دەگیرێت و کوالێتی خزمەتگوزاریەکان بەرز دەکرێتەوە.

١٥- گەنجانمان سەرمایەیەکی نیشتیمانی گەورەو کاریگەری مرۆیین و ئایندەی وڵاتەکەمانن، بۆیە لە میانەی کار و بەرنامەی گشت وەزارەتەکان کار دەکەین بۆ بەکارخستن و ئاڕاستەکردنی تواناکانیان بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێکشەوتوو کە ئایندەیەکی گەشتر بۆیان فەراهەم بکرێت.

١٦- شوێنەوارە مێژووییەکانمان بەشێکن لە سەرمایەی مێژوویی و کەلتوری وڵاتەکەمان و پاراستنیان ئەرکێکی لە پێشینەمان دەبێت و کار دەکەین بۆ بەهێزترکردنی ئالیەتی دۆزینەوە و سەرپەرشتی و پاراستنیان، هەروەها هەوڵی بەکارخستنی کاراتری ئەم شوێنەوارانە دەدەین بۆ بواری گەشتیاری بە پێی ستانداردی باوەکان.

لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنی فەرمی دانوستان دەبێت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و چارەسەکردنی کێشەکان بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دەستەی دانوستان دروست دەکەین بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا و بەدەستهێنانی مافە دەستووریەکانی گەلەکەمان.

دووەم: دەستوور ینچینەی هەر دانوستانێکی هەولێر لەگەڵ یەغدا دەبێت، دۆسیەکانی پەیوەست بە ماددەی (١٤٠) و پێشمەرگە و بودجە و سامانەسرووشتیەکان و قەرەبووی ئەنفال و شەهیدان و زیندانی سیاسی و زیان لێکەوتووانی دەستی رژێمی بەعس و هەموو مافە دەستووریەکانی هاولاتیانی هەرێمی لە نزیکترین کاتدا بابەتی گفتوگۆمان لەگەڵ بەغدا لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەبێت.

سێیەم: هەوڵەکانمان بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشتی و کەرکول بە تایبەتی دەستی پێکردووە و جەخت لە پێویستی خێراکردنی ئەم پڕۆسەیە دەکەینەوە بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت هەرچی زووترە دۆخی سەربازی سەپێندراو لەم ناوچانە کۆتایی پێ بهێنرێت و بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش (٢٠١٤/٦/١٠) و ئەو ئەم ناوچانە لەلایەن پێکهاتە رەسەنەکانی ئەو دەڤەرانە بەڕێوەببردێت و بە کردەوە دەست بە جێ بەجێکردنی قۆناغەکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور بکرێت.

چوارەم: هەڕەشەی تیرۆر تاوەکو ئێستا هەڕەشەیەکی گەورەی سەر هەموو عێراقە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند بەردەوامی رووبەروبوونەوەی تیرۆرستان و ئامادەیی هاوکاری تەواوی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر هەیە، بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەیە بن بڕ بکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی هەیە هێزی پێشمەرگە و بۆ هاوکاری سوپای عێراق و دورخستنەوەی هەڕەشەی تیرۆرستان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دووپات دەکاتەوە.

پێنجەم: کار دەکەین لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە دەستووریەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك بەشێك لە سیستەمی بەرگری لە عێراقی فیدراڵ بە تایبەت لە بابەتەکانی مووچە و دابینکردنی پێداویستی سەربازی.

شەشەم: هەوڵدەدەین هەرچی زووترە دۆسیەی نەوت و غاز لە سەر بنەمای ماددەی (١١١، ١١٢)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ چارەسەر بکەین، یاسای نەوت غاز بە لایەنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت، هەروەها هەوڵدەدەین دەستەی گشتی چاودێری داهاتەکانی فیدراڵی وەك لە ماددەی (١٠٤)ی دەستوور هاتووە دابمەزرێت.

حەوتەم: جەخت لە ڕەچاوکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە دامەزراوە فیدراڵیەکانی عێراق بە گشتی و لە وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و نەوت بە تایبەتی دەکەینەوە.

هەشتەم: کار دەکەین بۆ چەسپاندنی هەرچی زیاتری بنەماکانی سیستەمی فیدراڵی لە ڕێگەی دروستکردنی ئەنجومەنی ئیتیحادی، هەروەها جەخت لەسەر پرەنسیپەکانی تەوازن و تەوافوق و شاراکەت لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی دەکەینەوە.

نۆیەم: جەخت لەسەر دەرکردنی یاسای دادگای فیدراڵی عێراق دەکەینەوە بۆ جۆرێك یاساکە گەرەنتی سەربەخۆیی دادگای فیدراڵی بکاتەوە.

ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان:

یەکەم: پێداگری لەو پێکەوە ژیانە ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی عەرەب و موسڵمان ئێزدی و مەسیحی و زەردەشتی دەکەینەوە، ئەو تایبەمەندیەی هەرێم دەپارێزین و بەهێزتری دەکەین.

دووەم: پێداگری لەسەر چەسپاندن و بەهێزترکردنی بنەما دیموکراسیەکان و ئازادی یەکسانی و دەستخستنی زانیاری بە پێی یاسا بۆ هاوڵاتیانی هەرێم دەکەینەوە، بەرگریکاری مافەکانیان دەبین و دژی هەموو دەمارگیری و توندڕەویەکی تایفی و ئاینی و ڕەگەزی و حیزبی دەوەستینەوە.

سێیەم: دژی هەر جیاکاریەکی ڕەگەزی و پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەتان دەوەستینەوە، پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتووی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی بەرز لە کۆمەڵگەدا وەربگرن، بەشداریەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێم بکەن.

چوارەم: هاوڵاتیانی کوردستان ئازادن هەر بیر و باوەڕێکی سیاسی لە چوارچێوەی ژیانی سیاسی هەرێم هەڵبژێرن، نابێت لە کوردستاندا هیچ کەس لەسەر بیر و باوەڕی سیاسی و سەر پێبوونی حیزبی سزا بدرێت، پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مافە زەوتکراوەکانی ئەو کەسانە بگەڕێندرێتەوە کە لەم ڕووەوە زیانمەندبوون.

پەیوەندیەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نیودەوڵەتی:

یەکەم: دام و دەزگا فەرمیە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، پەوەندیە هەرێمی نێودەوڵەتیەکان بەڕیوەدەبەن بۆ ئەم مەبەستە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لەسەر بنەمایەکی یاسایی نوێ ڕێك دەخرێتەوە.

دووەم: جەخت لەسەر پەیوەندیەکی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دەکەینەوە بە جۆرێك ڕاچاوکردنی بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزی دوو لایەنە پەرە بە ئاستی پەیوەندیەکان لەگەڵ بوارەکاندا بدرێت.

سێیەم: پشتگیری چارەسەری ئاشتیانەی گشت کێشەکانی ناوچەکە دەکەین و پێگەی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەیەك بەکار دەهێنین کە بەشێك لە ڕەوتی چارەسەری بێت.

چوارەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات نوێنەرایەتی هەنوکەییەکان لە دەرەوەی هەرێم بەهێز بکات، نوێنەرایەتی نوێ بە پێی پێویست لەو وڵاتانە بکاتەوە، زەمینەیەکی لەباریش بڕەخسێنیت بۆ ئەوەی وڵاتان زیاتر کونسولگەریەکانیان لە هەرێم بکەنەوە.

لەسەر ئاستی ئابووری و دارایی:

یەکەم: کار دەکەین بۆ ئەوەی ئابووری هەرێم فرە چەشن و فرە رەهەند بێت، تەنها پشت بە نەوت و غاز نەبەستڕێت، بۆ ئەم مەبەستە پەرە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدەین، هەوڵ بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەم کەرتانەدا دەدەین.

دووەم: کشتوکاڵ بوارێکی گرنگیدانمان دەبێت و کار دەکەین بۆ پێشخستنی ئەم کەرتە بە ئامراز و مەکائینی پێشکەوتوو و فرەوانکردنی جۆری و چەندی بەرهەم بە پێی بنەما زانستیەکان، کار دەکەین بۆ بەکار هێنانی سەرچاوە ئاوییەکان و دروستکردنی بەنداوە وەرزی و هەمیشەییەکان و گلدانەوەی ئاوی پێویست بۆ بواری کشتوکاڵ و زیادکردنی رووبەری سەوزایی لە هەرێم، جەخت لەسەر پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و پشتیوانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان دەکەینەوە، کار دەکەین بۆ رەخساندنی بازاڕی گونجاوی ناوەوە و دەرەوە بۆ بەرهەکانیان.

سێیەم: کار دەکەین بۆ رێکخستنەوەی سیستەمی بانکی لە هەرێم و بەکارخستنی ئەو سیستەمە بۆ خزمەتگوزاریە کەسی و گشتییەکان و بەکارهێنانی ژمارە بانکیەکان و کارەتە ئەلیکترۆنیەکان بۆ ئاڵوگۆری دراوی خەرجیەکان و رێژەی مامەڵە بە پارەی کاش کەم بکرێتەوە.

چوارەم: هانی وەبەرهێنان دەدەین لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەموو لایەك دەرخەسێنین لەسەر ئەو بنەمایانەش کار دەکەین بۆ دارشتنەوە و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.

لەسەر ئاستی کارگێڕی:

یەکەم: کار دەکەین بۆ چەسپاندنی لا مەرکەزیەتی ئیداری پارێزگاکان کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت.

دووەم: کاری جدی دەکەین بۆ تەشویقی هەیکەلیەتی دامودەزگاکانی حکومەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە بە شێوەیەك کە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو بێت ئەمەش بە پێی پلانێکی تووکمە و ئامادەکردنی نەخشە رێگایەکی مەدەنی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو، زۆر سوپاس، سوپاس بۆ کاتتان و گوێگرتنتان.

**بەڕێز هێمن احمد هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مسرور مسعود بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ خستنە رووی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کوردستان ئاگادارتان دەکەینەوە کە سبەینێ کاتژمێر (١١) دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٤)ی

پەرلـەمانی کوردسـتانمان دەبێـت، داواتـان لێدەکـەین کـە لـە کـات و سـاتی خوێـدا ئامـادەبن، هـەروەها ئاگاداریشـتان دەکەینــەوە کــە پــاش کۆتــایی هــاتنی ئــەم دانیشــتنە ســەرجەم پەرلــەمانتارانی بــەڕێز بانگهێشـتکراون بـۆ نیوەڕۆخوانیێـك لەگـەڵ سـەرۆك و جێگـر و وەزیـرە بـەڕێزەکانی کابینـەی نۆیـەمی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لـە هـۆڵی مامۆسـتا سـەعد، بۆیـە بـەڕێزان لێـرەدا دێینـە کۆتـایی دانیشـتنی ئەمڕۆمان، هیوای سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڤالا فريد ابراهيم** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)ی**

**شەممە رێکەوتی ١١\٧\٢٠١٩**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

## پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٧/١١

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٧/١١ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژماره (١٤)ی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی برگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (١٤)ی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێكەوتی (٢٠١٩/٧/١١) بەم شێوەیە بێت:

١ سوێند خواردن و جێكردنەوەی ئەو بەڕێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە بە پێی حوكمی ماددەی (٢٧) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لە شوێنی ئەو پەرلەمانتارانەی كە بە پێی برگەی هەشتەم لە ماددەی (٢٢) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان بە دەستلەكاركێشاوە لە ئەندامیەتی پەرلەمان هەژمار ئەكرێن:

١ بەرێز لەنجە ابراهیم لە شوێنی بەرێز ڤالاً فەرید ابراهیم.

٢- بەرێز شیرین عبداللە عزیز لە شوێنی بەرێز بێگەرد دڵشاد شوكراللە.

٣- بەرێز هیمداد صباح بیلال لە شوێنی ئایدن معروف سلیم.

٤- بەرێز باپیر كاملا سلمان كاملا لە شوێنی بەرێز عبداللە محمود محمد.

٢- میكانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆكی پەرلەمان بەپێی حوكمی ماددەی چواردە و برگەی چوارەم لە ماددەی پانزەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان_عێراق.

٣- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی بریاری دیاری كردنی رۆژی (٣-٨-٢٠١٤) وەكو رۆژی كۆمەڵكوژی ئیزیدیەكان بەپێی حوكمی ماددەكانی (٧٩، ٨٠، ٨٢) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان_عێراق.

**بەرێز هێمن احمد هەورامی - جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان ئەكەینەوە، دانیشتنی ژمارە چواردەی وەرزی گرێدانی یەكەم، ساڵی یەكەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، ئێستا داوا لە بەرێز سكرتێری پەرلەمانی كوردستان ئەكەم بەرنامەی كاری دانیشتن بخوێنێتەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر  قهوەچى/ سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەرنامەى كار:

بەپێى حوكمى برگەى يەكەم و دووەم و سێيەم لە ماددەى شانزە و برگەى يەكەم لە ماددەى نۆزدە و ماددەكانى (٤٧،٤٨،٥٢،٥٥،٥٦،٥٧) لە پەيرەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان_عێراق دەستەى سەرۆكايەتى پەرلەمان بڕياريدا بەرنامەى كارى دانيشتنى ژمارە (١٤) ى ئاسايى خولى بەهارەى ساڵى يەكەم لە خولى پێنجەمى هەڵبژاردنى پەرلەمان لە كاتژمێر (١١) ى پێش نيوەڕۆى ڕۆژى پێنجشەممە ڕێكەوتى (١١- ١٧_ ٢٠١٩) بەو شێوەيە بێت:

١ سوێند خواردن و جێكردنەوەى ئەو بەڕێزانەى ناويان لە خوارەوە هاتووە بە پێى حوكمى ماددەى (٢٧) ى پەيرەوى ناوخۆى پەرلەمان لە شوێنى ئەو پەرلەمانتارانەى كە بە پێى برگەى هەشتەم لە ماددەى (٢٢) ى پەيرەوى ناوخۆى پەرلەمان بە دەستلەكاركێشاوە لە ئەندامیەتى پەرلەمان هەژمار ئەكرێن:

١ بەڕێز لەنجە ابراهيم لە شوێنى بەڕێز ڤالآ فەريد ابراهيم.

٢- بەڕێز شيرين عبدالله عزيز لە شوێنى بەڕێز بێگەرد دڵشاد شوكرالله.

٣- بەڕێز هيمداد صباح بيلال لە شوێنى ئايدن معروف سليم.

٤- بەڕێز باپير كاملا سلمان كاملا لە شوێنى بەڕێز عبدالله محمود محمد.

٢- ميكانيزمى هەڵبژاردنى سەرۆكى پەرلەمان بەپێى حوكمى ماددەى چواردە و برگەى چوارەم لە ماددەى پانزەى پەيرەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان_عێراق.

٣- خوێندنەوەى يەكەمى پێشنيازى بڕيارى ديارى كردنى ڕۆژى (٣-٨-٢٠١٤) وەكو ڕۆژى كۆمەڵكوژى ئيزيديەكان بەپێى حوكمى ماددەكانى (٧٩، ٨٠، ٨٢) لە پەيرەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان_عێراق.

**بەڕێز هێمن احمد هەورامى - جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستاش داوا سكرتێر ئەكەين بۆ خوێندنەوەى پوختەى دانيشتن و ناوى ئەندامانى ئامادە نەبوو بەمۆڵەت و بێ مۆڵەت.

**بەڕێز منى نبى نادر  قهوەچى/ سكرتێرى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پوختەى دانيشتنى ژمارە (١٣) ى ئاسايى ڕۆژى چوارشەممە ڕێكەوتى (١٠-٧-٢٠١٩) بەو شێوەيە بوو:

١ دەست پێكردنى دانيشتن لەلايەن بەڕێز سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان.

٢- خوێندنەوەى بەرنامەى كار و پوختەى دانيشتن و ئامادە بوو و ئامادە نەبووانى دانيشتنى پێشوو.

٣- دەست پێكردنى برگەكانى بەرنامەى كار لەلايەن بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

٤- متمانەدان بە زۆر بە بەڕێز (مەسرور مەسعود مستفا) بارزانى بە (٨٨) دەنگى پەرلەمانتار.

**٥- خوێندنەوەی ناوی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی کابینەی وزاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان لەلایەن بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.**

**٦- متمانەدان بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و یەکە بە یەکە وەزیرەکان لەلایەن پەرلەمانتاران.**

**٧- سوێند خواردنی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کابینەی وزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان.**

**٨- تەواو کردنی برگەی سێیەمی بەرنامەی کار لەلایەن بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

**٩- خوێندنەوەی هیڵە گشتیەکانی بەرنامەی کاری وزاری نۆیەم لەلایەن بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.**

**١٠- کۆتایی هێنانی دانیشتن لەلایەن بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (١٣) ئاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری (١٠-٧-٢٠١٩):**

**١ شنۆ اشقی عبداللە-ئامادە نەبوو**

**٢- شیرین امین عبدالعزیز_ ئامادە نەبوو**

**٣- عوسمان علی سمایل- مۆڵەت**

**سوپاس.**

**بەرێز هێمن احمد هەورامی - جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەرێزان پێش ئەوەی دەست بە جێ بەجێ کردنی خاڵەکانی بەرنامەی کاری ئەمرۆ بکەین بە داخەوە دوێنێ (١٠-٧) بە هۆی پەلامارێکەوە لە پیران شار و دواجار بە هۆی تۆپبارانی ناوچەی سیدەکانەوە، هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان بە ناوی (زەیتون قادر) شەهید بوو و هەردوو براکەشی (علی و سیروان) بریندار بوون، بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەی ئەو شەهیدە و هیوای چاکبوونەوەش بۆ براکەی ئەخوازین، وەکو پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی هەرجۆرە کردار و پەلامارێك ئەکەین کە هەر هیز و لایەن و گروپێك خاکی هەرێمی کوردستان ئیستیغلال بکات بۆ پەلاماری وڵاتانی دراوسێ و بەهۆیەوە ئەو ولاتانەش هێرشی سەربازی و تۆپبارانی ناوچە سنووریەکانمان بکەن و لە ئەنجامدا هاووڵاتیانی کوردستان زیانی گیانی و ماددیان بەر بکەوێ، ئەبێ ئاستێك بۆ ئەو جۆرە کار و کردەوانە دابنرێ و شەر و ململانێ لە هەرێمی کوردستان دوور بخرێنەوە و ئاسایش و سەقامگیری هاووڵاتیانی کوردستان نەکرێتە قوربانی، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان لایەنگر و پشتیوانی چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراسیانەی پرسی کوردین لە پارچەکانی کوردستان کە بە لەیەك تێگەیشتن و دیالۆگو رێگاچارەی سیاسی و دیبلۆماسی چارەسەر بکرێن، بەلاّم دژی هەر جۆرە توندوتیژی و پەلامارێکی سەربازی و بۆمبارانی فرۆکە و تۆپبارانی ئەو وڵاتانەی ئەگەر لایەنەکانی ململانێ سوورن لەسەر ئەوەی شەری چەکداری و پێیان وایە چارەسەری سەبازی کێشەکان چارەسەر ئەکات داوایان لێ ئەکەین ئاستێك بۆ ئەوە**

دابنرێ و کێشه و ململانێکان و کار و کردەوەکانیان لە هەرێمی کوردستان دوور بخەنەوە، ئێستاش بە پێی بەرنامەی کار دەست بە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی ئەکەین، ئاماژەدان بە حوکمی نۆی هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردن و ماددەی (٢٧) ی پەیرەوی ناوخۆ و ئاماژە بە ژمارە نووسراوی (٤٣١٥٤٤) لە (١٠-٧-٢٠١٩) کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە ئەو چوار ناوەی لای خوارەوە جێگەی ئەو پەرلەمانتارا بەرێزانە ئەگرنەوە کە دوێنی متمانەی پەرلەمانی کوردستانیان بە دەست هێناو بوون بە وەزیر لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو ناوانەش بریتین لە بەرێز (لەنجە ابراهیم عبدالرحمن) لە جێگەی دکتۆرە (ڤالآ) لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرێز (شیرین یونس عبدالله عزیز) لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە جێگەی بەرێز (بێگەرد تاڵەبانی)، بەرێز (باپیر کاملا سلمان کاملا) لە فراکسیۆنی سەردەم بۆ جێگەی بەرێز (عبدالله حاجی محمود)، بەرێز (هیمداد صباح بیلال محمد) لە فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی) بۆ جێگەی بەرێز (ئایدن معروف)، ئێستاش داوا لە بەرێز لەنجە ابارهیم عبدالرحمن ئەکەین بفەرموو بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەرێز لەنجە ابراهیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

- بە خوای گەورە سوێند ئەخۆم کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان-عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد هەورامی - جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەرێز (شیرین یونس عبدالله عزیز) ئەکەین بێت سوێندی یاسایی بخوات.

**بەرێز شیرین یونس عبدالله عزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

- بە خوای گەورە سوێند ئەخۆم کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان-عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد هەورامی - جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز (هیمداد صباح بیلال محمد) فەرموو بۆ سوێند خواردن.

**بەرێز هیمداد صباح بیلال:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

- بە خوای گەورە سوێند ئەخۆم کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان-عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد هەورامی - جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز (باپیر کاملا سلمان کاملا) فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلمان کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

- بە خوای گەورە سوێند ئەخۆم کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان-عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد هەورامی - جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستاش دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەمان ئەکەین، کە بریتیە لە میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی ماددەی (١٤) و برگەی چوارەم لە ماددەی (١٥) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا دەرگای خۆ پاڵاوتن بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەکەینەوە، هەر بەرێز لە هەر فراکسیۆنێك ئەیەوێ خۆی بپاوڵێوێ بفەرموو، دەرگای خۆپاڵاوتن داخرا، ئەو بەرێزانەی خۆیان پاڵاوتووە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بریتین لە بەرێزان (ڕێواس فائق، شادی نەزاد)، ئێستا داوا ئەکەین سەندوقی دەنگدان ئامادە بکرێ و دەست بە پرۆسەکە بکرێ، داوا لە ئەندامێکی بەرێز ئەکەین بێت ناوی ئەو دوو پاڵێوراوە لەسەر تەختەکە بنووسێت، ئێستاش دەست بە پرۆسەی دەنگدان ئەکەین، داوا لە بەرێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ئەکەین بەپێی ڕێزبەندی ناوی پەرلەمانتاران و حروفی ئەبجەدی پێنج ، پێنج ناوی پەرلەمانتارە بەرێزەکان بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بێنە ئێرە و کارتی دەنگدان وەرگرن و ئازادانە دەنگی خۆیان بدەن.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئازاد اکرم بەهرام.

ئاشنە عبدالله قادر.

ئەبو بەکر عمر عبدالله.

ئومێد عبدالرحمن.

ئیحسان محمد سلیم.

**بەڕێز هێمن احمد هەورامی - جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەرێزان هێمنی بپارێزن.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ادریس اسماعیل.

بەڕێز ارشد حسین.

بەڕێز اسماعیل علی طه.

بەڕێز باپیر کاملا.

بەرێز بالمبۆ محمد على.

بەرێز بەختیار شكرى سليمان.

ببەرێز بدريه اسماعيل.

بەرێز بژار خالد.

بەرێز بهجت على ابراهيم.

بەرێز بهمن كاك عبدالله.

بەرێز بەلێن اسماعيل.

بەرێز پێشەوا تاهر.

بەرێز جلال محمد عبدالله.

بەرێز جلال محمد امين.

بەرێز جمال حويز مستفى.

بەرێز جنان جەبار.

بەرێز جهاد حسن.

بەرێز جوان يونس.

بەرێز چيا حميد.

بەرێز حسيبه سعيد.

بەرێز حكمت محمد.

بەرێز خديجه عمر.

بەرێز دابان محمد.

بەرێز ديارى انور.

بەرێز زكريه احمد.

بەرێز فاهى رهبەر.

بەرێز رزگار عيسا سوار عيسا.

بەرێز رزگار محمد.

بەرێز رۆبينه اويملك.

بەرێز روپاك احمد.

بەرێز رۆژان ابراهيم.

بەرێز رۆژان محمد.

بەرێز رۆميۆ حزيران.

بەرێز رێبوار عبدالرحيم.

بەرێز ریڤینگ محمد.

بەرێز رێواز فائق.

بەرێز زانا خالد.

بەرێز زیاد جبار.

بەرێز زێدان رشید.

بەرێز ژیان تاهر.

بەرێز سارا دلشاد.

بەرێز سەروان محمد.

بەرێز سعید مستفى.

بەرێز سەفین اغا.

بەرێز سلام عبدالله.

**بەرێز هێمن احمد هەورامی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان پرۆسەی دەنگدانە تکایە هێمنی پۆڵەکە بپارێزن.

**بەرێز منى نبى قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەرێز سلمى فتاح.

بەرێز سەرچنار احمد.

بەرێز سەرکۆ ازاد.

بەرێز سوسن محمد.

بەرێز سۆران عمر.

بەرێز سیپان سالم.

بەرێز سیروان فرج.

بەرێز شاخوان رئوف.

بەرێز شادی نوزاد.

بەرێز شایان کاکە.

بەرێز شنو اشقی.

بەرێز شەمۆل اشین.

بەرێز شوان کریم.

بەرێز شیرین امین عبدالعزیز.

بەرێز شیرین یونس.

بەرێز شێرکۆ جودت.

بەڕێز صباح محمود.

بەڕێز زاهر محمد.

بەڕێز عبداس فتاح.

بەڕێز عبدالستار مجید.

بەڕێز عبدالناصر احمد.

بەڕێز عوسمان علی.

بەڕێز عوسمان کریم.

بەڕێز علی حمه صالح.

بەڕێز فاهیك کمال.

بەڕێز فەرید یەعقوب

بەڕێز فەیسل عباس

بەڕێز کاروان عبدالرحمن

بەڕێز کازم فاروق

بەڕێز کاروه عبدالقادر

بەڕێز کلارا عودیشۆ

بەڕێز گولیزار رشید

بەڕێز گالاوێژ عوبید

بەڕێز گولستان باقی

بەڕێز گولستان سعید

بەڕێز گۆران عمر

بەڕێز لەنجه ابراهیم

بەڕێز لوقمان محمد حاجی

بەڕێز لیزا فلك الدین

بەڕێز لیلی عبدالجبار

بەڕێز محسین حسین

بەڕێز محمد سعدالدین

بەڕێز محیدالدین حسن

بەڕێز موژده محمود

بەڕێز مسلم عبدالله

بەڕێز مەم اسکندر مەم

**بەڕێز مەم برهان**

**بەڕێز نجات شعبان**

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار**

**بەڕێز هاوری بنا محمد**

**بەڕێز هدیە مراد**

**بەڕێز هلز احمد**

**بەڕێز هەژان حسن**

**بەڕێز هەورامان حمە شریف**

**بەڕێز هیمداد صباح**

**بەڕێز هێرش حسن**

**بەڕێز هێڤیدار احمد**

**بەڕێز ویسی سعید**

**بەڕێز یاسین خچر گە**

**بەڕێز مونا قهوچی**

**بەڕێز هێمن هەورامی**

**بەڕێز هێمن احمد هەورامی - جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستاش بەپێی حوکمی ماددەی (١٤) برگەی پێنجەم کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان رائەگەینین، داوا لە دوو لاوترین ئەندامی بەڕێز پەرلەمانی کوردستان ئەکەین، هاوکارمان بن بۆ جیا کردنەوەی دەنگدان، بەڕێزان بۆ شەفافیەتی زیاتری پرۆسەکە داوا لە ئەندامێکی فراکسیۆنی سەوز و فراکسیۆنی نەوەی نوێ یەکیان بێن بەشدار بن، کاك زکری وەرە ئیرە جەنابت، ئێستا دەست بە جیا کردنەوەی دەنگەکان ئەکەین، داوا لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەین دەنگەکان بخوێنەوەو ناوەکان تۆمار بکەن لەگەڵ دەنگەکان.**

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

**ڕێواز فائق، ڕێواز فائق.**

**بەڕێز هێمن احمد هەورامی - جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عباس.**

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

پێویست بوو یەعنی ژمارەی ئامادەبووان و ژمارەی ئەو وەرەقانەی دەنگی لەسەر دراوە رای بگەیەنین، ئینجا بیخوێنینەوە سوپاس بۆ جەنابت.

**بەڕێز هێمن احمد هەورامی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەکەت لە جێیە بەڕێز، ئەو ژمارەی ئەو کارتانەی کە دانراون بە پێی ژمارەی پەڕلەمانتارەکانن کە لێرەن هەر (١١١)کەی لەناو زەرف بووە، ئەوەی کە لێرە بووەو دەنگ دراون ئەو پەڕلەمانتارە بەڕێزانە دیارن کە کێ لێرە هەن، دوای ئێمە دەتوانین هەمووی بژمێرینەوەو کامەی زۆر شەفافە ئیعلانی بکەین.

**بەڕێز سارا دلشاد بك:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

(رێواز فائق، رێواز فائق  رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، شادی نەوزاد، رێواز فائق، دەنگی سپی، رێواز فائق، تا ئیستا (٤) دەنگی سپی هەیە دوانیان سپیە دوانیان هەردووك ناوەکەی نوسراوە بە هەژمار نەکراو حساب دەکرێت، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، دەنگی سپی، رێواز فائق، شادی نەوزاد، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، باتڵە دەنگ نەدراوە واتا دەنگی سپی، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، رێواز فائق ،دەنگی سپی واتا باتڵە، رێواز فائق، شادی نەوزاد، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، دەنگی سپی، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، شادی نەوزاد، دەنگی سپی، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق، رێواز فائق.)

**بەڕێز هێمن احمد هەورامی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دیارە هەر لە سەرەتای ئەم دانیشتنەوە (١٠٠) پەڕلەمانتار لێرە بوون ئەو کارتانەی کە دابەش کرابون (٩٥) کارت هاتۆتەوە دیارە (٥) پەڕلەمانتاریش بەژداری پرۆسەکەیان نەکردووە، بۆیە ئێستا بە پێی برگەی (٨)م لە ماددەی (١٤) ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنی بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان را ئەگەیەنین بەم شێوەیەی خوارەوە بووە بەڕێز د. ریوازفائق بە (٧٢) دەنگ بەڕێز شادی نەوزاد بە (١٦) دەنگ هەژمار نەکراو واتا دەنگی سپی (٩) دەنگ، بۆیە لێرەوە بەڕێز (ریواز فائق )بە سەرۆکی پەڕلەمان و

کاندیدی سەرکەوتو ورا ئەگەیەنین و زۆر پیرۆزبایی لێ ئەکەین، ئێستاش داوا لە بەرێز (د. رێواز فائق) وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین بێتە ئێرە بۆ بەرێوەبردنی برگەی سێیەمی دانیشتنەکەمان.

**بەرێز د.رێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، خوشك و برایانی بەرێز ئەندامانی پەرلەمان، کەسوکاری سەر بەرزی شەهیدان کۆمەلانی خەلکی کوردستان، سەرەتا سوپاسی بێ پایانی خۆم ئاراستەی ئێوەی بەرێزو لە رێگەی ئێوەشەوە بۆ سەرجەم فراکسیۆنەکان و کۆمەلانی خەلکی کوردستان ئەکەم، بۆ ئەو بڕواو متمانەیەی ئەمرۆ بە ئێمەتان بەخشی، هەر لێرەشەوە زۆر زۆر سوپاسی خوشکی ئازیزمان د.ڤالا ئەکەم، کە بە هاوکاری هەردوو بەرێزان جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێر، توانیان لە قۆناغێکی راگوزەری هەستیاردا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەن، لەم ئەرکە نوێیەدا بەرپرسیاریەتیەکی گەورەو مێژووی ئەخاتە سەر شانمان دلنیاتان ئەکەینەوە لەگەل هاوکارانم لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەموو هەول و توانایەکمان ئەخەینە گەر بۆ ئەوەی فاکتەری بە هێزکردنی پێکەوە ژیان و گیانی پێکەوە کارکردن بین بۆ تێپەراندنی دۆخی قەیرانی سیاسی و دارایی و ئابووریەکانی کە لە چەند سالی رابردووا بالی بەسەر هەرێم و پەیوەندیەکانی نێوان هێزە سیاسیە کان و فراکسیۆنەکانە کێشاب و، رێکەوتنی لایەنە سیاسیەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم هەنگاوی گرنگن بەرەو دەست پێ کردنی قۆناغێکی نوێی پێکەوە کارکردنی فراکسیۆن و لایەنە سیاسیەکان، لە پێناو چارەسەر کردنی کێشەو قەیرانەکانی جێبەجێکردنی داخوازیەکانی خەلکی کوردستان وەك سەرۆکایەتی پەرلەمان هەول ئەدەین نوێنەری هەموو خەلکی کوردستان بین چەتری کۆکردنەوەی سەرجەم فراکسیۆنەکان و رەنگە جیاوازەکانی پەرلەمان ئەبین، بۆ ئەوەی پەرلەمان وەك مەرجەعی بریارە چارەنووس سازەکانی گەلی کوردستان رۆلی کارای خۆی لە پرۆسەی دارشتنی یاساو چاودێری کردنی حکومەت و بەدوا داچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان و پەسەند کردنی بودجەی سالانەی هەرێم بگێرێ، بە هێز کردنی پەیوەندی و هاو ئاهەنگی نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆکایەتی دەسەلاتی دادوەری کارێکی گرنگ وپێویستی ئەم قۆناغە نوێیەی پێکەوە کارکردنمان دەبێ لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی تەشریعی قانوون و بەر قەرارکردنی سەروەری یاساو دابین کردنی داد پەروەری و کۆمەلایەتی و بەرەنگار بونەوەی گەندەلی و دابین کردنی شەفافیەت دوای تێپەر بونی (١٠) مانگ بەسەر هەلبژاردنەکان ئێستا خەلکی کوردستان چاوەرێی هەنگاوی کردەیی لە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم ئەکەن بۆ ئەوەی کێشەکانی خەلك وپاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران چارەسەرکەن و ئاستی خزمەتگوزاری لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان بەرز بکەنەوە وە، دەرفەتی کارو دامەزراندن بە رووی گەنجان و دەرچووانی زانکۆکان لە کەرتی گشتی و تایبەت زیاتر بکرێتەوە، لە کۆتاییدا جارێکی تر سوپاسی هەموولایەکتان ئەکەم بۆ ئەو بڕواو متمانەیەی بە ئێمەتان بەخشی دوای کۆتای هاتنی پشووی دانیشتنەکان و دەست پێکردنەوەی وەرزی نوێی یاسادانان بە پشتیوانی خواو هاو ئاهەنگی سەرجەم

فراكسيۆنەكان كار ئەكەين، بۆ ئەوەی لە ئاست خواست و چاوەروانيەكانی ئێوەو كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان و كەسوكاری سەربەستی شەهيدان و ئەنفالكراوان دابين.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئێستاش بڕگەی سێيەمی بەرنامەی كارەكەمان جێ بەجێ ئەكەين كە بريتيە: لە خوێندنەوەی يەكەمی پێشنيازە بڕياری دياری كردنی رۆژی ( ٣-٨-٢٠١٤ ) وەك و رۆژی كۆمەڵكوژی ئێزدييەكان بە پێی حوكمی ماددەكانی (٧٩)و(٨٠)و(٨٢) لە پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانی عێراق بۆ ئەم مەبەستە داوا لە بەڕێزان سەرۆكايەتی ليژنەی ياسايی ئەكەين بۆ ئەوەی بفەرموون بۆ خوێندنەوەی پرۆژە بڕيارەكە وەهەروەها داوا لە هەديە خان ئەكەين كە تاكە نوێنەری ئێزديەكان بفەرموێت لە گەڵ ليژنەی ياسايی بێتە سەر موونەسە،چونكە بۆخۆی داوای كردووە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنيازی بڕياری دياری كردنی رۆژی (٣-٨-٢٠١٤) وەك رۆژی كۆمەڵكوژی ئێزديەكان  كە لە لايەن ژمارەی ياسايی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەشكراوە، ئەم پێشنيازە بڕيارە لە (٧)مادده پێكهاتووە لەگەڵ هۆيەكانی دەرچواندن ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی واژۆيان كردووە ئەمانەن، (هەديە موراد حەيدەر، ئومێد عبدالرحمان حسن، نجات شعبان عبدالله، پێشەوا طاهر مصطفى، بەهمەن كاكە عبدالله ئەحمد، ليزا فەلەكەدين صابر، سعيد مصطفى تەتەر خان، عبدالسلام عبدالله حسن، حيكمەت محمد عبو زيد، جيهاد حسن ابراهيم، احسان محمد سليم، خديجە عمر طه، سەوسەن محمد ميرخان، ليلى عبدالجبار، زيدان رشيد خان، بەختيار شوكری سليمان، بەهجەت علی ابراهيم، حسيبە سعيد ابراهيم گەردی، گوليزار رشيد حاجی، گەلاوێژ عبيد عوسمان، سەروان محمد علی حاجی، زانا خاليد اسماعيل، ويسی سعيد ويسی، سەفين اغا عمر اغا قادر، هيڤيدار احمد سلمان، شوان كريم محمد، مەم اسكندر مەم اسكەندەر، رۆژان ابراهيم علی، نزار ملا عبدالغفار، جوان يونس محمد، رێبوار عبدالرحيم عبدالله، رزگار عيسى سوار، زاهر محمد علی خەيلانی، محسن حسين مصطفى، جلال محمد عبدالله پەرێشان، ژيان طاهر ئەحمد، گوڵستان باقی سليمان، صباح محمود محمد، بژار خالد عبدالله، چيا حميد شەريف، رێڤينگ محمد محمد علی، ئەرشەد حسين محمد، رێواز فائق حسين، عباس فەتاح صالح، سەركۆ ئازاد حسێن، كاروان عبدالرحمان عبدالله، عبدالناصر احمد علی، رۆژان محمد كريم، هەژان حسەن احمد، لقمان حمد حاجی، ئاشنا عبدالله قادر، شاخەوان رەئووف مصطفى، جلال محمد امين احمد، بەڵێن اسماعيل حاجی ابراهيم، شايان كاكە صالح محمد، گۆران عمر علی، دابان محمد حسين، علی حمە صالح، محمد سعدالدين انوەر، ئايدن معروف سەليم، سارا دڵشاد بكر مولود، رۆبينە اويملك عزيز، كلارا عوديشو يعقوب، جنان جبار بويا، فاهيك كمال صوغومون ) زۆر سوپاس.

ئێمە وەك و ليژنەی كاروباری ياسايی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەكەين ئەم پێشنيازە بڕيارە ئاڕاستەی ليژنە پەيوەنديدارەكان بكرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان:**

ئەم پێشنیازە بڕیارە ئاڕاستەی لیژنە هەمیشەیەکانی کاروباری یاسایی و، کاروباری شەهیدان و، جینۆ سایدو زیندانیانی سیاسی و سەرجەم ئەندامانی پەڕلەمان دەکرێ، بەڕێزان لەبەر ئەوەی مەبەستمانە ئەم پرۆژە بڕیارە رۆژی (٣-٨) کە رۆژی کارەساتی شەنگالە دەربچێ لە پەرلەمانی کوردستانەوە، داواتان لێ ئەکەم بە گوێرەی ماددەی (٩٢) لە پەیرەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان دەنگ بدەن، بۆ ئەوەی پرۆژە بڕیارەکە خەسڵەتی بە پەلەی بدرێتێ و، ئەگەر هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەڕلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم پرۆژە بڕیارە خەسلەتی بە پەلەی پێ بدرێ دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس ئەم پرۆژە بڕیارە ئەم پێشنیازە بڕیارە بە دەنگی (٩٥)ئەندامی پەڕلەمان خەسڵەتی بە پەلەی پێ دەدرێ کێ لە دژە؟ کەس دژ نییە، بەڕێزان لەبەر ئەوەی یەکێك لە ماددەکانی ئەم پێشنیازە بڕیارەدا هاتووە کە قوربانیانی کارەساتی شەنگال و ئێزدییەکان کان جینۆ سایدی ئێزیییەکان بە شەهید ئەژمار دەکرێت ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پێمان وایە دەبێ بە گوێرەی ماددەی (٧٩) پەیرەو بڕگەی (٤)م کە باس لەوە دەکات پێش دەرچواندنی هەر یاسایەك کە بارگرانی دارایی هەیە دەبێ داوا لە حکومەت بکرێ بۆ چوونی خۆی بلێ لەو بارەیەوە داوا دەکەم لیژنەکانی یاسایی و شەهیدان هەر ئەمرۆ ئەرك بکێشن کۆبوونەوە بکەن لەو بارەیەوە بۆئەوەی بە زووترین کات ئەم پێشنیازە بریارە بۆ وەرگرتنی بۆ چوون ئاڕاستەی حکومەت بکەین و لە ناو نوسراوەکەشمان دا بێگومان داوامان لێ ئەکەین دەبێ لەماوەی هەفتەیەکا وەڵامان بدەنەوە، چونکە زەمەن لەو بابەتەیا لە مە صالحی ئێمەیا نییە دەمانەوێ لە (٣-٨) پرۆژە پێشنیازە بڕیارەکە ببێ بە بڕیارێکی تەشریعی زۆر سوپاس.

بەڕێزان ئەندامانی پەڕلەمان لەبەر ئەوەی درێژکرنەوەی ماوەی کارکردنی پەڕلەمان بە مەبەستێکی دیاری کراو بوو ئەویش پەسەندکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو و ئێمە ئەرکەکەمان بەجێ گەیاندوە، بۆیە دەمانەوێ بۆتان بخوێنینەوە، بیخەینە رووی بەڕێزتان کە لەماوەی ئەم خولەی تەشریعی کە رابروو ئەمرۆ دوا رۆژیەتی پەڕلەمانی کوردستان چی کردووە.

یەکەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان (١٤) دانیشتنی ئاسایی و (١) دانیشتنی نائاسایی یاساو بڕیارەکان ژمارەی یاساکان (٢) یاسا بوون ژمارەی بڕیارەکان (٩)بوون ژمارەی فەرمانەکانیش (٧)بوون ئەو پێشنیازە یاسایانەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە (٤) کۆبونەوەی لیژنە هەمیشەیەکانی پەڕلەمان لە کۆی (١٥) لیژنەی هەمیشەیی پەڕلەمان کە لە بەرواری (١-٤-٢٠١٩) تا (٩-٧-٢٠١٩) (٨٩) کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەکان کراوە لەم خولەی پەڕلەمان لیژنە هەمیشەیەکانی پەڕلەمان هەڵبژێردرا کۆبونەوەی لیژنەکان بە ئامادەبونی جێگری سەرۆك و سکرتێری پەڕلەمان سەرۆك و جێگری سەرۆك و بریاردەری لیژنە هەمیشەیەکان هەڵبژێردرا یاسای کارا کردنەوەی دامەزراوەیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەند کردنی دەستوور یەکەمین هەمواری یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان دەرچوێندرا، دوای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان عێراق بەرێز (نێچیرڤان

**ادریس مصطفی بارزانی )له دانیشتنی ژماره (٦)ی رۆژی (٢٨-٥-٢٠١٩) وەك سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمان هەڵبژێردرا لە دانیشتنی ژمارە (٧) ی (١٠-٦-٢٠١٩) بەرێز (نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی)سوێندی یاسایی خوارد بۆ پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٨)ی رۆژی (١١-٦-٢٠١٩) بەرێز (مسرور مسعود مصطفی بارزانی ) بە بریاری ژمارە (٧) لە پەرلەمانی كوردستان بۆ پۆستی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ناوزەندكرا بە مەرسوومی هەرێمی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩) بەرێز (مسرور مسعود مصطفی بارزانی) لە لایەن بەرێز سەرۆكی هەرێم راسپێردرا بۆ پێكهێنانی كابینەی (٩)یەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١٣)ی (١٠-٧-٢٠١٩) پەرلەمانی كوردستان متمانەی بەخشی بە كابینەی وەزاری (٩)می حكومەتی هەرێمی كوردستان و سوێندی یاساییان لە بەردەم پەرلەمانی كوردستاندا خوارد.**

**ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان ئیستاش دانیشتنەكەمان هەڵ ئەگرین فەرموون .**

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. رێواز فائق حسين** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |